کەریمی حسامی

# لە بیرەوەریەکانم

١٩٨٩ - ١٩٩٥

بەرگی دەیەم

ستۆکهۆلم ١٩٩٦

**KERIM HUSSAMI**

# LE BIREWERIYEKANIM

1995 – 1989

**BERGI DEYEM**

STOCLHOLM 1995

کەریمی حسامی

# لە

# بیرەوەریەکانم

١٩٨٩ - ١٩٩٥

بەرگی دەیەم

ستۆکهۆلم ١٩٩٦

www.kerimhisami.com

www.kerimhisami.com

پێناسی کتێب :
ناوی کتێب : لە بیرەوەریەکانم بەرگی دەیەم
نووسەر : کەریمی حسامی
پیت چنین و مۆنتاژ : ناسری ئیبراهیمی
چاپخانەی : ماردین ـــ سوید ۱۹۹٦
ISBN - 91-630-4384-X

# چەند وتەیەکی سەرەتایی

لە بەرگی ٩ی بیرەوەریەکانمدا بەڵێنم دابووکە ئەگەر تەمەن مەودا بدا،بەشێکی دیکەی سەربردەی ژیانی دەربەدەریم لە ئورووپای پڕلەخەم وخەفەتی دووریی لە نیشتمان، بهێنمە سەرکاغەزوخوێنەرانی بەرێزی کورد لە هێندێ تێکۆشان و سەربردەی ژیانم وسەرە تەقەی باشتر لە بێکاری ئاگادار بکەم.

بەڵام هەرچەندی بیرم لێکردەوە،بۆم ساخ نەبۆوە لە بەرگی ١٠دا چی بنووسم وباسی چی بکەم؟ مرۆڤی دوور لەزێدو نیشتمان ودوورلە هاوبەشی دەردوزامی نەتەوەکەی کەوا لەژێر قەمچی وپۆستاڵی دیکتاتۆروداگیرکەردا دەناڵێنێ، دەبێ باسی چی ژیانی خۆی بکا.؟ لایەکی دیکەش مەترسی ئەوە هەیەمرۆڤ تووشی ئەم نەخۆشیە سامناکە ببێ کە بەداخەوە لە نێو زۆربەی کوردی ئاوارەی دوورلە نیشتمانیدا بڵاو بۆتەوە، وەک دانیشتێ وخۆهەڵمساندن و فیشاڵ ورەخنەوسەرکۆنەی رێکخراوە سیاسیەکانی سەر گۆرەپانی خەبات و شاگەشکە بوون بە دیتنی زەرق وبەرقی سەرمایەداری چەوسێنەرو لەبیر بردنەوەی هەژارو برسی نەتەوەکەی خۆت وبەباڵاگرتنی پڕاوپڕی ئەم شێعرەی شاعیری پایەبەرزی کورد هێمن کە دەڵێ :

« ئێستە بۆ چاری خەمم گۆشەی مەیخانەیە جێم ــــ من کە رۆژێ دەمەویست میللەتەکەم بێخەم کەم »

ئەوانەی شتێک دەنووسن وتێکۆشانێکی ئەدەبی یان هەیە دەکەونە بەرلۆمەولەقەمی پاشملەی نەزانانەی کەسانی بێکارەی هیچ لەدەست نەهاتوو.

بەوە تاوانباردەکرێن کە :نەدەبایە فلان شت بنووسن، باسی فلان مەسەلەیە بکەن، نابێ باسی هەڵەو چەوتی سیاسەتی ڕێکخراوەکان بکەن چونکە کاتی نیەولەوانەیە دوژمن کەلکی لێ وەرگرێت. لەقاودانی هەڵەو دزی وخواروخێچی فلان ڕێبەرو سەرپەلێک خەلک سارد دەکاتەوە، ڕێکخراو لاواز دەکات وهەزار بەیت وباوی بێجێی ئەوتۆکە تەنیا بێکارەو فشەکەرەکان ولە حەقیقەت ترساوەکان دەتوانن بلاویان بکەنەوە.

بەلام بەقەولی کوردی:« **شەرلەبێکاری چاکترە** » هاتمە سەر ئەوباوەڕە کە نووسینی بیرەوەریەکانم درێژە پێبدەم. هەرچۆنێک بێ بۆ هێندێ خوێنەری بەرێزی کوردلەوانەیە چێژێکی هەرهەبێ وکەلکیشی لێ وەربگیرێت. بۆهێندێکانیش کەلەئاست نووسین وئەدەب وروناکبیریی گێرەیان لەهەولێر دەگەڕێ، دەبێتە هۆی بەیت وباو نەقل ونەزیلەی پاشملە.

دوای ساغ بوونەوەم وام دانا هەر وەک لە بەرگەکانی پێشوودا کردوومەتە باو، هێندێ لەو نامانە بلاو بکەمەوە کە پێوەندییان بە نووسینی بیرەوەریەکانمەوە هەیە. ناشزانم بیروڕای خەلکی دیکە سەبارەت بە بلاوکردنەوەی ئەو نامانەی کە بۆمن هاتوون وبوون بە ملکی من چۆنە. چونکە تا ئێستا لەم بارەوە نە بەنووسین ونە بەرەورووکەس هیچی دەرنەبڕیوە. کاک خالیدی عەزیزی نەبێ لە نامەیەکدا بۆی نووسیبووم:« **بەباوەری من ئەو نامانەی بۆ تۆ هاتوون، مافی بلاو کردنەوەت هەن و دیاری کردنیشیان بە خۆتە کەکامیان بلاو دەکەیەوەوکامیان بۆ بلاوکردنەوە نابن.**» هەر چۆنێک بێ بلاو کردنەوەی ئەو نامانە بۆ ڕوون بوونەوەی بیرو بۆچوونی جیاواز لەسەر مەسەلەکان فایدەیەکی زۆریان هەیە. فایدەیەکی دیکەشی ئەوەیە هیچ نەبێ بەقەولی برادەرێک لاپەری کتێبەکەیان پێ زیاد دەبێ و بەقەولی برادەرێکی دیکەش نووسراوەو وتووێژەکانی خۆم بۆخۆم لە بەرگێکدا کۆ دەکەمەوە!!

www.kerimhisami.com

**« من مەبەستم ئەوەیە ، مرۆڤێک بەخەڵک بناسێنم کە بەراستگۆیی سرشتی دەژی. ئەو مرۆیەش منم .... نەک کەسێکی دیکە غەیری خۆم .»**
**ژان ژاک رۆسۆ**

# سالی ١٩٨٩

سەرەتای سالی ١٩٨٩ی من بە چوونی لین شۆپینگ بۆ مالی کاک حامیدی گەوهەری دەست پێکرا و نامەیەکی غەنی بلوریانم پێگەیشت باسەرەتاکەی بەنووسینەوەی نامەی مامەغەنی پرازێنمەوە:

www.kerimhisami.com

**نامەی غەنی بلوریان**

« هاورێی بەرێزو خۆشەویستم کاک کەریم. پاش رێزوسلاو نامەکەت گەیشت بەهیوام لەسەفەرەکەت سەرکەوتووبیت. نووسی بووت رەنگە لەگەڕانەوەدا بەلای ئێمەدا بێیت. بەلام نەهاتی گەلێک چاوەروان بووین. بەراستی یەکتردیتن زۆر پێویست بوو. ئێستا زۆر لەکوردەکان نامەم بۆ دەنووسن وئەلێن کاکی براتاکەی وەستاوی ولەمانە هیچ هەلناوەرێ. ئەوانە هی هەموولایەنە چەپەکانی ئێرانن وکوردەکانن. لەسەر ئەوباوەڕەن کەددبێ چەپی پێشکەوتووخوازی کوردبۆخۆی بێ وسەربەخۆ ئەم بیرورایە بەرە بەرە هەراوتر دەبێ. من هێندێک بەلگەی زەمانی کۆمەلەی ژ.ک کەلەسویت هاتۆتە دەستم لام هەیە بەلام ناکرێ بەپۆست دا رەوانە بکرێ ئەگەر کەسێکی جێگای متمانەم دەس کەوێ بۆتی رەوانەدەکەم. شەرەشەپی ناونێمەش ئەواگەیشتۆتە ئاخری خەت. «اقایان» کەسی وایان پێوەنەماوە کەشایانی باس بن لەسەدا هەشتا بەرەو لایەکی ترلێدەخورن. جانازانم چارەنووسی پاش پلینۆمی داهاتوو

چی پێ دێ. خۆت باش دەزانی کەئێمڕۆ لەجیهان هیچ حیزبێکی چەپی پێشکەوتوو نیە چەتی تێ نەکەوتبێ ومەسەلەی نەبێ بەتایبەت پاشی پروسترۆیکا وگلاسنۆست. من تائێستاش لەم ولاتە تەلیفونیان پێ نەداوم نازانم بۆچی. ئاخۆ دەبێ ژمارەتەلیفۆنێک لەولاتێکی ئوروپایی سالێک زیدەتر بخایێنێ ئەویش لێرەو بۆمن کەبەخێر لەلای سەرو گۆیا توش هاتووم. کاک حامید نامەیەکی نووسیوەوجیاوازە لەوەی جەنابت نووسیبووی. شایەد پاشان هاتۆتە سەر ئەو ڕێبازە بەلام مەیلی ئەوانی ناوە وهومێدی پێ نێن جانازانم. کاکی خۆم من بۆم نووسیوەکە ئەولایەنەش وەک لایەنەکەی تر سەر بەخۆ نیەو ناتوانێ خۆی بریار بدات. ئیتر تێی خێر بێ بزانین دوارۆژی ئەتەوەکەمان چی پێ دێت. کاک عزیزمحمد هاورێی بەرێزمان مصاحبەیەکی لەگەل رۆژنامەی کاری ژمارە ٥٩کردوە زۆر بەنرخە بەتایبەت ئەو بابەتانەی کەباسی کوردو مافی چارەنووسی تیایە. ئەوا نامەیەکم بەنادرێسی ئێوە نووسی بۆ فهد نازانم نادرێسەکەی هەر هی جارانە یاگۆڕاوە تکایەبی دەرێ زۆر سوپاستان دەکەم. سەرەخۆشیم لەپەخشان کردوە. ئیتر هەر بژی. برات غەنی. ٨٩/٢/١٣»

www.kerimhisami.com

## نامەی ئەحمەدی کاکەمەمی

جارێ با نامەیەکی کاک ئەحمەدی کاکەمەمی بلاو بکەمەوە کە ٨٨/٧/٢٤ بۆی ناردبووم. بەداخەوە کەوتبوە نێو دەفتەرونووسراوان ونەکەوتبوە بەرچاو کە لە بەرگی ٩دا بلاوی کەمەوە. بۆ ئەوەی گلەییم نەیەتە سەر ئەوە لە دەست پێکی ئەم بەرگەدا بلاوی دەکەمەوە.

ئەحمەدی کاکە مەمی دەنووسێ : « خۆشەویست وتێکۆشەر کاک کەریم! کاکی بەرێزم وێرای سلاوێکی گەرم وبێ ریا دەستەکانت ماچ دەکەم و دەست خۆشانەت پێ دەلێم بۆ هێنانە سەر کاغەزی « بیرەوەریەکانت »

ماندو ومردوو هەموەل شەو بوو بە ژن وسەروپێچکەوە گەیبوومە جێ. دوای دوو سال چاوەروانی ومال ومندال بەکۆلەوە،

لەئێران ڕەپاڵ نرابووم. لە عیراق رام کردبوو، دوای ساڵێک گیرسانەوەی تۆبزی لە نێو تورکان دەرباز ببووم.

کەوتمە مۆڵگەی هەڵستە هامار. هەر ئەو شەوە، دیوناس دەورەیان دام، هێندێک بەدڵ وبەکوڵ وهێندێک بە درۆو بەریا

پێماندا نووسان وسەرو گوێلاکیان لستینەوە.

ــ جا ئیدی هەر بخۆو بنوو، هەڵڕژاوە. پارەی جل وبەرگت دەدەنێ، خەرجی کەو مەکرە. هەرکە چاوم لە چاویان نەدەبڕی بە نەقورچان گورچوویان دەبڕیم. خۆ نۆبەی قسەی یەکتریشیان نەدەدا. راست لەووەختەدا کە خەولابەلای دەکردم و هەر گوێم لە دەنگیان بوو هیچ حاڵی نەدەبووم، چاوم بە ژوورەکەدا گێڕا، راست چاوم بە کتێبە پڕ بایخەکەی جەنابت کەوت :

«لەبیرەوەریەکانم» بەرگی دووەم، هەردەستم دایەودەستم پێکرد. خۆش بوو، شیرین بوو، بەکەڵک بوو، سەرچاوەو بەڵگەیەکی مەزنە. کاکە گیان! من پێم وایە، دیارە هەر واشە. کە ئەو کتێبە باشترین، روونترین و بە کەڵکترین سەر چاوەو سەنەدی سەدەی بیستەمی جوڵانەوەی نەتەوەی کورد لە ئێران وتەنانەت لە عیراقیش ە، بۆ ئێستاودوا رۆژ مەزنترین وجێی بڕواترین سەر چاوە دەبێت بۆ ئەوکەسانەی بیانەوێ لەسەر مێژووی جوڵانەوەی گەلەکەمان لەسەدەی بیستەم دا بکۆڵنەوە.

من تەنیا بەرگی دووەمم دیتوە، راناوەستم هەتا بەرگی یەکەمیش دەخوێنمەوە، دەڵێن چێشتی خۆش لە بۆنێ ڕادیارە. خۆ ئەوەی من لە دەست وقەڵەمی تۆ رادەبینم بڕوام وایە ئەگەر کتێبەکە لەسەر هێندێک رووداوی گرنگ وەکوو«پەیمانی سەعداباد ــ دامەزراندنی پێگە نیزامیەکان لە پیرانشار وجەڵدیان راست لە سێ نوختەی سێ سنوری ئێران وتورکیاوعیراق ــ شۆرشی قاسم وهاتنە سەرکاری ــ پەسندی یاسای بنەرەتی عیراق« عیراق نیشتمانی کوردو عەرەبە و...» لە سەر ئەوکەسانەی کە بەباش وخەراب ناسیوتن پێموایە دەبوایە روونتر باست کردبان وناسانباتن. بەراستی دەستت

www.kerimbisani.com

خۆش كه عه‌لی شه‌وقی ت چۆنه وات ناساندوه. كاك قادری كاخدری دێبۆكری یاداشت داوه‌ته‌وه هه‌ر چه‌ند چه‌ند ساڵه جاشه.

زۆرت باسی سیاقۆڵ كردوه، به‌ڵام نازانم بۆ چی باسی حه‌مه‌ره‌شی سیاقۆڵت نه‌كردوه. چونكه هه‌ر ئه‌و ساڵانه‌ی كه باسی شایی ئه‌حمه‌دی چوكه‌ڵی ده‌كه‌ی، حه‌مه ره‌ش ته‌نیا بنكه‌ی پاراستنی شۆرشگێران بوو كه له شاردرایان ده‌كرد. باسی سواره‌ت كردوه، ئه‌و برای حه‌مه ره‌شه. ئه‌و سواره‌و بابی هه‌موو ده‌مێ له‌گه‌ڵ حه‌مه ره‌ش شه‌روكێشه‌یان بوو. ته‌نانه‌ت به میرات كردن هه‌ره‌شه‌ی لێ ده‌كرا و لێدان وپێدادانیشی كه‌م نه‌بوو. بۆ كوردستانی عیراقیش له‌ده‌ست ساواكیه‌كان رایكرد. له ساڵه‌كانی٣٨ و٤٧ یشدا دوو جار زیندانی كرا وله شۆرشی دواییشدا له مه‌نگوره‌كان له‌و تایفه‌یه(تایفه‌ی مرۆتێ) ته‌نیا كه‌سێك بوو كه هه‌روا پیاوانه ماوه. باسی چوارگاو سوتوت كردوه. به‌ڵام جێگای سه‌رنجه بۆچ ناوی قادراغای چوارگات نه‌بردوه كه شه‌و میوانی بووی و قسه‌ت له‌گه‌ڵ كردوه. قادراغا ئه‌فسه‌ری حكومه‌تی میللی بوه. مه‌نشوره ده‌گێرنه‌وه كه زه‌مانی وه‌ره‌هرامی گروهانێك ژاندارمه بۆ ده‌سگیركردنی ده‌چنه چوارگاو قادراغای ده‌به‌نه لای وه‌ره‌هرامی. كه چاوی پێده‌كه‌وێ ده‌ڵێ : ئه‌تۆی قادراغای چوارگا؟ نازادی كه‌ن.. ئه‌گه‌ر حكومه‌تی شاهه‌نشاهی به وه‌ی بروخێ با بیرووخێنێ. قادراغا ئیستاش هه‌ر له ریزی شۆرشه‌و ته‌مه‌نی له حه‌فتا ساڵ نیزیك بۆته‌وه. مام قاڵه‌ی سوتوو كه جه‌نابت به كاك قادری نێو ده‌به‌ی هه‌ر ئه‌و كه‌سه‌یه كه ئه‌و زه‌مان له‌گه‌ڵ قادراغای چوارگا پێوه‌ندی حیزبی هه‌بوه، هه‌تا كۆنگره‌ی شه‌ش له نیزیكه‌وه یه‌كتریان نه ناسیوه. وابزانم له‌وێ به هۆی كاك جه‌لیل یان كاك فه‌تاح ناشنا ده‌بن له ئۆرگانی كوردستان ئه‌وكات كاك فه‌تاح كاویان شتێكی ئه‌ده‌بی باشی له‌سه‌ر نووسیبوون. مامه قاڵه‌ش له نێو پێشمه‌رگه به ناو بانگه و لاقێكی له شۆرشدا په‌ڕیوه وچه‌ندین جاریش بریندار بوه. ئێستاكه‌ش هه‌ر له ریزی شۆرشدا ماوه. پێم وایه ئه‌ودووكه‌سه كۆنترین وبه‌ئه‌مه‌گترین ئه‌ندامی بێ سوادی حیزبی دێمكرات رۆڵه‌ی گه‌لی كوردن.

وابزانم گەورەترین پاداش وسوپاس وریزگرتن ونەمەگناسی لەوپیاوە بەشەرەفانە هەر ئەوەبێ کە ناویان لە کتێبە نەمرەکەی خۆت دا زیندوو راگری ونەمریان بکەی. کتێبەکەتم لە باری رەوان نووسی و ساکار نووسی و پڕناوەرۆکی و قسەلەروویی وبێ رووەدەروایسی (واقیع گرای وحقیقت نویسی) پڕ بەدڵ خۆش دەوێ وپیرۆز باییت لێ دەکەم. تەنیا ئەوەم دەوێ کە دەبێ بار و ئەرکی کتێبەکان « لەبیرەوەریەکانم» قورسترو سەنگینترو رەنگینتر بکەی. هەر بژی بۆ برا چووکەی خۆت. ئەحمەدی کاکە مەمی (کرمانج) ۸۸/۷/۲٤ »

وەبیرهێنانەوەی ناو ویادی ئەودوو رۆڵە زەحمەتکێش و فیداکەر وبەئەمەگەی حیزبی دێموکرات کە تا مردن بێ پاداش ومەعاش وبێ فیشاڵ وخۆ هەڵمساندن بە ئامانج وئاواتی حیزب ونەتەوەکەیان وەفادار مانەوە جێگای سوپاسە. نەکا مەلاعەولای جەییاکی بەتاوانی ئەم نامەیە مەسئولیەتی گرنگی حیزبی لە ئەحمەدی کاکەمەمی بەستێنێتەوە.!!

۸۹/۱/۷ دوکتور جەمشیدی هاوکارم هات. پێشتر بریارمان دابوو دۆکتور لە بارەی پێک هاتنی دەوڵەتی فەلەستینەوە وتارێک بۆ رۆژنامەی سەردەمی نوێ بنووسێ. هات گوتی : « دەزانی هەرچی دەکەم ناتوانم لەبارەی فەلەستینەوە هیچ بنووسم. نوێنەری ئەوان لە تونس دژی کورد بەیانی بلاو کردۆتەوە. بۆم نایە هیچیان لەسەر بنووسم.

**نامەی سەلاح بەدرەددین**

۸۹/۱/۵ نامەیەکی کاک سەلاح بەدرەددینم بۆ هات. بیروڕای خۆی لەسەر نووسراوەی نامیلکەی « لە پێناو چی دا » دەربڕیبوو. خۆشی نامەی کاک سەلاح لەوەدایە لەسایەی نامە گۆڕینەوەی بەردەوام لە گەڵ من، فێر بوە بە «کوردی» نامە بنووسێ، نەک وەک جاران بە « کرمانجی»یان بە عەرەبی !.

کاک سەلاح نوسیبووی :« برای زۆر بەرێز کاک کەریم! سلاوی گەرم وهەڤالانە. ژمارە ۳٦ی سەردەمی نوی پیم گەیشت. زۆر سپاس هیوادارم هەر

پیم بیگا. پیم خۆشە ئەگەر ئەو ژمارانەی کۆن هەن ببینم ئەگەر زەحمەت نەبێ. بەرگی دوەم لە بیرەوەریەکانت خوەندم. ایستا بەرگی سیەم دەخوینم. نامیلکەش خوەندم. پیم وایە زور شتی چاک تیدا هەنە، بەلام باشتر بو ئەگەر واتوند نەبا. دیارە هون مەسەلەی ـــ ایدیولوجی، سیاسی، هیچ لەو جەرەیانەدا نابینن. پیم وایە شتیک هەیە نە وەک ایوە نوسینە. راستە ئەمرو دلمانی لە ناو تەڤگەری رزگاری خوازی کورد زور جاران سەبەبی جەوهەری نیە. لی پیم وایە بنگەهی ئەو دلمانەهەر دەگەریت بەرەو بنگەهی چینیی ایدیولوجی، سیاسی، جڤاکی. لی دیارە زور دیار و روهن نیە. لە بەر گەلی کورد میلەتیکی لە پاشماو نو بن دەستە.پیم خوش نیە نەرینی ایوە بە لای ـــ عەدەمی ـــبروا، انکاری هەر شت بی کردن. ئەو زانستی نیە، نو ریئالیش نیە. » کاک سەلاح لەو نامەیەدا وێڕای سلاو بۆ دایکی کەماڵ و منداڵەکان، داوەتیشی کرد بووین بچین میوانیان بین. سوپاسی دەکەم بەڵام بۆچما « کوێرەوەری» دێڵێ پیاو لە میوانداری ئاوا کەلک وەر بگرێ.!

## کۆنفرانسی نێونەتەوەیی پاریس

٧ / ١ / ١٩٨٩کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی لە نوێنەرانی ١٤٩دەوڵەت لەپاریس بەسترا. هۆی بنەرەتی پێکهاتنی ئەم کۆنفرانسە جنایەتی حکومەتی بەعسی عیراق بووکەچەکی کیمیاوی وگازی ژاراوی دژی خەڵکی وڵاتی خۆی، واتەدژی گەلی کورد لەهەڵەبجەی کوردستان بەکار هێنابوو. لەژمارە٣٦ی بەفرانباری ٨٩ی رۆژنامەی سەردەمی نوێ دا، سەبارەت بە پێک هاتن وبریارەکانی ئەم کۆنفرانسە وتارێکم نووسی، شل وشەویقی کۆنفرانس وسیاسەتی دوو روویی زلهێزەکانی بەشداربووی کۆنفرانسم روونکردەوە. هەرچەندە سکرتێری گشتی کۆمەڵی دەوڵەتە یەکگرتووەکان لە راپۆرتی خۆیدا بە ئاشکرا حکومەتی عیراقی بە بەکار هێنانی گازی سیانوروچەکی کیمیایی

www.kerimhisami.com

تاوانبار کردبوو، بەڵام شورای ئەمنیەت بە بێ مەحکومکردنی جنایەتکار بە بڕیارێکی دەڵەمەوهیچ جنایەتەکەی داپۆشیبوو. حکومەتەکانی ئەڵمان وبەلژیکاو فەرانسەو ئینگلستان کە لە دروست کردنی چەکی کیمیایی عیراقدا دەستیان هەبوو، نەیانهێشت راستەو راست حکومەتی عیراق مەحکوم بکرێ. ژاپون وئەمریکاو ئینگلستان داوایان دەکرد لێکۆڵینەوەی زیاتر بکرێ.

کۆنفرانسی پاریس رێژیمی بەعسی عیراقی وەک تاوانبار مەحکوم نەکرد. لە کۆتایی وتارەکەدا نووسیبووم وئێستاش ٨٩/٧/١١ کە ئەم دێڕانە دەنووسمەوە وئەو هەموو گۆڕانکاریە لە جیهاند رووی داوە، هەروا لەسەر ئەو باوەڕەم کە هەتا دەوڵەتە زلهێزەکان بەرژەوەندی بازرگانی ونیزامی خۆیان بخەنە سەرووی پاراستنی مافی مرۆڤ ودادپەروەری لە جیهاندا، هەتا شورای ئەمنیەتی کۆمەڵی دەوڵەتە یەکگرتوەکان دیلی دەست وسیاسەتی حکومەتە زلهێزەکانی ئەندامی شورای ئەمنیەت بێ و سەبارەت بە بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتانە لە جنایەت وتاوان وملهوڕی حکومەتە دیکتاتۆرو خوێنمژەکان چاو بپۆشێ، باس لە مافی مرۆڤ ودادپەروەری هەر وشەی سەرزمان ولەسەرکاغەزدەمێنێتەوە.»

لەسەرەتای مانگی بەفرانباری ئەو ساڵەدا بەرگی سێیەمی بیرەوەریەکانم لە چاپ دەرچوو. دوکتور جەمشید لە سەردەمی نوێ دا کورتە وتارێکی جوانی لەسەر دەرچوونی هەر سێ بەرگی بیرەوەریەکانم نووسی، ئێستاش سوپاسی دەکەم.

## کۆنفرانسی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان

١٣و١٤و١٥ی ٨٩ لە کۆنفرانسی فیدراسیۆنی کۆمەڵەکوردستانیەکانی سویدا بەشداریم کرد. کۆنفرانس بۆ لێدوان ولێکۆڵینەوەی باری ژیان و ناستەنگیی کۆمەڵایەتی وسیاسی وکولتوری پەنابەرانی کورد لە ئورووپا ساز

www.kerimhisami.com

کرابوو. لە هەموو کۆمەڵە کوردیەکانی وڵاتانی ئوروپا داوەت کرابوو، نوێنەریان بەشداری کرد بوو. نوێنەری حیزبە سویدیەکانی ئەندامی پارلمان و نوێنەری ئیدارەی بێگانان لە سوید و ژمارەیەک پسپۆر ونووسەروکەسانی سیاسی بەشداری کۆنفرانس بوون.

نوێنەرانی کۆمەڵە کوردیەکانی وڵاتانی ئوروپا هەر کەسە لەبارەی بارودۆخی کوردگەلی دانیشتووی ئەم وڵاتە قسەی دەکرد. بەڵام سەرنج راکێش ئەوە بوو هیچ یەک لەو بە رواڵەت نوێنەرانە نەیاندەزانی کە لە وڵاتەکەیدا چەندە کورد دەژین وچدەکەن وباری ژیان وکولتوری ولێک نیزیکیان چۆنە. هەر ئەوانەیان دەناسی ودەزانی کە ئەندامی کۆمەڵەکەیانن. ماوەی سێ رۆژان ئاخافتن بەردەوام بوو. ئەوەی سەرنج راکێش ودەکرا بە شیکردنەوەو لێکۆڵینەوە دابنرێ، وتاری عومەر شێخموس بوو لە سەر ژیانی کوردگەلی دانیشتووی سوید. کاک عومەر زۆر بەجوانی مانەوەی کوردەکان لە کەمپەکان، بریاردان لەسەر وەرگرتنیان، یارمەتی سۆسیال وەک پێشێل کردنی کەسایەتی مرۆڤ، ناستەنگی فێربوونی زمان، نەبوونی دانووساندنو پێوەندی لەگەڵ یەکتر، فەرق وجیاوازی داب ورەسمی ژیان، پێوەندی جینسی، گیروگرفتی زارۆک ودایک وباب، کێشەی ژن ومێرد، شێوەی پەروەردەی منداڵ لە سوید ولە وڵاتی خۆی، هەڵوێستی حکومەتی سوید بەرانبەر بەکوردەکان لە سەر

کوشتنی ئۆلوف پالمە و..... هتد. کاک عومەر لە راستیدا بە جوانی تەواوی ئەو تەنگ وچەڵەمانەی خستە روو کە کوردەکان لە سوید لەگەڵی روو بەروو دەبن.

کەنداڵ نەزان لەسەر هەڵوێستی ئەمنێستی ئینترناسیۆناڵ قسەی کرد. بەشدارانی دیکەش هەر کەس بۆ خۆی شتێکی فەرموو،بەڵام کار بڕی و راپەراندنی بریارەکان و درێژە پێدانی ئەم جۆرە کۆنفرانسانە و نەتیجە لێ وەرگرتنیان، هەر وەک هەموو کۆنفرانسە کوردیەکان هەر لەسەر کاغەز ولە هۆڵی کۆنفرانسدا مایەوە. یەکی لە کارە باشەکانی کۆنفرانس وپێشنیارە

www.kerimhisami.com

بەجێیەکانی ئەوە بووکە لە نێوان کۆمەڵەو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکانی جۆربەجۆری کوردی لە وڵاتانی ئوروپا، سەبارەت بە باری ژیان وتێکۆشانی پەنابەرانی کورد و هەڵوێستی دەوڵەتانی ئوروپایی لە گەڵ پەنابەران و ناسینیان وەک کەمە نەتەوەیی لەم وڵاتانە دا هاوکاری ساز بکرێ وکومیسیۆنێکی دانوساندن بۆ ڕاپەراندنی ئەم ئەرکانە لە نێوان خۆیاندا پێک بێنن. بە داخەوە ئەم بیروبریارەش وەک گەلێک وتەو بریاری ئەم جۆرە کۆنفرانسانە هەر لە هەواو لە نێو سالۆنی کۆنفرانس دا مایەوە.

لە کۆتایی دا کۆنفرانس دوو بریاریشی پەسند کرد:

١ ــ پشتگری لە خەباتی زیندانیەکانی دیار بەکر.

٢ ــ ڕیسوا کردنی ڕێژیمی عیراق وبەکار هێنانی چەکی کیمیایی و پشتگری خەباتی هێزەنیشتمانیەکانی کوردستانی خواروو. لە کۆنفرانسدا بوو بەقاو کە یەک دوو پاسداری ئێرانی هاتوونە سالۆنی کۆنفرانس. بوو بە هەرا و پاشان دەرکەوت کە ئەم دوو کەسە سەلمان موحەدیسی بەرپرسی گۆڤاری سرودو فاروقی کەیخوسرەوی بوون ودوای هەراکە وەدەر کەوتبوون.

## کۆڕێک لەسەر بەرەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی

ناوەندی کولتوری کوردی لە دانمارک داوەتی کردبووم کە ڕۆژی ٨٩/١/٢٠ لە دانمارک لە سێمینارێکدا لەسەر «گرنگی پێک هاتنی بەرە بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی» باس بکەم. ڕۆژی ١٩/١/گەیشتمە دانمارک. کاک هەڵکەوت عەبدوڵا بەر پرسی ناوەندی کولتوری کوردی لەدانمارک لە فرۆکەخانە چاوەڕوانم بوو. چووینە ماڵی کاک هەڵمەت وشەو چەند برادەری دیکەش هاتن. باسێکی گەرم وبرایانەو دانیشتنێکی خۆش ومیواندارییەکی کوردانە. ڕۆژی دوایی سەعاتی یەک سێمینار دەستی پێکرد.

من باسەکەم بەم چەشنە گەڵاڵە کردبوو:

www.kerimhisami.com

١ ــ تاریف وروونکردنەوەی بەرە بەگشتی.
٢ ــ تیئۆری گرنگیی پێک هێنانی بەرە لە بارەی مێژووییەوە.
٣ ــ پێکهاتن وبەرنامەو درۆشمی بەرە لە ولاتانی جیاواز وبەگوێرەی باروذۆخی خەبات.
٤ ــ بەرەی کوردستانی عیراق وبەرنامەکەی و ناتەبایی هێندێ خاڵی بەرنامەکە لەگەڵ یەکتر وگرنگی پێکهاتنی.
٥ ــ ئەنجام.

بە پێویستی نازانم دەقی وتار وبۆچوونەکانم لێرەدا بلاو بکەمەوە. لام وایە کورتەی باسەکە لە ژمارە ٣٧ی رۆژنامەی سەردەمی نوێ دا بلاوکراوەتەوە. لە سیمینارەکەدا چەند کەسی دیکە بەشداریان کردوکەسانی ئەوتۆش هەبوون کە پێکهاتنی بەرەیان بەمەرجێک پێ بەکەلک بووکە لە ژێر رێبەرایەتی چینی کرێکاردابێ.!!

کۆمەڵەی کوردی لە شاری ئارهوس لە دانمارک داوەتی کردبووم کە بۆ یادی دووی رێبەندان میوانیان بم. هەر ئەو رۆژە دوای سێمینارەکە بەفرۆکە چوومە ئارهوس. برادەرانی کۆمەڵە لە فرۆکەخانە چاوەروان بوون. سێمیناری دووی رێبەندان کۆرێکی زیندوو فرە خۆش بوو. برادەرانی ئارهوس دووڕۆژ گلیان دامەوە. میوانداری و دانیشتن وباس وقسەی خۆشی ئەودوو رۆژە لەبیر ناچنەوە. برادەرانی ئارهوس کیفێکی دیپلۆماتی جوانیان بە دیاری دامێ. رەسمی جوانمان گرتن. بەلام بێ گلەییش نەبوو. یەک دوو برادەری سەر بەیەکێتی نیشتمانی لای خۆی لاوی خوێندەوار وتێگەیشتووش بوون، گلەییان کرد کە نەدەبوایە بچووبامە سێمیناری ناوەندی کولتوری کوردی لە کۆپێنهاک، چونکە هەلکەوت عەبدوڵا و برادەرانی دژ بە یەکێتی نیشتمانین. پێم گلەییێکی بێ جێ بوو. تۆزێ رووونم کردنەوە کە ئەمە هەڵوێستێکی شاشە. جارێکی دیکەش بۆم روون بۆوە کورد با چەند سالیش لە ئورووپا بژی، زەحمەت وایە بێتە سەر رێ وشوێنە باشەکانی ئورووپاو وازلەکەڵلەرەقی کوردیی بێنێ.

رۆژی ٨٩/١/٢٣ لە ئارهوسەوە چوومە برلین و وەک هەموو جارێ میوانی دۆست وبرادەری رێزدار وخۆشەویست کاک هوشیاری ئیمامی بووم. رەنگە هیچ پێویستیش نەبێ وەک ماموستا دلزار باسی نان وچێشتێ فرە خۆش وبەتام وجێگاو نوێنی نەرم وخاوێن بکەم. رۆژی دوایی چوومەوە سۆفیا و٨٩/١/٢٩ لە نوێ هوتێلی شاری پلۆڤدیڤ شایی وزەماوەندی ژن هێنانی کەمالی کورم بەرێوە چووکە یەکێ لەرۆژە هەرە شادوخۆشەکانم بوو لەژیانمدا.. رۆژی ٨٩/٢/١٤ گەرامەوە سوید

## هەڤاڵێکی دڵتەزێن و داخێکی گران

شەوی ٨٩/٢/١٧ تەلەیفونم بۆ نەغەدە کرد. کاک سمایلی ژن برام بەداخ وکەسەرێکی گەورەوە خەبەری کۆچی دوایی باوکی پێ راگەیاندم. خەبەر نەبوو، بروسکێکی سووتێنەری کوتوپڕ بوو وەمێشکم کەوت. کە من تاسام وچڕژام، دایکی کەماڵ لە پەنام دانیشت بوو لەپرمەی گریانی دا. کۆچی دوایی کاک ئەحمەدی پیرمەندی کۆستێکی گەورە بوو. کاک ئەحمەد نەک هەر خەزورم بوو، بەڵکوو هاورێ ودۆستی چەندین ساڵەوهاوخەباتی دەورانێکی رابردوو، تێکۆشەرێکی کۆڵنەدەر، شۆرشگێرێکی بە بیرەباوەر، دوژمنی لە ئاشتی نەهاتووی خەرافات وزۆرداری و شەخسیەتێکی رێزدارو ناسراوی ناوچەی سندوس وشنۆو لاجان و مەهاباد بوو. ساڵەهای ساڵ لە زیندان ودوور خستنەوە بۆ خوارووی ئێران لە چەرمە سەریدا ژیانی بردبوە سەر وبەلام سەری بۆ دوژمنی نەتەوەکەی دانەنواند بوو. دۆست وئاسیارو برادەر وهاوخەباتانی کاک ئەحمەد بە چاوی رێزەوە سەیریان دەکرد. لە شەری داسەپاوی نەغەدە کاک ئەحمەد وکاحەمەدی سەروکانی(کاپیتان قادری) ئاخرین کەس بوون بە زۆری لە نەغەدە بەرێم کردن دەیانگوت نارۆین و بەجێت ناهێڵین. ئەو ماوەی لە دەردوە بووم نێوە نێوە بە دوانی تەلیفونیی لە گەڵ کاک ئەحمەد بۆ ماوەیەک

خەم وپەژارەی دوور ولاتیم دەرەواند. بەداخێکی گرانەوە دەگەڵ کاک ئەحمەدی پیرمەندی دیدار ناخۆت بووم ونەم دیتەوە بەڵام یادی ناکاروکردەوە و خاوێنیی بیرو باوەر وجوامێری ئەو هەمیشە لە مێشک ودەروونمدا زیندوە.

رۆژی ١٦/٢/ ٨٩ چووینە ناشتنی خوا لێ خۆشبوو ماموستا مەلامحەممەدی مرادرەسولی. مەلایەکی عەرەبی جەزایری مل ئەستووری سەگبابیان هێنا بوو تەڵقینی دا بدا. تا ئێستاش بۆم ساخ نەبۆوە ئەم کوردە کەنگێ لە بەندی جەهل وخەرافات رزگار دەبێ. کوردی دەربەدەری دەستی حکومەتی ئیسلامی ،کوژراوی داخ وپەژارەی ئاوارەیی و لێقەوماوی هەزاران هاونیشتمانی خۆی، تازیەداری کوژرانی هەزاران رۆڵەی نیشتمانپەروەری میلەتەکەی، جەرگبراوی کوێربوونەوەی دەیان هەزاربنەماڵەی کورد، دێ لە دەربەدەری لە سوید ئەو هەموو داخ وکەسەرە دەباتە ژێر خاک. کابرایەکی لەقالب دراوی مێشک وشکی بۆ پەیدا دەکەن بێ تەڵقینی دا بداو بە یەک دوو فەرمایشی عەرەبی کە واجبی شەرعیش نیە رێگای بەهەشتیی پێ نیشان بدا. ئەویش عەرەبی جەزایر کە ئەو ئەکیرومونکەرەی سازیشیان کردوون، لەزمانەکەی تێ ناگەن. کابرا لە پێشدا دەیگوت نابێ ژن بێنە سەر قەبران، ئیسلام بەشداربوونی ژنی لە ناشتنی پیاواندا قەدەخە کردوە. خوداو راستان دوکتور جەمشید حەیدەری ناسیەوە. سەگبابی مەلا لە شورەوی خوێندکار ببوو. لەوێ ژنی هێنابوو. پاشان بە تاوانی قاچاغچیەتی لە لێنینگراد دەریان کردبوو، هاتبوە سوید ولەگەڵ ژنێکی سویدی سازابوو. بۆ خەڵکی دواکەوتووی بە شەق موسڵمانکراو ببوە مەلاوریشێکی حیزی دانابوو هێنابوویان مەلا محەمەدی مراد رەسولی تەڵقین دابدا کە بە مردوویش سەت هێندەی ئەو سەگبابەی دەزانی.

رۆژی ٢٤ و ٨٩/٢/٢٥ مەجلیسی پرسەوسەرەخۆشیمان بۆ کاک ئەحمەدی خەزورم دانا. برادەرو دۆست وناسیار لە ستۆکهۆلم وشارەکانی دیکە وە بە زەحمەت کێشان وهاتنیان تا رادەیەکی یەکجار زۆر خەفەتی

www.kerimhisami.com

ئەوکاردساتەیان لە سەر سوک کردین. بە تایبەت بنەماڵەی کاک حامیدی گەوهەری، خوشکە روح ئەنگیز، ماندانا، فەرهاد وهەژارو مەجید بە زەحمەت کێشانی نان وچێیشت ساز کردن و خزمەتی میوانان چەند رۆژ سەر بەرزیان کردین. هەروەها زەحمەت وپێوە ماندوو بوونی کاک عومەری ئەمینی و خێزانی و کاک ناسری ئیبراهیمی هەرگیز لە بیر ناچنەوە و جێگای سوپاسی ئێمەن.

## نامەی کاک حەسەنی ماوەرانی

کۆتایی مانگی فەوریەی ١٩٨٩ نامەیەکی کاک حەسەنی ماوەرانیم پێگەیشت. لەبەر ئەوەی کاک حەسەنی ماوەرانی یەکێ لە کادیرە چالاک و تێکۆشەرەکانی حیزبی تودەی ئێران و لە سەرەتای شۆرشی گەلانی ئێرانیشدا ١٩٧٩ لە گەڵ دەزگای چاپەمەنی حیزبی دێموکراتیش چالاکی هەبوو، دەقی نامەکەی لێرەدا بلاودەکەمەوە:

« بە رێز کاک کەریم ! سلاوێکی گەرمت لەناخی دڵمەوە پێشکێش دەکەم. هیوادارم هەر کامەران وساخ بمێنیەوەو بەرهەمی زێدەتر وەدی بێنی. لە دوورەوە بە بۆنەی بلاوکردنەوەی بەرگی سێهەمەوە پیرۆز باییت لێدەکەم. بەڵام بەداخەوە نازانم بۆچی ئێوەمانان(بەڵکو لەداهاتوشدائێمەش)یان هیچ ناڵێین ویان زۆر درنگ قسەدەکەین. نازانم لەمەبەستم حاڵی هەی یان نا؟ روونتر دەڵێم کاتی خۆی کە هەراوگرمەی شۆرش بەرز ببۆوە وئێمەمانانیش ئاورمان گرتبوو ئەگەر ئەو تەجروبە مێژووییانە لەبەر دەستمان دابایە پێشی زۆر هەڵەی خۆمان وچەوتی خەڵکمان دەگرت. بەڵام مەخابن بۆ کاتی لەدەست چوو!

دیارە پەت پەتێنی سەیر بەسەرمان داهاتوە وئێستاش کە ئێستایە بەسەرمان دێت. هەرچەند لە رابردوو پێمان لەسەر خاکی نیشتمان بوو تەنانەت بە پەت پەتێنیش شتێکمان بەشتێک هەر دەکرد. ئێستا چی ؟

دوورلەوڵاتی وکەرتخوازی وپاوانخوازی هێزە سیاسیەکان و بێ

سه‌ره‌وبه‌ره‌یی وگۆرانی«بایه‌خ» به«بێ بایه‌خ» و نه‌ناسێنی وه‌زعی تایبه‌تی هه‌موو له‌گه‌ڵ یه‌ک سه‌ری له‌زۆرکه‌سان شێواندوه. وه‌ک له پێشدا هێندێ شتمان باس کردبوو له‌لایه‌ن جه‌ماعه‌تی ئێمه‌وه پشتیان به کێوی قافه‌وه به‌نده‌و به‌خوای بۆ هیچ گه‌لێکی چه‌وساوه نابزوونه‌وه وته‌نیا راگرتنی کورسی وداهاتی زۆروزه‌به‌ندی(یارمه‌تی حیزبه براکان) گیرفان هه‌ڵمسێن وای لێکردوون که قه‌ت ئاماده نابن هاتووچۆ به ماشێنی ره‌ش ودانیشتن له‌هوتێله‌رازاوه‌کانی ده‌ره‌وه‌و حه‌سانه‌وه له«کیت» وله«سوچی» و«وارنا» بگۆڕنه‌وه به په‌ت په‌تێن وململانی وشه‌ق شه‌قێنی ناوه‌وه. سه‌رپاکی ئه‌م هونه‌ره جوانانه له‌توکی سه‌ریانه‌وه هه‌تا نینۆکی پێیان به‌هه‌ستی«ئێرانی گه‌وره » و « به‌حه‌شتی سه‌ر ئه‌رد»و « ولاتی گوڵ وبلبل وله‌مێژینه » ئاخنراوه وکوردوعه‌ره‌ب وتورکه‌مان ونازه‌ری و...هه‌ر به‌نۆکه‌ر ده‌زانن ومانای پێشکه‌وتنخوازی وکومونیست بوون هه‌ر له نۆکه‌ری بۆخۆیاندا ده‌بینن. به ئه‌زمونی خۆم بۆم ده‌رکه‌وتوه که باس له‌گه‌ڵ هه‌ر کومونیستێکی ئێرانی چ توده وچ نه‌وائیتر بکه‌ی که کاکه کورد نه‌ته‌وه‌یه‌که ده‌بێ خۆ بگرێته‌وه، پێت ده‌ڵێ«تجزیه‌طلب» و«ناسیونالیست» . جا هه‌رچی بۆی ده‌رێسی که کاکه کومونیزم واده‌ڵێ ووایه، ده‌ڵێ نا. کاتی خۆی که له‌گه‌ڵ ماموستا قزلجی وهاورێ شه‌لتوکی له‌سه‌ر به‌رنامه‌ی حیزب له پلینۆمی ۱۷دواین ومه‌سه‌له‌ی خودگه‌ردانی وئه‌و به‌یتوباوه‌مان وه‌به‌ر پلاروته‌وس دا کاکه ره‌زا هاته سه‌ر ئه‌و قه‌ناعه‌ته که له‌گه‌ڵ که‌یانوری وه.س.بدوێ. پاش دوان ئه‌نجامه‌که‌ی ئه‌وه بوو که :(کورده‌کان هه‌موویان ناسیونالیستن وئیحساساتی بیرده‌که‌نه‌وه وته‌نانه‌ت شه‌لتوکیش هه‌ر وایه. )

دیاره زۆرکاره‌ساتی دیکه‌ش قه‌وماوه که لێکی ده‌ینه‌وه :ه‌سه‌ریه‌ک سه‌د ره‌حمه‌ت به‌وانی پێشوو. ئه‌گه‌ر زۆر شتیان نه‌ده‌سه‌لماند لانی که‌م کاریان ده‌کرد. به‌لام ده‌سته‌ی ئێستا هه‌ر له‌داروده‌سته داتاشین وتێک به‌ربوون نازایه. ئه‌گه‌ر دنیا سێلاو بیبا ئه‌وانه هه‌ر خه‌وده‌یانباته‌وه وپێوه‌ندی ئینترناسیونالیستیش هه‌ر دوکانێکه که نانی لێ ده‌خۆن له راستێدا نۆکه‌ری بارانۆف و کابرای...

ترن. واته پێوەندیکەیان هیچ ڕەبتی بە کاروباری هاوبەش نیە. هەر کەس سەرۆک بوو بۆ دڵخۆش بوونی ئەوەی دەیلێن نایلێنەوە.

بەڵام ئێمە چمان دەزانی ؟ ئێمە وەک دەروێشەکانی کۆنەشێخەکان چاومان لەبراگەورەبوو. هەڵبەت کارێکی چاک بوو. بەڵام بەچاویلکەی ئەم جەماعەتانە براگەورەمان دەدیت، نەک وەکی خۆی هەیە. هەر بۆیەش ڕاکێشراینە ئەم گۆلاوە. تەنانەت گەیشتینە ئەو حەلەش کە وەبەر تەشەرو جنێوی خەڵکەکەمان کەوین. هەر بۆیە پێم وایە لەپلەی یەکەمدا کاک عەزیزی یوسفی ومامە غەنی ومەلاحەسەن وئێوە وکاک حەمەدەمین وکاک عەلی گەلاوێژ(*) زۆرتان خەتا هەیە. کە هەرچی دەتانزانی نەتان دەگوت یان ئەگەر دەتانگوت ئەوە نەبوو کە بتوانێ ڕوونکەرەوەبێت. دیارە یەک نەگرتنتان یەکەم هۆی ئەم کردەوەیەبوو. هەڵبەت نامەوێ لەبایەخی ئەم کارەت کە بریتیە لەچاپی سیهەم کەم کەمەوە ودەق ودۆغری دەڵێم ئەوە زۆر نەقس وعەیبی پێشووتان دەشواتەوە. داوای لێبوردن دەکەم کەقسەی زیاتر لەخۆم دەکەم . بەڵام بەڕاستی ئەوکارەتان وەقسەی هێنام. زۆر شتی لێ فێر بووم وزۆر تەجرەبەی خۆمی بۆ دووپات کردمەوە. تازە خەتای ئەوانیتر جگە لەمەلاحەسەن وکاک عەزیز زیاترە چونکی هەر دەنگ لەبەردەوە هاتبێ لەوان نەهات.

مەلا حەسەن لە قسەکانیدا زۆرجار باسی ئەوشتانەی دەکرد بەڵام زۆرتری هەر پلار پێدادان بوو هەتا ڕوونکردنەوە. بەڵام بەڕاستی پێنووسەکەت هەر

*ــــ نازانم کاک حەسەن بۆچی منی ڕەگەڵ ناوی مامەغەنی وگەلاوێژ وکاک حەمەدەمین ومامۆستا قزڵجی خستوە.؟ کاک حەسەن باش دەزانێ کە ئەوان ڕێگای خۆیان لە ڕێگای من جیا کردبۆوە. ئەوەش باش دەزانێ کە ئەودەم بە کاک حەسەن ولاوەکانم دەگوت کە بەهەڵە دەچن وحیزبی دێموکرات بەجێ مەهێڵن. ئەوان بەقسەیان نەکردم. من لە کردەوەی ئەودەمم پەشیمان نیم . سەیر ئەوەیە کاک حەسەن کاتێ ئەو نامەی نووسیوە هێشتا ئەندامی حیزبی تودە بوە.

بمێنێ و سەرفرازبێ بۆ ئەم هەموو سەنەدە زیندوە کەبلاوت کردۆتەوە. تەنیا نازانم بۆچ باسی کاک سەدیقی ئەنجیریت نەکردوە کەسایەتی وچلۆنایەتی خەباتی ئەو هەر لە بەر سێبەردا ماوەتەوە.

کاکی خۆم ئەم چەنەوەریەم لەبەر ئەوەیە کە وەک خۆت لەسەر ئەم رایەی(وەک من بزانم)کە ئێستا جێگەی کۆمونیستەکانی کورد و سەنگەرەکەیان نادیارەو چۆلە. پێم وایە لەپلەی یەکەمدا ئەرکێکی گەورە دەکەوێتە ئەستۆی تۆ ومامە وخالە. (دیسان نازانم کاک حەسەن بۆچی منی بە مامەو خالەوە گرێداوە !؟) وەک من بزانم هەم لەرووی ئەزمونەوە وهەم لەرووی تێگەیشتن وپێشینەتانەوە بۆ جەماوەر ناسیاوترن. قۆڵ هەڵماڵن ولێک نیزیک بنەوەو وردە وردە ئەم هەموو کادر ولاوە پرش وبلاوە کۆ کەنەوەو بە یەکجاری وەزعی خۆمان لەگەڵ« برا عەجەمەکانمان» روون کەینەوە. من لە سەر ئەو رایەم کە:

١ ــ نەتەوەی کورد مافی یەکگرتنەوەو دامەزراندنی دەوڵەتی سەر بەخۆی خۆی هەیە ودەبێ بۆ ئەم کاردش ئامرازی تایبەتی خۆی هەبێ.

٢ ــ بزوتنەوەی گەلی کورد بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوایەتیە و بەشێکە لە بەردی شۆرشگێری جیهانی

٣ ــ دەبێ حەول بدرێت بۆ بەرەیەکی کوردستانی و ئەم پرش وبلاویە بەر بەرەکانی لەگەڵ بکرێت.

٤ ــ ئەم شتانەش بوونی هێڵی سەربەخۆی« چەپ »لەکوردستان دێنێتە گۆرێ.

دیارە ئەمانەم بۆیە دیاری کردوە چونکە نوختەی جیاوازن لەگەڵ« براکانی» کومونیستمان لەئێران. بەتایبەت زۆر لە بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوایەتی و یەکگرتنەوەی کوردستان دەپرینگێنەوە وەک کارەبایان لەدەست دەی هەڵدەبەزنەوە. زیاتری لەسەر ناڕۆم دایدەنێم بۆ چاوپێکەوتن و وتوێژی زیاتر. لەبەر ئەوەش نامەم بۆ نەنوسیبووی کە فەرەیدن دەیگوت خۆت دەتەوێ

www.kerimhisami.com

بەو لایەدا بێیت. ئیتر ئاواتە خوازی خۆشی خۆت وماڵ ومنداڵت. حەسەن ماوەرانی ٢٣/٢/٨٩»

٨٩/٣/٤ لە سوید ساڵرۆژی کۆچی دوایی سەرۆک بارزانی یادی کرایەوە. ئەم شانازیەبەمنیش برابووکە بە کورتە وتارێک لە یادی ئەم سەرکردە مەزنەی کورد دا بەشداری بکەم. لام وایە وتارەکەم لە ژمارد ٣٨ی رۆژنامەی سەردەمی نوێ دا بڵاوکراوەتەوە.

## نامەی کاک شێخ عەلی هێژا

لە سەرەتاکانی مانگی مارس لە پراکەوە نامەیەکی کاک شێخ عەلی-م پێگەیشت. بۆ ئاگاداری خوێنەری بەرێز ئەمە هەر ئەو کاک شێخ عەلی یە بەرێزەیە کە لەسەرەتای ئەم بەرگەدا یادم کردە. ئەمەش دەقی نامەکەیەتی :

« هاورێ وماموستای زۆر بەرێزم کاک کەریمی حوسامی. دەستەکانت بەگەرمی دەکوشم وچاوەکانت ماچ دەکەم لە پێشەوە رەخنەیەکی توند لەخۆم دەگرم بۆ دواکەوتنی ناردنی ئەم نامەیەم کە دەبوایە لە مێژەوە بۆ جەنابت رەوانە بکەم. هاورێ گیان باوەر بکە ئەگەر بزانی هەندێ جار چەند سەرم قاڵ وئیش وکار زۆر دەبێت. لەوانەیە هەندێ دڵت نەرم بێت و لێبوردنم قەبوڵ بکەی. ئەمە لەلایەک، لەلایێکی ترەوە ئەمەش بە باوەریەوە دەڵێم جەنابت وەکو ئەدیب،سیاسی، روناکبیرو تێگەیشتوێکی بلیمەتی کورد، جێگاییکی بڵندت لە لای من هەیە...بەڵکو لەلای هەمووکوردێکی دڵسۆزو ئاشقی پەیڤی راست وشۆرشگێر.

هاورێی شیرینیم! بە سوپاسو دڵخۆشیێکی مەزن هەردووکتێبەکانت(کاروانی شەهیدان...ولە پێناو چی دا) بەدەستم گەیشتن. هەرچەندە لەکاتی خۆیدا(کاروانی شەهیدان)م لەعیراق هەبوو، بەڵام ئێستا دووبارەو سێ بارە خوێندمەوەو تامێکی ترم لێ بینی بەتایبەت پاش پێداچوون وزێدەکردنی

هەندێ راستیتر لەسەر خەباتی ئەو تێکۆشەرانە وخەباتی گەلی کورد لەکوردستانی ئێراندا. ئەوەش زیاتر بۆمنی روونکرد، پاش دانیشتن و ناسینی من بۆ هەندێ ئەو تێکۆشەرانە وەک (مامە غەنی، کەریمی حوسامی.محمدئەمین سوراجی، هێمن، قزلجی وسەدان تێکۆشەری ونیتر کەچی خەباتیان کردوە، دەردومەینەتیان بینیوە... بەڵام توانیویانە رێگای راست بگرن، ببنە شەماڵێک بۆ رۆشنکردنی رێگای راستە قینەی گەلی کوردو مەترسیەکی گەورە خستوویانە دڵی دوژمنی کورد،وە بوون بەبەشێک لە خەباتی پڕ شانازی گەلی کورد لەهەموو پارچەکانی کوردستان. لە شەستەکان هێشتا لە حیمی گەنجیدا بووم ناوی(مامەغەنی، کەریمی حوسامی)م دەبیست، دەم گوت خوایە دەبێ ئەوانە چی بن... کە راستەو خۆم بینین زیاتر ئەو باوەریە لام قایم بوو.

هاورێ گیان! بەنیسبەت نامیلکەی( لەپێناو چی دا)ناتوانم بیروڕای خۆمی ئاشکرا لەسەر دەربڕم، چونکە لەوانەیە بە شتێکی تر لێک بدرێتەوە، بەڵام بەرای من تایبەتی شتێکی زۆر جوانت نووسیوە،راستی زۆرت ئاشکرا کردوە. بەڵام دیارە بەختی دوژمنانی کورد باشە.(الحمدالله)وشوکرێک دەکەن، هەتا هەبێت هەر دووبەرەکی وناکۆکی لە نێوان پارتەکانی کوردستان وبزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد خەلاس نەبێت !...

هاورێی بەرێزم !باسەرت نەیێشێنم وماوەم بدە داخوازی ژیانێکی کامران، تەندروستی باش، ساغی وسلامەتی( وەکو ئێزدی دەڵێن) بۆت بخوازم. چونکە ئەگەر مرۆڤ تەندروستی باشی بوو، مێشکی کار دەکات، بەرهەمی نەیاب وپاک دەردێنێ. مێشکت،پەنجەکانت، هەر ئەرزن بۆ وەجێ هێنانی وشەی کوردی رەسەن.

قوربان لە ژمارە(٢٠٥)ی (الثقافە الجدیدە) لێکۆڵینەوەیەکی من دەربارەی(ئێزدیەکان)بلاو کرایەوە،کەبەدەستم گەیشت دانەیەک بۆ جەنابت دەنێرم، بەڵام لە ئێستاوە رەخنەم لێ نەگری نووسینەکە بەعەرەبیە.!

ڕێزوسلاوم قەبوڵ بکەن. هاورێ وبرای پچوکت شێخ عەلی سەردتای/ ئادار /٩٨٩ پراگ »

لە ئاوارەیی ولە کەش وهەوای ئورروپادا، دیتن ودیداری دۆست وبرادەروهاورێ وهاونیشتمان لە هەموو نیعمەتی دنیا خۆشتر وخەم رەوێنترە. خۆ ئەگەر فرسەتی ئەم دیدارو ئاموشۆیە نەبێ، وەرگرتنی نامەی دۆستان وجوابدانەوەیان رووناکی دەخاتە دڵ ومێشکی ئینسانەوە. من دەتوانم بلێم جگە لە کاری نووسین وخوێندنەوەی رۆژنامەو وخۆشی و تەبایی ماڵەوە ، پێوەندی دۆستانە لەگەل برادەران ، جا چ بە دانیشتن وقسەوباسی خۆش بێ ویانژێ بە گۆرینەوەی نامەی جوان وشیرین بێت، بوونەتە هۆی لەسەرحاڵ راگرتن وماندوو نەبوونم لە تێکۆشانی بەردەوامدا.

**نامەی دوکتۆر رەحیمی قازی**

لە مانگی مارسی ١٩٨٩ نامەیەکی شادرەوان بەرێز دۆکتور رەحیمی سەیفی قازی م بۆ هات کەوا دەقەکەی بلاودەکرێتەوە.

« هاورێ وبراودۆستی خۆشەویستم کاک کەریم : نازانم نامەکەم لەکوی وە دەست پی بکەم. چونکە لەحاست تۆ، لەحاست چاوەدێری وبیرەباوەری پاک وخاوێنت، لەحاست هەستی بەریزی وبێ دەغەلیت زۆر تاوانبارم وزۆر عاستەمە بەنووسینی نامە بتوانم پاکانە بکەم وخۆم بەخاوێنی بشۆرمەوە. بەڵام جێگەی شوکرە کە کولانەی تۆبەکردن جارێ ئاواڵەیە.

چەندێک لەمەوپێش هاورێی هەردوکمان کاک جەمشیدی حەیدەری کتێبەکەی خۆی بۆ ناردبووم وبەئەرکی خۆم زانی نامەیەکی بۆ بنووسم و سوپاسی بکەم. جالەنامەکەدا باسی تۆم کردوەو نووسیومە بە کاک کەریم بلێ کە«پیاوی باش بە ئەمن کردم تۆ نەیکەی » یانی تاوانباری خۆم لەحاست تۆدا وەئەستۆ گرتوە وملم لەمویەک باریکترە...

بەڵێ، پاش دەرچوونی رۆژنامەی( سەردەمی نوێ) بەر لەهەموو کەسێک

دەبوایە ئەمن هاوکاریت لەگەڵ بکەم. چونکە هەر لەژمارەی یەکەمەوە ئەو رۆژنامەیە بەکەیف وبیروباوەری منە، رۆژنامەیەکی کە لەگەڵ دروشمەکانی ئەو سەردەمەی بزوتنەوەی رزگاری نەتەوایەتی گەلەکەمان ولەگەڵ چۆنایەتی کۆمەڵایەتی نیشتمانەکەمان یەک دێتەوەولەحەلی ئێستادا رۆژنامەیەکی وەهامان نیە. بێ شک کەم وکوری تێدا هەیە. گەلێک جار نووسراوەکان یەکتر دووپاتە دەکەنەوە، کەمتر فکر دەدرێتە سەر بەسەرهاتەکانی مێژوویی کوردوکوردستان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشانەوانە بە هیچ جورێک لە گرینگی رۆژنامەکە کەم ناکەنەوە. هەتا دێت پوختەترو رەوانتروباشتر وەبەرچاودەکەوێت. بەتایبەت لەرۆژی سیاسیەوە.

هەرچەند کە جێگای پاکانە کردن نیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا ناساخی کورە جوانەمەرگەکەم دەست ولاقی بەستبووم وبەشی زۆری کاتی خۆم بۆموداواوئاگا لێ بوونی ئەوکورە تەرخان کردبوو،کەچی هیچیشم لەدەست نەهات ولە بەرڤاری ٥=ی مانگی ئوکتوبری رابردودا لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و بەتەواوی پەرۆشی کردم. لەلایەکی دیکەوە هەتا ئێستا زۆرم حەول داوە بیروباوەرو هەڵوێست وبۆچوونی« روفەقا » لەسەر مەسەلەی کورد بخەمە سەر رێگەیەکی دروست وپێویست ولەو هەلانەی کە لە ئیختیاریاندا هەیە سود وەر بگرین بۆ بزوتنەوەی رزگاری نەتەوایەتی گەلی کورد. لەئەنجام دابریاریان داکە بەزمانی کوردی رۆژنامە دەربخەن. بەزمانی کوردی وتار بڵاو کەنەوەو زۆر شتی تر. تەنانەت هاتنە سەرئەوەی کە کتێبەکەی من لەسەر ژیانی سیاسی وکۆمەڵایەتی پێشەوا نووسیومە بەزمانی فارسی چاپی بکەن وئێمەش لەگەڵ حەسەنی ماوەرانی دانیشتین کتێبەکەمان لە زمانی کوردییەوە وەرگێرا سەرزمانی فارسی ودامان بەرابەرایەتی. بەڵام ئەوە نیزیکەی ٣ساڵە نەلە رۆژنامەووتارخەبەرێک هەیەو نەلەکتێبەکەی من وبێ شک ئەگەر هەروابروات ناشی کەن ونابێ هیچ چاوە دێرێتکیان لێ بکەی و بە داخەوە لە گێژاوی دوو بەرەکی و خۆ بەزل زانین وقازانجی خۆیی وتینۆری ویشک و پوچ دا

www.kerimhisami.com

دەخولێنەوە. بەداخەوە مامە غەنی یەکەشمان کەوتۆتە ئەوگێژاوەیە و هەر چەند پەلە قاژەی دەکات ڕێ بۆدەرچونی نیە. زۆر شوکر کە وەخەبەر هاتوەو بەهەویام سەرکەوێت ومنیش ئەوەندەی لەدەستم دێ یاری دەکەم کەنەجاتی بێ.

کاکە گیان هاورێ ودۆستی هەردوکمان کاک هێرش بەرگی دوهەمی بیرەوەریەکانی تۆی بەوادەی چەند ڕۆژ خستە دەستمەوە. لەسەر یەک چوار جار خوێندمەوە وزۆرم پێ خۆش بوو. جارێ بیرەباوەری خۆمت لەسەر بیرەوەریەکانت بۆ نانووسم وئەوەی رادەگرم بۆ پاشان وئەگەر رازی بی بەدرێژی بۆت دەنووسم بۆ لەچاپ دانی. بەلام بە پێویستی دەزانم ئەوە بلێم کە بەرگی دوهەمی بیرەوەری مرۆڤێکی سیاسی و شۆرشگێر وکۆمەلایەتی نەدەبوو بە قەحبەبازی وعارەق خۆری پیاوێکی وەک لوقمان کۆتایی پێ بهێندرێت. بە بێ سەبریەوە چاودرێی بەرگی سێیەم وچوارەمی بیرەوەریەکانین وبە هەویام لەو کارە باش وبە جێ یەدا سەرکەوتووبی.

کاکی بەرێز! هەر وەک بۆکاک جەمشیدم نوسیوە نوسخەیەکی کتێبەکەی لەمەر پێشەوا لای حەسەنی کورمە. نازانم ئێوە هەلتان هەیە لە چاپی بدەن یانا؟ بەهەر سورەت بە هەویام بیرورای خۆتانم لەو بابەتەوە بۆ بنووسی وحەیفە ئەو کتێبە لەبەین بچێ، چونکە بەشی زۆری نەسلی ئەورۆکەی گەلەکەمان لە مێژووی کۆماری مەهاباد و ژیانی تایبەتی پێشەوا شارەزا نیە و ئەو کتێبە دەتوانێت قوژبنێکی ئەو بەتالی یە پڕ کاتەوە.

کاک کەریم، ئیترنامەوێ لەوە زیاتر وەختت بگرم، دەزانم سەرت زۆر قالە. دیسانیش بەهەویام لێم ببووری و ڕەپ ورووو پێت ڕادەگەیێنم کە بۆ هاوکاریت ئامادەم و بە تەواوی هێزی خۆمەوە هەوڵ دەدەم لەمەولا پتر و زوو زوو سەرت بیەشێنم..

سلاو بۆ دۆست وهاورێ وناسیاوەکانمان. برات ڕەحیم قازی .. ١٠/٣/ ١٩٨٩ »

بەداخی گرانەوە مەرگ مۆلەتی نەدا کە لاپەری بەرگێگ لە بیرەوەریەکانم

www.kerimhisami.com

بە نووسینی جوان وبیروڕای ڕەخنەیی و بابەتی نووسەری شاکاری (پێشمەرگە) دوکتوررەحیمی قازی برازێنمەوە.

ڕۆژی ٨٩/٣/١٤ لەگەڵ دوکتور جەمشید چووینە سەردانی کاک ئازاد مستەفا لە نەخۆشخانەی کارۆلینسکا. وەزعێکی یەکجار زۆر شپرزەی هەبوو. شێرپەنجەی بێ ویژدان ویشکی هەڵێنابوو. زۆر بە هێدی وبەئاستەم قسەی بۆدەکرا، چەند برادەری خۆیانی لەلابوون، بەیەکیانی گوت:« کاک کەریم لەبیرمەکەن. کاک کەریم لەسەر حیزبەکەمان ولەسەر خۆشم ئەمەگی هەیە.» بەداخەوە دوا دیدارمان بوو. ڕۆژی ٣/١٩ بە داخ وحەسرەتی دوور لەنیشتمانەوە کۆچی دوایی کردو ئاواتی ئازادی وسەربەستی گەل ونیشتمانی بردە ژێرخاک.

ڕۆژی ٤/٢٥/ بۆ بەرێکردنەوەی تەرمی کاک ئازاد مستەفا چووینە فرۆکەخانە. تەرمەکەیان ناردەوە ئێران کە لە کوردستان بەخاکی بسپێرن.

ڕۆژی ٨٩/٥/٢ سەفەرم دەکرد بۆ بولغاریا. چوومە لێن شۆپینگ مالە کاک حامیدی گەوهەری کە لەوێوە سواری قەتاربم. لەکاتی خۆیدا نەگەیشتین وقەتار بەجێیی هێشتم. بەسواری ماشێن وەدوای کەوتین، بەڵام نەگەیشتین. لەگەڕانەوەدا لاماندا کن کاک کەمالی گەروسی چایەک بخۆینەوە. دراوسێکی تورکی ئازەربایجانی ئەندامی ڕێکخراوەی موجاهیدینی خەڵکی ئێرانی هەبوو. تازە دانیشتبووین کابرا هاتەلامان ولەگەڵ کاک حامید سیاسەتیان دامەزراند. کابرا وەک پیاوان بێ پێچ وپەنا گوتی: « ئەگەر ئێمە بێینە سەر حوکم ودەسەلات بگرینە دەست تودەیی ونەکسەریەت ودێموکراتی کوردستان و شا پەرستان قەلاچۆدەکەین.» ئیتر جەوهەری دێموکراسی موجاهیدینمان پتر بۆ روون بۆوەو وازمان لەباسەکە هێنا.

لەسۆفیابووم نامەیەکی هاوڕێ وبرای بەرێزو خۆشەویست باوکی تارام پێگەیشت و منیش والاپەرەیێکی ئەم بەرگەی پێ دەنەخشێنم:

**نامەی ڕێزدار مەلامحەممەدی جوانڕۆیی« ١٩٨٩/٤/١٦** برای بەڕێزوهاوڕێی خۆشەویستم ماموستا کەریمی حسامی سلاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرمم پێشکێشتان دەکەم. وێرای ڕێزو سلاوی گەرمم، پرسیارم لەحاڵ وگوزەران وتەندروستیتان کە دیارە ناشکرایە لاتان، چەندم پێخۆشە چاک وچالاک بن هەمیشەو زۆرترو زیاتر ڕۆڵتان دیار بێت وداخی ڕۆژانی سەردەشت وپشتکاو وگوێچکەدەرێ ومەهاباد وخانەو شنۆو کێشەکان و زۆرانبازیەکان.. بگێڕن وبکەنەوە. لەم بوارانەی ترداکە وەک جاران، بڕوام، باوەڕم پێتان وابوەو هەیە کە پڕ بەپڕی توانا ڕۆڵتان دیار وسود بەخش دەبێت بۆ سەر جەمی بزوتنەوە شۆڕشگێڕییەکەمان.

کاک کەریم ڕێزو سلاوێکی زۆروگەرمم بۆ خزمەت خوشکە خەجیجەخان وبۆ کاک کەماڵ وخێزانی پێشکەش دەکەم. ئومێدی خۆشیانم هەیە. هەر لێرەدا بڵێم ڕێزو سلاوم بۆ کاک جەمشید حەیدەری پێشکەش دەکەم. بۆ گشت ئەو برایانەی لە ڕووی لوتفەوە ئێمەیان لەیاد نەکرد بێت و هەواڵێکم بپرسن. نازانم چەندن وکێن وهەرکەس کوێ کەوتوون. بالەڕێگای جەنابتانەوە کە وەک عیراقی ئەڵێن مختاری هەموولایەکمان بیت، واتا براگەورەوشارەزای هەموولایەکمانیت. سلاوم بۆیان هەیە.

هاوڕێم کاک کەریمی حسامی: لە ڕێگای عەلی برازاتەوەسلاوێکم عەرزکردیت کە لەموسکۆلای کاک سامانی کوری مەلا ئەحمەدی بانیخێلانی یەکمان گرت بەرێکەوت. پێش ئەوەش لە کوردستانی سوتاو وخوێناویمانەوە کە لەوێ بووم نامەیەکم بۆ ناردی لەگەڵ نامیلکەیەکی چکۆلانەدا بەئادرەسی ڕۆژنامە بە ڕێزەکەتان - سەردەمی نوێ - کە چەند زمارەیەکم بۆ دەهاتە کوردستانی عیراق. بەلام لە نیوەی گشت ژمارەکانی. جانازانم نامەکەم گەیشتوە یان نا؟ بەلام زانیم کاک عەلی سلاوەکەمی گەیاندوە.... بەڵێ قوربان ... دەوران ئاوابوو، بۆ خوێندن، یان بۆ حەسانەوە، یان ناچارانە بۆ یەکەم جارو لەم تەمەنەماندا. ئەوا لەموسکۆ خۆم دەبینمەوە. چەند مانگێکە

کەمێک حەسانەوەم کردوەو کەمێکیش خەریکم. بەڵام زیاد نیە ئەگەر بڵێم. چونکە هەتا دوا رۆژی شەروهەرای خواکورک - لۆلان و سەر سنوری تورکیاو نێران وعیراق هەر لەوێ بووم و لە ناودراستی ئەیلول دەرکەوتم... بۆ ماوەیەک هەر زۆر ناردحەت بووم.. دیارە ماوەیەک هێمنتر بووم.. بەڵام ژان ودەردی هەواڵی وڵات ئەوا ئێستاش دوو رۆژە هەواڵی دەورەگرتنی قەڵادزێ ورانیەو ناوچەکان هەیە کە سوپای سەدام دەوری گرتوون، رایان دەگوێزن بۆ بیابانەکان... دەیان کوژن، پاک وپیسیان دەکەن،وەک هەڵەبجەی سەر براووپێنجوین وچوارتاوماوەتی وێرانکراویان لێ دەکەن، وە ک کۆیەو دەیان ودەیان شاروشارۆچکەی تریان لێدەکەن. بەڵێ جادرێژەی نەدەمێ، لێرەشم. ژان وئازارم نارام نەبۆتەوە... بەهەر حاڵ زۆرم پێخۆشە بەم نامەیە ئەدرەس وتلفونی خۆمت بدەمێ، ئەوا دەشزانی کەوامن ماوەیەکی ساڵێک زیاتریش لێرە دەبم.جانەگەربۆتان بکرێت حەزدەکەم نامەو شتم لێ نەبڕیت. من لەو ماوەیەدا بیستم کە زۆر چاپکراو وبڵاوکراوەتان بڵاوکردۆتەوە کە لەراستیدا کاک عەزیزیش باسی کردیت، هاورێ عەزیزمحمدی بەرێزی خۆمان دەڵێم...من زۆرم پێ خۆشبوو. هەرچەندە جارێ شاد نەبوومەتەوە بە خوێندنەوەیان. دیارە گەر هەبن وخەمان بخۆن، ئێمەش خەمی خەرجەکەی دەخۆین. هاورێم پێم خۆشە زۆرت بۆبنووسم، یان بابڵێم درێژە بەنامەکەم بدەم، بەڵام نازانم لەکوێ وکامەوە دەست پێ بکەم. هەواڵی کوێ وچت بۆ بنووسم... بۆیە بەجێی دێڵم بۆ نامەیەکی ترکە دڵنیا ببم نامەکەم گەیشتۆتە دەستتان. چو نکە من جگە لە نادرەسی رۆژنامەکە هیچی ترم لانیە. دەزانم هاتووچۆ کردنتان لە بەینی سۆفیاو سوید درێژەی هەیە. لەکاک فەخری کەریم زەنگەنە وجلال دەباغم پرسی هەواڵت چیە هێندێکیان بۆ باس کردم. شادوسەرکەوتووبن هەمیشە. برای دڵسۆزتان مەلامحمدی جوانرۆیی واتا باوکی تارا.»

## نامەی کاک سولەیمانی قادری

ڕۆژی ٨٩/٥/١١ نامەیەکی کاک سولەیمانی قادری-م پێگەیشت، لەگەل سوپاس بۆ هەستی برایانەی وا دەقی نامەکەش بلاو دەکەمەوە:

« بۆ بەرێزوخۆشەویست کاک کەریمی حسامی . پێشەکی سلاوێکی گەرم وبەتین ئاراستەی تۆی بەرێز دەکەم وهیوام خۆشیتەو بەو هیوایە کە هەموو کاتێک سەر کەوتووبیت.

کاکی بەرێز زۆر ڕێزو سلاوم هەیە بۆ خێزانەکەت واتە مال ومندالەکانت. لەبەر ئەوەش سلاوم بۆیان هەیە کە پیاوبەسەرهاتەکان دەخوێنێتەوە لەگەل ئێوە دەبێت بەدۆست وناسیار جالەبۆیە دوو بارە سلاوم هەیە.

کاکە گیان نووسراوەکانم بە تەواوی وجوود خوێندنەوە. یانی بۆ خۆم خۆم بە بەشدار دەزانی لەبەسەرهاتەکان لەبەر ئەوەی ئەوەندە بەجوانی نووسراون بە کوردییێکی زۆر پەتی وبە بێ کەلک وەرگرتن لە وشەی زۆر قورس وگران وپیاو هەست بە هەموو شتەکان دەکاوخۆی بە بێگانە نازانێ لەبەرامبەر وشەکان وە ئەوە بە بڕوای من شتێکی زۆر بەنرخە.

لە باری مێژووییەوە هەر باسی ناکرێ زۆر شت ڕوون دەکاتەوە، زۆر شت وەدەردەخاکە کەس تاکو ئێستا یا نەی وێراوە بیان درکێنێ یا نەی زانیوە و یا خۆ نەی ویستوە باسیشیان بکا. وەکوکورد دەلێ: ئەوەی بن بەرەی هێناوەتە سەر بەرەی. دیارەزۆرشتی تێدایە کە ئەگەر پیاو بی هەوێ بیروبڕوای خۆی سەبارەت بە هەموو شتەکان بنووسێت دەبێ بەقەدەر بەسەرهاتەکانی تۆ کاغەز پڕکاتەوە لەسەر هەردێڕو وشەیەک بیروبڕوای خۆی بنووسێ. نازانم چۆن ڕای بگەیێنم و بیهێنمە سەر زمان وبینووسم. زۆر شت لە مێژووی گەلی کورد بە تایبەتی لە کۆماری مەهاباد نە کوترابوون یاخۆ من ئەم بیستوەو گوێم لێ نەبوە

وەک لە بەسەرهاتەکانتدا هێناوتە بەرچاو بەتایبەتی ئەو دیوی کوردستانی گەرمێن لە زمانی مەلا مستەفاوە زۆر قسە دەکرا وزۆر شت پیاوگوێی لێ دەبوو بەلام جێی باوەر نەبوون.

کاک کەریم هەر چەند بنووسم هێشتا زۆر لەوە کەمترە کەدەبێ بینووسم، ئیتر نام هەوێ زیاتر وەختت بگرم. بەو هیوایە کە بتوانی بەسەرهاتەکانت بەتەواوی بیان نووسی وبیان خەیە ژێر چاپەوە. تکایە بەسەر هاتەکانت، بەرگەکانی دیکەش هەر بدە بە کاک فەردینی قادری کە پێم دەگا. برای پچوکت سولەیمان قادری. ٨/٥/٨٩ »

## سەفەر بۆ لهستان

www.kerimhisami.com

شلێری کچم هەرچەندە دوکتوری مندالان بوو، بەلام لەبولغارستان بێکار ما بوو. دووجار داوەتنامەم بۆ نارد، ئیدارەی بێگانانی سوید ڤیزای نەدایە بە میوانیش بێتە کن دایک وبابی. خەبەرم دایە بچێتە لهستان، بەلکوو بتوانێ لەوێوە بێتە سوید. شلێر هاتبوە لهستان و میوانی برادەرێکی گەلێک جوامێری هەولێری بوو بەناوی مەدحەت.

رۆژی ٢٩/٥/٨٩ لە گەل فەهد گەردەوانی سواری پاپۆر بووین بۆ لهستان. کاک رەفیق سابیریش هاتبوو. یەک دوو رۆژ لە وەرشو بووین وپاشان هاتینە ئەسکلەی (شڤینۆویشچێ) کە لەوێوە پاپۆر بۆ سوید دەهات. دوای رۆژێک مەحتەل بوون وهەول وتەقەلایەکی زۆر و ٧٠٠ دولار بەرتیل ،کاک رەفیق وشلێرمان سواری پاپۆر کرد و رۆژی ٣/٦/٨٩ لە سوید لە (ئیستاد) دابەزین. پۆلیس وەری گرتن. لەبەر ئەوەی شلێر پاسپۆرتێکی ئیجازە سەفەری بولغاری پێبوو، رێگایان دا بۆ دە رۆژ بیهێنمە ستۆکهۆلم. بەو مەرجە دوای دەرۆژ بیبەمەوە ئیستاد. لە ستۆکهۆلم چووینە پۆلیس بەلکوو هەر لێرە وەری بگرن. پۆلیس گوتی : چونکە لە ئیستاد دابەزیون، دەبێ بچنەوە ئەوێ

وپۆلیسی ئیستاد بریاردەدا. رۆژی ١٢/٦/ چوینە لین شۆپینگ، لەگەڵ کاک حامیدی گەوهەری چووینە ئیستاد. دەبوایە شلێر بەجێ بێڵین تا پۆلیس پرسیاری لێدەکاو بریار دەدا. شلێر زۆر نارەحەت بوو، کچەکەی (مێری) دەکریا. منیش زۆر بەپەرۆش بووم، بەڵام هیچ نەدەکرا. بەجێمان هێشت وگەراینەوە. پاش ماوەیەک شلێریان ناردە شیمال ودوای چەند مانگ وەریان گرت وزۆر زووش شەهادەی دوکتۆریان بە شەهادەی سوێدی بۆ گۆریەوە وئێستا وەک دوکتۆری منداڵان کار دەکا. بەداخەوە نەگەیشتە ئەم ئاوات وئەو ئامانجە کە لە منداڵیەوە چووبوە دەمێشکی کە ببێتە دوکتۆر ومنداڵانی کورد عیلاج بکاو هەرچی فەقیرو نەداریش بێ پارەی لێ وەرنەگرێ ویارمەتی بدا. ئێستا وەک دوکتۆرێکی پسپۆرلە سوید کاردەکات. بەداخەوە دەسەڵاتدارانی ئێستای کوردستان کارێکی وایان نەکردوە کەدوتۆروزاناونووسەرورووناکبیری کورد بوێرن بچنەوەنیشتمانی خۆیان وتێیدابژین.

## دیدار لەگەڵ هێژا مەسعود بارزانی

مانگی ٨٩/٦ سوسیال ئینترناسیۆناڵ لە سوید کۆنگرەی هەبوو. کاک مەسعود بارزانی وەک سەرۆکی بەرەی کوردستانی عیراق داوەت کرابوو. پێم خۆش بوو لەم دەرفەتە کەلک وەر بگرم وچاوم بەکاک مەسعود بکەوێ. رۆژی ٨٩/٦/٢٨ برادەرێکی پارتی بەدوامداهات کە بچمە لای کاک مەسعود لە ماڵی کاک جەوهەر نامیق لە ستۆکهۆڵم کە چووم دوکتۆر رۆژ شاوەیسیشی لە لابوو. بەرلەوەی دست بەقسان بکەین گوتم :« کاک مەسعود با گلەییکت لێ بکەم. تۆ دەت ویست چاوت بەمن بکەوێ لەقەبرسەوە تەلەفونت بۆکردم ، لە بولغاریاوە هاتمە قەبرس. بەڵام من لە سیلوانا هاتمە ماڵتان، دەمویست تۆ ببینم .لەسەر ئەو باوەرە ش بووم چاو پێکەوتنەکەم تەنسیری دەبوو بۆ ئەوەی کە لە کوردستان لە نێوان پارتی وحیزبی دێموکرات دا شەڕوکێشە روونەدا،

www.kerimbisarani.com

به‌لام تۆ خۆت به‌من نیشان نه‌دا.»

کاک مه‌سعود گوتی: « هه‌قته. به‌لام ئه‌وده‌م هیچ له‌ده‌ست مندا نه‌مابوو، بۆیه نه‌ده‌کرا چاوم پێت بکه‌وێ.» باسی باروودۆخی کوردستان وسیاسه‌تی جیهانیمان کرد. کاک مه‌سعودم به سیاسیه‌کی هێدی خاوه‌ن بیر ودڵسۆزی مه‌سه‌له‌ی کورد هاته‌به‌رچاو. ئه‌و بۆچوونه‌م له کۆبوونه‌وه‌ی جه‌ماوه‌ری رۆژی ۳۰/۶/ له ئاخافتنه‌کانی کاک مه‌سعود داپتر بۆ مسۆگه‌ر بوو. لام وایه هه‌وه‌ڵین رێبه‌ری حیزبێکی کوردی بوو که له‌ده‌ره‌وه بۆ خه‌ڵک قسه بکاو خۆی به چه‌ند هه‌زار پێشمه‌رگه‌و چه‌ند هه‌زارشه‌هیده‌وه رانه‌نێ وخۆهه‌ڵنه‌کێشێ. هێندێ رسته‌و وشه‌ی قسه‌کانی کاک مه‌سعودیم له‌کۆبوونه‌وه‌که‌دا یاد داشت کردوون وه‌ک: « مه‌سه‌له‌ی کورد مه‌سه‌له‌یه‌کی گرێ پوچکه‌یه، پێویسته به وردی بیری لێ بکرێته‌وه. چونکه پێوه‌ندی به‌چاره‌نووسی کورده‌وه هه‌یه.... کاتی ئه‌وه هاتوه که دانیشتنێک ساز بکرێ هه‌موو حیزب وکه‌سانی نیشتمانپه‌روه‌ر به‌شداری بکه‌ن وبزانین چ ده‌که‌ین. مه‌سه‌له‌ی کورد مه‌سه‌له‌یه‌کی سیاسیه، عه‌قڵ ومه‌نتق داوا ده‌کا که بیری لێ بکه‌ینه‌وه‌وله رێگای ئاشتی مه‌سه‌له‌که چاره سه‌ر بکه‌ین... پێویسته بیر بکه‌ینه‌وه‌و له‌سه‌ر مسته‌وای نه‌ته‌وایه‌تی کوردستان زانایانه‌تر خه‌باتی سیاسی بکه‌ین و ستراتیژی نه‌ته‌وایه‌تی دابرێژین.... ئێمه درێژه به خه‌بات ده‌ده‌ین، به‌لام هه‌ر له‌و کاته‌شدا ده‌بێ عه‌قڵیه‌تی خۆمان بگۆرین وچاوێک به سیاسه‌ت وستراتیژی خۆماندا بخشێنینه‌وه. ....»

www.kerimhisami.com

## شەهید بوونی دوکتۆر قاسملو

رۆژی ٧/١٣ خەبەری کوشتنی دوکتور قاسملوو بلاو بۆوە. خەبەرێکی داخدارو سامناک بوو. دوکتور قاسملووش بۆ کۆنگرەی سۆسیال ئینترناسیۆناڵ داوەت کرابوو. ئەو سوسیال ئینترناسیۆنالەی کە دوکتور قاسملوو هەوڵێکی یەکجار زۆری بۆ دا بەڵکوو بە ئەندامی وەر بگرن و ئەگەر نا هیچ نەبێ بۆ کۆبوونەوەکان داوەتی بکەن، ئەو سۆسیال ئینترناسیونالەی کە دوکتور قاسملوی شەهید لە کتێبەکەی خۆیدا ئاوای باس دەکات : « لێرەدا دەردەکەوێ کە رابەرانی ئەنتیرناسیونالی دووهەم هیچ کاتێک نەیانویستوە دیفاع لە مافی گەلی کورد بکەن، بەڵکوو هەمیشە ویستوویانەرێگا لە جولانەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی کورد بگۆرن و بیخەنە ژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیزم و دەست وپێوەندیکانی وهەر لەو رێگایەشەوە بەرگێکی دژی گەلی ودژی سوویتی بەبەردابکەن. ئەو هەوڵ وتەقەلایەش بەتەواوی لەگەڵ نەخشەو پلانەکانی ئیمپریالیزم رێک دەکەوێ.»(١) رەنگە بگوترێ دنیا گۆرانی بەسەرداهاتوە بۆ دەبێ دوکتور قاسملوو گۆرانی بەسەردا نەیەو ١٨٠ دەرەجە بانەداتەوە.( لە بەرگی دووەمی پێدا چوونەوە دا پتر ئەم مەسەلەیە روون دەکەینەوە)

رۆژی ٧/٢٢ لە ستۆکهۆڵم سەرەخۆشی بۆ دوکتور قاسملو دانرا. لەسەر زانایی وهەڵکەوتویی دوکتور قاسملو لە نێو کۆمەڵی کوردەواریدا قسەم کردو

---

١ ــ د. عبدالرحمان قاسملوو ،کوردستان وکورد ، ١٩٧٣ کوردی ل، ٦٥

www.kerimhisami.com

داخی خۆم لەوکارەساتە سامناکە دەربڕی. بەدوای ئەوەدا بەدابی ناحەزی کوردی پاشملە رەخنەی تێکەڵ بە قین وبوغزی شەخسی هێندێ کەسی خۆپەرستی بەرچاوتەنگی فشەکەر بڵاو بۆوە کە من چووم بە بۆنەی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو راستیم دەر بریوەو گوتوومە کورد زاناو سیاسەتمەدارو شەخسیەتێکی گەورەی لە کیس چوو.

رۆژی ۱۹/۷/چوومە فیدراسیۆن کە ناوی خۆم بنووسم بۆ بەشداری لە ناشتنی دوکتۆر قاسملوودا لە گەڵ برادەرانی دیکە بچمە پاریس. چونکە بۆ چوونی پاریس داوای ڤیزای بەکۆمەڵ کرابوو فرۆکەش بە کۆمەڵ گیرابوو. سەلیمی بابانزادە کە کوێخای ئەم سەفەر رێکخستنە بوو، وەک پیاوان فەرمووی هەموو ناوەکان ناردراون بۆ سەفارەتی فەرانسەو ئیتر ناو نانووسرێن. چوومە باڵیۆزخانەی فەرانسە، گوتیان دەبێ حەوتوێک چاوەروان بی. نەمتوانی سەفەر بکەم. پاشان بە بۆنەی تێپەربوونی سێ مانگ بەسەر شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوودا، لە ژێر سەرخەتی« خوێنێک کەبێدەنگەی لێکرا لە ژمارە ٤٤ی رۆژنامەی« سەردەمی نوێ »دا وتارێکم بڵاو کردەوە بۆ مانەوە لە بیرەوەریەکانمدا هێندەێ رستەو کۆپلەی لێرەشدا بڵاو دەکەمەوە: « پتر لەسێ مانگ لە شەهیدبوونی زاناوسیاسی هەڵکەوتووی کورد، دوکتۆر عبدالرحمانی قاسملوو سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و عبدالله قادری ئەندامی کومیتەی ناوەندی ئەو حیزبە تێدەپەرێ.

سێ مانگ وسێ ساڵ وتەنانەت دەیان ساڵیش ئەو جنایەتە لەبیر ناچێتەوەو لەمێژووی خەباتی گەلی کورددا بەکارەسات دەناسرێ. بەڵام بەداخەوە هەروازوو لەو سێ مانگەدا پەردەی کش وماتی وبێدەنگی بەسەر ئەم کارەساتەدا کشاوەو هەر وەک هیچ نەقەومابێ وکەس نەکوژرابێ وکوردیش هیچ تێکۆشەروزانای لەکیس نەچووبێ وایە. دەوڵەتی نوتریش کە بەردی(بێلایەنی ودێموکراسی ومافی مرۆڤ) لەسینگی دەدا وحیزبی حاکم کەدۆستی حیزبی دێموکرات ودوکتۆر قاسملوو بوو لە ئاست ئەم جنایەتە کە لەولاتی ئەواندا

روویداوە خۆی بێدەنگ کردوە........پۆلیسی ئوتریش باش دەزانێ کە پیاو کوژانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەستیان لەورەشەکوژیەدا هەبوە. بەلام سەبارەت بە پێوەندی بازرگانی وسیاسی وئابووری تا ئێستاش ئامادە نەبوون پەردە لەسەر ئەم جنایەتە لابدەن وکارگێرو بەرێوەبەرانی ئەم رەشە کوژیە بە دنیا بناسێنن.........

ئەم خۆ گێل کردنەی دەوڵەتی ئوتریش و بێدەنگی دەوڵەتانی تری بەناو(لایەنگری مافی مرۆڤ ودادپەروەری) جارێکی دیکەش ئەم راستیەمان نیشان دەدات کە بەیت وباوی دێموکراسی ومافی مرۆڤ لە لای ئەوحکومەتانە گشتی لە ژێر چەرخی بەرژەوەندی ئابووری و پێوەندی دیپلۆماسیدا وردوخاش دەبێ ومیللەتی بێ کیان وبێ دەسەلات و بندەستیش کەس ..... بەکلاوی ناپێوێ......... هێندێ کەس ورێکخراوی ئەوتۆش هەبوون کە لە نووسین وخەبەردانی خۆیاندا لەگەڵ مەحکوم کردنی ئەم جنایەتەش ویستوویانە خەنجەر لە تەرمی بێ گیان بدەن ویا پەردەیەکی رەش بەسەر کردەوەی جنایەتکارانەی کۆماری ئیسلامیدا بکێشن.......... ئەوەی لێرەدا جێگای باسە ئەوەیە کە هەق نەبوو هێزەسیاسیەکانی کورد تەنیا بە مەحکومکردنی رەشەکوژی و داخ وپەژارە دەربرین وپرسەو سەرەخۆشی واز بێنن. چاوە روان دەکرا هێزە سیاسیەکانی کورد کومیتەیەک لە پسپۆرو حقوق زانانی کوردو بێگانە پێک بێنن تا وەدوای ئەو مەسەلەیە بکەوێ وداوای روونکردنەوەی ئەم جنایەتەو دادگایی کردنی جنایەتکاران بکات ........ بۆ دەرس وەرگرتن لە مێژوو لەباسی ئەم مەسەلەیەدا لەگەڵ دەربڕینی داخ وپەژارە ناکرێ باسی دیاردەیەکی دیکەش نەکەین کە بۆتە هۆی ئەم کارەساتە. ئەوەش بریتیە لە تەک پەرستی ونەبوونی دێموکراسی نێو حیزبی ورێگا نەدان بەراهاتن وئیبتیکار وفێربوون وگولکردنی ئەندامان لە حیزبی دێموکرات دا. بەکوشت چوونی دوکتۆر قاسملوو بەرهەمی ئەو سیاسەت ورێوشوێنە بوو کەخۆی لە حیزبی دێموکرات دا دایڕشتبوو. دوکتۆر قاسملوو نەیدەویست لە حیزبی دێموکرات دا بێجگە

لەخۆی کەسیتر هە بێ وگوڵ بکات وبناسرێ و کار راپەڕێنێ. ئەخۆ ئەگەر وانەبێ چۆن سکرتێری حیزبێک و شەخسیەتێکی ناسراوی نێو نەتەوەیی وەک دوکتۆر قاسملوو دەچێ دەگەڵ پاسدارێکی پیاو کوژ وکاربەدەستێکی دەرەجە بیست بە بێ پاڕێزەرو نۆبەچی لە ژووری کابرایەکی دیکە دادەنیشێ و وتوویژ دەکات........» بۆ بڕواکردن نابێ قاسملوو وابەهاسانی فریوی خواردبێ بە داوێوە بووبێ. بەندو بەستی ئەوکارەساتە لەژێرتەم ومژی تۆخی سیاسەت و رووتەنکی رێبەرانی حیزبی دێموکراتدا دا شاردراوەتەوە . مەلاعەولای حەیاکی کەجێگای قاسملووی گرتۆتەوەو بەدرۆ فرمێسکانی بۆ هەڵدەوەرێنێ وبوتی لێ دادەتاشێ ، باشترە ئەوغیرەتەی هەبێ کەرازی بەداوە وە بوونی دوکتۆرقاسملو وشەهیدکردنی بۆ خەڵک روونکاتەوە وشانازی بەناردنی پرسەو سەرەخۆشی بێگانان نەکا وخەڵک نەخاپێنێ وردە فرمێسکی تیمساحانەی بۆنەرێژێ.

## وتو وێژێکی چاپەمەنی لەگەڵ کوردستان پرێس

لە سەرەتای مانگی ئوکتۆبری ١٩٨٩ هەڤاڵدەری رۆژنامەی « کوردستان پرێس « کە بەزمانی تورکی وزاراوی کوردی کرمانجی لە سوید دەردەچوو، وتو وێژێکی دوورودرێژی پڕلە پرسیارو بەرسیڤی لەگەڵ کردم کە دەقەکەی لە چوار ژمارەی رۆژنامەی« سەردەمی نوێ « دا بلاوکراوەتەوە. لەبەر زۆری بابەتەکە بە پێویستی نازانم بەشی هەوڵی کە باسی هەڵ ومەرجی پێکهاتنی کۆماری ١٩٤٦ی کوردستان وچۆنیەتی بەرێوەچوون وهۆیەکانی تێکچوونی کۆمارە وزۆریشم لەسەر نووسیوە،لێرەشدا لاپەرەکانی پێ رەش کەمەوە. بەڵام بەشەکانی دیکەی ئەم وتوویژە لێرەدا بەپێویست دەزانم ودەیخەمە بەر چاوی خوێنەرانی بەرێز: ..............

پرسیار : باشە ماموستا شۆرشی کوردستانی عیراق سالی ١٩٦١ -

www.kerimhisami.com

١٩٧٥ بوو بەهێزێکی مەزن و تەقریبەن هەمو کوردستان - سەتی ٩٠ی کوردستان کەوتە دەست هێزی پێشمەرگەی پارتی. حکومەت ناچاربوولەگەلّ پارتی دێموکرات موافەقەتی یازدەی ئازاری چێ کرد. لەگۆڕ ئەو موعاهەدەیە کورد گەلێک مافی باشی کەوتەدەست. بەس پشتی دەمێکی شەر وەستاندنی سالّی ١٩٧٤ گاوا شەڕ دەستی پێکرد دیسان، دەبێژن «١٢٠»هەزار پێشمەرگە هەبوو دەناو چەند رۆژێکدا تێکچوو.تشتێک نەما.پشتی وەستاندنی شەری ئێران وعیراق. شۆرشا کوردستانی عیراق چ لە ناوچەی بادینان وچ لە منطقەی سۆران«١٥» هەزارکیلۆمیتری مربع خاکی رزگار کراو هەبوو. عیراق لەماوەی حەفتێکیدا ناوچەی رزگارکراوی لەمنطقەی سلیمانی داگیرکرد. کەدوای مانگی شوباتی ١٩٨٨سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی لەوێ بوو. پشتی نابەینی ٢٨ی ئاغوستوسی وێ گاوێ لەناو سێ رۆژاندا ناوچەی بادینانی دیسان داگیرکرد. ئەو چوا دەبێ؟ یانی مادام پۆتێنسیالێکی وامەزن هەیە،وە خەلکی لەگەلە وەکی کۆماری مەهاباد، وەکی شۆرشی کوردستانی عیراق بەسەرۆکایەتی مەلا مستەفای رەحمەتی وە شۆرشی کوردستانی عیراق کو نها لەژێر سەرۆکایەتی جەبهەی کوردستانی عیراقدایە. ئەزباسی کوردستانی ئێران ناکەم ئەویش نمونەیەکی مەزنە. پارتی دێموکراتی کوردستانی ئێران وچەند هێزێن دیکە هەمووکوردستانی ئێرانیان لەبن دەست دابوو. پشتی جیهادا خومەینی لەماوەیەکی کورت ئەوناوچەیە لەدەست وان دەرکەوت. وێ ژێ کورد چوا ببینێ، چی یە؟ چوا، یانی شتێکی عەنتیکەیە. لەدنیادا شتی وانیە. یانی ولاتێکی رزگار بکەی، هێزی چەکدار هەیە، هێزی سیاسی هەیە، تەقریبەن پێوەندی دەرەوەی دیپلۆماسیش هەیە، لێ لەناو حەفتێکیدا، یالەناو مەهێکیدا، یا لەناو سێ رۆژدا، تێک دەچێ. ئەو چی یە؟ یانی حەرەکەی تەڤگەرا کوردی نەکارێ لەسەرخۆ ولەسەر پارچێکی ولاتی خۆ ببیە ئۆتۆریتە وپارێزگاری بکا. چوا دەبێ. یانی ئەو پۆتێنسیالی کوردی لەناو حەفتێکیدا لەبەین دەچێ ؟

www.kurdishsami.com

وەلام :پرسیارەکەت گەلێک مەنتقیە. لام وایە وەلامی ئەو پرسیارە بۆ گشت میللەتی کورد مەسەلەی رۆژە. خەلک بەھەق بیر لەوە دەکاتەوە کە بۆ چی خەباتی کورد وا توشی ئەم تەنگ وچەلەمانە دەبێ .؟

بەلام وەلام دانەوەی ئەو پرسە ھەروا هاسان نیە. زەحمەتە مرۆڤ بتوانێ ئەو مەسەلەیە بە شێوەیەکی واقیعی وبەراستی لە وتووێژێکی رۆژنامەگەریدا لێک بداتەوە. من لەکوردستانی ئێرانەوە دەست پێدەکەم. پاش شۆرشی گەلانی ئێران نزیکەی ھەموو ناوچەکانی کوردستانی ئێران بەدەست هێزە سیاسیەکانی کوردەوە بوو. دیارە هێزی سەرەکی حیزبە دێموکراتی کوردستان بوو. ئەو هێزەی ئێمە لەکوردستانی ئێران ھەمان بوو، ئێستاش کەم دەولەتی ئەفریقایی ھەیانە. لە سەربازخانەی مەھاباد ١٢ تانگ، ٢٨تۆپی دوورنەنگێوی سەحرایی، ٨ موشەکی تاو، نیزیکەی ٣٠ھەزارماشێنی ئەرتەشی، چەکی سوک وقورخانەش بێ ئەژمارکەوتە دەست حیزبی دێمۆکرات. ئەو ئازوخەو خواردەمەنی کەلە عەمبارەکانی سەربازخانەی مەھاباد مابۆوە، ئەگەر بە باشی و بەرێک وپێکی سەر پەرشتی کرابا وپارێزرابا وھەر کەس بۆ خۆی بە ماشێنان ئەی بردباولە گوندەکان ئەی شاردباوە، بەشی شەش سالی شەری پارتیزانی دەکرد. بەلام بێ ئینزیباتی، ھەر کەس ھەرکەسی، بەربلاوی وبەرەلایی. بەسەر دیسیپلین و دلسۆزیدا زال بوو. تۆ پرسیت بۆ چی کۆماری کوردستان کادری نەعاملاند ؟

ئێمەش ھەر ئاوامان بەسەرھات. دەدوازدەکەس بەناو رێبەرایەتی حیزبی دێموکرات دوای شۆرش لە دەردوەرا گەراینەوە. بەلام لەماوەیەکی کەمدا ھەزاران کەس رووی کردە حیزبی دێموکرات.... لە جیاتی پەروەدەکردنی کادر و رێکخستنی حیزبی توشی شەر بووین. شەری پاوە، شەری نەغەدە، شەری سنە، شەری سەرانسەری کوردستان. ئیتر وای لێھات ھەر کەس چەکی ھەلگرتبایەو وەشاخی کەوتبا، بەحیزبی دەناسرا و رەگەل دەکەوت. ئێمەش شانازیمان بەوە دەکرد کە چەکدارمان زۆرە . مەسەلەیەکی دیکەش جێکای

تێرامانە. ئەویش پەیدا بوونی ئانارشی وگێرەشێوێنی بوو لەکوردستاندا. هەرچی چەپی خوارو بەناو شۆرشگێری ئێرانی بوو لە بەشەکانی تری ئێرانەوە رایان دەکردو دەهاتن لەکوردستان بە ناوی رێکخراو وحیزب وچی وچی دەستیان دەکرد بە ئاژاوە. حیزبی دێموکرات دەینووسی :« کوردستان پاوانی هیچ کەس نیەو هەموو دەستەو تاقمێک دەتوانن لە کوردستان تێکۆشانی سیاسیان هەبێ.» بەلام چ تێکۆشانێک .؟ دیارە سەبارەت بەرەوتی دێنوکراسی ئەوە کارێکی باشبوو، بەلام لەلایەکی تردەبوو بە ئاژاوەوسەرلێ شێوانی خەلک. کاتێ رێژیمی کۆماری ئیسلامی شەری بەسەردا سەپاندین، دەبێ هەروا بگوترێ، چونکە بەراستی حیزبی دێموکرات نەیدەویست شەر بکا. بەلام کاتێ شەر بەری دەرکی پێگرتین، تاکتیکی شەرمان نەدەزانی. هیچ شت لەجێی خۆی نەبوو. پاشان لەبەرانبەر تۆپ وتانگدا شەری جەبهەیی دەکرا. پێشمەرگە لەبەرانبەر تۆپی سەحراییدا رادەوەستا وقارەمانانە شەری دەکردو شەهید دەبوو. بۆ نموونە لەبەری پیرانان لەرۆژێکدا ٢٩ پێشمەرگەی حیزب شەهید کران........ ئێمە لە ئاخافتن و نووسیندا دەمانگوت: ٢٠ هەزار و١٢هەزار پێشمەرگەمان هەیە، خۆزیا لە جیاتی ئەوە ٢هەزار پێشمەرگەی کارزان وپەروەردەکراومان هەبا و لە سەرەتاوە تاکتیکی شەری پارتیزانی بەکار هاتبا. بەکورتی تا سالی ١٩٨٤ هێزەکانی کوردستان نەیانتوانیوە بەتەواوی تاکتیکی شەری پارتیزانی بەکار بێنن کە شێوەی رەسەنی خەباتی جولانەوەی رزگاریخوازی وشۆرشگێریە. یەکی دیکە لە هەلەکانی حیزبی دێموکرات نەوەبووکە پرانی شەری لە ناوچەی موکریان وبەرەو سنوری عیراق تەنگەبەرکرد بوو........ هەلەیەکی ترشەری نێو شاربوو. هەرچەند دەفتەری سیاسی بریاری دابوو کە شەری نێو شاری نابێ بکرێ، بەلام قەت ئەو بریارە نەهاتە جێ. لەشەری نێو شار زیانێکی گەورەمان پێگەیشت. تا من بەرپرسی تەشکیلاتی مەهاباد بووم لە شەری نێو شار پێشگریم کرد. ١٧رۆژ دوای سەفەری من شەری نێو شاری مەهابەدیان ساز کرد. ماوەی ١٥

رۆژ حکومەتی ئیسلامی لەعەرزولە حەوا مەهابادی بۆمباران کرد. سەفەری من
لەو هەل ومەرجە ناسکەدا دەبێ بڵێم یەکێ لە هەڵەکانی تێکۆشانی سیاسیم
بوو. ئەوانەوگەلێک نمونەی تردەری دەخەن کە کورد بەر لەهەر شت لەسەر چەک
پێ دادەگرێ، بێ ئەوەی بتوانێ کە هەم چەک بەتەواوی بەکار بێنێ ویا
هێزێکی ئەوتۆی هەبێ کە لەرێگای چەکەوە بتوانێ سەرکەوێ. بۆیە بەلای
منەوە کورد پێویستە تاکتیک وسیاسەتی دیکەشی هەبێ ولە رێگای
سیاسیشەوە بتوانێ کاربکا. دەکرێ باسی شۆرشی مەلا مستەفای رەحمەتیش
بکەین پاش ١٩٧٤. ئێستا ئەم دەبێژین ئەو خاسیەتی رێژیمی بەعس بوو،
شەری پێ دەفرۆشتین. زۆر راستە، دوژمن شەرمان پێ دەفرۆشێ، بەعس
ئەودەم شەری پێ دەفرۆشتین، حکومەتی ئێرانیش شەرمان پێ دەفرۆشێ، بەڵام
داخوا ناکرێ لەبەرانبەر شەرپێ فرۆشتنی دوژمندا، ئێمە سیاسەتێکی ئاوامان
هەبێ کە نەخشەی دوژمن پوچ کاتەوە و بۆ خاتری ئامانجێکی دوور، هێندێ
نەرمی نیشان بدەین تا بتوانین لە باری سیاسیەوە بچینە پێش وخۆرابگرین ؟.
بەلای منەوە یەکێ لە هۆیەکانی ئەم بارودۆخەی بەسەر کورد دادێ ئەوەیە کە
کورد لەسەر ئامانج وداخوازی خۆی ساخ نەبۆتەوە یان لەبریارو کردەوەکانیدا
سەربەخۆ نیە.

**پرسیار** : باشە ماموستا ئەوە هەشت ساڵە شەری ئێران وعیراق دوام دەکا.
پارتی دێموکراتی ئێران و هێزی تری کورد لەکوردستان زۆر بەقەوەت بوون.
پێشمەرگە هەبوو، چەک هەبوو، هەموو شت هەبوو، بەڵکوو دنیاش دژی
خومەینی بوو. لەعیراقیش کوردی عیراق پشتی ١٩٧٦. دەمێ کو شەر دەست
پێکرد، یەکێتی نیشتمانی و پارتی خەراپ نەبوون. هێزی چەکداری وان
هەبوو، مەقەری وان هەبوو. شەر هەشت ساڵ دەوام کرد. دوو میلیون مرۆ
هاتنە کوشتن. پشتێ شەر وەستاندنا لەناو سێ رۆژاندا شۆرشێ کوردستانی
عیراق بە ١٥هەزار کیلومیتری مربعەوە تشتێکی لێ نەما. ئەوە چوادەبێ؟
چەوا ئیزاح دەکەن؟ ئەم دەبێ چەوا بکەین؟ یانی پۆلیتیک یان داخوازی

www.kerimhisami.com

سیاسی هێزێن کوردی غەڵەتە، یان تاکتیکی شەڕ غەڵەتە، یان دیپلۆماسی غەڵەتە. چ سەبەبێکی هەیە. لەدنیادا نەهاتیە دیتن. چەوا کو مەلامستەفای رەحمەتی گۆت ئەزنەکارم شەڕ بکەم، فەرمو کێ دەخوازێ شەڕ بکا، بلابکا، کەس شەڕ نەکرد؟

وەڵام: بەنەزەری من جولانەوەی رزگاریخوازی کورد،خاوەنی دروشمێکی سیاسی تەواو نیە. ئەگەر نەڵێم غەڵەتە دەتوانم بێژم تەواو نیە. من پێم وایە شۆرشی گەلانی ئێران وبەدوای ئەودا شەری ئێران وعیراق دەرفەتێکی باشی بۆمیللەتی کورد رەخساندبوو. هێزەکوردیەکانی کوردستانی عیراق، ئەوانەی لەئێران بوون، مەبەستم پارتیەئەگەر بەراستی لەگەڵ حیزبە دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکیان گرتبایە، سیاسەتێکی روونی موشتەرەکیان هەبایە، حکومەتی خومەینی بۆ هێندێ مافی کورد ویا داخوازی ئێمە ملی رادەکێشا. کوردستانی ئێران دەبوو بە ناوەندیکی مەسەلەی کورد، بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستانیش. بەداخەوە ئەوە نەکرا. ئەو شەرەی لەنێوان ئەودووهێزە کوردیەدا سازبوو، لە مێژوودا بەشەرم وشورەیی تۆمار دەکرێ. پاشان شەری ئێران وعیراق دەرفەتێکی گەورە بوو بۆکورد. دەرفەت لەوەدابووکەکوردەکانی ئێران وعیراق یا بلێیم هێزە شۆرشگێرەکانی ئەم دوو ولاتە، مەبەستم کوردەکانە، یەک بگرن، دابنیشن وستراتیژی وتاکتیکی پەسند بۆ مەسەلەی کورد دابرێژن. نەک بۆ کوردی عیراق ویا ئێران، نەک بۆ خودموختاری حەقیقی یا غەیرە حەقیقی، بەڵکوو بۆ مەسەلەی کورد و بۆ مافی میللەتێکی ٢٥ میلیۆنی. خۆیان دەشەری ئێران وعیراق وەرنەدابا، هێزی خۆیان پاراستبا ولە ناوچەی خۆیاندا، خۆیان قایم وبەهێزکردبا. بەلام کاتێ ئێمە دەچین پاڵ وەحکومەتی ئێران وعیراق دەدەین، لەوەش زیاتر، لەشکری ئێران لەگەڵ خۆمان بۆخاکی ئەودەولەتە دەبەین کە پێمان فاشیست وخوین رێژە و دەست لە هیچ جنایەتێک ناگێرێتەوە، دەچین هاوکاری دوژمنێکی میللەتی خۆمان دەکەین، هاوکاریەکەش هەر ئەوەندە نیە کە تەنیا یارمەتی لێ وەرگرین، ئیتر هەر

www.kerimhisami.com

ئەوەمان دێتە رێ کە دەیبینین. بە خۆشیەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەوەی نەکرد، یارمەتی وەرگرت، رێگای هاتووچۆشی کردەوە، بەڵام قەت عەسکەری عیراقی نەبردە کوردستانی ئێران.

پرسیار : باشە ماموستا. لەدیرۆکائیمپراتوری عوسمانلی وئێراندا کورد یا پشتگیری ئێرانی کردوە یاپشتگیری عوسمانلی. پشتی کو عوسمانلی تێکچوو، دەوڵەتی تورکی ئاوابوویە وکوردستان بوو بەچار پارچە. پشتی وی ج تەڤگەری کورد رابوونەپشتی خۆ دانە ئەویەکی. بەس هێندێ حەرەکەتی کوردی وەکو دەرسیم نەبێ.... شێخ مەحمود هاریکاری لەتورکان خاستیە لە دژی ئینگلیزان. کوردی عیراق هاوار لە ئێران خاستیە دژی عیراق. کوردی ئێران هاوار لەعیراق خاستیە دژی ئێران. ئێستاش هێندێ کوردی تورکیا لەسوریا پاڵپشتی دەکەن. ممکینە تورکیاش پشتێ ئینقلابی عەسکەری، پشتێ روخانی شاومەسەلەی ئەفغانستان سیاسەتی خۆی هاتنە گورانی دەربارەی کورد. ئەویش دەستی خۆی دەگەیێنێ نێو کورد. یانی کورد لە دەوڵەتێکی جیران هاریکاری دەستێنێ ولەدژی دەوڵەتێکی دی شورش دەکا. بەس ئەو تاکتیک حەتا ئەورۆ نەگەیشتە نەتیجەیەک. ئەوچوا دەبێ؟ رای تۆ چی یە؟ ئەو ئاشکرایە هەموو عالەم دەزانێ قاسملوو لە عیراقە،پارتی لەئێرانە هێندێ کوردی تورکیا لەسوریانە. ممکنە هێندێ پێوەندیش لەگەڵ تورکیا هەبێ وکەس نەزانێ. کورد چاوا دەکەن ؟ ئەوچاوا دەبێ ؟

وەڵام : یەکێک لە تیئۆری خەباتی رزگاریخوازی هەر میللەتێک ئەوەیە کە لە تاقیکردنەوەی جوڵانەوەی رزگاریخوازی گەلانیتر دەرس وەر بگرێ. بەرای من ئەزمونی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد لە هی گەلانی دیکە دەوڵەمەند ترە.کەوابوو کورد پێویستە لە ئەزمونی چەند ساڵەی خەبات وبزوتنەوەی خۆی دەرس وەر بگرێ. بەڵام داخ ئەوەیە ئێستا لەگەڵ هەر هێزێکی کوردی قسەبکەی، قەت نالێ هەڵەیەکمان کردوە ویاسیاسەتێکی تەواومان نەبوە. دەڵێن هەرچی کردومانە راست وتەواو بوە. باشە، گەلۆ، ئەگەر هەمووی راست

www.kerimhisami.com

بوە، ئەتیجەی چ بوە؟ سیاسەتی راست ودروست دەبێ ئەتیجەی باشیشی هەبێ، کەوابوو دەردەکەوێ ئەوەی تائێستا کردوومانە راست نەبوە پێویستە چاوێک بە رابردوو وبەسیاسەتەکەماندابخشێنینەوە. بەری هەر شت ئەو هێزانەی لە گۆڕەپانی خەبات دان، دەبێ سەیرێکی کردەوەو تێکۆشانی رابردوویان بکەن.

بە ئەزەری من مەسەلەی کورد دەبێ لەوە دەربچێ کە تەنیا مەسەلەی کوردی عیراقە ویا کوردی تورکیا یانژێ ئیرانە. هەوەڵین هەنگاو بۆ چاو پێداخشاندنەوەی تاکتیک وسیاسەتی پێشوو، ساخ کردنەوەی هەڵەکانی پێشووی خەبات، یەکگرتنی هێزەکوردیەکانە بۆ هێنانە گۆڕی مەسەلەی کورد بەگشتی. پێویستە لەباری سیاسیەوە کورد وەک یەک ئەتەوە بە دنیا بناسێنرێت.....

پرسیار : یانی دبێژیت لەهەر چارپارچەی کوردستان ستراتیژیەکی موشتەردک هەبێ؟

وەڵام : لام وایە پێویستە ستراتیژی موشتەرەک ورێبەرایەتی موشتەرەک هەبێ ومەسەلەی کورد بێنێتە گۆڕێ. راستە ئێستا جیاوازیەکی زۆر لە نێو کوردەکاندا هەیە. واقعیش هەر ئەوەیە لە هەر بەشی کوردستان، فەرهەنگ وئابوری وگەلێک داب ونەریتمان لەگەڵ فارس وتورک وعەرەب تێکەڵ بوە. ماوەیەکی دوور ودرێژی مێژوویی ئەم گیروگرفتە لەسەر رێگامان بوە. ئێستاش هەر هەیەو کاریش دەکاتە سەر بیرو تێکۆشانمان. جگە لەوە هەڵکەوتی جوگرافیایی کوردستانیش تەئسیری هەیە.بەداخەوە دەوڵەتێکی ئەوتۆش نیە کە بەتەواوی دۆست و دراوسێی ئێمەبێ و پشتیوانیمان لێبکات.

ـــ سۆفێت هەیە

ـــ بەلای منەوە سۆڤێت مەسالیح وبەرژەوەندی خۆی لە پێش قازانج وبەرژەوەندی هەموو کەس دا دەپارێزێ. بۆ خاتری کورد بەرژەوەندی خۆی لە رۆژهەلاتی نیزیک تێک نادات. لام وایە نابێ حیساب لەسەر ئەوە بکرێ کە

www.Kerimhisami.com

چونکە سۆڤێت دراوسێمانە هەموو هێزی خۆمان بخەینە سەر ئەوە کە سۆڤێت جیرانمانە. سۆڤێت دراوسێمانە بەڵام یارمەتیمان نادا. نەک هەر ئەوە بەڵکوو بۆخۆشمان ئەو سیاسەتەمان نەبوە وئەو یەکەتی یەشمان نەبوە کە سۆڤێت مەجبور بکەین یارمەتیمان بدا. ئەگەر ئێمە ببینە هێزێکی یەکگرتووی ئەوتۆ کە مەسەلەی نەتەوەیەکی ٢٥ میلیۆنی لە رۆژ هەلاتی نیودراست بێنینە گۆڕێ، سۆڤێت مەجبور دەبێ یارمەتیمان بدات. ئەگەرنەو نەیدا، خەڵکی ترپەیدا دەبن یارمەتیمان بدەن. نەتەوەیەکی ٢٥ میلیۆنی لە ناوچەیەکی گرنگی ستراتیژی ناکرێ بخرێتە پشت گوێ. لەبەر ئێمەش نەبێ لەبەر خاتری بەرژەوەندی خۆیان یارمەتی دەدەن. لام وایە هەوەڵین هەنگاو ئەوەیە کورد بیر لە ستراتیژی یەکگرتوو بکاتەوە.

پرسیار : باشە ماموستا. ئها پارتی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا ئۆتۆنۆمی دەخوازێ. کوردی عیراق دەبێژن مافی چارەنووس. بەس لەپراتیکدا دبێژن ئۆتۆنۆمی حەقیقی. کوردی تورکیاش دەبێژن مافی چارەنووس، سەربەخۆ بوون. کوردی سوریاش دەبێژن هەقی سەقافی وهاو ولاتی. بلا وەها وەلامی ئەوان بێتە قەبوڵ کردن.

فەرقێکی مەزن هەیە لەناوبەری واندا. ئەوە چوا ددکارێ ببێتە ستراتیژی موشتەرەک؟ ستراتیژی موشتەرەک چی یە؟ کوردستانێکی سەربەخۆیە؟ دێموکراتی یەکگرتیە ؟ یاچەند کوردستانی ئۆتۆنۆمیە؟ یاچەند کوردستانی فیدرالی یە؟ یاکوردستانی هەقی چاندی کولتوری یە؟

وەلام : بەلای منەوە بۆ کوردستان مافی دیاری کردنی چارەنووسە. کەدەبێتە دەوڵەتی ئازادو سەربەخۆ. لە ئامانج وستراتیژی ئەشێ ئەوە دیاری بکرێت. ئەوستراتیژیە پێویستە ناوەندێکی لەدەرەوەی ولات هەبێ و مەسەلەی کورد لەجیهاندا بێنێتە گۆڕێ. هەمووحیزب ورێکخراوی کوردیش کۆمەگی پێ بکەن و رێبەرایەتی سیاسی دەرەوەی لەئەستۆ بێت.

پرسیار: یانی تۆ دەبێژی کۆنگرە یاکۆنفرانسێکی نەتەوەیی کورد بێتە چێ کردن؟

www.Kerimhisami.com

وەلام : ئەگەر ئێمە باسی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بکەین ئەوەدەم وای لێ دێت هەرچی سەری هەلێنا دەلێ ئەزیش هەوم. وای لێ دێ کابرایەکی ٢٠ساڵە لەدەرەوە دانیشتوە و قسەی زل دەکا، دەلێ من چیم وجەلال تالەبانی چیە ؟. لەبەر ئەوە پێم وایە هێزی شۆرشگێری کوردی، واتە ئەو هێزانەی لەمەیدانی خەبات دان دەبێ ئەم ناوەندە پێک بێنن. لام وایە تەعبیری حیزبی کوردیش تەعبیرێکی تەواو نیە. ئێستا وای لێ هاتوە هەرکەس دووکەسی لەخۆ کۆکردەوە، ناوێک لەخۆ دەنێ وخۆ بەحیزب دەزانێ. بۆتە نەخۆشی. بەلام لە هەموو بەشەکانی کوردستان هێزی گران ورەسەن وسەرەکی هەن،پێویستەئەوان لێک نیزیک بنەوە وستراتیژی مەسەلەی کورد دابرێژن. من ناتوانم لێرەدا وەزیفە بۆئەوان دیاری بکەم. بەلام رەنگە مافی ئەوەم هەبێ بیروبۆچوونی خۆم دەر ببرم. پێم وایە پێکهێنانی ناوەندێکی رەسەن لەدەرەوە لەوانە نیە لەکردن نەیە.

پرسیار : باشە ماموستا پشتی راوەستانا شەری ئێران وعیراق ئەسلەن لەدنیادا نەرمیەک هەیە. وەک سازش لە ئەمریکای لاتین وکاموجیا وچین وهەموو دنیادا. ئەو نەرمیە تەئسیرا خۆ لەسەر کوردستانیش دادەنێ؟ لەعیراق وئێران وتورکیا ئەو تەئسیرە چەوا دەبینی؟ دیارە ئەوە پرسێکی درێژە. داهاتووی حەرەکەی کورد لەئێراندا چەوا دەبینی یان لەعیراق؟ هێزی کوردی دێ شەر بکەن یا لەگەل حکومەت مفاوەزاتێ بکەن؟ یا لەتورکیا چەوا دەبینی؟ بەگشتی لەهەر چارپارچەی کوردستانێ؟

وەلام : لام وایە هێزە کوردیەکان دەبێ وەلامی ئەو پرسیارە بدەنەوە.

پرسیار : نا... ماموستا تۆ تەجروبەیەکی دوورو درێژت هەیە. تۆ کۆماری مەهاباد دیە. تەشۆرشی کوردستانی عیراق دیتیە. تە دەشۆرشی کوردستانی ئێراندا بووی سەرکردە بوویە. لەتاریخا نزیکا کوردی تە جێی خۆ گرتیە. من تەنێ لە تۆ دەپرسم. ممکینە دیتنێ پارتیە کوردان هەبێ، لێ ئەز دیتنا تە دەخوازم.

www.kerimhisami.com

وەڵام : لام وایە ئێمەش بەشێکین لەخەڵکی ئەم دنیایە ولەسەر ئەم زەویە دەژین. تەنیا ئێمەی کورد ناتوانین لەدەرەوەی سیاسەتی جیهانیدا سیاسەتی خۆمان بەرێوە بەرین. هێزە کوردیەکان پێویستە لە سیاسەتی خۆیاندا بارودۆخی جیهانیش لەبەر چاو بگرن. ناوچەی ئێمە مەڵبەندێکی حەساسە. لەباری نیزامی وئابوریەوە ناوچەیەکی گرنگی ستراتیژیە. رۆژ هەڵات ورۆژ ئاوا نە لەئاست مەسەلەی کوردو نەلە ئاست مەسەلەی رۆژهەڵاتی نێوەراست بێ لایەن نابن. کەوابوو هێزە کوردیەکان پاش وەستانی شەری ئێران وعیراق، یا پاش بارودۆخی پێشهاتوو، پێویستە هەل ومەرجی نێو نەتەوەیی یا ئەو نەرمیەی باست کرد، لەبەرچاوبگرن. دەبێ بزانن ئەم وەزعە دەگاتە کوێ؟ ئەگەر ١٠٪ی نەتیجەی ئەم سیاسەتەی جیهانی بەلای چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد دابێ، پێویستە بەئەزدری ئیعتیبار وەر بگیرێ. بەلای منەوە رۆژئاوا دەیەوێ لەو ئەرمشە پتر کەلک وەر بگرێ. بەومانایە ئەگەردەیەوێ لەگەڵ سۆفیێت سیاسەتی نەرم وهێمنی بەکار بێنێ، لەژێر پەردەی ئەو هێمنەتیەدا لەناوچەکانی تری جیهان دەسەڵات وقودرەتی خۆی بسەپێنێ. ئەفغانستان خۆی نمونەیێکە. کاتێ رووس بەگوێرەی ئەو سیاسەتە نەرمە لە ئەفغانستان دێتە دەرێ، بوش سەرکۆماری ئەمریکا دەڵێ:« مەسەلەی نیزام بۆ ئێمە شەرتە. ئەو رێژیمەی ئێمە گەردکمانە دەبێ دابمەزرێ،» بەم بیانوە ئێستاش چەک دەدا بە موجاهیدینی ئەفغانی وشەریان پێدەکات. لەبارەی کێشەی ئەنگۆلاو ئەفریقای خواروو، ئەمریکا دەڵێ: « مەسەلە ئەوە نیە شەر بوەستێ. مەسەلە ئەوەیە نیزامی ئەنگۆلا چ نیزامێک دەمێنێتەوە؟» جا ئەگەر لە بەرانبەر سۆفیێت دا نەرمی دەکێشن، لەدنیای پچوک دادەیانەوێ دەست درێژی بکەن.

کورد ئەشێ ئەمە لەبەرچاو بگرێ ولەم بارودۆخە تازەیەی جیهاندا بزانێ چی دەکات. ئەگەرسیاسەتی نەرمش لەگەڵ ئێران وعیراق وتورکیا بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد کەلکی هەبێ، نابێ بەخەراپی بزانین. ناکرێ تەنیا هەرلایەنگری ئەوە بین کە سەدهەزارکەس بکوژرێ جا کورد بەمافی خۆی

www.kerimhisami.com

بگات. من لەخوام دەویَ کەس نەکوژریَ وکورد مافە نەتەوایەتی خۆی وددەست بێنیَ. ئێستا هێندیَ هێزی کوردی هەن کەباسیان دەگەلّ دەکەی شانازی بەوە دەکەن کە ٤٠ هەزار کەسیان بەکوشت داوە.

لەکاتێکا سەرکەوتن ونەنجامی تێکۆشان جێگای شانازیە نەک بەکوشت دان ومالّ وێرانی خەلّک.

پرسیار : باشە ماموستا. مەسەلەی هێزێن کوردی عیراقی، جەبهەی کوردستانی ئەم بێژین. پشتی کو سەدام دەیان هەزارکەس لەکوردان کوشت، قەتلّ عامێکی مەزن چێکرد. ئەوهێزێن کوردی دەکارن لەگەلّ ویَ حکومەتیَ رۆنێن یابگەنە تشتێک لە حاستی ئەو زدرەر دەکەن یان نا ؟

وەلاّم : بەری هەر شت هێزەکانی کوردستانی عیراق ئەشێ لەم بارەوە بڕیار بدەن. بەلاّم بەرای من ئیمکانی ئەوە نیەکە ئیعتیماد بەسەدام بکریَ. چونکە ئەورێژیمە هیچ جێگای باوەر نیە. بەلاّم لەسیاسەتیشدا ناکریَ هیچ شتێک بە موتلّەق دابنریَ. لەوانەیە لەگەلّ سەدام دابنیشن وقسەش بکەن، بەلاّم رێژیمی ئێستای عیراق پاش ئەو هەموو جنایەتەی لەکوردستان کردی، داخوا بۆیە دەبی ئەو هێزانە بچنەوە بندەستی وئیعتیمادی پێبکەن.؟ دانیشتن لەگەلّ ئەو حکومەتە لەم هەل ومەرجەدا لەوانەیە نفوزی هێزە کوردیەکان لە نێو خەلّکدا کەم کاتەوە. خەلّکی ئێمە لەبواری سیاسیدا هێشتا زۆر پێنەگەیشتوون. ئەگەر هێزەکوردستانیەکان خۆیان بگەنە ئەم نەتیجەیە کە لەگەلّ سەدام دانیشن، ئەوە کاری خۆیانە. بەلاّم بە رای من حکومەتی ئێستای عیراق جێگای ئەو بڕوایە نیە کەئەو هێزانە بچنەوە بەردەستی وتەسلیم ببنەوە.

پرسیار : زۆر سوپاس ماموستا. لەسەر کۆماری کوردستان باس کرا.دەخوازم مقایسە بکەین،مقارەنە بکەین. پشتی مەهاباد نیمرۆ تشتیَ زێدە نەگۆڕایە.؟

وەلاّم : بەداخەوە لە نێوکورددارووداوەکان دووپات دەبنەوەودەرسیش وەرناگیریَ. من هەر نمونەی خۆمان دێنمەوە. کاتی ئێمە لەعیراق بووین ١٩٧٠

www.kerimhisami.com

- ١٩٧٨ گەلێک جار هەڵەوکەموکوری شۆڕشی کوردستانی عیراقمان دەدیت. دەمانگوت: ئەگەر ئێمە ڕۆژێک بچینەوە کوردستانی ئێران ودەسەڵاتمان هەبێ، قەت نابێ ئەو هەڵانە دووپات کرێنەوە. کاتێ چووینەوە ئێران ودەسەڵاتمان هەبووزۆر جار لەوان خەراپترمان دەکرد. دەمەوێ بڵێم بەداخەوە کوردەکە دەرس وەرناگرێ. یان لە عیراق، ئەوانەی پاش تێکچوونی شۆڕشی کوردستانی عیراق خەباتیان دەست پێکردەوە، سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانیان تاوانبار دەکرد کە لەگەڵ دەوڵەتی بێگانەو دژ بەکورد پێوەندیی هەبوەو شۆڕشی بەستۆتەوە بە ئێران. پاشان بۆ خۆیان بەچەند قات خەراپتر ئەوەیان دووپات کردەوە. کورد لەوە نازایە یەکی تر تاوانبار بکا، بەڵام قەت ئامادە نیە پێ لەهەڵەو چەوتیەکانی خۆی بنێ و هەوڵ بدا ڕاستیان کاتەوە.

پرسیار : باشە مامۆستا : ئەم دەکارین بێژین کە هێزێن سیاسی کوردستانی لازمە ستراتیژی وتاکتیکی خۆکە ٣٠ساڵە لەسەر بەردەوامن، ژ بنگەهی وان، ئەساسی وان سەر لەنوێ موناقەشە بکەن وستراتیژی وتاکتیکی نوێ دابرێژن ؟

وەڵام : زۆر ڕاستە، هەر وەک لەپێشدا گوتم، لام وایە ئەو هێزانە پێویستە دابنیشن بە وردی چاوێک بە سیاسەت وتاکتیک وکردەوەی ڕابردووی خۆیاندا بگێڕنەوە. ئەوە پەنجا ساڵە ئەو سیاسەتە لە کوردستان بەرێوە دەچێ، نەک هەر سەر نەکەوتوە، بەڵکوو وێرانیەکی زۆریشی بۆ کوردستان بەدواوە بوە. پێویستە ڕێگایەکی تر بدۆزرێتەوە. لەنێو هێزە کوردستانیەکاندا دیاردەیەکی ناحەزی دیکەش هەیە کەجێگای داخە ونیشانەی نەبوونی دێموکراسیە. ئەویش ئەوەیە ئەگەر کوردێک لەدەرەوەی ئەو هێزانە قسەیەکی کرد وبیروڕای دەربڕی دەست لەجێ دەهۆڵێکی بۆهەڵدەگرن و بە بەزیو وهەڵاتوو بوختانی پڕوپوچ تاوانباری دەکەن. لایان وایە هەرچی ئەوان کردوویانە ڕاست بوە ونابێ قسەی لێ بکرێ. لەکاتێکا وانیە لەوانەیە زۆر کەس لەوڵات دوور بن و لەمەیدانی شەڕ دانەبن، بەڵام خاوەنی ئەزموون وبیرو بۆچوونی ڕاست ودڵسۆزانەش بن.

www.kerimhisami.com

هەر ئێستا باسی بەردی کوردستانی بکەین. هەنگاوێکی فرە پیرۆزو باشە. بەڵام وادەردەکەوێ کە بەرە لەنێو ئەم شەش حیزبەدا قەتیس دەکرێ. دیارە مەفهومی بەرە وانیە. پێویستە شەخسیاتی بێلایەنی کورد، زاناوحقوقی ونووسەرو شاعیری سەربەخۆو ناسراو بەرنە نێو جەبهە لە ئۆرگانەکانیدا جێیان بکەنەوە وکاریان پێ بسپێرن. لەم ڕێگایەوە دەتوانن هێزێکی هەراو وبەتوانای کۆمەلانی خەلک لەدەوری بەرە کۆ بکەنەوە. ئەگەر وانەبێ ئەو شەش حیزبە پێشتریش هەر هەبوون و ئێستاش هەن وبەرەش ناتوانێ ڕۆلێکی فرە کاریگەر یاری بکات. مەبەستم ئەوەیە لەنێو تەفگەری کوردیدا دێموکراسی نیە. هەموو باسی دێموکراسی دەکەن، بەلام کەسیش بەقەدرایی ئەوان دێموکراسی پێشێل ناکات. هێزە کوردستانیەکان پێویستە لەم بارەشەوە چاو بەهەلوێست وسیاسەتی خۆیاندا بخشێننەوە. ڕێگا بدەن خەلک بیروڕای خۆی دەر ببڕێ. ئەگەر بیروڕایەکی باشبوکەلکی لێ وەر بگرن. چونکە ئەوە مافی خەلکە لەسەر مەسەلەی خەبات وبزوتنەوەی خۆی بیرورا دەر ببڕێ وتێیدا بەشدار بێ. پێویستە شتێکی تریش بگوترێ. هێندێ کەس هەن چەند سالە لەئوروپا دانیشتوون، ئێستا کاریان هەر ئەوەیە کە هێزە سیاسیەکانی کوردستان تاوانبار بکەن وپەلاماریان بدەن، ئەوەش کارێکی جوان نیە. هیوادارم لەنێو کورداندا ئەو شتانە نەمێنن.

پرسیار : زۆر سوپاس ماموستا. بەس تشتێکی تر مایە. ئەز دەخوازم نوختەیەک باسی ژیانی خۆت بکەی لە گۆشەیەکی مقابەلەکەدا ئێمە بلاوی بکەینەوە.

وەلام : لەباسی ژیانی خۆم ئەوەندە بەسە، بیرەوەریەکانم٣ بەرگی بلا وکراوەتەوە. بیانکەن بە تورکی وبلاویان کەنەوە.

www.kermnisani.com

# کۆنفرانسی نێو نەتەوەیی پاریس ومەسەلەی مافی مرۆڤ وناسنامەی کولتوریی کوردەکان

لە رۆژەکانی ١٥و١٦ی مانگی ئوکتۆبری ٩٨٩ کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی لەژێرناوونیشانی «مافی مرۆڤ وناسنامەی کولتوریی کوردەکان » بە دەست پێشخەری رێکخراوی«فرانس لیبرتە» بەسەرۆکایەتی مادام دانیل میتران پێک هات.ج لەدەنگوباس وج لە نووسینی رۆژنامە کوردیەکاندا. بۆچوون ولێکدانەوەی جیاواز لەسەر ئەم کۆنفرانسە بلاو دەکرانەوە.

من وەک کوردێکی گرێ نەدراو بە هیچ رێکخراوێکی سیاسی بیرورای خۆم سەبارەت بەکارو بۆچوونی ئەم کۆنفرانسە لە ژمارە ٤٦ی رۆژنامەی « سەردەمی نوێ » دابلاوکردەوە. لێرەشدا تەنیا هێندێ رستەو کۆپلەی وتارکە دێنمەوە:« .....پێویستە بگوترێ لە مێژووی خەباتی خۆێناوی ودووورودرێژی نەتەوەی کورددا، کۆنفرانسی پاریس یەکەم هەنگاو بەشێوەیەکی ئاوا بەرفرە بۆباسی «هویەتی کولتوری کوردەکان » پێک دێت و بەشێوەی جۆراوجۆرو بۆ چوونی جیاواز بەکەم وکوڕی باسی کورد دەکرێ. کاتێ دەڵێم بەکەم وکوڕی بەومانایە نیە کەلەگرنگی بەستنی ئەم کۆنفرانسە کەم بکەمەوە. بەلام واش نیە کە مرۆڤ نەکارێ بەگوێرەی بۆچوون وتێڕوانینی خۆی بەچاوێکی واقیع بینانە نەروانێتە کۆنفرانس وخاڵە لاوازەکانی نەخاتە بەر چاو... دیارە دەست پێشخەری پێکهێنەرانی کۆنفرانسی پاریس کە زەحمەتێکی زۆریان کێشاودو باسی «هویەتی کوردەکان» نەک « مەسەلەی کورد »یان هێناوەتە نێو کۆنفرانسێکی ئاوا مەزن جێگای دەستخۆشانەو سوپاسە. بەلام ناکرێ

چاولەوکەم وکورپەش بپۆشین کە هەر لەسەرەتاوە، واتە لەناو لێنانی کۆنفرانسەوە هەڵسوڕێنەرانی کۆنفرانس لە هێنانە گۆڕی مەسەلەی کورد خۆیان دزیوەتەوەولایەنی لاوەکی(فەرعی)مەسەلەی ئیمڕۆی کوردیان خستۆتە بەر باس و لێدوان. چونکە لە بارودۆخی ئیمڕۆی کوردستاندا مەسەلەی کورد بریتیەلە دیاریکردنی چارەنووس ووەدەست هێنانی مافی رەوای نەتەوایەتی ...کورت کردنەوەی مەسەلەی کورد بە باسی «هویەتی کولتوری » بە لایەنێکی لاوازی کۆنفرانسی پاریس دەژمێردرێ. لایەنێکی دیکەی لاوازی کۆنفرانس شێوەی بەشداری وبانگ کردنی نوێنەرانی راستەقینەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد بوە لە کۆنفرانس دا هەق وابوو نوێنەری رێکخراوە کوردستانیەکان بە رەسمی بۆ کۆنفرانس بانگ بکرین ودەوری سەرەکیان لە کاری کۆنفرانس داهەبێ. بەداخەوە هیچ کەس وەک نوێنەری حیزبەسیاسیەکانی کورد بۆ کۆنفرانس بانگ نەکراون .... ئەگەر لە وتارەکان ورد بینەوە هیچ کامیان قامکیان لەسەر مەسەلەی بنچینەیی کوردو زامی ئیمڕۆی کوردستان داندناوە. هیچیان بەلای مەحکوم کردنی راستەوخۆی سیاسەت وکردەوەی کورد قڕانی رێژیمە دیکتاتور وشۆڤینی یەکانی عیراق وئێران وتورکیادا! نەچوون. کۆنفرانس بەناوی کورد پێکهاتوە، بەڵام باسی نەوەناکا کە کورد بەچەکی کیمیایی قڕدەکرێ، شاروگوندی وێران دەکرێن ولەسەر زێدونیشتمانی خۆی هەڵدەکەنرێ وشوێنەواری کوێر دەکرێتەوە. سەیرێکی بریارنامەی کۆتایی کۆنفرانس بکەین دەردەکەوێ کە نووسەرانی بڕیارنامە نەیان ویستوە کردەوەی جنایەتکارانەی حکومەتەکانی هۆکاری « چارەنووسی تراژێکی » کورد بە راشکاوی مەحکوم بکەن .... کۆنفرانس دەیەوێ کە: حکومەتەکان لە یاسانێو نەتەوەییەکانی خۆیاندا دروست کردنی چەکی کیمیایی قەدەغە بکەن ».. ئەم بەندەی بڕیانامەکە پتر وەگاڵتە دەچێ. عیراق بەئاشکرا بەچەکی کیمیایی پترلە پێنج هەزار کورد قڕدەکا ناوی ناهێنن ومەحکومی ناکەن بەڵام دەیانەوێ دەوڵەتان لە یاسادا دروست کردنی چەکی کیمیایی قەدەغە بکەن ....

www.kerimhisami.com

پێشنیاری ساخارۆڤ کە دەڵێ: نوێنەری کورد وەک چاودێر لە کۆمەڵی دەوڵەتە یەکگرتوەکاندا هەبێ، باشترین بۆ چوون وبەندی بڕیارنامەکەیە ..........بەندێکی دیکەی بڕیارنامەی کۆنفرانس پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە لەرێگای کومیساری کۆمەڵی دەوڵەتە یەکگرتوەکان « یارمەتی ئینسانی» بە لێقەوماوانی کورد بکرێ. ئەوە لە جیاتی ئەوەی راگواستن ودەربەدەرکردنی کوردەکان مەحکوم بکرێ، بۆ شوێنی خۆیان بگەڕێنەوە وشاروگوندیان بۆ ئاوەدان بکرێنەوە ودەست لە کوشتاریان هەڵبگرن، کۆنفرانس داوای « یارمەتی ئینسانی » یان بۆدەکات. ئەم بەندە تراژیدی فەلەستینیەکان وەبیردەخاتەوە کە پاش دەربەدەرکردنیان کۆمەڵی دەوڵەتە یەکگرتوەکان « ئیدارەی پەنابەرانیان » بۆ دانان و یارمەتی گۆیا « ئینسانیان » پێدەکەن... رەنگە لایەنێکی لەباری کۆنفرانسی پاریس ئەوەبێ کە بەڵکوو کوردەکە دەرسی لێوەربگرێ و بەهیوای ئەم جۆرە کۆنفرانسانە دڵخۆش نەکا.....»

## کۆڕێک بۆ پرۆفیسۆر لازارێڤ

www.kerimhisami.com

رۆژی ١١/١١/ پرۆفیسۆر لازارێڤ کە هاتبوە سوید لەسەر مەسەلەی کورد کۆڕێکی هەبوو. لە باسی دابەشکردنی کوردستاندا لە وتەکانیدا گوتی :«تەنیا کوردستان دابەش نەکراوە، ئەوەتا کوریاو ئەڵمانیش یەک میللەتن ودابەشیش کراون. » من ئەو بۆچوونەم بەدڵی نەبووگوتم: «ناتوانم لەگەڵ ئەم بۆچوون وبەراوردە موافیق بم. ئەڵمان وکوریا کە دابەش کراون، هەر بەشەی دەوڵەتی سەربەخۆی دامەزراندوە ودەسەلاتی سیاسی گرتۆتە دەست. کورد بەم دابەش کردنە لەهەموو مافێکی نەتەوایەتی بێ بەشکراوە.» لە زۆر مەسەلەی دیکەش بەقەولی خۆی نەکادێمیانە بۆ مەسەلەکە دەچوو، نەک سیاسیانە. .شەو دوکتۆر جەمشید حەیدەری لازارێفی داوەت کردبوو. یەک دوو میوانی

دیکەی رووسیشی هەبوون. دیارە بە دابی هەمیشەیی منیشی لەم میوانداریە هەڵناواردبوو. هەر لەئێوارەوە بەدابی رووسان خواردن وخواردنەوەو مەزە لەسەر مێز کۆبۆوەو میوانیش دەورەیاندا. بروام پێبکەن تا سەعاتی دەی شەوکە هێشتا من هەردانیشتبووم، پرۆفیسۆر لەگەڵ دوو ژنی رووس بە دەم خواردنەوە وخواردن لەباسی دۆلار بەدەر قسەیەکی دیکەی بۆ نەکردین. باسەکە هەر ئەوەبوو: دۆلارێک چەند ڤۆدکای پێ دێت؟ دۆلار بە چەند روبڵە، چۆن دەگۆردرێتەوە ؟ دۆلار و دۆلار و دۆلار. من کەئاواتم بوولە پرۆفیسور لازارێف سەبارەت بەبارودۆخی ئێستای کورد کەلک وەرگرم، نەمتوانی پتر باسی ئەم دڵبەرە شینە گوێ بدەمێ و رۆیشتم. لام وایە دوکتور جەمشید هەستی بە نارەحەتی من کرد و باسی نارەحەتی خۆشی ناکەم. من رابووم، هێشتا لەسەر مێز نەخواردن وخواردنەوە تەواو ببوو، نە باسی دۆلار بنەی هاتبوو. ئەوەی لودمیلای خێزانی جەمشید کردبووی، بێگومان تا نوێژی بەیانیش سەر مێز خالی نەدەبوو. بەیانی لە دوکتۆر جەمشیدم پرسی: چیتان کرد ؟ گوتی : وەک بەشیرموشیرم هاتە بەرچاو. هەر ئەودەم بە دوکتۆرم گوت: ئەوەش لە بیرەوەریەکانم زیاد بوو.

رۆژی ٨٩/١٢/١٠ چوومە سەردانی ماموستا مەلارەحیمی عەبباسی کە پاش مانەوەو نارەحەتیەکی زۆر لە چنگ حکومەتی ئیسلامی ئێران وتورکیا رزگاری ببوو گەیشتبوە سوید وبردبوویانە کەمپی هەڵستە هامار. سەردانێکی خۆشبوو، باسی رابردوو وکارەساتەکانی کوردستانمان کردو لەرابردووی کارو کردەوەی هێندێ رێبەرانمان کۆڵیەوە. ماموستا فەرمووی نی وا هەن کە ئیفلاسیان کردوە بەڵام لێیان ناگەرێن .!

٨٩/١٢/١١ لەگەڵ دایکی کەماڵی کە بەمیوانی هاتبوە لام چووینە پۆلیس وداوای پەنابەری سیاسی کرد. پۆلیس پاسپۆرتی بولغاری لێ وەرگرت و پسولەیەکی دایە کە لە سۆسیال یارمەتی وەرگرێ و ئەویش لە خێڵی ناوارەو لێقەوماوانی کورد زیادی کردو بووبە چاولەدەستی سۆسیالی سوید.

www.kerimhisami.com

## حەوتووی کوردستان لە بیرلینی رۆژئاوا

لە مانگی دیسامبری ۱۹۸۹ « ئەنستیتۆی بەراوردکردنی باسی کۆمەڵایەتی لەبرلین حەوتووی کوردستانی راگەیاند بوو. بەشانازیەوە منیش بۆ بەشداری لە حەوتووی کوردستان داوەت کرا بووم رۆژی ۱۲/۱٦/ بەرەو برلین سواری قەتار بووم ولەبرلین میوانی دۆست وبرادەری خۆشەویست فریاد محێدین بووم. فریاد رەوانی شادبێ دۆستێکی بەراستی وکوردێکی جوامێر وخزملۆست بوو. ماڵەکەی دەرگای بۆ دۆست وبرادەران هەمیشە ئاواڵەبوو. تەلیفونم بۆ دوکتۆرکەماڵ فوئاد کرد گوتی بەیانی لە شوێنی کۆبوونەوە یەکتر دەبینین. رۆژی ۱۲/۱۷/ لەگەڵ چەند برادەرێک چووینە سەیری دیواری بیرلین. سەدان کەس بە کوتک وچەکوچ درێشەو دەرنافیز وەدیواری کەوتبوون کە لەتکێک، پارچەیەک تۆزقاڵێکی لێ بکەنەوەو بە یادگار هەڵیبگرن. دەیان گوت لە ئەمریکا پارە دەکا.!!

دوای نیوەرۆ چووینە سالۆنی کۆنگرەی بیرلین کە بە پێشانگای رەسم ووێنەی جوان وجۆراوجۆری هەموو بەشەکانی کوردستان رازابۆوە. ئاهەنگ بە گۆرانی « کۆما ئاشتی » کرایەوە. دوکتۆر کەماڵ زەحمەتی خوادن وخواردنەوەی فراوینی منی کێشا. رۆژی دوایی کۆبوونەوە بە زمانی ئینگلیزی وئەڵمانی دەستی پێکرد. باسەکان هەموویان باسی ئەکادێمی و لەسەر هونەر وفۆلکلۆر وزمان وکولتور وجل وبەرگ و مێژووی کورد قسەدەکرا. لەگەڵ وتارەکان هێندێ جار وێنەو رەسمیش نیشان دەدران. ئاخێوەرەکان وەک لەبیرم مابێ بریتی بوون لە: دوکتور کەماڵ فوئاد، حەمرەش، فوئاد سەید عەلی، برایم خەڵکی سوریا،

www.kerimhisami.com

بورهان شاوی، فەرهاد، پرۆفیسوۆرکولپە ماموستای زانستگای ئازادی بیرلین، عومەر شێخ موس، نووسەرێکی تری ئەڵمانی. (
ئەگەرکەسم لەبیرچووبێ داوای لێبوردن دەکەم) هەر یەک لە ئاخێوەرەکان لەم چوارچێوەیەدا باسێکی هەڵبژاردبوو قسەی لەسەردەکرد. هەموو رۆژێش دوای سەعات هەشتی ئێوارە فیلمی جۆراوجۆر لەسەر کوردستان نیشان دەدران. دوکتورفریاد فازیل لە سالۆنێکی تر شێعری کوردی بەئەڵمانی بۆ خەڵک دەخوێندەوەو قیامەتی دەکرد.

لەم چوار رۆژانە دوکتور کەماڵ فوئاد دوو رۆژی بۆوتارەکانی « ئەکادیمی کوردی لەئەڵمان» کە هەر ناوێکی بێ ناوەروک وبێ بەرهەم و دامەزرێنەرەکانیشی لێک ترازابوون گل دابۆوە. هەر چەند لەبەر نەزانینی زمان زۆر لە وتارەکان حاڵی نەدەبووم، بەڵام بێگومان باسەکان لەباری ئاکادیمی یەوە نرخی خۆیان هەبوو، بەڵام بۆ من کە کابرایەکی ئاکادیمی وخاوەن شەهادەی دوکتۆرا نەبووم، لەو بارودۆخە سامناک وداخدارەی ئەورۆژەی کوردستاندا باسەکان دڵیان نەدەکردمەوە. وتارێکم ئامادە کرد کە منیش جۆرێکی تر بۆ باسی حەوتووی کوردستان بچم. چەند جار بە دوکتور کەماڵم گوت وهەموو جارێش دەیگوت: نۆرە وەردەگرین. بەکورتی رێگای نەدا لەکۆبوونەوە گشتیەکەدا وتارەکەم بخوێنمەوە و بۆشم تەرجومە بکەن. ئاخرەکەی کات تەواو بوو، کۆبوونەوە دوایی هات و دوکتور کەماڵ گوتی جابا لەم ژوورە خۆمان کوردەکان گوێ بدەینە وتاری کاک کەریمی. دیارە کوردەکانیش هەموو نەمابوون. من دەمویست هەر چۆنێک بێ هەستی خۆم لەسەر ئەم کۆبوونەوەیە دەرببڕم. وتارەکەی من بەدڵی زۆریان نەبوو. تەنیا کاک عومەر شێخ موس گوتی :« رەخنەی کاک کەریم راستیەکی تێدایە ئەویش ئەمەیە کە دوای کۆنفرانسی پاریس لەبارەی (هویەتی فەرهەنگی کوردەکان) بۆ هێندێ لەروناکبیرانی شۆرشگێڕ ئەو مەترسیە پەیدا بوە کە دەیانەوێ مەسەلەی کورد لە چوار چێوەی مەسەلەی کولتوریدا قەتیس بکەن.»

www.kerimbisani.com

هەر چۆنێک بێ من هەڵوێستی خۆم لەم وتاردا دەربڕی کەوا لێرەشدا بڵاوی دەکەمەوە چونکە کەوتۆتە ئەم بەشەی بیرەوەریەکانم . بانەوەش بڵێم کە ئەم وتارە لە ژمارە ٤٧ی رۆژنامەی « سەردەمی نوێ »دا بڵاو کراوەتەوە ئەمەش دەقی وتارەکەیە :

«......... پێشەکی دەمەوێ بڵێم من ئەکادیمیک ویا کوردۆلۆگ نیم و باسێکی ئاکادیمیشم ئامادە نەکردوە. بەڵام بارو دۆخی تاڵ ودژواری نەتەوەکەم وخەبات وتێکۆشانی سیاسی چەند ساڵە، رەنگە وای کردبێ کە وەک رۆڵەکانی دیکەی کورد هێندێ دەرس وتاقیکردنەوەم وەدەست هێنابێ وبتوانم لە ئاست بەسەرهات و رووداوەکانی کوردستان، یالەسەر ئەو مەسەلانە کە پێوەندیان بەکوردەوە هەیە بیروڕایەک دەرببڕم.

لەماوەی ئەم چەند رۆژەدا کە لەبەرنامەکانی رۆژانەی حەوتووی کوردستاندا بەشداریم کردوە، هەر چەندە لەبەر نەشارەزایی لە زمانی ئەڵمانی وئینگلیزی نەمتوانیوە بە تەواوی لەنێوەرۆکی باسەکان تێبگەم ولەباسەکاندا بەشداری بکەم. بەڵام بەیارمەتی هێندێ لە برادەران تا رادەیەک نێوەرۆکی باسەکانم بۆ روون بۆتەوە. لە راستیدا باسەکانی ئەو چەندرۆژەی حەوتوی کوردستان، وتوێژی چاپەمەنی هەواڵدەری رۆژنامەی « کوردستان پرێس » لە گەڵ پرۆفیسۆر لازارێف وەبیر دەخاتەوە. هاواڵدەری ناو براولە لازارێف دەپرسێ :« ئێوە هەر لەسەر مێژووی رابردووی کوردستان دەنووسن مەسەلەی سیاسی کورد وبارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان باس ناکەن. » لازارێف لەوەڵامدا دەڵێ: « ئێمە کاری زانستی دەکەین وکارمان بەمەسەلەی سیاسی نیە. »

قەی ناکانەوە لازارێفەو بێگانەیە و نایەوێ ویا ناوێرێ باسی مەسەلەی سیاسی کوردو بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان بکات. بەڵام داخوا زاناو ئەکادیمیک وشاعیر وپسپۆڕو نووسەری کوردیش لە باس ولێکۆڵینەوەو ئاخافتنی خۆیدا، ئەشێ باسی سیاسی و مەسەلەی رۆژی کورد بخاتە پشت گوێ وباسی نەکات ؟!

www.kelinhisami.com

ئەو باسانەی لەوچەند رۆژەدا پێشکێش کران وەک: مەسەلەی زمانی کوردی وگۆرینی بەپیتی لاتینی، یاباسی چەند شاعیری کلاسیکی کوردی ئەویش لە مەڵبەندی بابان، یالێکۆڵینەوەی ئاینی یئیزدیەکان، یاباسی ئەنووسینی مێژووی کوردی، یا باسی مۆسیقاو ئاوازو فیلمی کوردی وهی تر، هەموویان لە جێی خۆیاندا باسی بەکەلکن. بەلام بەرای من هیچیان بابەتی تازەنین وەلام دەری بارودۆخی ئەمرۆی کوردستان نین. بۆ ئەمرۆ نابنە ئەرکی زاناو پسپۆرانی کورد. مەسەلەی زمانی کوردی وگۆرینی بەپیتی لاتینی ویا مانەوەی بەپیتی عەرەبی، ماوەیەکی ئەکورتە لە نێوان زمانەوان وپسپۆرانی بەشی زمان وزانایانی کورد جێگای باس ولێکۆڵینەوەیەو رەنگە لەم بارەوە وتاری جۆربەجۆریش نووسرابن. بەلام بەبیرو بۆچوونی من چارەسەرکردنی ئەومەسەلەیە وهەموو مەسەلەکانی تری باسکراو، راستەو خۆ پێوەندیان بە چارەسەر کردنی مەسەلەی بنچینەیی کوردەوە هەیە، واتە دەسەلاتی سیاسی وحاکمیەتی نەتەوایەتی کورد.

نەتەوەیەکی ولاتی لەتوپەت کرابێ، ساڵەهای ساڵ فەرهەنگی بێگانە دەسەلاتی خۆی بەسەردا سەپاند بێ، نەتەوەیەکی لەلایەک حاشا لە بوونەوەری بکەن ولەلایەک بە بۆمبای کیمیایی قڕی بکەن ولەلایەکی تر فتوای خەزای دژ بدەن، لام وانیە بتوانێ وابەهاسانی وبەبێ دەسەلاتی سیاسی مەسەلەکانی فەرهەنگی وکۆمەلایەتی وئابووری خۆی چارەسەر بکات.

من نالێم باسکردنی ئەو مەسەلانە ولێکۆڵینەوەیان قازانجی نیە وبێ کەلکە. بەلام پێم وایە لەگەڵ هێنانە گۆری ئەم باسە ئەکادێمیانە زۆر پێویستە بابدەینەوە سەر مەسەلەی سیاسی وروونکردنەوەی بارودۆخی ئەمرۆی کوردستان وئاگادارکردنی بەشدارانی بێگانە لەوەزعی ولات ومیللەتەکەمان. رەنگە بگوترێ کە ئەم کۆبوونەوانە ویانەم حەوتووەی کوردستانە بۆ باسی ئەکادێمیکی وکولتور وزمان وگۆرانی تەرخان کراوە. راستە، ئەوەش کارێکی خەراپ نیە. بەلام لەهەل ومەرجی ئەمرۆی کوردستاندا، داخوا دەکرێ هیچ

www.kerimhisami.com

شتێک بۆکورد بەبێ باسکردنی مەسەلەی رۆژ بەرێوە بچێ ؟

کورد چۆن دەتوانێ لەهەڵکەوت وکۆبوونەوەی ئاوادا کە جاروبار بە شاز هەڵدەکەون، تەنیا بەچەند باسێکی ئاکادێمیکی و ناوهێنانی چەند شاعیری کلاسیکی واز بێنێ؟ لەکاتێکا واخەریکن هەموو شوێنەوارێکی بوونەوەری نەتەوەکەی کوێر دەکەنەوە. وڵات وشاروگوندی بە هەموو ماناوە خاپوروکاول دەکەن. ئێستا شاعیری کورد باسی کام جوانی سرشت ورەزو چەم وکانیاو وگوڵاڵە سورە وتەیرو پەلەوری کوردستان بکات کە بەبۆمبای کیمیایی وگازی ژاراوی هەڵپروزاون وسووتاون وقڕکراون. ئەگەر شاعیرە کلاسیکەکانمان بەخاڵ وخەت وبەژن و باڵاوپەرچەمیان هەڵاگوتوە، شاعیری راستەقینەی ئێستای کورددەبێ بەتەم ودومانی سەر هەڵبجەوبە کۆگای لەشی ساردەوەبوی نێو کۆڵان وماڵان وبەکاروانی رەتاوی بەر بۆمبای کیمیایی وبەئاوارەکانی بن خێوەتەشڕەکانی ئۆردوگاکان هەڵا بڵێ.

نووسەری کورد ئێستا دەبێ نوکی خامەی بۆ لەقاودانی جنایەتی حکومەتەداگیرکەرەکانی کوردستان وەکار بخات. پێویستە نەشتەری رەخنە ئاراستەی ئەم دەزگا نێونەتەوییانەو ئەم دەوڵەتە زلهێزانە بکا کە بەدرۆ دم لەدێنۆکراسی ومافی مرۆڤ ودادپەروەری دەکوتن و بەڵام بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان لە ئاست قەڵاچۆ کردنی میللەتی کورد دەنگیان لەبەر نایەتە دەر. ئێستا بە روونی دیارە کە دەزگای پروپاگاندەی دەوڵەتان وئاژانسە خەبەریەکان پەردەیەکی مات وبێدەنگان بەسەر کارەساتە خوێناویەکانی کوردستان داداوە وئەوەی باسی نەکرێ مەسەلەی کوردورووداوەکانی کوردستانە.

مرۆڤ گەلێک دەترسێ کە مەسەلەی بنچینەیی گەلی کورد بە بیانووی کولتورو باسی ئەکادێمیکی بخرێتە پشت گوێ وبێدەنگی و خۆ گێل کردنە کوردەکەش بگرێتەوە. سیاسی وزاناو روناکبیرانی کورد لەدەرەوەی وڵات توشی هەمان پاسیڤی وبێ موبالاتی بن و خۆ بە شێعرو بەیتی دمدمەوە

www.kerimhisami.com

بخافڵێنن. ئەوە ئیتر داخێکی گرانەو ناکرێ باسی نەکرێ. ئەوانە بوون بەکورتی سەرنجەکانی من سەبارەت بە باسەکانی ئەم چوار رۆژە. بەڵام بۆ ئەوەی باسەکەم هەر سکاڵاو دەردی دڵ نەبێ، بە کورتی ئاورێک وەسەر کوردستانی ئێران دەدەمەوە. ......» پاشان لەوتارەکەمدا باسی وەزعی کوردستانم کردوە لەسەردەمی رەزاشاداو لەسەر بلیمەتی هێندێ شاعیری کورد لەو سەردەمەدا وپاشان هاتوومە سەردەوری شاعیرانی سەردەم لە پەرە پێدانی زمان وئەدەبی کوردیدا وەک حەقیقی، ئیمامی، هێمن ، هەژار، سوارە، فاتح و نووسەرانی وەک قزلجی، قاسملوو ، محەممەدی قازی، ئیبراهیمی یونسی، عەبدوڵای حەسەنزادە، قازی ئەحمەدو .... هتد باسی هەنگاوەکانی کۆماری کوردستانم کردوە لەبواری کۆلتور وزمان وئەدەبی کوردی، هەنگاوی حیزبی دێموکرات دوای روخانی رێژیمی شایەتی بۆ دانانی قوتابخانەی کوردی لەدێهات وچاپکردنی کتێبی پۆلی یەک ودووی سەرەتایی بۆ قوتابخانەکان بە زمانی کوردی»

رۆژی ٨٩/١٢/٢٣ گەرامەوە بۆ ستۆکهۆلم. ١٢/٢٨ چوومە تەماشای شانۆی « رووت بوونەوە » روت بوونەوە شانۆیەک بوو لە دەرهێنانی هونەرمەندی هەلکەوتووی کورد دوکتور فازیل جاف کە پشکۆ ناکام ویەک دوو هونەرمەندی دیکەدەوریان تێدا دەبینی. شانۆیەکی رەخنەیی بوو لە رێبەرە سیاسیەکانی کوردستان کە لەبەر ئەوەی بەفەرمان وقسەی بێگانە دەبزوونەوە رووت بوونەوەو هیچیان پێ نەماوە.

بەم جۆرە بە چەند وردە سەفەری نێو سوید وهیلاکی و ماندو بوونی بەردەوام بە رۆژنامەی « سەردەمی نوێ » وە ساڵی ١٩٨٩ مان گەیاندە کۆتایی و بە تووشبوونی هەڵەیەکی لەقەرەبوو نەهاتوو لێی دەرباز بووم.

ئێستا بێگومان کە باسی هەڵە کرا، خوێنەری بەرێز بە عادەتی کوردی کە پتر لە هەڵەو رەخنەو کەم وکوری دەگەرێ و لە نێو هەزار لاپەرە نووسینێدا چاوی تەنیا هەڵەیەک وناتەواویەک دەبینێ ولەئاست ٩٩٩ لاپەردکەی تر

www.kerimhisami.com

چاوی ریپۆق دەکا،چاوە روانە تابزانێ ئەم هەڵەیە چبوە و بۆیە دەبێ پاشملە بیکاتە نۆقڵی مەجلیس وباسەکان وداخی دڵی پێ برێژێ.!

دەڵێن لەوڵاتانی عەرەبی کە پێیان دەهاوینێ ناوگەرما داهات، سیمەکان تێکەڵ دەبن وشەڕ یا کۆدیتای نیزامی دەست پێدەکرێ. لەهەولێریش ئەگەر یەکێک تووشی گەرمای ئاوا بوو، دەڵێن « تەواو » نیە! لە سوید هەر چەندە گەرما نەگەیشتبوە ئەم پلەیە و هەر بەهاربوو، هاوینیش دانەهاتبوو، ناتەواوی هەولێری ویا سیم تێکەڵبوونی عەرەبی تووشی من بوو. هەر چەندە من دوای هەوڵی هێندێ برادە بۆ سازکردنی حیزبی سیاسی لە ئورووپا ودوای پەندو ئامۆژگاری بەنرخی بەرێز سارمخانی سادق وەزیری بڕیارم دابوو کە هەتا لە ئوروپا بم بازاری حیزب سازی نەکەمەوە، بەلام دەڵێی چی؟

منیش کوردم وقەولی شادرەوان سەید رەسوڵی بێتاوانی بەناهەق ونارەوا شەهید کراو« کوردەکە ئاقڵ نابێ » وەبەر من کەوت. لەگەڵ چەند برادەرێک بۆ سازکردنی حیزبێکی سیاسی (توزێ نوێ) هەنگاومان هاویشت. دەستم داقەڵەم پێشەکیەکی گۆیا پوخت وپێرەو وپرۆگرامم نووسی وماشێنم کرد و هەرمابوو ناوی لێ بنێین. بەلام خواو راستان زوو هاتمەوە سەر خۆ، وریا بوومەوە و ئەمجارە بە پێچەوانەی قسەکەی سەید رەسوڵی شەهید، جاری واش هەیە ( کوردەکەش ئاقڵ دەبێ) بەلام کەمتر..!! دیسان وەبەر من کەوت. بەبێدەنگی و بە ئازایی وازم لێ هێنا، وەک دەڵێن: « زەرەر لە نیوەش بگەرێتەوە هەر باشە » من زەرەرم نەکرد. چونکە ئەزموونێکی گرنگ وبەنرخم هاتە دەست. سەعدی شیرازی دەڵێ : « **بۆ مرۆڤ دوو تەمەن پێویستە. بە یەکیان تەجروبە وەدەست بێنێ و بە ئەوی دیکەشیان بەکاری بێنێ.**» بەهیوام لەم بەشەی تەمەنمداکە وا لەگەلاریزانی پایزنیزیک دەبێتەوە، ئەزمونەکان بۆ گەیشتن بە رزگاری نیشتمان وبەختەوەری زەحمەتکێشانی کورد بەکار بێنم. ئەوە لە نەخۆشی سیم تێکەڵ بون رزگار بووم ودەمەوێ لەسەر خێران سالی ۸۹ بەرێ بکەم.

٨٩/١٢/٣١ برادەرێکی خۆشەویستم سەید عوسمان لە گەڵ کاک عوسمانی راد پەیدا بوو. نان وچاییمان خوارد و سەید عوسمان دەستیکرد بە پەند وئامۆژگاری برایانە و ئیسرارکە : چۆن دەبێ تۆ وادەنیشی، خەڵک حیسابت لەسەر دەکا، دانیشتن بۆ تۆ نابێ، دەبێ دەست بە تێکۆشانی سیاسی بکەی وچی وچی..... لەگەڵ سوپاس بۆ هەڵوێستی کاک سەید عوسمان، پێم گوت: براگیان من وا خەریکی سەرە تەقەی نووسینم. با خەڵکی دیکە ئەم بازارە بکاتەوە. نازانم چەندە قسەکانی منی بەدڵ بوو، بەڵام دەزانم دۆستایەتیەکەمان بەردەوامە.

www.kerimhisami.com

# ساڵی ١٩٩٠

ساڵی تازەی ١٩٩٠مان بەدانیشتنێی خۆماڵی وبە تەماشای تەلەڤیزیۆن دەست پێکرد. ئەوەی تەمێکی ماتەمینی خستبوە سەردانیشتنەکەمان، دەنگ وباس وتەفسیری ئەوشەوەی تەلەڤیزیۆن بووکە ڕووداوەکانی ساڵی ٩٨٩ ی باس دەکردو نیشانی دەدان و یەک جار ویەک وشە باسی کوردی نەکرد و هەر وەک نەتەودیەکی ناوا لەم جیهانەدا نەبێ. هەڤاڵێکی سەرنج ڕاکێشی ئەوشەوە بریتی بوولە:« بەگوێرەی لێکۆڵینەوەی (یونیسێف» لەئاخری ساڵی ١٩٨٩دا ٥٠٠ میلیۆن کەس لە جیهاندا لە برسیەتیەکی دەق وتەواودا دەژین و ٢٧میلیۆن منداڵیش مەرگ هەرەشەیان لێدەکات.»

لەگەڵ تێکۆشانی بەردەوام بۆ دەرچوونی « سەردەمی نوێ» بەرگی چواری بیرەوەریەکانیشم تەواو کرد و تووشی برادەرێکی کوردی عیراقی هاتم کە چاپخانەی هەبوو، بەڵێنی دا لەو پەری جوانیدا بۆم چاپ بکا. پاش ماوەیەک کتێبەکە نەک هەر جوان چاپ نەکرابوو، بەڵکوو ئێستاش هەرکەس بەرگی چوارەم دەخوێنێتەوە، لەگەڵ هەڵوەرینی پەرەکان بێشک دوعای بەخێر بۆ خاوەن چاپخانە دەنێرێ!!. جارێکی دیکەش روون بۆوە کە کورد با لەئورووپاش بژی وکار بکا، نابێ واز لە خەسڵەتی بێ قەولی خۆی بهێنێ.

١٦/٣/٩٠ فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردیەکان لەسوید بە بۆنەی یادی بۆمبارانی هەڵەبجە شەوێکی ساز کردبوو بەڵام بلیتی بە ٥٠ کرۆن دەفرۆشت. من رەخنەم لێگرتن وگوتم ئەوە فرۆشتنی خوێنی شەهیدانی هەڵەبجەیە. بەڵام رەخنەو شت فایدەی نیە، ئەوان دەزانن کارەکانیان چۆن بەرێوە بەرن.

١٩/١/٩٠ رۆژنامەی کوردستان پرێس بۆ یارمەتی وپشتگیری شەوناهەنگێکی ساز کردبوو، منیش داوەت کرابووم. خەڵکێکی زۆر بەشداریان کردبوو. ئەمە یەکێ لەوکارە جوانانە بووکە کوردەکان بۆ پشتگیری رۆژنامەکە کردبوویان.

لە نێو گۆڤارو لاپەرە بلاوەکاندا نامەیەکی هەشت لاپەرەیی براو برادەری بەرێز مەلا محەممەدی جوانرۆییم دیتەوە. گۆیا ئەوە نەساخ بوە ولە خەستەخانە نووسیویەتی. کە چاوم پێکەوت گوتم :« جانەوە ئەگەر لە خەستەخانەوە نەینووسیبایە، بێشک کتێبێکی دەنووسی» پێم خۆشبووبۆ متفەرک چەند لاپەرێ ئەم بەرگەی پێ برازێنمەوە. بەلام بریارم دا هەرهێندێکی لێ هەلێنجم. رەنگە خوێنەری ئاواش هەبێ بلێ:« بۆچی هەر هێندێک و بۆ هەمووی نا ؟» زۆر هاسانە. لەوەلامدا ئێژم: چونکە بەدەست خۆمەو نامەکە بۆ من نووسراوەو نامەوێ نووسراوەیەکی٨ لاپەرە یی مەلامحە مەدی بلاو کەمەوە. ئەمەش هەلێنجراوەکە یە بەو شەرتەی رێنووسەکەم دەستکاری کردوە. بەلام رێزمانەکە خۆیەتی وخوای گەورەش ناوێرێ دەستی لێ بدا وهەر حەیفیشە دارشتنی رستەورێزمانی برایانی کوردستانی خواروو دەستکاری بکرێت.!

www.kerimhisami.com

### نامەی رێزدار مەلامحەممەدی جوانرۆیی

«.... برای بەرێز کاکە حسامی هێژا... سلاوێکی گەرم وگوڕمان پێشکێشتانە.

پێش چەند رۆژ نامەیەکی ترم بۆ ناردی پاش خوێندنەوەی بلاوکراوەکانت. نازانم گەیشتوە یان نا؟ بەلام وانامەیەکی تریشی بەدوای دادێت.... پێم وانیە جارێ نامەی سێیەمی هەبێ واتا تادەردەچم لەخەستەسانە.

برام بۆ کەمێک سەرنجم لەسەر بیرەودریەکانت لەبەرگی دووەم وسێیەمدا کە

قەولم پێ دابویت زۆرت سەرقاڵ نەکەم بەڵام لەم چەند خاڵانەدا هێندێکتان پێشکێش دەکەم.« ..جارێکی تریش دەڵێم: زۆر لایەنی نەوشارەزایی وچۆنیەتی رووداوەکان، هێنانە ژێرلوتی خامەو نەشاردنەوەیان لە جەماوەروخەڵکانی خاوەن مەبەست کە لێرەدا دەبێ بڵێم بە داخەوە دەیان وسەدان راستی وڕووداوی گرنگ وخاوەن خەبات وکۆششانی سەردەمەکانی لەمەو پێشوومان‌دا، یان ئێستاشماندا چوونە ژێرخاک وشاراونەوە لەخوێنەران وتێکۆشەران...» بۆیە دەڵێم من لە سەرجەمدا سوپاسی رنجدانەکەتان دەکەم بۆنەشاردنەوەیان لەخوێنەر. دیارە ئەوە کارێکی وانیە بڵێم،لێرولەوێ لای من وئەوونەویتر هێندێ راو بۆچوون پەیدا نەبێت نە.... دووریش نیە لەزۆربەدا سود وەر بگرین وناشارەزا شارەزا ببێ، لە هێند یکیشداکەمێک بۆچوون ورای ترلای خوێنەر دروست بکات. بەڵام بەهەر حاڵ ئومێدی ساغی و تەمەنی درێژتان بۆ دەخوازم بۆ تەواوکردنی بەرگەکانی تریش.

کێشەکانی خەبات وژیان، بەشەکانی خۆت وخێزان بە بەشەکانی هاو سەنگەرەکانتانەوە هێندێک لایەنی بۆ منیش روون کردەوە کە ئەم دەزانی( سەد شەڵا - وەک لە کوردستانی عیراقدا دەڵێن : زووترم زانیبایە)چ لەسەر حیزب وچ لە سەر حیزبی تودەی ئێران. چ لە سەر هەڵوێستەکانی ئەویان ئەم هاورێ لەو هاورێ یانەی لە خەباتدا زۆربەیانم ناسی.

خۆزگام لاپەرەکانی تری ئەم لاپەرانە بە کاک حەمەدەمین -رەوەند - لە پێش هەموانی تردا دەست بەکار بوایەو ئەو زەخیرە گرنگەی بهێنایەتە سەرکاغەز بۆ تەواو کردن وسودی خوێنەروخەباتە سەخت ودرێژەکەی گەل ونیشتیمان وچینەچەوساوەکانی لێرەدا پێش نیاربەئێوە دەکەم، هیمەتتان کە کارتێکردنی خۆی هەیە بۆ دەست جوڵاندنی کاک رەوەندو کاک رەحیمی قازی بخەنە کاردوە لەم روەوە سەرنجێکی زۆرم بۆنەو هەموو بەسەرهاتانەی« حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران» چوولەو هەموو لەت وپەت وکەرت کەرت بوونەو بەسەر هاتە قولانەی لە دەورانی پێش وپاش« عەولای ئیسحاقی»...

www.kurdistanmedia.com

هتلوپێش شۆرشی گەلانی ئێران چەند جاران بە چەندان کەسانێک بەرێوە چوە وئەوجاریش ئەوهەموو ناکۆکیانەی نێوان پیاوە شارەزاو ناو دارەکانی سەرکردایەتیەکەی. بەڵام بەراستی ئەو حیزب ورێکخراوانەی کە بۆ دیفاع لە خواست وئاواتی جەماوەری گەل پێک هاتبن وجولابن هەر چیەکیان هاتبێتە پێش لەکۆسپ وکێشەو سەختی، بەڵام بۆ پێشەوە خەباتیان درێژە پێداوەو هەڵگرانی ئاڵاکە لەو تێکۆشەرانەودڵسۆزانە هەرجارە بە جۆرێک پێک هاتۆتەوە. بڵێی ئەرکی خەباتی ئەمڕۆی سەختمان لەم قۆناغەداو ،لەسەر رۆشنایی دەرسەکانی رابوردووی هەرحیزبێک بەجیاوجولانەوەکە بەگشتی، لەوانەش شۆرشگێرانی کوردستانی ئێران بەتایبەتی، وەخۆکەوتنی نوێ یان نەبێ ؟

کاک کەریم : بەراستی هاوخەباتی وهاوکاری حیزبی تودەی ئێران وحیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە هێندێک قۆناغدا، یان بڵێم کێشەی نێوانیان وچۆنیەتی وبۆ چوونی یەکەم بۆ یارمەتی وهاوخەباتی لەگەڵ دووەمدا زۆریش نەک کەم سەرنجی راکێشام. دیارە ئێمە لە عێراقدا ئەوجۆرە کێشەیەمان هەر لە سەرەتاوە نەبوە وەک خۆشتان قسەتان لەسەر کردوە. دیارە ئەوەکارێکی یەک لایەنە نیە، چ لەلای دیوی عێراق، یان لەلای دیوی کوردستانی ئێران. چەندان هۆهەن بۆ هەر لایەنێکیان لەباری سەلبی ولەباری ئیجابیەکەشیەوە.

لێرەدا باسەکانی پاش شۆرش واتە پاش روخانی شاو سەردەمی رژێمی خومەینی ئیسلامی جێگەی باس کردن دێن. چونکە رووداوەکان نوێن و نووسراویش زۆر زۆرن لەسەریان هی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئێرانی وکوردستانی. ئەوەش ئەرکی ئێوە گەورەتر دەکات لە بەرگەکانی دوای بەرگی سێیەمەوە.

کاک کەریم: من پێم وایە کێشەی کورد لەهەر پارچەیەک لە پارچەکانی نیشتمانی دابەشکراوی گەلی کورە دەبێ پایەو پلەیەکی زۆرگەورەتر بە خۆوە بگرێت، چ لە لایەن حیزبە شیوعیەکانەوەو چ لەلایەن حیزبە غەیرە

www.kerimhisami.com

شیوعیەکانەوە – بە هەموو جۆرو بارەکانیانەوە. بەڵام ئەرکی باڵە شیوعیەکان وخەباتی چینایەتیان لەناوکۆڕی خەباتی رزگاریخوازی ونیشتمانی گەلی کورد زیاترو قووڵتردەکاتەوە کە دەبێ پێی هەڵستن بە چالاکانەو رووسوورانە، جاباڵەشۆڕشگێڕودیموکراتەکانی تر، هێزەبورژوا چکۆڵەکانی تری کوردستان هەرجورەوشیوەیەک بێت،واتارۆڵی خۆیان چاک وچالاکانە بگێڕن یان نا ؟

کارێکی تری گەورەی ئەم دوو بەرگە تۆمارکردنی زۆر لاپەرەی گرنگ لەرۆڵ ورەوتی شۆڕشی نەتەوایەتی ئەیلول لەکوردستانی عیراقە، بەرامبەر مارکسیست وشۆڕشگێڕە دیموکراتە پێشکەوتخوازەکانی کوردستانی ئێرانە. بەراستی کاری نزم کران وکراون، ئای کەکاری خەراب ونزم روویاندا لەساڵانی ئەم دوایەی شۆڕشی گولانیشدا، لەیەکترکوشتن وبراکوژی وبراونیزیکترین برادەر بەکوشت دان بەیەکتری وبەفرۆفێڵ دەعوەت کردن وشایی ونان خواردن لەسەر سفرەوخوانی یەکتری وئەوجا قەسابخانە سازاندن بۆیەکتری ... بە حەق وتووتە کە ئەخۆشیەکە لە کوردستانی عیراقەوە گەیشتۆتە دیوەکانی کوردستانی لەت لەت کراو. ئەمە زۆر راستە.... هەتا دەتوانیت بڵێیت: لە ژێرکارتێکردنی ئەو دوژمنکاریەی یەکتردا.. رێکخراو دروست کردن لە تورکیاو سوریاش، هەر لایەنە بۆ خۆی، یان کەرت کردنی کۆڕ وکۆمەڵیکن کەلە خەبات داهەبوون. باشە لێت بپرسم لێرەدا ئایا برادەرانی سەرکردایەتی (پ.د.ک)یان ماڵە بارزانی خوا لێ خۆشبوو هیچیان بۆ نەنووسیویت لەو روەوەوە ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە چۆنە سودت لە بەڵگەنامەکانی خودی ئەم شۆڕشە (بەتایبەت کۆنگرەی ٩ی پارتی) وەر نەگرتوە لەم باسانەدا.

کاک کەریم لەگەڵ گرنگی وگەورەیی شۆڕشە نەتەوایەتیەکەدا وگرنگی وگەورەیی رۆڵ ودەوری بارزانی نەمرخۆی، لەو ساڵانەو پلە سەختانەدا، وەک کارێکی مێژوویی لە خەباتی پەرە گرتووی گەلی کوردماندا... بەڵام کە ئەوانەم دەخوێندەوە زۆرم وەبیردەهاتەوە کە هەر لەسەرەتای ئەیلولی ١٩٦١وە چی وچەند کارەساتی سەخت وخوێناوی و سامناکی یەک لە دوای یەک دەر بارەی

www.kerimhisami.com

کادرو هاوڕێ ولایەنگرە دڵسۆزەکانی حیزبە شیوعیمان بە تایبەت ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستان کراو بە ئەنجام دەگەیەندران، واتە نەک هەر بەرامبەر کوردە مارکسیست وپێشکەوتخوازەکانی کوردستانی ئێران بوو،شالاوەکانی چەک کردنی هەموونەوانەی سەر بەحیزبی شیوعی عیراق بوون لەهەرێمدا لەسالآنی یەکەمدا ولەخۆینا نوقم کردنی بنکەکانی پێشمەرگایەتی (بەمۆ) و لەشارەزور وقەواڵی وخورنەوەزان لەگەرمیانی کەرکوک،وزۆری تر،گرتن ولێدان و(برائە) کۆکردنەوە لەشیوعیەت وحیزبەکەی لەعیراق دا، ئەوجا کوشتنی کادرەکان لەجادەکان ولەگوندەکاندا، یان لەبەندیخانەکانی ماوەت وپێنجوین وتەوێڵە وقەرەداغ وسەرتەک وبێتواتە ورایات وزۆری تر....

لەسەر بۆچوونتان لەسەر(ماویەت) ولەسەر ڕۆڵی مام جەلال وڕێکخراوەکەی ئەوکات ودواییش ، لە سەر بۆ چوونتان لە سەر« عزیزالحاج» وکار وئەنجامەکانی، بێ ئەوەی لایەنگیری کردنی تێدا بێت، دەڵێم بۆ چوونی ڕاست وچاک بوون کە وردیی بیرکردنەوەکانی ئەوکاتە دەر دەخەن. بە ڕاستی ئەودەست خستنە ناوکار وباری کوردستانی ئێران و ناو ڕێکخراوەکانی کوردستانی ئێران، زیانێکی دیاریان گەیاندوە......

بە خوا لێت ناشارمەوە من هەر لە کۆنگرەی چواری مەهابادەوە بە نیسبەت ح.د.ک.ا هەڵوێستم لەگەڵ ئەو لەتکردنانە نەبوەکە ڕوویاندا لەو حیزبەی کوردستانی ئێراندا. ئەمەش مانای وانیە ئەو هەموو لەت وپەت بوونە، ئەو هەموو کادرو بەر پرسانە هەڵەو چەوت ونەفام بوون وکاک ڕەحمانی شەهید لە هەمواندا لەسەر هەق بوە، نا. زۆریشم لەگەڵ مامە غەنی وبرادەرەکانی، لەگەڵ کاک حەمەدەمین و ئەحمەد عزیزی گوتبوو.. مەکەن و ئەگەر کردووتانە با عیلاجی بکەین. ئەوە سەر ئەنجامی چاک نابێ. دەمەوێ بڵێم ئەوەی ( کاک ڕە ستگار وگادانی وکاویانی -یش) هەر شتێکە لەو ڕستەیە. زۆری بۆ چوونەکانتم بەلاوە پەسندە لەو بارەیەوە....

بۆ ڕۆڵی درێژ خایەن وبەردەوامی حیزبی شیوعی عیراق وهاوڕێکانی

www.kerimhisami.com

وڕۆژنامەکانی،ناوێنەیەکی وایە کە هەر خوێندەوارێک دەتوانێ سەرنەنجامی لێ وەربگرێت بۆخۆی دەر باردی لەسەر ڕۆشنایی ئەوانەی لەو دوو بەرگەدا وەبیر کەوتوونەتەوە لەلایەن ئێوەوە کە مایەی ڕوو سووری شیوعیەکانی عیراقە سەر جەم.

برام حیسامی: وابزانم بەسە.... سوپاسی هەمەتتان دەکەین وچاوەڕوانی زیاتریشتان لێ دەکەین. هەر خۆش بی بۆ خزمەت کردنی زیاتر... برای دڵسۆزتان باوکی تارا... موسکو بیمارستان »

هاوینی ١٩٩٠ بە خەریکبوونی ڕۆژنامەی (سەردەمی نوێ) و نووسینی بەرگی پێنجی بیرەوەریەکانم ڕۆژگارم بردە سەر وسەردانی جاروباری دۆست وبرادەرانیشم لێ دەکردە ناویتە. لەکوردستانیش خەبەری ناخۆش نەبا نەدەگەیشتێ. ئەم ژیانە ئەوەندە بەگرێ وگۆڵە قەت تاسەرخۆشی وناخۆشی لێ دەستەبەر ناکرێ و هەمووشی بە ئیمامی ڕەبانی نانووسرێتەوە.

## دنیایەکی سەیر

ڕۆژی ٩٠/٦/٤ تێکۆشەر ماموستا بەهائەددین نوری تەلیفونی کرد وگوتی :« هەر چەند دەکەم خانووم وەگیر ناکەوێ و جێگام نیە لێی بنووم. حەزدەکەم ڕێگا بدەی بچم لە لۆکاڵەکەی تۆ(واتە لۆکاڵی ڕۆژنامە) بنووم. دەستە نوێنێک وتەلەڤیزیۆنێکی پچوک دادەنێم. بەتەنیا زۆر ژیاوم، نیوە کرێش دەدەم.»

لە ڕادە بەدەر نارەحەت بووم. ئەولۆکاڵە ژێرعەرزێکی تاریک نەک هەر بۆ ئەوە نەدەبووکە مرۆ تێیدا بژی، بەڵکووشوێنێکی بەترسیش بوو. بەو تەلیفونە لەگەڵ دایکی کەماڵ کەوتینە پەژاردوخەفەت دایگرتین. خانوەکەی ئێمەش زۆر پچوک بوو، بۆیە نەدەبوو برادەرێکی دیکەش لەگەڵمان بژی. هەر ئەوەمان پێدەکرا تف ولەعنەت لەم ڕۆژگارە بکەین. کەسێکی هەموو تەمەنی لە پێناو

www.kerimhisami.com

ئازادی وبەختەوەری گەلدا بەخت کردبێ، لەو تەمەنەداوله شارێکی وەک ستۆکهۆلم جێگای وەگیر نەکەوێ وناچار بێ داوای ژێرعەرزێکی تاریک بکا تێیدا بنوێ. درۆ ناکەم ئەگەر بڵێم تا دوای نیوە شەوی درنگ خەوم لەچاوی نەکەوت و بیرم لە گەمەی رۆژگار دەکردەوە و هیچیشم بۆ نەدەکرا.

دوکتۆر جەلیلی جەلیل لە لایەن فیدراسیۆنەوە بۆ سێمینارێک داوەت کرابوو. رۆژی ٣٠/٦/ ٩٠ لەسەر کورد وپرێسترۆیکا باسێکی سەرنج راکێش و بە پێزی هەبوو. شەرێکیش منی بەسەر کردەوەو دانیشتنێکی خۆشمان بردە سەر. دوکتۆر جەلیل گوتی:« لەو سەفەرەدا شتێکی گرنگم کەشف کرد. ناوی گەلێک حیزبی کوردستانی تورکیام بیستبوون. لێرە بۆم دەرکەوت هەر کەسە داتایەکی لەماڵی خۆی داناوە، بەیاننامەیەکی پێ دەنووسێ و ئەوە حیزبەکەیەتی.»

٨/٧/٩٠ کەماڵی کورم هاتە سوید وداوای پەنا بەری کرد. بەگوێرەی قانونی پەنابەری سوید هەرکەسێکی دایک وباب وگشت کەسی نیزیکی لە سوید بن، دەتوانێ ئەویش بێتە سوید بژی. کەماڵ دایک وباب وخۆشکی لە سوید دەژیان و کەسی دیکەشی نەبوو، بەڵام پاش ٢٧ مانگ ودوو مانگ حەبس کردن و گۆڕینی دوو وەکیل جا ئیقامەی ئینسانیان دایە. بۆروکراسی و دێمۆکراسی رۆژئاوا هەروا سادە نیە وەک رواڵەتەکەی دەبینرێ. تەونی دەجالیە وهەر خۆیان دەزانن چۆنی بەرێوە دەبن وگەلانی لێقەوماوی وڵاتانی دواکەوتوش چۆن فریوی دەخۆن.

٧/٨/ ٩٠ لەگەڵ کەماڵ چووینە سەرشایی کیژی دۆستی بەرێزم ماموستا مەلاحەسەنی نوزهەت زادە. هەتیوێکی فارسی ئەندامی مەنسوری حیکمەت یارمەتی دەدان وشەمی لەسەر مێزەکان دادەنا. کە بۆ لای مێزەکەی ئێمە هات، گوتم : ئێرە لێیەتی. هەتیوگوتی :« زمانی مردوو نازانم. کوردی ونازەری زمانی مردوون نامەوێ فێریان بم

گوتم : شەرمێ بکە. هەر زمانی شۆڤێنیزمی فارست پێ زیندوە ؟ پێم

نالێی کێ تەربیەتی کردووی ؟ هەتیو ڕۆی. پاش تاوێک هاتەوە گوتی : ببورە. زمانی فارسیش مردوە. شەو گەڕاینەوە سندسڤاڵ میوانی کاک سولەیمانی چیرە بووین. ڕۆژی دوایی مەنسوری میرزامحەمەدی نەغەدەیی بۆ کەبابی سەر دەریا داوەتی کردین. بەراستی میوانداریەکی بە دڵ کوردانەو بە کەش وهەوا ئورووپیانەی ساز کرد بوو. بۆ لەبیر چوونەوە نابێ.

ڕۆژەکانی سەرەتای مانگی ئوت حکومەتی عیراق وڵاتی کوێتی هاو ڕەگەز وهاودین وهاوعەباو عەگالی پەلامار دوا بە یەک ڕۆژ داگیری کرد وناوی نا نوستانی ۱۹ی عیراق. بەم کارە ی حکومەتی بەعس(ئومە عەرەبیەواحدە) جەوهەرو نێوەڕۆکی خۆی بەجوانی نیشاندا. ئیتر بەدوای ئەم پەلامارە دا، قسەو باسی ڕۆژانە لە نێو دۆست وبرادەران هەر خەلیج وسیاسەتی ئەمریکا وچۆنیەتی دوارۆژی عیراق وبەتایبەت چارەنووسی کوردستان بوو.

۹۰/۹/۲۵ چووینە ئەڵمان کە بچمەوە سۆفیا.ساڵی ۱۹۸٤ هەزاروسێ سەت مارکی ئەڵمانیم لە سپار بانگی ئەڵمانی هەبوو. ئەوەدەم بە پاسپۆرتی عیراقی دامنابوو. لەگەڵ کاک مارف ئەمینی کۆیی چووم وەری گرمەوە. گوتیان پارەی خەڵکی عیراق بڕیاری ڕاگیرانی لەسەرە ونایدەینەوە. هەرچەندی جەوازی سەفەر سویدیم نیشاندا، فایدەی نەبوو. پارەکەی منیش تاپاش سێ ساڵ بە پریشکی ئاگری سیاسەتی سەددامەوە سووتا وپاشان وەرم گرتەوە.

www.kerimlisani.com

# سالی ١٩٩١

سەرسالی ١٩٩١ پاش سالەهای سال منداڵەکانیش لەلای ئێمە بوون وشەوێک لێک کۆ ببووینەوە. بۆ ئێمە شەوێکی خۆش بوو. بە گشتی هەموو کات وسات باس وخواس هەر مەسەلەی خەلیج و چاوەروانیی ١٥ ژانوەیان دەکرد کە بزانین کەنگێ ئەرتەشی داگیرکەری عیراق پەلامارددەدرێ و کێشەی کەنداودەگاتە کوێ.

٩١/١/٩ بۆ عەمەلیاتی پۆلیپی لوتم چوومە خەستەخانە. دوای رۆژێک کە بریار بوو عەمەل بکرێ، حالم تێکچوو، سەرم دەسووڕا ودەرشامەوە. تەلیفونم بۆ دۆکتۆر جەمشید کرد لەگەڵ دایکی کەماڵ هاتن ولە جیاتی عەمەل ناردیانمەوە ماڵێ.

لەبەر نارەحەتی لە ماڵێ دەستم بۆ هیچ ناچێ. سەیری تەلەڤیزیۆن دەکەم وگوێ دەدەمە دەنگوباس. دوای دوو رۆژ هاتوومەوە سەر خۆ. ئەم دێڕانەی خوارەوەم لە دەفتەری یاد داشتەکانم نووسیوە، بێ دەستکاری بۆ ئێرەیان دەگوێزمەوە:

«.... ئێستا پتر لە گشت کاتێک دنیام سەیر دێتە بەرچاو. هەمووی درۆ، هەمووی فریو، هەمووی تەقەلا بۆ وەدەست هێنانی سودو قازانج، هەمووی لەژێر پێ نانی مافی مرۆڤ و پێ شێل کردنی دێموکراسی، بەناوی دیفاع لە دێموکراسی، پشتیوانی لە کۆنە پەرستی... دنیایەکی سەیر... بۆ دیفاع لە شێخی کوێت لەشکری دنیا دەنگ دەدرێ، بەلام پێنج هەزار کورد بە چەکی کیمیایی قڕ دەکرێ، (لایەنگرانی مافی مرۆڤ) سەر زارەکیش جنایەتکار مەحکوم ناکەن.... ئێستا رادیو وتەلەڤیزیۆنی دنیا کەوتۆتە کار، بۆ چی ؟... سەددام کوێتی پەلامار داوە !.. نەوتە... کوێت نەوتەلانە... پیرۆزە... وزەی

ئابووری ئیمپریالیزمه... نابێ دەستی لێ بدرێ.... بەڵام نەتەوەیەک بەخڕی واخەریکەن لەبەینی بەرن، ،، کەس باسی ناکات ... سەیرە.... مەسەلەی لیتوانی ـــش خەریکە بێتە ریزی مەسەلەی کەنداو.... کردەوەی سەربازانی سۆڤیێتی لە لیتوانی رووی سەددامی سپی کردەوە.... بیرو باوەڕ، یەکسانی، دادپەروەری، دیموکراسی، مافی مرۆڤ هەموو ماناو مەفهومی خۆیان لەدەست داوە.... ١٣ کەس لە لیتوانی بە گوللەی سەربازانی رووس کوژراون... کارێکی ئەوەندە گڵاو وچەپەڵە مرۆڤایەتی شەرمی لێدەکات... بە هیچ بڕ وبیانوێک لەپینە کردن نایە. لە ستۆکهۆڵم چەند رۆژە بۆ ئەو کوژراوانە قوڕ وەسەر دەکەن. خۆ پێشاندان دژی سۆڤیێت و بۆ پشتیوانی لە خەڵکی لیتوانی سویدی داگرتوە.... رێبەرانی سیاسی سوید وتار دەدەن..... باڵیۆزی سۆڤیێت بۆ وەزارەتی دەرەوە بانگ دەکرێ.... بەڵام لە فەلەستین هەموو رۆژێ ٢٠ کەس دەکوژرێ، بەدەگمەن ئەگەر باسی بکەن. گەلی کورد لەعیراق بەخەڵک وئاوەدانی وکولتور وئاقاری شوێنەواری کوێر دەکرێتەوە، کەس باسی ناکا... شەڕ لە کەنداو دەست پێکراوە... تەلەڤیزیۆنی سوید بەرنامەکەی بە باسی هەرای لیتوانی دەست پێدەکات.... دنیای درۆ... فریو.. مەسڵەحەت و لەژێر پێ نانی هەستی مرۆڤایەتی... نووسراوەی دەفتەرەکەم تەواو دەبێ.

٩١/١/٢٤ کاک حەمەدەمینی سیراجی تەلیفونی کردو گوتی:« لەم سەرو بەندەدا وا خەریکە کۆنفرانسێک لەبارەی مەسەلەی رۆژهەڵاتی نیزیک ساز بکرێ. با یادداشتێک نامەیەک ئامادە بکەین و بیدەین زۆر کەس ئیمزا ی بکەن، داوا بکەین کە باسی کوردیش لەم کۆنفرانسەدا بێتە گۆڕێ.»

گوتم: بەربەستێڵمان لێناوە. وەرە با نانەکەی بخۆین، رەنگە باشتربیری لێ بکەینەوە. کاکە مین هات ونانمان خوارد. گوتم:

برام ! ئێستا بەرەی کوردستانی عیراق شکڵێکی بە خۆوە گرتوە. ئەودەتوانێ بۆ هێنانە گۆڕی مەسەلەی کورد لەم جۆرە کۆنفرانسانەدا هەول بداو حیسابیشی لەسەر دەکرێ. نامە نووسین وئیمزای چەند کەسێک لام وانیە تەئسیرێکی هەبێ. دوای نان چایەکەشمان خواردەوەو بێدەنگەمان لێکرد .!!

# سێمینارێک لەسەر بارودۆخی شەری کەنداو ودوارۆژی عیراق

لە جەنگەی هەرای خەلیج دا بەرەی کوردستانی عیراق وتەڤگەر وحیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش سێمینارێکیان لەسەر بارودۆخی شەڕی خەلیج ودوارۆژی عیراق پێک هێناو خەلکێکی زۆریش بەشداری کردبوو.

وەک سوننەتی خەراپی هەمیشەیی ئەو جۆرە سێمینارانە ئەوانەی سەر کورسی مافیان هەبوو چەندی دەخوازن قسە بکەن، بەلام بۆ خەلکی بەشدار تەنیا مافی پرسیار و یان پێنج دەقیقە ئاخافتن دانرابوو. من لەم شێوە کارە رەخنەم گرت وپاش دمەتەقەیەک ١٥ دەقیقەیان بۆ من دانا کە قسە بکەم. منیش بیروڕای خۆم لەسەر ئەم مەسەلە ئالۆزە بەم جۆرەی خوارەوە دەربڕی:

«... بە بیروڕای من دەکرێ بە کورتی لە دوو لاوە بڕوانینە ئەم هەراو کێشەیەی کە لەناوچەی خەلیج ساز بوە.

یەکەم سیاسەتی پەلاماردەرانەی حکومەتی عیراق

دوەم پێوەندی ئەم پەلامار وداگیرکردنە بە سیاسەتی مەزنیخوازی و دسەلات سەپاندنی ئیمپریالیزمی ئەمریکاوە.

لەباردی سیاسەتی حکومەتی عیراقەوە، ئاشکرایە کە سیاسەتێکی پەلاماردەرانەیە ولە بیروباوەڕی شۆڤێنی و مەزنیخوازی حیزبی بەعسەوە سەرچاوە دەگرێ و هەوای ڕێبەرایەتی نەتەوەی عەرب لەسەری سەددامی داوەودەیەوێ لە ڕێگای کوشتارو داگیرکردن ئەم سیاسەتە بسەپێنێ. سەرەتای ئەم سیاسەتە چەپەلە لە سالەکانی ٧٤ەوە بەرانبەر بە بزوتنەوەی کورد سەری هەلداو لەگەل شکانی شۆرشی کورد و لە بەین بردنی نەیار وهاوکارانی

www.kerimhisami.com

پێشووی حەسەن بەکرو سەددام سەقامگرتوو بوو.

بەرێوەبەرانی حیزبی بەعسی عیراق توانیان زۆر ماهیرانە لەسەر دوو پەت یاری بکەن وهەرتک بلۆکی رۆژهەلات وروژ ئاوا نەک هەر لەخۆیان رازی بکەن، بەلکوو بیان کەن بە پشتیوانی خۆشیان. لەرێگای میللی کردنی نەوت وکرینی چەک وجبەخانە لە سۆفیەتی پێشوو، وە وردە بازرگانی لەگەل ولاتانی دیکەی ئوروپای رۆژهەلات توانیان ئەو حکومەتانە لەهەموو کار وکردەوەیەکی چەپەل وجنایەتکارانە بکەنە پشتیوانی خۆیان. پێک هێنانی دەزگای سامداری ئەمن وموخابەرات وسیستمی کوشتارو ئەشکنجەی ئازدیخوازان وموخالیفانی رێژیم، هەموو فێرکردەی ولاتانی ئوروپای رۆژهەلاتە وجنایەتکارانی بەعس لەم ولاتانەو بەتایبەت لە ئەلمانی رۆژهەلات فێر بوون. حکومەتی عیراق بە کوشتاری کۆمونیستەکان وسەرکوتکردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردو خنکاندنی هەموو بیرو دەنگێکی پێشکەوتو خوازانە، هاوکات لەگەل کرینی چەک وبازرگانی بێ سنوور، ولاتانی سەرمایەداری رۆژئاواشی لە خۆ رازی کردو کردنیە پشتیوانی خۆی.

بەچاوسووری وپشتیوانی ئەم دوو بلۆکە، ئێرانی پەلاماردا و ٨ساڵ ئەم دوو ولاتە لەخویندا نوقم کران. شەری ٨ساڵە بە پێچەوانەی فروفیشاڵی رێژیمی بەعس لە مەر قادسیە وپارێزگاری لە رۆژ هەلاتی عەرەبی، بێجگە لە کوشتارو وێرانی ونابودی ئابوری وگوشت وبری خەلک، هیچ بەرهەمێکی دیکەی نەبوو. تاقە دەستکەوتێکی کە لەم شەری ٨ ساڵەدا نسیبی سەددامی خوین رێژ بوو، دروست کردنی چەکی کیمیایی بووکە لەکوردستان ولەسەر میللەتی کوردی تاقیکردەوە و لەسەر بنەمای ئەم تاقیکەدنەوەوکوشتاری بەکۆمەلی خەلکی کوردستان، بەراشکاوی شانازی بە هەبوونی چەکی قرکەری بەکۆمەل دەکردو هەرەشەکردنیشی لە ئیسرائیل لەفیشاڵ ودرۆ بەدەر هچی دیکە نەبوو.

بەرهەمێکی تری شەری ٨ ساڵە، بریتی بوو لە: ئابووری فەوتاو وقەرزداری ٨٠ میلیارد دۆلارو راگرتنی لەشکرێکی یەک میلیۆنی . بۆ

چارەسەرکردنی ئەم تەنگ وچەڵەمە قورسە ورزگاری لەم گێژاوەیە، دەبوایە شەڕێکی دیکە سازبکا و هەرایەک بنێتەوە. ئەو هەرایەی کە لە پێشدا بەدرۆرووی لە ئیسرائیل بوو، بایداوە بۆ سەر کوێت و پێی وابوو ئەم پاروەی هاسانتر بۆ قووت دەدرێ.

بەکورتی رێژیمی بەعسی عیراق بە رێبەرایەتی سەددام حوسێن مانەوەی خۆی لە سێ خاڵدا دیوەتەوە.

یەکەم :شەڕ وپەلاماردانی وڵاتانی تر بە گوێرەی بۆ چوونی خۆی کە کام وڵات لاواز ترە

دودم : سەرکوت کردنی هەموو بیرو بزوتنەوەیەکی پێشکەوتخوازی وکوشتاری نەیاران وئازادیخوازان.

سێیەم : تەنلیغاتێکی هەراوی فروفیشاڵی بەدرۆ، بە ناوی عەرەبیەت ولەم دوییەدا ئیسلامەتیشی لێ زیاد کردوە.

لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکادا، کاتێ کە باسی پەلاماردانی کوێت دەکەین، داخوا دەتوانین ئەم پەلامارە بەدوور لە سیاسەتی دسەلات سەپاندنی ئەمریکا وبێ ئاگاداری واشنگتۆن لەبەر چاو بگرین ؟

چۆن بوو سەددامێکی پێشتر هەرەشەی لەئیسرائیل دەکردو دەیگوت نیوێکی ئیسرائیل بە چەکی کیمیایی( ئەو چەکەی لە سەر کورد تاقی کەرد بۆوە) لەبەین دەبا، لە پڕ واز لە ئازاد کردنی فەلەستین دێنێ و دەچێ کوێت داگیر دەکا.؟زۆر لەسەرنجدەرە سیاسیەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە بە بێ ئاگاداری وتەنانەت دنەدانی ئەمریکاش، سەددام هەر گیز نەیدەتوانی ئەم ئاگرە بکاتەوە. کاربەدەستانی ئەمریکا لە دارشتنی ئەم نەخشەیەدا چەند مەبەستی بنەڕەتیان هەبوە کە لەگەڵ ستراتیژی ئەمریکا یەک دەگرێتەوە.

یەکەم ــ بە پەلاماردانی کوێت مەترسی لەسەر ئیسرائیل دووردەخاتەوە وهەرلەوکاتەشدا ناکۆکی دەخاتە نێو وڵاتانی عەرەبی. چونکە ئەگەر ئیسرائیل پەلامار درابایە، وەزعەکە جۆرێکی تردەبوو. وڵاتانی رۆژئاوا لە ژێر چەتری

www.kerimbisarani.com

کۆمەڵی دەوڵەتە یەک گرتوەکان دا ئاوا راستەو راست لەشەڕدا بەشداریان نەدەکرد. ولاتانی عەرەبیش ئەودەم پشتی عیراقیان دەگرت.
دووەم ــــ پەلاماری عیراق بۆ سەر چالاوە نەوتەکانی خەلیج، ئەمریکا ناچار دەکاکە ریگا نەدا عیراق دەست بخاتە سەر زەخیرەی نەوتی کەنداوی فارس. بە قەولی رۆژنامەی واشنگتۆن پۆست:« ئەگەر سەددام ریگا بدرێ نیوەی زەخیرەی نەوتی جیهان بخاتە بەر دەستی خۆی، ئەودەم ئیتر دەتوانێ ئابووری ئەمریکاش کۆنترۆڵ بکات وتەنانەت لەبارەی نرخی سود وهەڵدانی ئابووری رۆژئاواشەوە بریار بدات.»
سێیەم ــــ بەو هەرایەی کە لەخەلیج ساز بوە، بەشێک لە ستراتیژی ئەمریکا پیادە دەکرێ. ئەم نەخشەیە دەگەرێتەوە بۆ وتاری نیکسۆن سەرکۆماری وەختی ئەمریکا کە دەڵێ:« کەسێکی گەرووی ئینێرژی لە دەست دابێ، ئەو کەسە گەرووی قودرەت ودەسەلاتیشی لەدەست دادەبێ. ئەوکەسەی دەسەلاتی بەسەر کەنداوی فارس داهەبێ، کلیلی دەسەلاتی جیهانی لە دەست دایە.» ئەم بۆچوون وهەڵوێستەیە کە وای لە ئەمریکا کردوە بە بیانووی ئازادی کوێت ودیفاع لە حکومەتی هەرە کۆنە پەرستی جیهان، هێزی چەکداری خۆی بگەیێنێتە ناوچە نەوتەلانی کەنداوی فارس و بۆ پیادە کردنی ستراتیژی پینتاگۆن هەنگاو هەڵێنێ. بە تایبەت ئێستا کە شەری سارد و کێشەی نێوان دوو زلهێزی پێشوو جێگای خۆی داوە بە لێک حاڵی بوون وهاوکاری، ئەمریکا لە ئوروپا رۆڵی جارانی نامێنێ. دەیەوێ لە خوارووی ئاسیاو لە رۆژهەلاتی نێوەراست کە خاوەنی کانگای نەوت وبازاری بەبرەوە، دەسەلاتی خۆی بسەپێنێ.
بوش سەر کۆماری ئەمریکا لە مانگی مای ۱۹۸۹دا گوتی :«دەستمان پێکردوە لە سۆڤێت نزیک بینەوە، رەنگە کارێکی زەحمەتیش بێ. بەلام هەر لە لایەن ئەوانەوە هەرەشە لە ئەمریکا ناکرێ. پەیدا بوونی هێندێ هێز ودەسەلاتی ناوچەیی، ستراتیژی دواروژی ئێمە دەگۆرێ. ئێمە دەبێ سەرکێشی

پەلاماردەرانەی ئەو ڕژێمانە مەهار کەین.»

دیارە ئەمریکا نەیدەتوانی هەروا لەخۆوە، بە بێ بیانوو لەشکر بنێرێتە کەنداوی فارس. بۆ پیادە کردنی ئەم پلانە هێندێ دەستی پشتی پەردە سەددامیان هاندا کە کوێت پەلامار بدا. ڕۆژی ١٩٩٠/٧/٢٥، واتە حەوت ڕۆژ پێش پەلاماردانی کوێت مادام «ئیپریل گلیپسی» باڵیۆزی ئەمریکا لە بەغدا دەچێتە کن سەددام حوسێن وپتر لە دوو سەعات وتووێژیان دەبێ. لەم کۆبوونەوەیەدا سەددام باسی هەڕەشە لە کوێت دەکات. باڵیۆزی ئەمریکا وادەنوێنێ کە ئەگەر عیراق کوێت داگیر بکا، ئەمریکا ناتوانێ هیچ بکات چونکە هیچ پەیمانێکمان لەگەڵ کوێت نیە. داخوا ئەوە نابێتە نیشاندانی چرای سەوز بە سەددام بۆ پەلامار دانی کوێت.؟

ڕاستە سەددام بۆ ماوەیەکی کورت ئەمریکای توشی شەڕ وکێشە کردوە، بەڵام بۆ درێژ خایەن حکومەتی بەعسی عیراق بە قازانجی سیاسەتی ئەمریکا جوڵاوەتەوە. ڕێگای هاتنی ئەمریکای بۆ ناوچەی کەنداوی فارس خۆش کردوە. کارێکی وای کردوە کە زۆر لە حکومەتانی ئەندامی کۆمەڵی دەوڵەتە یەکگرتوەکان لەگەڵ ئەمریکا ببنە هاودەنگ و لەڕاستیدا ئەمریکای کردۆتە سەرکردەودەمڕاستی وڵاتانی بەشداری شەڕلەکەنداوی فارسدا.

لەگەڵ ئەوەش کە لەوشەڕەدا بەشێکی هێزی عەسکەری و توانای ئابووری عیراقیان لەناو بردوە وزیانێکی زۆریان بە شارەکان گەیاندوە، بەڵام بە بڕوای من ئێستاش بەرێوە بەرانی سیاسەتی ئەمریکا نایانەوێ سەددام نە وەک شەخس ونەوەک ڕێژیم بەیەکجاری لەناو بچێ. ڕۆژنامەی واشنکتۆن پۆست دەنووسێ: « کاربەدەستانی ئەمریکایی لەسەر ئەو باوەڕەن کەسنورەکانی عیراق نابێ دەستکاری بکرێن. تەنیا دەبێ توانای نیزامی عیراق لاواز بکرێ.»

ڕۆژنامەی (ڤالستریت ژورناڵ) دەنووسێ: « سەیرێکی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست تێماندەگەیێنێ کە بۆ چی نابێ حکومەتی عیراق بە یەکجاری لەبەین بەرین. عیراق کەوتۆتە نێوان ئێران وسوریا کە هەر دووکیان مەزنیخواز

www.kerimbisani.com

وبەترسن. نەمانی عیراق دەبێتە هۆی بە هێز بوونی دەسەلاتی ئەوان لەناوچەدا. بێجگە لەوە لە شیمالی عیراق کەمایەتی کورد دەژین کە هەمیشە ئاواتیان ئەوە بوە ولاتی سەر بەخۆی خۆیان هەبێ. ئێران وتورکیاش بەو دەردە گرفتارن. نەمانی عیراق دەبێتە هۆی ئەوە کە بزوتنەوەی کوردەکان پەرە بستێنێ و ببێتە هۆی کێشەی گەورەترلە رۆژهەلاتی نێوە راست دا.»

لام وایە ئەم کورتە باسە روونمان دەکاتەوە کە سەرەڕای ئەو هەموو هەراهەرایە، گەلێک مەسەلەی پشتی پەردە و کەین وبەینی نێو دەولەتان هەیە کە ئێمە زۆر لێیان ئاگادار نین. بە بۆچوونی من هێزە سیاسیەکانی کوردلەم قۆناغە سەخت وناڵۆزەدا پێویستە بەوردی لە مەسەلەکان بکۆڵنەوە ولە سیاسەت وکردەوەی خۆیاندا، هەموو فاکتۆرەکان لەبەرچاو بگرن.

من ئەو بۆ چوونەم بۆیە ئامادە کردبووکە زۆرکەس لە کوردە سیاسیەکان لایان وایەکە ئێستا سەددام لەدار دەدەن ورێژیمی بەعس دەخەنە نێو زبلدانی تاریخەوە . لام وایە ئەمە بۆچوونێکی تەواو نەبێ.

٩١/١/٢٥ نووسەری بەناوبانگی ئێرانی بزرگی عەلەوی لەسەر سادق هیدایەت کۆڕێکی هەبوو، خەلکێکی زۆر بەشداری کردبوو. دوای تەواو بوونی قسەکانی ئاغای عەلەوی کە یەکجار بە پێز وچێژ بوو، لەگەل کاک حەسەنی قازی وکاک حەمەدەمینی سیراجی چووینەوە مالی ئێمەو بەدانیشتنێکی خۆمانە شەومان درنگ کرد.

٩١/٢/١٥ چووینە خوازبێنی کیژی کاک حامیدی گەوهەری بۆ کاک ناسری ئیبراهیمی. زۆر پیاوانە هاتە پێش وشەقی لەودابەگلاوە هەلداکە هێندێ لەکوردەکان لەئورووپاش لەسەرمارەیی زۆروقورس پێ دادەگرن،کچ لە بارمتە دەنێن وخۆشیان بە پێشکەوتوو دەزانن.

رۆژی ١٩٩١/٢/٢٦ هەوالدەران شکانی لەشکری عیراق وتەسلیم بوونی بێ قەیدوشەرتی عیراقیان راگەیاند.

لەگەل تەواو بوونی شەری خەلیج راپەرینی خەلک لەخوار وسەرووی عیراق

www.kerimhisami.com

دژی حکومەتی سەددام دەست پێکرا. جۆرج بۆش سەرکۆماری ئەمریکا خەڵکی عیراقی بە کوردوعەرەبەوە هانداکە راپەرن وریژێمی سەددام بروخێنن.

١٤/٣/١٩٩١لە کوردستان خەڵک پیاوانەو قارەمانانە راپەرین ولە ماوەی چەند رۆژدا کوردستانیان بە کەرکوکیشەوە لەپیاوکوژانی سەددام پاک کردەوە. لافاوی قین وبێزاری وداخ لەدڵی کۆمەڵانی گەلی کورد کە چەند ساڵ بوو پەنگاوی خوارد بۆوە، کەوتە کار ودام ودەزگای فاشیستی بەعسی لە کوردستان راماڵی. لەم راپەرینە مێژووییەدا، زەحمەتکێشانی کوردستان داخی دڵیان بە جنایەتکاران رشت وجگە لە سزادانی رەواو بەهەقی تاوانباران، سەدان بەڵگەی حاشا لێ نەکراوی جنایەتی فاشیستیی سەددام وداروودەستەکانی لە کوردستان وبەندیخانەکانی کەرکوک وسولەیمانی وهەولێریان بە دنیا نیشان دا.

## کۆنفرانسی ستۆکهۆلم

بەر لەوەی بێمە سەر باسی چۆنیەتی بەرێوە چوونی کۆنفرانسی ستۆکهۆلم، مارسی ١٩٩١ بە ئیجازەی خوێنەرانی بەرێز نەختێک بۆ دوایە دەگەرێمەوە.
لە مانگی سیپتامبری ١٩٩٠ بەرنامەی کۆنفرانسی ستۆکهۆلم بڵاوکرایەوە ونوسخەیەک گەیشتە دەفتەری رۆژنامەی سەردەمی نوێ. بە بۆچوونی ئێمە ( واتە دەستەی نووسەرانی رۆژنامە) بەرنامەکە زۆر نارێک وشتی شەخسی و لایەنگرانەی تێدا گونجا بووکە دەگەڵ هەل ومەرجی رۆژی کوردستان ومەسەلەی کورد نەدەهاتەوە. وەک رۆژنامەیەکی سەر بەخۆی میللی نەدەکرا بیروڕای خۆمان سەبارەت بە کەم وکوری بەرنامەکە دەرنەبڕین. ئێمە لەم بوارەدا دوو هەنگاومان هەڵێنان. یەکەم نامەیەکمان بۆ نوێنەری بەرەی کوردستانی عیراق نووسی وکەموکوڕیەکانمان دەست نیشان کردن. دووەم لە ژمارە ٥٤ی خەرمانانی

www.kerimhisami.com

ــ سێپتامبری ۱۹۹۰ وتارێكی درێژمان له ژێر سه‌رخه‌تی (به یه‌كێتی وبه یه‌ك ده‌نگه‌وه به‌ره‌و كۆنفرانسی ستۆكهۆلم)بلاو كرده‌وه. ئه‌مه‌ش ده‌قی سه‌روتاری رۆژنامه‌ی سه‌رده‌می نوێی ژماره پەنجاوچواره كه‌وا بلاوی ده‌كه‌مه‌وه.

« .. له‌سه‌ر بڕیاری كۆنفرانسی پاریس سالی ۱۹۸۹ له باره‌ی « ناسنامه‌ی كولتوری كوردو مافی مرۆڤ» بڕیار وایه‌له مانگی نوامبری ئه‌مسالدا، بۆ لێكۆلینه‌وه‌ی مه‌سه‌له‌ی كورد له شاری ستۆكهۆلم پێ ته‌ختی سوید كۆنفرانسێك ببه‌سترێ. كۆنفرانسی ئه‌مسال كه له‌ژێر دروشمی « ئیعتراف به مافی كورد ــ ستراتیژی كرده‌وه » ده‌به‌سترێ ومه‌سه‌له بنچینه‌ییه‌كه‌ی كۆنفرانسیش كه بریتیه له: « هاو پێوه‌ندی جیهانی له‌گه‌ل گه‌لی كورد وهاوكاری كومیته‌كانی هاو پێوه‌ندی له ولاتانی جیاواز، نیشاندانی به‌لگه‌و فاكت له‌باره‌ی وه‌زعی گه‌لی كورد له به‌شه‌كانی كوردستان وله ده‌ره‌وه... هتد » بێگومان هه‌نگاوێكی گه‌لێك له‌پێشتره له چاوكۆنفرانسی پاریس له سالی رابردوودا.به‌لام به گوێره‌ی دارشتنی به‌رنامه‌ی كۆنفرانس كه نوسخه‌یێكی به ده‌فته‌ری رۆژنامه‌ی «سه‌رده‌می نوێ» گه‌یشتوه، هێندێ كه‌م وكوڕی له چۆنیه‌تی پێكهێنان وبه‌رێوه بردنی كۆنفرانس دێته به‌ر چاو، ناكرێ وه‌بیر نه‌خرێته‌وه و پێویسته بۆ باشتر كردنیان هه‌ول بدرێ. وه‌ك له‌به‌رنامه‌كه‌دا له‌باره‌ی «خصوصیاتی كۆنفرانس» گوتراوه: ( كۆنفرانس بریتی یه‌له « كۆنفرانسی عمل » نه‌ك « خۆ ده‌رخستن و وتار دان » . به‌لام به پێچه‌وانه، شێوه‌ی بانگ كردنی كورده‌كان بۆ كۆنفرانس وچه‌شنی رێكخستنی ئه‌وه نیشان نادات. چونكه وادانراوه له‌هه‌ر به‌شێكی كوردستانی له‌تكراو، چه‌ند كه‌س بانگ بكرێن. بانگ كراوه‌كانیش هه‌ر كه‌س به‌كورتی باسی بارودۆخی به‌شه كوردستانه‌كه‌ی خۆی ده‌كات. به‌م پێیه مه‌سه‌له‌ی كورد وه‌ك مه‌سه‌له‌ی یه‌ك نه‌ته‌وه‌و یه‌ك ولات،بۆ جاری سه‌ده‌م وهه‌زاره‌م ده‌بێته‌وه باسی ( كوردی عیراق و ئێران وسوریاو توركیا و سۆڤێت )، دوور نیه ئه‌م جاره سویدیشی لێ زیاد نه‌كرێ.

بانگ كراوەكانی ئەم بەشانەی كوردستان بۆ «خۆ رانان » وەزعی وڵاتەكەی خۆیان بۆ بەشدارانی غەیرە كوردی كۆنفرانس باس دەكەن، نەک بارودۆخی مەسەلەی كورد وكوردستان بە چەشنی گشتی.

بە بۆچوونی ئێمە ئەم شێوە كارەنەک هەر مەسەلەی كورد لە كۆنفرانسدا كەم دەكاتەوە، بەڵكوو هەر ئەو هەراو بەزمە دوو پات و چەند پات دەبێتەوە كەتا ئێستا بەرێوە چوەو بەداخەوە هیچ بەرهەمێكی هەست پێكراویشی بۆ كورد لێ پاشە كەوت نەبوە. پێكهاتنی كۆنفرانسێكی ئەوتۆ دەرفەتێكی گەورەیە بۆ هێنانە گۆڕ وسەپاندنی مەسەلەی كورد وەک « مەسەلەی یەک نەتەوەو یەک نیشتمانی دابەشكراو » هەروەها راكێشانی سەرنجی بیروڕای گشتی جیهانی بۆ ئەو مەسەلەیە. ئیعتراف بە پارچە پارچە بوونی كوردستان لە كۆنفرانسێكی ئاوادا لە لایەن خودی كوردەكانەوە كە بۆ كۆنفرانس بانگ دەكرێن، ئەم پروپاگاندەو بۆچوونی بێگانان دەسەلمێنێ كە دەڵێن:« كوردەكە خۆی یەک نیە وقەت بە گشتی باسی مەسەلەی كورد ناكات وتەنیا لەسەر وەزعی بەشێكی كوردستان پێدادەگرێ.»

لێرەدا ئەو پرس وپێشنیارە بۆ خەڵک دێتە گۆڕێ كە : باشتر نیەنوێنەری گشت هێزە كوردستانیەكان، لە هەموو بەشەكانی كوردستان بە دڵێكی پاک وسینگێكی فراوان و بە مەبەستی تەنیا وتەنیا بەرژەوەندی ئەم میللەتە لێ قەوماوە، پێكەوە دانیشن و دەستەیەكی نوێنەرایەتی لە كەسانی سیاسی وحقوقی وفەرهەنگی كۆمەڵایەتی شارەزاو خاوەن رابردوی شۆڕشگێڕانە ودڵسۆزی میللەت، بە بێ مەرج دانان ، بێ حیزبایەتی وسەر بە حیزبی هەڵبژێرن و بەڕاو تەگبیری هەموان بینێرنە كۆنفرانس ولە جیاتی باسی وەزعی یەک یەكی بەشە لەتكراوەكانی كوردستان، وەک تاقە نوێنەری كورد باسی كوردستان و مەسەلەی كورد بكات وبە دنیا نیشان بدات كە مەسەلەی كورد مەسەلەی یەک نەتەوەو یەک نیشتمانە. ئەم هەنگاوە بۆ كۆنفرانسێكی ئاوا هیچ رێگا لەو حیزبانە ناگرێ كە لەوڵاتەكەی خۆیاندا سیاسەتی خۆیان بەرێوە

بەرن هەر وەک تا ئێستا بەڕێوەیان بردوە.

ئێمە لامان وایە بارودۆخی داخداری کوردستان وکورد ئەوە فەرز دەکاتە سەر هێزە سیاسیەکان کە واز لە خۆ نواندن ودابەشکردن بێنن و بەرژەوەندی گشتی نەتەوەی کورد بخەنە پێش بەرژەوەندی حیزبیی و دەستەیی لەم یا لەو بەشەی کوردستاندا. پێکهێنانی دەستەیەکی یەکگرتووی نوێنەرایەتی میللەتی کورد بۆ کۆنفرانسی ستۆکهۆلم، نەک هەر سەرەتایەک دەبێ بۆهەنگاونان لە پێناو پێکهێنانی کومیتەیەکی دایمی نوێنەرایەتی گەلی کورد لە دەرەوەی وڵات بۆ ناساندن و نێونەتەوایەتی کردنی مەسەلەی کورد لە ڕێگای کورد خۆیەوە بەڵکوو لەوانەیە تارادەیەکی زۆریش ئەو برینە تەشەنەدارەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش سارێژ بکات کە لە ئەنجامی ئەو هەرکەس هەرکەسیەودووبەرەکیە و یەک نەگرتنە دا جەستەی کوردستانی شەقار شەقار کردوە. ڕەنگە تارادەیەکی زۆریش ئیعتیباری حیزبەکان لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا پتەو بکات.

بەرای ئێمە پێکهێنانی کومیتەی سەرانسەری کوردستان بۆ کۆنفرانسی ستۆکهۆلم دەتوانێ بەیەک دەنگ وبەیەک ئیرادەوە چەندان مەسەلەی گرنگ لە کۆنفرانسدا بخاتە روو. لەوانە :

یەکەم : دوو پاتکردنەوەی باسکردنی مەسەلەی کورد لە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتوەکان بە بەشداری نوێنەری نەتەوەی کورد. وەک دەزانین لە کۆنفرانسی پاریس لە لایەن پرۆفیسۆر زاخارۆڤەوە پێشنیارێکی لەم بابەتەوە پێشکێش کرا.

دووەم : لە ڕێگای کۆنفرانسەوە داوا لە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتوەکان بکرێ کە ئەرکی پاراستنی نەتەوەی کورد لە تاوانی ژینۆساید و تواندنەوەی نەتەوەیی و گۆڕینی لایەنی دیمۆگرافی کوردستان بگرێتە ئەستۆی خۆی. هەر وەک لە بەیاننامەی مافی مرۆڤ و دستوری کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتوەکاندا هاتوە.

سێیەم داوا لە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتوەکان بکرێ کە بارودۆخێکی گونجاو لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا بخولقێنێ بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد بەئازادی

بتوانێ لە ریفراندۆمێکی گشتیدا بۆ دیاریکردنی چارە نووسی خۆی وشێوەی ژیانی دەنگ دەر برێ. کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتوەکان دەستە بەری پیادە کردنی ئەنجامی بیروڕاو دەنگدانی زۆربەی گەلی کورد بێت.

مەسەلەیەکی ترکە لە بەرنامەی کۆنفرانسدا جێگای باسە، بانگکردنی ٢٠ کەس لەکوردەکانی دەرەوەیە بۆ کۆنفرانس. بانگکردنی کوردەکانی دەرەوە بۆ کۆنفرانسی پاریس ولۆزان تاقیکردنەوەیەکی زۆر جوانی بە خەڵک نیشان نەداوە. ئەو بانگ کردنە پتر لە سەر بناخەی دەستەبەندی وخزمایەتی ودۆستایەتی بوە. کەسانێک بۆ ئەو کۆنفرانسانە بانگ کراون کە رۆژێک لە رۆژان نەک هەر لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد دا دەورو تێکۆشانێکیان نەبوە، بەڵکوو لە نێو کۆمەلانی خەڵکیشدا بە دڵسۆزو خزمەتگوزاری میللەت ناناسرێن و لە دوا رۆژیشدا بۆ کورد نابنە مایە. پێویستە لەم بارەشەوە بڕیاری بەکۆمەڵ بدرێ وکەسانێک بۆ کۆنفرانسی ئاوا بانگ بکرێن کە لەبارودۆخی ئیمڕۆی کوردستاندا بتوانن کارێکی خێریان لەدەست بێ. مێژوو بەر پرسیەکی گەورەی خستۆتە سەر شانی یەک یەکی کەسانی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی کوردستان و تەنیا لە رێگای یەکێتی وشێوە کاری دیموکراتیانە وواز هێنان لە بیرو بۆچوونی تەنگەبەرانە و لەبەر چاو گرتنی بەرژەوەندی گشتی مەسەلەی کورد دەتوانن لە بەرانبەر مێژوودا سەر بەرزو سەرکەوتوو بێنە دەرێ. ئێمە هیوادارین کۆنفرانسی ستۆکهۆلم بە کردەوە ببێتە « کۆنفرانسی عمل » نەک کۆنفرانسی « خۆ نواندن و وتاردان » ئەمەش تەنیا لە رێگای پێکهێنانی یەک دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد وهێنانە گۆڕی مەسەلەی کوردو کوردستان بە ئەنجام دەگات نەک دوو پات و چەند پات کردنەوەی سکالاو راپۆرتی کوژران وویرانکردنی بەشە جیاوازەکانی کوردستان.

سەردەمی نوێ بۆ بلاوکردنەوەی هەموو بیر وڕاو پێشنیارێکی داهێنەرانە لە بارەی کۆنفرانس و تێکۆشانی دەستەی نوێنەرایەتی کورد ئامادەیی خۆی رادەگەیێنێ. »

سەر وتاری رۆژنامەی سەردەمی نوێ هەر وەک هەموو ویست وداخوازی دڵسۆزانی گەلی کورد هیچ تەئسیرێک نەکردە سەر حیزبە سیاسیەکانی کورد وهەر وەک لە رەوەندی کارەکانی کۆنفرانسدا دەردەکەوێ، کۆنفرانس لە لایەن نوێنەری حیزبە کوردیەکانەوە کرا بە مەیدانی پێ هەڵگوتن بە شاخ وباڵی رێکخراوەکانیەن ومەسەلەی سیاسی ومافی نەتەوایەتی نەتەوەی کورد لە لایەن ئەوانەوە هەر باسی نەدەکرا.

## کۆنفرانسی ستۆکهۆڵم مارسی ١٩٩١

١٥و١٦و١٧ی مانگی مارسی ١٩٩١ کۆنفرانسی ستۆکهۆڵم« سەبارەت بە مافە ئینسانیەکان بۆ گەلی کورد» بە بەشداری پتر لە ٢٠٠ کەس بەسترا. بۆیە ناڵێم ٢٠٠ نوێنەر، چونکە هێندێ کەس لە کۆنفرانس ودەورو بەریدا دەبینران، لە هیچ بارێکەوە لە کۆمەڵگای کوردەواری نەناسراون و باوەر ناکەم لە بزافی کوردیدا نەخشێکیان هەبووبێ. بەڵام بانگ کرابوون وهاتبوون لە سالۆنی کۆنفرانسدا دەخولانەوە. ژمارەیەکی زۆر لەزاناو پرۆفیسۆر و پسپۆر وسیاسەتمەداو نوێنەرانی پارلمان ورێکخراوی بێگانە بەشداریان کردبوو. پترلە ٥٠ رۆژنامە نووس ونوێنەری راگەیاندنە جیهانیەکان ئامادەی کۆنفرانس بوون.

بە خۆشیەوە منیش وەک سەر نووسەری رۆژنامەی « سەردەمی نوێ » بۆ کۆنفرانس داوەت کرابووم. یاداشت کردنی باس وگۆتارەکان لە کۆبوونەوەیەکی ئاوادا کارێکی هاسان نیە. وتارەکان هەموویان بەزمانی ئینگلیزی وکوردی بوون. بەڵام راستەو خۆ دەکران بەکوردی یان بە ئینگلیزی. کۆنفرانسی ستۆکهۆڵم لە کات وبارودۆخێکدا بەسترا، کە راپەرینی قارەمانانەی گەلی

www.kemalisami.com

کورد لە کوردستان وراپەرینی شیعە لە خوارووی عیراق دەست پێکرابوو.

کۆنفرانس بە وتاری(هارماسۆن) سەرۆکی «کۆمیتەی پاراستنی مافی مرۆڤی کورد» لەسوید کرایەوە وکاری خۆی دەست پێکرد. ناو براو گوتی« کاتێ ئێمە بۆ ئامادەکردنی کۆنفرانس دەست بەکار بووین، نەماندەزانی کە ئەم گۆڕانەی ئێستا بە سەر کورد دادێ. ئێستا خەباتی کورد لەپەرە گرتن دایە وهیوادارم کۆنفرانس ئەم بارودۆخە لە بەر چاو بگرێ.....»

پاشان وەزیری پەنابەران لە سوید«مای لیس لویف» لە وتاری خۆیدا گوتی: « سیاسەتی دەوڵەتی سوید بەرانبەر بەکورد گۆڕانی بەسەردا نەهاتوە. ئێمە مەسەلەی کورد وەک مەسەلەی پەنابەران ومافی مرۆڤ چاو لێدەکەین. لەمافی کوردان ولە دێموکراسی بۆ هەرێم پشتیوانی دەکەین...»

پرۆفیسۆر داویدمەکداڤیل لە ئینگلستان لەسەر بارودۆخی کورد لە سەردەمی عوسمانیاندا قسەی کردو گوتی:« بە بڕوای من مەسەلەی کورد لە تورکیا پێش دەکەوێ. ئێستا گەلی کورد شیاوی پشتگیری نێو نەتەوەییە.... من دەتوانم بە ئەمریکاو بە ولاتانی دیکە بڵێم: مەسەلەی کورد بخرێتە نێو مەسەلەکانی رۆژهەڵاتی نێوەراست. ئەگەر ولاتانی رۆژئاوا ئاشتیان گەرەکە، تورکیا پێی خۆش بێ یان ناخۆش، دەبێ مەسەلەی کورد بکرێتە بەرنامەی رۆژ

پرۆفیسۆر جون گالتونگ لە ستۆکهۆڵم گوتی : « کورد لەنێوان پێنج ئیمپراتوری دا بەشکراوە. ئێمەی ئوروپایی بەتایبەت ئینگلستان لە بەرانبەر مەسەلەی کورد گوناهبارین... دەڵێن کورد شەڕ خوازن، داخوا هیچ شێوەیەکی تر هەیە؟ مەگەر گاندیەکی کورد پەیدا بێ... پاشان ناو براو هاتە سەر مەسەلەی نەوت وگوتی: پێویستە لە خێری نەوت بەشی کوردیش بدرێ. نەوت وئاو ودەوڵەت، سێ شتی گرنگن. پێویستە کورد لەو سێ یانەدا بەشدار بێ. لە کۆنفرانسی رۆژ هەڵاتی نێوەراست دا، پێویستە باسی ئەو سێ شتانە بکرێ....»

پرۆفیسۆر جویس بلۆ لە پاریس، لە سەر کولتور وزمانی کوردی قسەی

www.kerimhisami.com

کرد. پرۆفیسۆر ریچارد ڤالک لە ستۆکهۆلم لە وتاری خۆیدا گوتی :« رۆژی ئەوە هاتوە کە کوردەکانیش مافی چارەنووسی خۆیان وەر بگرن. ئورووپاو ئەمریکا باش لە مەسەلەی کورد تێ نەگەیشتوون. ئەم کۆنفرانسە پێویستە ئاگاداریەکی باش بدا بە ئورووپاییەکان لەسەر مەسەلەی کورد.

رووداوی کەنداو مەسەلەی کوردی گۆڕی. بوش گوتی:« پێویستە مرۆڤ لە رۆژ هەلاتی نێوەراست دا رێزی لێ بگیرێ، ئەوە نیزامی نوێی جیهانیە.» ئایا مەبەست لەم قسەیە چیە؟ گەلۆ دەیەوێ خەلکی ئەم ناوچەیە بۆ ئامانجی خۆی بەکار بێنێ ؟ لە شەری یێکەمی دنیا گردا ئامانج پارچە پارچە کردنی کوردستان بوو. ئەوت هەبوو. با پەیمانەکانی سیڤەر ولۆزان بەراورد بکەین. لە سیڤەردا مافی کوردان هەبوو. لە لۆزان لایان برد. ولاتێکی نوێ یان بەناوی عیراق پێک هێنا. ئێستاش دوای شەری کەنداو چ جۆرە سیاسەتێک دێتە کایە ؟.... گەلی کورد نەتەوەیەو خاوەن خاکە. بەلام دەولەتی نیە. زۆر کەس نازانێ نیزامی دەولەت ونەتەوە چیە. لە سیاسەتی کۆندا دەولەت دەناسران، تراژیدی کورد ئەوەیە کە نەتەوەیەکی بێ دەولەتە. بۆیەش باسی ناکرێ. چونکە بەگوێرەی یاسای نێو نەتەوەیی دەولەت هەیە. ئێستا دەلێن کە دەولەت ونەتەوە یەک نین.... نەتەوەیەک کە هیچ دەولەتی خۆی نەبێ، هیچ تەئسیری نیە، بۆیە پێویستە ئەویش دەولەتی هەبێ. لە کۆتایی وتارەکەیدا گوتی : کوردو فەلەستینی پێویستە دەولەتی خۆیان هەبێ....»

نوێنەرێکی دیکەی پارلمانی ئینگلستان گوتی :«لە پارلەمانی ئینگلستان زۆر جار ویستوومانە باسی کورد بکەین، بەلام رێگا نەدراوە. کوردەکان پێویستە لە پارلەمانەکاندا پیاوی خۆیان پەیدا بکەن. لەم ولاتانەدا دەکرێ بە پارە لە نێو پارلەمان پیاو بدۆزرێتەوە. لە نێو پارلەمانتاریستەکانی ئەم ولاتانەدا پارە فرە کار دەکات....»

پرۆفیسۆر عیسمەت شەریف وانلی رەخنەی لەپێشنیاری بانگەوازی کۆتایی کۆنفرانس گرت کە مافی چارەنووسی کوردی تێدا جێ نەکراوەتە و

www.kerimbisani.com

تەنیا باسی مافی مرۆڤ دەكرێ. ناو براو باسی بەندەكانی پەیمانی سیڤەری كردو گوتی : پێویستا مافی نەتەوەی كورد بخرێتە نێو بەیاننامەی كۆتایی كۆنفرانسەوە...»

ئەوەی لە كۆنفرانسدا سەرنجی منی راكێشاو جێگای داخبوو، وتارو ئاخافتنی نوێنەری حیزبە كوردیەكان ویا كوردەكانی بەشداری كۆنفرانس بوو. هەوەڵجاربوو كۆنفرانسێكی ئاوا بەناوی كورد دەبەسترا. هەر چەندەكۆنفرانس خۆی لە باسی مافی چارەنووسی كورد نەدەداو بە ناوی( مافی مرۆڤایەتی وئینسانی) ناودێر كرابوو، بەڵام دیسان بە هەنگاوێكی مەزن دەژمێردرا. نوێنەری حیزبە كوردیەكان لەجیاتی ئەوەی لەم كۆنفرانسەدا وتارێكی پرۆیەكگرتوانە بەناوی كوردو بۆ مەسەلەی سەر بەخۆیی و مافی دیاریكردنی چارەنووس پێشكێش بكەن ولەسەرمەسەلەی سیاسی نەتەوەی كورد پێدابگرن، جارێكی دیكەش كوردستان وكوردەكەیان بە دەپازدە پارچەی بێ قیمەتی پچوك دابەش كرد وهەر كەس دەچوە پشتی میكرۆفۆن باسی حیزبەكەی خۆی و پارچەكەی خۆی دەكرد وبەشان وباڵی حیزبەكەی هەڵادەگوت وشانازی بە زۆریی شەهیدان دەكرد.

لەتاو بێزاری هەم هەڵوێستە كورتەی وتاری نوێنەرانی حیزبە كوردیەكان ( نەک نوێنەرانی كورد) م یاد داشت كردوە كە ئەوەی بە سەر زمانیاندا نەهاتبێ باسی نەتەوەی كوردو مەسەلەی سیاسی كورد بوە. هەر بۆیەش یەكێ لە نوێنەرانی پارلەمانی ئینگلستان لە وتاری خۆیدا گوتی :« دژواری لەوەدایە كەكورد خۆی نازانێ چی دەوێ.هەر لەم كۆنفرانسەدا گوێمان لە ویست وبۆچوونی جیاوازی كوردەكان بوو كە هەریەكە جۆرێک بۆ مەسەلەكە دەچوو. ئێوە لەبارەی نەوت وناویش كە سەرچاوەیان لە كوردستانە سیاسەت و ستراتێژیەكی روونتان نیە. ئێمە نازانین ئەگەر كورد ببنە دەوڵەت نەوت وناو چ لێدەكەن وچۆنی بەرێوە دەبەن..... »

www.kurdishsami.com

## كورته‌یه‌ك له ئاخافتنی نوێنه‌رانی حیزبه كوردیه‌كان :

هوشیار زێباری به‌ناوی به‌ره‌ی كوردستانی عیراق باسی جنایه‌ته‌كانی ڕژێمی سه‌ددام وچالاكی پێشمه‌رگه‌ی كوردستانی كرد وهاته سه‌ر راپه‌رینی گه‌لانی عیراق به‌كوردو عه‌ره‌به‌وه وگوتی: ئێستا زۆربه‌ی خاكی كوردستان له خانه‌قینه‌وه بگره تازاخۆ له ژێر ده‌سه‌لاتی پێشمه‌رگه‌ی هێزی كوردستانی دایه.
پاشان گوتی : داخوازی ئێمه بریتیه له دێموكراتی بۆ عیراق ونوتونۆمی راسته قینه بۆ كورد. ئێمه وه‌ك به‌ره داوا له‌كۆمه‌ڵگای نێو نه‌ته‌وه‌یی ده‌كه‌ین چاره سه‌رێكی ئاشتیانه بۆ مه‌سه‌له‌كه‌مان بدۆزنه‌وه‌و داوا له سوید ده‌كه‌ین پشتگیری ئینسانی له كوردستانی عیراق بكا.....»

سه‌رهات ده‌جله به ناوی ته‌فكه‌ر (چه‌ند حیزبه كوردستانی توركیا) حكایه‌تیكی دوور ودرێژی له مێژووی وه‌سمانلی وكه‌مالیسته‌كان گێراوه و پاشان گوتی :له ئامانجی دووردا ئێمه سه‌ر به‌خۆییمان ده‌وێ. به‌ڵام له ئامانجی نیزیک ده‌مانه‌وێ بوونی كورد له توركیا دانی پێدا بنرێ، یاسای نیزامی ویلایه‌تی لابچێ، له‌شكری تورك له‌كوردستان ده‌ركه‌وێ، گونده سووتێنراو وكاول كراوه‌كان ئاوه‌دان بكرێنه‌وه، لێبووردنی گشتی رابگه‌یه‌نرێ..... »

كه‌مالی داودی به‌ناوی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران زوڵم وزۆرداری حكومه‌تی كۆماری ئیسلامی روون كرده‌وه‌وگوتی: له‌ماوه‌ی ١٢ساڵدا كۆماری ئیسلامی پترله ٥٠هه‌زاركوردی كوشتوه. داوای له‌كۆنفرانس كرد دژی كوشتنی دوكتۆرقاسملوو ئیعتیراز بكاوداواله حكومه‌تی نوتریش بكا كوژرانی دوكتۆرقاسملو روون كاته‌وه.....»

كورده‌كانی سوریاش سێ كه‌سیان هه‌ر كه‌س به‌جیا باسی به‌شه‌كوردستانی خۆی ده‌كردو داوای ئه‌وه‌بوو كه‌ببنه خاوه‌نی مافی سیاسی وكولتوری

www.kerimbisarni.com

خۆی دەکردن داوای ئەوەبوو کەببنە خاوەنی مافی سیاسی وکولتوری وکۆمەلایەتی وسیاسەتی شۆفێنی یان لەسەر وەلابچێ... »

پرۆفیسۆر شاکرۆی محۆ بەناوی کوردەکانی روسیاوە پێشنیاری کرد:« کوردیش وەک فەلەستینیەکان لە کۆڕی نەتەوە یەکگرتوەکاندا نوێنەری هەبێ. کومیتەی سوێدی کۆنفرانسی ستۆکهۆلم بکاتە ماتریال وبۆ کۆنفرانسێکی نێو نەتەوەیی بێدا بە کۆمەلی دەولەتە یەکگرتوەکان. پاشان گوتی : کێشەی کورد دوولایەنی هەیە. یێکەم شێوەی ئاشتی، دووەم رێگای ژینۆساید وەک هەلەبجە. کێشەی کورد بە مێتۆدی هەلەبجە چارە سەر ناکرێ.....»

برادەرێکی دیکەی کوردی تورکیا بە ناوی دیلان، لەلایەی ١٤ رێکخراوی کوردستانی تورکیا وتاری داو هێندێ پێشنیاری کردن وەک :«پێک هێنانی کومیسیۆنێک بۆ لێکۆلینەوەی چەکی کیمیایی، هاوکاری ئوروپا بۆ لەناو بردنی چەک، خەبات بۆ چاودێرێکی کورد لە رێکخراوی دەولەتە یەکگرتوەکان، چوونە دەری لەشکری تورکیا لە کوردستان.....»

ماشەلا نوێنەری پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا (پ.ک.ک.) بەر لەوەی دەست بە ئاخافتنی خۆ بکا، رەخنەی لە کومیتەی ئامادەکردنی کۆنفرانس گرت کە بۆ چی بە ناوی پێ.کا.کا هیچ کەس بۆ کۆنفرانس بانگ نەکراوە. پاشان ناو براو باسی راپەڕین و شەڕ وبارودۆخی کوردستانی کرد و گوتی :« مەسەلەی کورد مەسەلەی کولتوری وئینسانی نیە. مەسەلەی ئازادی نەتەوەیەکی ٢٥ میلیۆنی و سەر بەخۆیی ولاتەکەیانە. ئێمە دەزانین هێندێک بە چاوی بازرگانی دەیانەوێ باسی مەسەلەی کورد بکەن. با هەموو کەس بزانێ رزگاری کورد تەنیا بە ئیرادەی کوردان دەبێ. پشتگیری لە کورد، پشتگیریە لە سەر بەخۆیی وئازادی کوردستان. مەسەلەی دێموکراسی راستە قینەش بۆ ئێمە هەر ئەوەیە.....»

لە کۆنفرانسدا جگە لە نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە کوردەکانی ئێران کاک حەسەنی رستگار وکاک سەلاحی موهتەدی وکاک

دیاریکردنی چارەنووسی کورد ریفراندۆمێک دەستەبەر بکا. کوردی هەر بەشێک مافی خۆیان وەرگرن. لە کۆتاییدا هیوای سەرکەوتنی بۆ کۆنفرانس خواست.....»

کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنفرانس کات ونۆرەی بۆمیوانانی بێگانەو نوێنەری حیزبە کوردیەکان دیاری کردبوو. شێوەیەکی دیکەش هەبوو کەسێک ویستبای قسە بکا، پێنج دەقیقە کاتی دەدرایە بەو شەرتەی لە پەرە کاغەزێکی جیاواز کە ئامادە کرابوو، ناوی خۆی نووسیبایەوداوای کاتی کردبایە،. کاغەزەکە دەدرا بە سەرۆکایەتی کۆنفرانس و جا ئەگەر بە خێری خۆیان وەریان گرتبا، ئەوە لەکاتی خۆیدا کابرایان بانگ دەکرد ووتاری خۆی دەخۆێندەوە. کاتێ دیتم نوێنەری حیزبە کوردیەکان لە جیاتی باسی مەسەلەی نەتەوەی کورد بەگشتی، لە کۆنفرانسدا خۆیان کوردستان لەت وپەت دەکەنەوەو هەر کەس بە بالای حیزبەکەی خۆی هەلا دەلێ، چووم ناوی خۆم نووسی وداوای پێنج دەقیقە کاتم کرد. هەر لەو کاتەشدا چووم لەقوژبنێک وتارێکی بە پەلەم ئامادە کرد، بۆ ئەوە ئەگەر خواکردی ورێگایان دا بیخوێنمەوە. لەبەر پەلەوکەمی کات، بەراستی ئەوەی دەمویست بیلێم، بۆم نەهاتبوە سەر کاغەز. بەلام هەر چی بێ والێرەدا بلاوی دەکەمەوە:

« پێشەکی سوپاسی کومیتەی سوێدی پاراستنی مافی مرۆڤی کورد دەکەم بۆ پێکهێنانی ئەم کۆنفرانسەو بەخێر هاتنی میوانانی بەرێز دەکەم. پتر لە سالێکە ، واتە هەر بەدوای کۆنفرانسی پاریس دا کە بڕیار درابوو کۆنفرانسی ستۆکهۆلم لە سەر مەسەلەی کورد ببەسترێ، خەلک چاوی بڕیبوە ئەم کۆنفرانسە کە سەبارەت بە مەسەلەی سیاسی ونەتەوەیی کورد، هەنگاوی گرنگ هەلبێنێ. ئێستاش هەر هیوادارم کۆنفرانس لەم بارەوە بڕیاری پێویست پەسند بکا. چاوەڕوانی ئەوە دەکرا کە بە ئەزموونی کۆنفرانسی پاریس، لە کۆنفرانسی ستۆکهۆلم دا باسی چارەنووسی میللەتی کورد لە باری سیاسیەوە بێتە گۆرێ. بە تایبەت کە کۆنفرانسی ستۆکهۆلم لە بارودۆخێکدا دەگیرێ،

www.kerimbisani.com

شەری کەنداوی فارس وەزعێکی تایبەتی لە عیراق و لە رۆژ هەلاتی نێوەراست دا، پێک هێناوە و ئێستا کوردستانی خواروو لە چنگ رژێمی سەددام ئازاد کراوە. هەر بۆیەش گرانایی مەسەلەی کورد لەم بارودۆخەدا کەوتۆتە سەر کوردستانی عیراق.

رۆژنامەی سەردەمی نوێ لەکاتی خۆی لە ژمارە ٤٥دا وتارێکی بلاو کردەوەو لە بارەی بەشداری نوێنەرانی کوردو بانگ کردنی بەشدارانی کۆنگرە هێندێ پێشنیاری پێشکێش کردبوو. ئێمە چاوە روان بووین بەشدارانی کۆنگرە بە گشتی ونوێنەرانی حیزبە کوردیەکان بەتایبەتی، لەسەر رێگای چارەسەر کردنی مەسەلەی سیاسی نەتەوەی کورد قسە بکەن. بەلام بەداخەوە جگە لەوەی کە کۆنفرانس باسەکەی بە مافە ئینسانیەکانەوە تەنگە بەر کردوە، نوێنەرانی حیزبە کوردیەکانیش هەر بۆ تەبلیغات بۆ حیزبەکانیان هاتوونە کۆنفرانس ولێرە جارێکی دیکەش کوردستان لەت وپەت دەکەنەوە. لە کۆتاییدا پشتی پێشنیاری ماموستا شێخ عیزەددین دەگرم کە داوا لە کۆمەلی دەولەتە یەکگرتوەکان بکرێ ریفراندۆمێک بۆ وەرگرتنی بیروراى میللەتی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان پێک بێنێ و روونی بکاتەوە کە کورد خۆی چی دەوێ.

پێشنیارێکیشم بۆ حیزبە کوردیەکان ئەوەیە کە هەول بدەن کۆنگرەیەکی نەتەوەیی کوردستان پێک بێنن و ئەم کۆنگرەیە لە دەرەوەی کوردستان و لە پێوەندیەکانی نێو نەتەوەییدا بەناوی کورد قسە بکا وئەم جۆرە کۆنفرانسانە چیتر نەبنە مەیدانی تەبلیغات بۆ حیزبەکان. داوای سەر کەوتن بۆ کۆنفرانس دەکەم...»

لە نێو وتارە کوردیەکاندا، ئاخافتنی دوکتۆر مەحمود عوسمان سەرنج راکێش بوو. زۆر بەراشکاوی سیاسەتی دەولەتە زلهێزەکان وسکرتێری کۆمەلی دەولەتە یەکگرتوەکانی روون کردەوە کە لەبەر خاتری ئێران وتورکیا روویان لە کورد نیەو لە چوار چێوەی بەرژەوەندی خۆیانەوە دەروانە مەسەلەی کورد.....»

www.kerimhisami.com

کۆنفرانسی ستۆکهۆڵم ٣ رۆژی خایاند و لە کۆتاییدا ئەم بەیاننامەی خوارەوەی پەسند کرد کەکاک حەسەنی قازی کردوویە بە کوردی و لە گۆڤاری (بەربانگ)ی ژمارە ٧١و٧٢ ئۆرگانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان لە سوید دا بڵاو کراوەتەوە،

## «بەیاننامەی ستۆکهۆڵم سەبارەت بە مافە ئینسانیەکان بۆ گەلی کورد»

« بنەماڵەی جیهانی چی دیکە نابێ ئەو زوڵم وچەوسانەوەی کە زیاتەرلە ٢٠ میلیۆن کوردی وەبەر گرتوە تەحەمول بکا.ئەو زوڵم وزۆرە هەرەشە لەئاشتی وئاسایش لە رۆژهەڵاتی ناوەراست دەکاو مافە ئینسانیەکان کە لەرێکی نێو نەتەوایەتیدا رێکەوتنیان لەسەر کراوە پێشێل دەکا. پێشێل کرانی مافە ئینسانیەکان لەکوردستان ساڵانی دوورودرێژە بەردەوامە و هەتا دێ شێوەیەکی سیستماتیک وبەر بڵاو بەخۆیەوە دەگرێ. گرتنی زۆرەملی، ئەشکنجە، سزادانی توندوتیژ دوای دادگەری فەرمایشی، یان هەر بەبێ دادگە،»ون بوون و بێ سەروشوێن چوون» ئیعدامی ناقانونی،شەڕی کیمیایی، دوور خرانەوە لەماڵ وحاڵ و وێرانکردنی خانووونیشتگە، لە نێو برانی ئاژەڵ ومەڕوماڵاتی کوردان و هۆی بەرێچوون، بێ بەش کردن لە مافی بەکار هێنانی زمان، ئەددبیات، موزیک وخوێندن وزانیاری وەدەستهێنان لەسەر مێژووی خۆیان، هەلو مەرجی زاڵمانەو نائینسانی لە ئۆردوگاکانی پەنابەران.

گەلی کورد قەت لەبەر سێبەری دێموکراسیدا نەحاواوەتەوە، لەوەش کەمتر، مافێکی ماناداری دیاریکردنی چارەنووسی خۆی نەبوە. عیراق وڵاتێکە کەلەسەر کاغەز جۆرەئۆتۆنۆمیەکی داوە، بە رێگەی زوڵم وزۆر، بەدانانی بەرێوەبەری کارتۆنی ئەو رێکەوتنانەی کەسەردەمایەک خۆی دانی پێدا هێناوە خستوویەتە ژێر پێوە.

ئێران، عیراق،سوریا ، تورکیاو یەکێتی شورەوی هەموویان لەسەروبەندی جیاوازدا بە ئانقەست هەولیان داوە بۆ کزکردنە کەسایەتی نەتەوایەتی کورد بە رێگەی گۆرینی پارسەنگی دیموگرافی لەناوچە کوردیەکان.

تائەو کاتەی کە ئەو ناعەدالەتیانە بەردەوام بن،چ ئاشتیەکی راستە قینە لە رۆژ هەلاتی ناوەراست دا نابێ. کۆنفرانس داوا دەکا کە حکومەتەکانی ئێران، عیراق. تورکیا، سوریاو یەکێتی شورەوی رێز لە بەیاننامەی جیهانی مافی مرۆڤ وپەیماننامەکانی دیکەی مافی مرۆڤ بگرن و ئەوان لەکوردستان ولەناوچەکانی دیکەی کە دانیشتوی کوردیان هەیە بەتەواوی جێبەجێ بکەن. بەتایبەتی داوا دەکاکە ئەوپێنج حکومەتە:

ــ دەستبەجێ دوور خستنەوەی کوردەکان لە شوێنگەیان وکاول کردنی مال وخانوویان، لە نێو بردنی ئاژەل ومەروماڵاتیان و هۆی بەرێچوونیان رابگرن.

ــ دەستبەجێ ئەو بەندییە کوردانەی کە لەسەر بیروباوەریان گیراون بەربدەن وکۆتایی بەهەمووجۆرە ئەشکنجەو ئیعدامان بێنن.

ــ رێگا بدەن کە پانا بەرە سیاسیەکان لە تاراوگەرا بگەرێنەوە وهەموو مافێکی رەوای هاو وڵاتییان پێ بدەنەوە.

ــ ئەو داو ودەزگایانەی کە لەنێو هێزی پۆلیس،هێزی ئەمنیەتی وجەیشدا بۆ ئازاردان وردنجدانی گەلی کورد دەکار کراون هەلوەشێندرێتەوە.

ــ خەساری ئەو قوربانیانەی کە لەرابردوودا کەوتوونەتە بەر زەبری پێشێلکرانی مافی مرۆڤ ببژێرنەوە.

ــ رێزی مافی زمانی کوردی بگرن، لەوانە مافی چاپکردن وبلاوکردنەوە بە کوردی، ومافی منداڵان وگەنجانی کورد کە بەزمانی خۆیان بخوێنن وپەروەردە بکرێن،

ــ ئینسانانە لەگەل پەنابەرانی کورد بجولێنەوە،بە پێی مافە ئینسانیەکانی پەسند کراوی نێو نەتەوەیی وقانونی پەنابەری،

ــ پێش بە پێوەندی نێوان کوردەکان لە نێوان سنورە نێو نەتەوایەتیەکاندا

www.kerimhisami.com

ئەگرن وزەمینەی ئەو پێوەندیانە خۆش بکەن.

داوا لەحکومەتە ناو براوەکان دەکا کە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد بەدەستی خۆی بناسن وپشتی وتوێژی ئەوتۆ بکەن کە ڕێگەی وەدەست هێنانی ئەو مافە خۆش دەکەن بۆ ئەوەی کە پێوەندیەکی ئاشتیانە وبەقازانجی دوولایەنە لە نێوان کورد وگەلەکانی دراوسێدا وەدی بێ.

کۆنفرانس دەستەوداوێنی هەموو حکومەتەکانی جیهان دەبێکە لە چوار چێوەی کومیسیۆنی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکاندا پێشێلکران ووەسەرپەرینی مافی مرۆڤ بهێننە گۆڕێ کە زۆر لەکوردان ڕەنجیان لێ چێشتوە و هەرواش دەیچێژن لە گشت ئەو ولاتانەدا کە تێیاندا دەژین.

دەستەوداوێنی هەموو حکومەتەکانی جیهان دەبێ کە بەشێوەیەکی لێبڕاوانە کار بکەن بۆ چەسپاندن پێوانە نێو نەتەوەییەکان سەبارەت بە پاوانکرانی بەکار هێنانی چەکی کیمیاویی، دەستە وە داوێنی هەموو حکومەتەکانی جیهان دەبێ کێشەی کورد،مافە ئینسانیەکانی تاکی کورد و هەروەها مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد بەدەستی خۆی، لە پێوەندی لەتەک ئەوە دەستپێشکەرییانەدا کە سەبارەت بە ئاشتی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دوا بەدوای شەری کەنداوەدەکرێن بهێننەگۆڕێ. دەستەوداوێنی سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دەبێ کە پرسی کوردیش جێ بکاتەوە ئەگەر بانگی پێکهاتنی کۆنفرانسێکی نێو نەتەوایەتی سەبارەت بە ئاشتی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەدا.

دەستەوداوێنی سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دەبێ لەوە بکۆڵێتەوە وڕێشاندەری بکا کە گەلی کوردو گەلی دیکەی بێ دەوڵەت دەکری بە چ ڕێگەیەکی هەرە باشدا لە چوار چێوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا نوێنەرایەتیان هەبێ. کۆنفرانس داوا لە هەموو حکومەتەکانی جیهان دەکا کە بەشێوەیەکی ئینسانی لەگەڵ پەنابەرە کوردەکان بجوڵێنەوە و وەکوو دەستەکانی دیکەی پەنابەران مافی پەنابەریوداڵدەیان بدەنێ،بەلەبەر چاو گرتنی

www.kerimbisani.com

توندوتیژی ئەو راونانەی کە کوردەکان لە وڵاتەکانی زێدی خۆیانەوە تووشیان هاتوە.

دەستەو داوێنی کۆمیسارییای بەرزی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کاروباری پەنابەران دەبێ پشتیوانی لێکردن و یارمەتیدانی پەنابەرانی کورد لەرۆژهەڵاتی ناوەراست، بەتایبەتی لە تورکیاو عیراق وئێران وەپێش بخا وهەموو حکومەتەکان پشتی کومیسارییای بەرزی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کاروباری پەنا بەران لەو بارەوە بگرن.

**کردەوەی کۆنکرێت بۆ بەرەو پێش بردن وپاراستنی مافە ئینسانیەکانی گەلی کورد:**

لەماوەی کۆنفرانسی نێو نەتەوایەتی«ناسینی مافی کوردان- ستراتێژی کردەوە لەلایەن هاوپێوەندەکاندا» لە ستۆکهۆلم لە نێوان ١٥-١٧ی مارسی ی١٩٩١دا رادەربرین ودمەتەقەکرا کە چلۆن پشتیوانی لە خەباتی گەلی کورد بکرێ لە پێناو مافە ئینسانیەکانی ئەو گەلەدا بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی بەدەستی خۆشیەوە. ئەو راگەیەندراوەی خوارەوە رووی لە هەموو دۆستان وپشتیوانانی کوردەکانە لە چوار چێوەی ئەو خەباتەدا. مەبەست ئەوەیە کە هانی هەوڵ وتێکۆشانی کۆنکرێت بدرێ بۆ پشتگیری لە مافە ئینسانیەکانی کورد.بنەماڵەی جیهانی لەمێژە کێشەی کوردو ئەو زوڵم وزۆرەی لەکورد دەکرێ لەبیر خۆی بردۆتەوە. ئێستا کاتی ئەوە هاتوەکە ئەو کەمتەر خەمیە یەکجارو هەمیشە دوایی پێ بهێندرێ .

پرینسەپەکان : ١ــ خەڵکی دنیا لە هەموو جێیەک نیازیان بەوە هەیە کە سەبارەت بە کێشەی کورد زانیاریان بدرێتێ ولێی بزانن، سەبارەت بەزەمینەو مەکۆی مەسەلەکە،باری ئێستاو ئەو پرسانەی سەر بەمافی مرۆڤ کەلەوکێشەوە هەستاون.

٢ ــ حەوجێ بە تێوەچوون وشان وەبەردانێکی بە گوڕو ئازانایانە هەیە سەبارەت بەمافی کوردان لە رێکی نەتەوایەتیو نێو نەتەوایەتیدا. ئەم کارەش

پێویستی بە کۆکردنەوەی سیستماتیکی راستەقانی وزانیاری باوەر پێکراوە سەبارەت بەباری مافی مرۆڤ لە ناوچە کوردیەکاندا.

٣ ــ پێویستی بە پشتیوانی کۆنکرێت هەیە، چ دارایی و چ یارمەتی دیکە لەگەلی کوردلەو دۆخەدا کە ئێستا تێیدان.

٤ ــ گشت ئەو کردەوانەی کەبۆ هاودەردی و هاو پێوەندی لەگەڵ کوردان دەکرێن دەبێ لەگەڵ رێکخراوە کوردیەکان رێک بخرێن. ئامانج ومەبەستی ئەو کارانە دەبێ پشتیوانی کردن لە کوردان بێ بۆ ئەوەی کەمافەکانی خۆیان وەدی بهێنن.

٥ ــ بۆ ئەوەی کە ئەوکردەوانە کاریگەر بن و بڕشتیان هەبێ، دەبێ کاری پشتیوانی تائەوەندەی هەڵدەسوڕێ، لە بنەمای پێوانە پەسندکراوەکانی نێونەتەوایەتی لەمەڕ مافی مرۆڤ بەرێوە بچن.

٦ ــ پێوانە نێونەتەوایەتیەکان لەمەڕ مافەکانی ئابووری، کۆمەلایەتی وفەرهەنگی بەمافی مندالان ومافی ژنانیشەوە گرنگن

٧ ــ لەبەر ئەوەی کە لەچوار چێوەی داو ودەزگا جیاوازەکانی نێونەتەوایەتیدا شێوەی کاروجوولانەوەی دامەزراو هەن لەوانەیە نەکرێ کە پێشێلکرانی مافی کوردان لەهەموو کوردستاندا بەیەکجار بهێندرێتە گۆڕێ، جارجار لەوانەیە کەبۆچوون بەپێی هەر ولات پێویست بێ.لەگەڵ ئەوەشدا تەنانەت بەم حالّی بەرتەنگیشەوە پێویستە کە لەهەموو دەرفەتێک کەلک وەر بگیرێ کەلەبەر دەم دەزگایەکی نێونەتەوایەتی ئەوتۆدا باسی پێشێلکردنی مافی کوردان ومەحکوم بکرێ.

٨ ــ حکومەتەکان لە هەموو جیهاندا نیشانە داکراوێکی گرنگن بۆ کار کردن لەسەریان سەبارەت مافەئینسانیەکانی کورد.ئەوان دەتوانن شوێن لەسەر داودەزگاکانی دیکە کە دەکرێ کاریان لەسەر بکرێ بریتێن لە ئەندامانی پارلەمان، دەزگا پارلەمانیەکان، هەر وەها رێکخراوە ناو دەولەتیەکان وئامرازە راگەیێنەرە گشتیەکان، دابنێن.

www.kerimhisami.com

ڕێکخستن وهاو سەنگ کردنی کار:

١ ــ ئەو کومیتەو دەستانەی کەلە وڵاتە جیاوازەکاندا لە پێناو مافە ئینسانیەکانی گەلی کورد دا کاردەکەن، دەبێ تێبکۆشن بۆ گۆڕینەوەی زانیاری لەگەڵ یەکترو کردەوەو کارەکانی خۆیان ڕێک بخەن. ئەو کۆنفرانسانەی کە ڕێک دەخرێن

دەبێ بە شێوەیەکی وابن کە لەسەر بناوانی کۆنفرانسەکانی پێشووتردا ببەسترێن یارمەتیە ئینسانیەکان دەبێ هاو سەنگ بکرێن وڕێک بخرێن.

٢ ــ بۆ ئەو مەبەستە دەبێ شەبەکەیەکی نێو نەتەوایەتی لە گروپە پشتیوانەکان دابمەزرێ. هەڵبەت ئەو شەبەکەیە کارەکان لەگەڵ ڕێکخراوە ونەنستیتوە سەرەکیەکانی کورد ڕێک دەخا.

٣ ــ ئەو شەبەکەیە دەبێ کار بکا بۆ جێبە جێ کردن وتەتبیق کردنی بەیاننامەی ستۆکهۆلم. دەبێ ئەندامەکانی ئاگادار بکا لەمەڕ گشت ئەو دەستپێشکەریانەی کە لەباری نێونەتەوایەتیدا گرنگن. ئەندامەکانی ئەوشەبەکەیە دەبێ بەشێوەیەکی بەربلاو سەبارەت بە باری مافی مرۆڤ لە کوردستان زانیاری بلاو بکەنەوە و هانی بدەن کە لێکۆڵینەوەی زانستی سەبارەت بە بابەت ولایەنە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کورد بکرێ.

نەتەوە یەکگرتوەکان:

١ ــ حکومەتەکان دەبێ تەشویق بکرێن بۆ ئەوەی کە لە گەڵ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان ئیمکانی ئەوە بهێننە گۆڕێ کە کێشەی کوردیش بهێندرێتە گۆڕێ لەو وتوێژانەدا کە سەبارەت بە دەستپێشکەریەکانی ئاشتی لە ڕۆژهەلاتی ناوەراستدا بەرێوەیە.

٢ ــ حکومەتەکان ورێکخراوە ناو دەوڵەتیەکان کە لە چوارچێوەی کۆنفرانسی ئوروپا بۆ ئاسایش وهاوکاریدا کەسایەتی راوێژکاریان هەیە دەبێ دنە بدرێن کە لە دەزگای مافی مرۆڤداولە کومیسیۆنەکانی دیکەی سەر بەوکۆنفرانسەدا پێشێلکرانی مافی کوردان لەو وڵاتانەدا کە تێیاندا دەژین

www.kerimhisami.com

بهێننە گۆڕێ. دەستپێشکەری ئەوتۆ بکرێ بۆ ئەوەی کە بە شێوەیەکی سیستماتیک زانیاری سەبارەت پێشێلکرانی ئەو مافانە کۆ بکرێتەوەو هەوڵی دەکار کرانی پێوانەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بدرێ. بە تایبەتی دەبێ لەسەر ئەو نمونانەی خوارەوە پێدا بگیرێ :

حکومەتەکان :

١ ـــ حکومەتەکان دەبێ لێبراوانە داوایان لێبکرێ کە سەرنج بدەنە هەموو لایەنەکانی کێشەی کورد، بە پێشێلکرانی مافی مرۆڤی کوردانیشەوە. ئەوان دەبێ لێبراوانە داوایان لێ بکرێ کە ئەو مەسەلانە لە ڕێکی نێونەتەوایەتیدا بهێننە گۆڕێ وەکو ئەو دەزگایانەی کەلەسەرەوەدا باسیان کرا.

٢ ـــ حکومەتەکان دەبێ گوشاریان بخرێتە سەر بۆ ئەوەی کە بەروونی بیروڕای خۆیان لەمەڕ پێشێلکرانی مافە ئینسانەکانی گەلی کورد دەر ببڕن. دەبێ بەلێبراوانە داوا لەحکومەتەکان بکرێ کە لە پێوەندیەکانی دوو لایەنەی خۆیاندا لەگەڵ ئەو حکومەتانەی کە ڕاستەوخۆ بەرپرسی ئەو پێشێلکرانانەن ئەو بیروڕایە بهێننە گۆڕێ.

٣ ـــ دەبێ بەلێبراوانە داوا لەحکومەتەکان بکرێ کە یارمەتی نەکەن بۆ چەک لێ شەتەک دانی هێزەکانی ئەمنیەتی ونیزامی کە بۆ سەرکوتکردنی ناوچە کوردیەکان دەکار دەکرێن ولە جیاتیان کار بکەن بۆ چەک داماڵین لەناوچەکەدا.

٤ ـــ ئەو حکومەتانەی کە دەستیان دەڕوا بۆ ئەوەی کە هەلی وتوویژ لە نێوان کوردەکان ودەوڵەتە گۆرینەکاندا پێک بهێنن دەبێ دنە بدرێن بۆ ئەوەی کەکارێکی ئەوتۆ بکەن.

٥ ـــ دەبێ تکا لەحکومەتەکان بکرێ کە پەنابەرانی کورد بە ئاوایەکی ئینسانی وەر بگرن و پارێزگاری ئەوتۆیان لێ بکرێ کە ئەوا ن حەوجێیان پێیەتی.

٦ ـــ دەبێ داوا لەحکومەتەکان بکرێ کە یارمەتی ئینسانی بەوناوچە

www.kerimbisani.com

کوردیانە بکەن کەلەوێدا نیازێکی ئەوتۆ لەگۆڕێدایە.

دەستپێشکەرییەکانی ناو دەوڵەتی

١ ــ نوێنەرانی پارلەمان دەورێکی گەورەیان هەیە لە راکێشانی سەرنج بۆ سەر باری گەلی کورد. ئەوان دەتوانن لە پارلەمانەکانی خۆیاندا لە دەزگاکانی هاو بەشی نێوان پارلەمانەکاندا وبە رێگەی پێوەندی راستەو خۆ لەگەڵ حکومەتەکان یان بیروڕای گشتی دا دەست بەکار بن.

٢ ــ رێکخراوە ناو دەوڵەتیکانیش لەو بارەیەوە دەورێکی مەزنیان هەیە. ئەوان دەتوانن روو لە حکومەتەکان ودەزگا نێودەوڵەتیەکان بنێن. ئەوانیش دەبێ دنە بدرێن کە دەورێکی چالاکانە ببینن لە شان وەبەردان، بارهێنان و یارمەتیدانی وەدیهاتنی مافە ئینسانیەکانی کورد دا.

٣ ــ دەبێ ئامرازە راگەیێنەرە گشتیەکان هان بدرێن بۆ ئەوەی مەیلێکی زیاتر بدەنە سەرکێشەی کورد. بۆ ئەو مەبەستە دەبێ ئەو رێکخراوانەی کە لەباری مافە ئینسانیەکان لە ناوچە کوردیەکان دەکۆڵنەوە زانیاری باوەڕ پێکراو بدەن بە ئامرازە راگەیێنەرە گشتیەکان.»

www.kerimhisami.com

## کۆبوونەوەی تایبەتی کوردەکان

ئێوارەی ٩١/٣/١٧. دوای تەواو بوونی کاری کۆنفرانس، دەرفەت بۆ کوردەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان، بەشداربووی

کۆنفرانس هاتە پێش تا کۆ وەبن ولە دانیشتنێکی تایبەتیدا لە سەرچۆنیەتی تێکۆشان وبارودۆخی کوردستان ورووداوی

تازەی عیراق وراپەڕینی کوردستانی خواروو بیروڕا بگۆڕنەوە. پاش ئاخافتنی گەلێک لە بەشدار بوان ودەربڕینی بیروڕای جیاواز، ئەم راگەیاندنەی خوارەوەیان پەسند کرد و بلاو کردەوە.

راگەیاندنێک

دوای تەواو بوونی کۆنگرەی جیهانی ستۆکهۆڵم دەر بارەی پاراستنی مافەکانی کورد،کۆبوونەوەیەکی فراوان لە شەوی ١٨/١٧ی ئاداری ١٩٩١کرا بە بەشداری پتر لە سەد کەس لەنوێنەرانی پارتە سیاسیەکانی کوردستان و رێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان وکەسانی نووسەر وڕۆژنامە نووسانی کورد کە لەهەموو پارچەکانی کوردستان و وڵاتانی دەرەوە هاتبوون بۆ بەشداری کۆنگرەکە. پاش ئەوەی بەشدارانی کۆبونەوەکە بە تێرو تەسەلی لە سەر بارودۆخی کوردستان بەگشتی وکوردستانی عیراق بە تایبەتی دوان، بە تێکڕایی ئەم راسپاردانەی خوارەوەیان پەسند کرد:

١ ــ کۆبوونەوەکە بەتوندی وبەهەموو شێوەیەک پشتگیری راپەڕینە قارەمانانەکەی ڕۆڵەکانی کوردستانی عیراق دەکات و سڵاوی گەرم و پڕ شانازی خۆی بۆ پێشمەرگەو چەکدارە قارەمانەکان و هەموو خەڵکی راپەڕیوی کوردستان رادەگەیێنێ وبە هەموو تواناو شێوەیەک پشتگیری هەوڵ وکۆششی بەرەی کوردستانی دەکات بۆ راپەراندنی کاروباری گەلی کوردستانی عیراق و پاراستنی دەستکەوتەکانی وپەیداکردنی هەموو جۆرە کۆمەگێک بۆ خەڵکی کوردستان. هەروەها بەشدار بوانی کۆبوونەوەکە پشتیوانی راپەڕین وخەباتی گەلی عیراق لە پێناو ئازادی ودیموکراتی دەکەن.

٢ ــ بەشدارانی کۆبونەوەکە لەکاتێکدا پشتیوانی خۆیان دەردەبڕن بۆ ئەو هەوڵ وکۆششانەی کە هێزە کوردستانیەکان

کردوویانە بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی کوردستانی، داوا لە هەموو لایەنە کوردستانیەکان دەکات، گیروگرفتی نێوانیان بخەنە لاوە وپێکەوە هەنگاو بنێن و پەلە بکەن بۆ بەستنی ئەم کۆنگرە گرنگە.

٣ ــ کۆبوونەوەکە پشتیوانی گەرم لە خەباتی نەتەوەکەمان، لەهەموو پارچەکانی کوردستان دەکات لە پێناو رزگاری وهێنانە دی مافە رەواکانی.

٤ ــ کۆبوونەوەکە بەستن و ئەنجامەکانی کۆنگرەی جیهانی ستۆکهۆڵم بە

www.kerimbisarani.com

شێوەیەکی نیجابی(پۆزیتیڤ) هەڵدەسەنگێنێ و بەم بۆنەیەوە سوپاسی کومیتەی سویدی بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ لە کوردستان و فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان لە سوید وگەل و حکومەتی سوید دەکات.

بەشدارانی کورد لە کۆنفرانسی ستۆکهۆڵم ١٩٩١/٣/١٧

بەداخەوە راپۆرت و بەیاننامەو ئەنجامی وتار وئاخافتنی کۆنفرانسی ستۆکهۆڵمیش هەر وەک کۆنفرانسی پاریس هەر لەسەر کاغەز ولە هۆڵی کۆنفرانسدا مانەوە. پشتیان نەگیرا کە لەکۆڕ وکۆمەڵە نێو نەتەوەییەکاندا بێنە گۆڕێ وباسیان بکرێ. بەڵگەو دۆکۆمێنتەکان بڵاو بکرێنەوە. ئەمەش بەر لەهەموو کەس دەبوایە کورد خۆی وەدوای کەوتبایەو ئەنجامی داہا. کۆنفرانس لە ناوەکەی بەدەر هیچی دیکەی بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی کورد بەدواوە نەبوو.

٣/١٦ بەبۆنەی یادی شەهیدکردنی هەڵەبجەوە خۆپیشاندانێکی گەورە لە ستۆکهۆڵم ساز کرا. دوکتۆر مەحمود عوسمان لەسەر بارودۆخی کوردستان و هەڵوێستی حکومەتی عیراق وتاری دا.

www.kerimhisami.com

## هێرشی لەشکری حکوومەتی عیراق بۆسەر کوردستان

ڕۆژی ٣/٣٠ ئاژانسە خەبەریەکان شەری نێوان کوردو حکومەتی بەعسیان بڵاودەکردەوە. ڕۆژی ٣١ی مارس دەنگو باسی چوونە پێشی لەشکری عیراق بەرەو هەولێرو سولەیمانی بڵاو کرایەوە. لەشکری سەددام بە چەک وچۆڵی مۆدێرنی کەلەشکری ئەمریکا دوای شەری خەلیج بۆی هێشتبۆوە، ڕاپەڕینی خوارووی عیراقی سەرکوت کرد بوو، ئەمجارە بە تانگ وتۆپ وهێلیکۆپتەر وفرۆکەی جەنگی بایداوە سەرکوردستان، سەر کۆماری ئەمریکا لەو پەری بێ ویژدانی وبێ شەرمیدا دەچوو خۆی بە یاری گۆلفەوە دەخافلاند ودەیگوت:« خوێنی سەربازانی ئەمریکایی بۆ کورد نارێژم. » بەلام سەرکۆماری ئەمریکا بۆ نەوت وبۆ پارێزگاری کۆنە پەرستترین ڕێژیمەکانی خەلیج قەت بیری لەرشتنی خوێنی سەربازانی ئەمریکایی نەکردەوە..

لەسەر کۆرەوی مێژوویی و خەفەتباری گەلی کورد لە کوردستانی خواروو هیچم یادداشت نەکردوە. سەیری دەربەدەری و لێقەوماوی کۆرەوی کورد لە تەلەڤیزیۆن و تۆمار کردنیان لە ڤیدیۆ وداخ وحەسرەتی ئەم کارەساتە دەرفەتی نووسینی ویاد داشت کردنی نەدەدا.

## لافاوی بێزاری وتوڕەیی کوردەکانی دانیشتووی سوید دژی جینایەتی حکومەتی عیراق

١/٤/ ١٩٩١ بەرەی کوردستانی عیراق هێرشی لەشکری سەددام وناوارەبوونی کۆمەلانی خەلکی ڕاگەیاند. لە ستۆکهۆلم لە بەر دەم

www.kerimbisani.com

بالیۆزخانەی ئەمریکا کۆبوونەوەو خۆپێشاندانی کوردەکان دەست پێکرا. فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان لە کۆکردنەوەو سازدانی خۆپێشاندانی خەڵکدا دەورێکی گرنگی گێڕا. تا ٢٠/٤/ هەموو ڕۆژێ بەردەوام کۆبوونەوەو خۆپێشاندان وچوونە بەردەم بالیۆزخانەکانی دەوڵەتە زلهێزەکان و نووسینی پرۆتێست ومانگرتنی خەڵک درێژەی هەبوو.

ڕۆژی ٢٠/ ٤/ بڵاو کرایەوە کە دەستەی نوێنەرایەتی بەرەی کوردستانی بە سەرۆکایەتی جەلال تالەبانی وئەندامەتی سامی عبدالرحمان ورەسوڵ مامەندو نێچیرڤان بارزانی بۆ وتووێژ لە گەڵ دیکتاتۆری عیراق گەیشتوونە بەغدا. لە نێو کوردەکانی سوید کەش وهەوا گۆڕا. دەنگی ڕەخنەو بێزاری دژی سەفەری ئەم دەستەیە بۆ بەغدا بەرز بۆوە. کۆبوونەوەیەکی گەورە لە سوید سازکرا. نوێنەرانی بەرەی کوردستانی بەتایبەت نوێنەری یەکێتی وپارتی خرابوونە قەفەسەی ئیتهام و هیرش و پرسیارەوە. ئەوانیش فەقیرە بێخەبەر و دوور لەوڵات وبێدەسەڵات لە توانایاندا نەبوو وەڵامی ئەو خەڵکە بدەنەوە.

نابێ ئەوە لەبیر بچێتەوە کە کوردەکانی ئاوارەی دانیشتووی سوێد بە تێکڕایی بۆ لەقاودانی جنایەتی سەددام وراکێشانی سەرنج وبیروڕای خەڵکی سوید هیچیان تێدا نەهێشتەوە. خۆ پێشاندان، مانگرتن، نووسین وئیمزا کردنی نامەو یادداشت، کۆکردنەوەی پیتاک و چالاکی کوردەکانی سوید دەبوایە کتێبی لەسەر بنووسرێ.

## لەیادی کۆچی دوایی تێکۆشەر ئازاد مستەفادا

١٩٩١/٤/٦ برادەرانی پاسۆک لە یادی دووساڵەی تێکۆشەرکاک ئازاد مستەفادا، داوایەن لێ کردبووم کە وتارێکم هەبێ. بەم بۆنەوە ئەم نوسراوەی ژێرەوەم لەکۆبوونەوەدا پێشکێش کرد:

«خوشک وبرایانی بەڕێز، هاونیشتمانانی خۆشەویست ! لێرە کۆبووینەوە

www.kerimhisami.com

تا لەبارودۆخێکی دژوارو داخداری کوردستاندایادی کۆچی دوایی نیشتمانپەروەری کورد کاک ئازاد مستەفا بکەینەوە.

لەگەڵ لێگێڕانەوەی برایانی پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک) دامنابوو هێندێ دیدارو دانیشتنی خۆم لەگەڵ کاک ئازاد باس بکەم. بەداخەوە درنگ لەگەڵ کاک ئازاد ناسیاریم پەیدا کردو ماوەی ناشنایەتیمان زۆر کەم بوو. بەڵام هەر ئەو ماوە کورتە بوو بە هۆی ئەوە رۆژێک پێش ئەوەی کە ماڵاوایی یەکجاریمان لێ بکات، لە نەخۆشخانەی کارۆلینسکا لە کن دوکتۆر جەمشید بە دوو هاو بیری خۆی بڵێ :« **لە کاک کەریم خافڵ مەبن، کاک کەریم هەقی بەسەر شەخسی من وحیزبەکەمانەوە هەیە** » پێم خۆشبوو پتر باسی کاک ئازاد بکەم. بەڵام بۆچمادەستی قازاو قەدەرو سرشت و یا هەر شتێکی دیکەی غەیبی کە ناوی لێ دەنرێ، رێگا دەدا کە کورد بۆ خۆی بە گوێرەی ویست وئارەزوی خۆی بەرنامەو پلانی خۆی ئەنجام بدا وچارەنۆوسی خۆی بەدەستی خۆی دیاری بکات. هەر دەڵێی ئەو قەڵەمەی باسی دەکەن وگۆیا لە لەوحەلمەحفوزدا چارە نووس وبە سەرهاتی دوارۆژی خەڵک دەنووسێ ویا نووسیویە، لە ئاست کورد نووکی هەڵەنگوتوەوخوار بوە وجگە لە کوێرەوەری وبندەستی وچارە رەشی چیتری بۆ کورد نەنووسیوەو لە گەڵ خەڵکی تر فەرق وجیاوازی بۆ داناوە.

ماموستای شاعیرانی موکریان نیشتمان پەروەری مەزن (ئەبولحەسەنی سەیفی قازی ــ سیف القضات) بە هەق لو شیعرە بەناو بانگە کەیدا بە ناوی (کوردینە) دا دەڵێ :

« **خەڵکی هەموو لەشارو لەباغانە کەیف خۆش ــ ئێمەش بڵاو وبێ سەرە ماوین لە دەشت وکێو** »

« **هەر میللەتێ لە لاوە هەقی خۆی بە دەستەوە ــ کوردێ کە سەر هەڵێنێ، دەڵێن بۆتە سەر بزێو** »

بەڵێ ! ئەوەیە چارەنووسی کورد. ئێستاش لەم حاڵەدا کەوا میللەتەکەمان ئاوارەی کەژ وچیایە ولە ژێر بەفروباراندا دەتلێتەوە، دیسان پێمان دەڵێن :

www.kerimhisami.com

(متمردین الاکراد )!

ئێمە دەبوایە کۆ بینەوە بۆ یادی تێکۆشەرێک کە بە ئاواتی ئازادی کوردستان، دوورلە نیشتمان سەری نایەوە. بەڵام ئێستا دەبێ بیکەین بە ماتەمینی هەزاران شەهیدی بێ کفن ودفن وبێ سەروشوێن. ماتەمینی هەزاران کوردی ئاوارەی سەر چیاو کەژو سەرگەردان وپەرەوازە. بەداخێکی گرانەوە کاک ئازاد مستەفا لەکاتێکدا ماڵاوایی لە حیزب ولە میللەتەکەی کرد کە تازە بەرەی کوردستانی دامەزراوە وشەڕی براکوژی لە بەشێکی نیشتمانە لەتکراوەکەماندا کۆتایی پێهاتوە وتینی یەکێتی و یەکگرتنەوەی خەبات دێ گەرمایی بخاتە دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کورد وشەبەق بخاتە بەشەکانی تری کوردستانی مەزنوداپەشکراو.

پێکهاتنی بەرەی کوردستانی کە هەنگاوێکی گرنگ بووبۆ یەکخستنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی، تا رادەیەکی زۆر دەهات برینی هەڵەبجەی شەهید سارێژ بکا، هەر چەندە بە بۆچوونی من بەرەی کوردستانی بە پێچەوانەی رێ وشوێنی(بەرەی نیشتمانی ورزگاریخوازی) وڵاتانی بندەست وداگیرکراولە چوار چێوەی حیزبەکانی دامەزرێنەردا قەتیس وتەنگە بەرکراوە وتا ئێستاش نەیتوانیوە لە کۆشش ودڵسۆزی ولێهاتوویی هەزاران کەسی غەیرە حیزبی کەڵک وەر بگرێ وهێزی بەتەوژمی کۆمەڵانی خەڵک لە بواری سیاسی وروشنبیری وحقوقی وپڕوپاگاندە وشتی تردا، بخاتە کار ولەدەوری خۆیان کۆبکاتەوە. بەڵام دیسان پشتیوانی لە بەرەی کوردستانی بە ئەرکی هەموو کوردێکی وڵات پارێز دەزانم.

خوشک وبرایانی بەرێز ! وەک دەزانن ئەمڕۆ میللەتەکەمان کەوتۆتە بەرلافاوی کارەساتێکی گەلێک داخدارودڵتەزێن. مەترسی نەمان وقڕبوون هەڕەشە لە هەزاران کوردی ئاوارە ولێقەوماودەکات. مەترسی گەورە لەوە دایە کە لە سەر زێد ونیشتمانی خۆی هەڵکەندرێ وناوی ناخۆش ونگریس ودزێوی(پەنا بەری) بەسەردا ببڕێت، ناوێکی ناخۆش ودزێو وسەحەت گرانە.

ئەمە لایەنێکی بەرچاوی تەکاندەری چارە نووسی ئیمڕۆی بەشێکی نەتەوەکەمانە. بەلام با هەر باسی لایەنی تاریک ودژوار ودڵتەزێن نەکەین. میللەتێکی لەپێناو ئازادی ورزگاری نیشتمانیدا خەبات بکا، لەدنیای پڕ لە بێدادی وملهوڕی ودووروویيدا ناتوانێ بە هاسانی لە بەرلافاوی قوڕاوی کارەسات دا خۆی بپارێزێ وتووشی مەینەت و ئازارو ژان نەبێ. جا هەر ئەو دەردو ئازار وکارەساتە، لە لایەک دەبێتە هۆی لە بەین چوونی خەڵکێکی زۆر وزیان و زەرەری سەروەت وسامانی نەتەوەیی و وێرانی ولات ولە لایەکی تریش دەبێتە کلیلێک کە قفڵی دموزاری داخراو ومێشکی بەستووی ئەم دەولەت ودەسەلاتدارانەی دنیای سامان وچەک وسەرمایە دەکاتەوە کە تا ئێستا لە ئاست جنایەتی سامداری سەددامی دیکتاتۆر وخوینمژ ولە ئاست قەلاچۆ کردنی کورد خۆیان مات وبێدەنگ کرد بوو. دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەو دەولەتانەی بە یارمەتیدانی چەک وراوێژ وتەکنیکی چەکی کیمیایی وتەنانەت کەرستەی چەکی ئاتۆمیش سەددام بکەنە دیکتاتۆر وهێتلەری رۆژ، تەریق ببنەوە وشەرم بیانگرێ وئەمجارە باسی کورد بە شێوەی خێرۆمەندی بکەن ویارمەتی خێر خوازانە بۆ لێقەوماوانی کورد بنێرن. دەبێتە هۆی ئەوە کە دەزگای تەبلیغاتی حکومەتانی شەریکە بەشی تاوان وپێگەیێنەری دیکتاتۆری عیراق، باسی قەلاچۆکردنی کورد بکات. من ئەوانە بە بەرهەمی خەباتی نەتەوەکەمان دەزانم و لە بەرانبەر فیداکاری ونەبەزیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وزام ودەردی لێقەوماوانی کورد سەر دادەنوێنم.

خوشک وبرایانی بەرێز ! فارس گوتەنی :« تاپریشان نشود کار بسامان نرسد »

راستە کە ئێستا میللەتەکەمان تووشی کارەساتێکی شپرزە وداخدار بوە، بەلام ئەگەرراپەڕینی کۆمەلانی خەلکی قارەمان وداخداروستەمدیدەی کوردستانی خواروونەبایە، ئەگەر هەلمەتی شێرانەی رۆلە چەکدارەکانی کوردستان نەبوایە، نە گەلەکەمان تووشی ئەو رۆژە رەشە دەهات ونە دەولەتانی

www.kerimbisani.com

خاوەن دەسەلات بە سەردنیای فەقیرو هەژاراندا وەدەنگ دەهاتن ونە هاو نیشتمانانی ئوروپا وئەمریکا ئاوا دەهاتنە مەیدان ودنیایان لە خەوی بێدادی وەخەبەر دەهێنا. ئەوە دیالەکتیکی ژیانە. من لە کاتێکا بە دیتنی خەفەتباری هاونیشتمانەکانم لە کەژ وچیا لەبەر بەفروسەرما جەرگم ژان دەکا، هەر لەو کاتەشدا کە دەبینم هەزاران لاو وکاڵ و ژن ومێری کورد لە شارە دوورەکانەوە بۆ دەربڕینی بێزاری لە جنایەتی سەددام وبێدەنگی حکومەتە گەورەکان دێنە ستۆکهۆڵم و هەزاران کوردی دانیشتووی ئەم وڵاتە کەوتۆتە جم وجۆڵ ولە ڕێگای وەستان ومانگرتن ومانەوەی شەوانە لە بەر سەرما وکۆ کردنەوەی یارمەتی، هاودەردی خۆیان لە گەڵ برا لێقەوماوەکانیان نیشان دەدەن، کاتێک لە تەلیفیزیۆن دەبینم کە رۆڵەکانی کوردلە شارەکانی ئوروپا دێنە مەیدان وبە لە دمدانەوەی پۆلیسی پارێزەری زۆرداران، لانەی جاسوسی سەددامی خوینرێژ داگیر دەکەن ودەنگی بێزاری خۆیان بە دنیا رادەگەیێنن، ئاهێکم دێتەوە بەر وئاسۆی رزگاریم لێ دەر دەکەوێ. کاتێ هەواڵی بەربەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەبیسم، کاتێ لە تەلەفیزیۆندا کۆبوونەوەو هاودەردی خەڵکی دیار بەکری قارەمان دەبینم، کاتێ دەبیسم کە رادیۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەیتا پەیتا داوا لە خەڵکی کوردستانی رۆژ هەڵات دەکا کە یارمەتی برا لێقەوماوەکانیان بکەن، پێ شاد دەبم وشانازی بە میللەتەکەم دەکەم. هەر بۆیەش دەڵێم نابێ سامی ناهومێدی بمانگرێ، پێویستە یەکێتی و هاوکاریمان زیاتر وپتەوتر بکەین وخەباتی رزگاریخوازیمان رێکو پێکتر بکەین.

تێکۆشان وفیداکاری رۆڵەکانی گۆڕە پانی خەبات، کارەساتی دڵتەزێنی بەشێکی زۆری خەڵکەکەمان، دنیای وەدەنگ هێناوە وپەردەی کش وماتی لە سەرروکاری دەوڵەتە مەزنەکان لاداوە. بەڵام بەداخەوە دەبێ بڵێم دیسان دەیانەوێ مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی (پەنا بەرولێقەوماو وپرسی ئینسانی) دا تەنگە بەر بکەن وناوی نگریسی ( پەنا بەروناوارە) بە سەر مەسەلە رەوا

نەسلیەکەدا بسەپێن. پێویستە ئەم پەرژین وچوار چێوەیە تێک بدرێ. دەبێ بۆ چارە سەر کردنی مەسەلەی کورد هەنگاوی گرنگتر باوێژرێ. بە لای منەوە خەباتی رێکو پێک و یەکگرتووکە وەلامدەری بار ودۆخی ئێستای جیهان وکوردستان بێ، دەستە بەری سەرکەوتنی ئەم هەنگاوەیە.

رەنگە پتر لە پێویست کاتی خوشک وبرایانم گرتبێ. داوای لێ بوردن دەکەم و بە سلاو بۆ گیانی پاکی کاک ئازاد وگشت شەهیدانی رێگای ئازادی وتەکانم کۆتایی پێ دێنم. با یادی شەهیدانمان هاندەر بێ بۆ گەیشتن بە کوردستانێکی ئازاد و دێموکرات وبەختەوەرودوورلە ستەم وچەوسانەوە وبندەستی . مارسی ١٩٩١»

www.kerimhisami.com

## سەفەر بۆ ئەڵمان

ڕێکخراوی کۆمکارلە ئەڵمان داوەتی کردبووم کە لە دوازدەهەمین کۆنگرەی ساڵانەیاندا بەشداری بکەم. ڕۆژیی ٢٠/٦/٩٩١ چوومە کۆڵن وەمیوانی فەرەیدونی میتران بووم. ویستم سەرێکی غەنی بلوریان بدەم. تەلیفون وئادرێسی غەنیم نەبوو. بەڵام فەرەیدونی میتران مەحرەمی ئەسرار وتەلیفونداری غەنی بوو پێم گوت : تەلیفونێکی لێ بکە بەڵکو بچین سلاوێکی لێ بکەین. فەرەیدون هەستا زەنگی لێدا و٣ـ٤ دەقیقە قسەی کرد. پاشان هاتە وە لای من وگوتی : «لە ماڵ نیە. چۆت بیرلین کن محەممەد سالح جومعە.» بەڵام لە گەڵ دەربرینی ئەم قسەیەنارەحەتیەکی لێ دیار بوو. چونکە دەیزانی ئەوەی دەیلێ وانیە. بەڵام فەرەیدون چاری نەبوو. ڕازداری غەنی بلوریان بوو، یان دەبووایە بەناچاری شتێک بلێ کەهەوای پێ نیەوبلێ لەماڵ نیە. یان دەبوایە بە تۆزێ غیرەت وبە حوکمی پێوەندی ڕابردوومان پێ لەڕاستی بنێ وبلێ غەنی داوای لێبوردن دەکا. بەڵام دیار بووگوتنی ناڕاستیەکەی پێ باشتر بوو. من هیچ گلەییم لە فەرەیدون نەکرد. چونکەلەکاتی ئاواولەسەردەمی یادانەوەو پاکانەوحاشاکردن لەڕابردووکاری ئاوا هاسان وئاساییە. فەرەیدوون بۆ ئەوەی پاکانەبۆدەربڕینەکەی بکا لە پڕ لە کاتی باسی ڕووداوەکاندا گوتی :« کاک کەریم ڕاستەو ڕاست ئیترمن ناسیۆنالیستم.»

گوتم خۆ ناسیۆنالیست بوون کارێکی پیرۆزە. بەڵام من وەڵامی پرسیارێکم بۆ نادۆزرێتەوە. ئەویش ئەوەیە ئەوانەی پێش هەڵوەشانی سیستمی سۆسیالیستی مەوجود بۆ ئەوەی بە چەپیان بناسن خۆیان لە ئاووئاگردا ویشت ونێستا بە حاشا کردن لە ڕابردووی خۆیان دەڵێن ناسیۆنالیستین، ئەودەم چی

یان بۆ میللەتەکەیان کردوە، ئێستا ئەگەر بوونە ناسیۆنالیست چ خزمەتێک بە نەتەوەکەیان دەکەن.؟

رۆژی ٦/٢٢ چوومە کۆنگرە و بە خۆشیەوە وتارێکیشیان بۆ من دانابوو. نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، فەتاحی عەبدولی وتاری خۆی بە ناوی ٧میلیۆن کوردی ئێران دەست پێکردو پاش شانازی بە ٤٠ هەزار شەهید، چەند جار ئەم فەرمایشە قالب گرتوە لە باوکەوتووی(حیزبی دێموکرات رێبەری جوڵانەوەی میللی دێموکراتیک لە کوردستانی ئێران)ی دووپات کردەوە. من لە وتاری خۆمدا باسی ئەم گۆڕانکاریانەم کردکە بەسەر رەوتی جیهاندا هاتون وگوتم: لە گەڵ ئەم گۆڕانکاریانە رەنگە کاتی ئەوەش هاتبێ کە حیزبە کوردیەکانیش واز لە مەزنیخوازی بێنن و خۆیان بەنوێنەری رێکخراوەی خۆیان بزانن تۆزێ زیاتر چاو ودڵ ودەرونیان ئاواڵە بکەنەوە. سیاسەتی خۆیان لە گەڵ رەوەندی ئیمرۆی سیاسەتی جیهان رێک بخەن.....» دوای کۆنگرە لەگەڵ کاک جەماڵ زارع چووینەوە ماڵی ئەوان وشەوچوومە خزمەت شێخ سەید تەها(شێخی گەسگەسک). کوڕەکانیش هەموویان لەوێ بوون. تا درەنگانێک بە قسەی خۆش وپێکەنین وباسی رۆژەکانی رابردوو شەومان بردە سەر رۆژی دوایی بە میت فار(ترومبیلی شەخسی موسافیر بە هەرزان سوار دەکەن) چوومە بیرلین. بەهەڵکەوت تووشی دۆکتۆر محەمەد ساڵح جومعە بووم. لێم پرسی: چۆنە بەتەنیای، ئەدی میوانەکەت کوا؟

ــ میوانی چی ؟ چ میوانم نینە

ــ ئەدی غەنی بلوریان میوانی تۆ نیە ؟ نەهاتۆتە لای تۆ ؟ گوتیان هاتۆتە لای تۆ.

ــ نا... ئەوە شوێنە ونکەیان کردوە. رەنگە بۆ سەرکردایەتی شۆرش وراپەڕین چووبێتەوە کوردستان.!!

ــ دوور نیە... وێدەچێ گەڕابێتەوە . بۆ کاری شۆرش نهێنی کاری پێویستە

www.kerimhisami.com

!!! پێم خۆشە خوێنەرانی بەڕێز ئاگادار بکەم کە بەرگی نوهەمی بیرەوەریەکانم بەشی زۆری بەنامەکانی غەنی بلوریان ڕەش کراوەتەوە کەبە ئیخلاسەوە بۆی نووسیوم.

ڕۆژی ٩١/١٢/٢٢ گەڕامەوە بۆ ستۆکهۆلم. کەمالی کوڕم لەگەڵ خێزانی ناردبوویانە شیمال. کەمپی (برێککە) نیزیک ئۆسترشۆند. ڕۆژی ٩١/٩/١٧ لەگەڵ سەید عەلی خوارزام چوومە سەردانی کەمالی ولەوێشەوە چوینە ئۆسترشۆند سەردانی کاک قەرەنی قادری. پێشان هەردوور بەدوور وبەنامە ناسیاریمان هەبوو، بە قەولی ماموستا دلزاری شاعیر نان وچێشتێکی فرە بەتام وچێژمان خوارد وتۆیەکی دۆستایەتیشمان چاند.

## کۆڕێک لەسەر بارودۆخی کوردستان

ڕۆژی ٩١/١٠/٢٦ لە سەر بانگهێشتنی کۆمەڵەی کوردی لوند بۆ باسێک لە سەر مەسەلەی بارو دۆخی کوردستانی خواروو چوومە لوند. لەکۆبوونەوەکەدا ئەم مەسەلانەی خوارەوە کەوتنە بەر باس ولێکۆلینەوە.

— مەسەلەی ڕۆژ وبارودۆخی کوردستانی خواروو

— شەڕی کەنداو و ئە روخاندنی ڕێژیمی سەددام

— ڕاپەرین کوردەکان لە ژێر تەئسیری شەڕی کەنداو وهاندانی ئەمریکا

— هەل ومەرجی وتو وێژی کوردەکان لەگەڵ سەددام.

ویلدان و حامیدی گەوهەریش لە لایەن فیدراسیۆنەوە بەشداریان کرد بوو. برادەرانی دیکەش بە بەشداری لە باسەکەداکۆبوونەوەکەیان گەرمتر کردبوو. بەڵام بەداخەوە هەرچەندە دەیانگوت لە لوند ودەوروبەر کوردێکی زۆر دەژین، بەڵام زۆر کەم بۆ کۆبوونەوە هاتبوون.

لەلایەن کتێبخانەی دەولەتی شاری سالا داوەت کرابووم، بۆ وتارێک لە سەر بارودۆخی کوردستان بچمە ئەو شارە.

www.kerimhisami.com

ڕۆژی ٩١/١١/٦ چوومە سالا ومیوانی ڕێزدار مەلاعومەری عەسری بووم. کوردەکانی دانیشتووی سالا بە گشتی بەشداری کۆبوونەوەیان کردبوو. بەڵام لە کاتی ناخافتندا کابرایەکی پەروەردەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرا١ن گوتی:

« کاک کەریم تۆ لەگەڵ غەنی بلوریان وحەمەدەمینی سیراجی لە حیزب جیا بوویەوە وچوویە لای حکومەتی کۆماری ئیسلامی. جاچۆن باسی کوردستان دەکەی.؟

لێم پرسی : کاکە تۆ خەڵکی کوێی، لە کوێوە هاتوویە سوید ؟

ــــ من خەڵکی کوردستانم، پێشمەرگە بووم و لە کوردستانەوە هاتووم

ــــ وانیە... دەزانم تۆ خەڵکی کوردستان نی. بەڵام نازانم چۆن کوردی فێر بووی وچۆنیان عاملاندووی؟ مەلا عومەر وبرادەرانی تر بەسەری داهاتن وگوتیان کاکە تۆ کە ئاگات لە هیچ نیە بۆ وەدەنگ دێی ؟ کابرا بوو بە .... نیوە زەڕ. من گلەییم لە کابرای فەقیر نەبوو. ئەو پەروەردەی حیزبی دێموکرات و گوش کراوی عبداللە حەسەنزادە بوو. دوکتۆر قاسملوو بە خۆڕایی نانووسێ:« ئێمە ئەخلاق وراستیمان هێنا ناو حیزبەوە ...»!!

٩١/١١/٢٤ لە گەڵ برای خۆشەویستم فەردینی قادری چوومە بولغارستان ونیزیکەی مانگێک لەوێ بووین. بەرگی شەشی بیرەوەریەکانم دا بەچاپخانە.

شەوی ٩١/١١/٣٠ جەنابی شێخ سەید تەها تەلیفونی بۆ کردم و فەرمووی واخەریکم بچمەوە ئێران. ویستم بزانم پێت چۆنەو ئەزەرت چیە .؟ دیارە جەنابی شێخ بڕیاری خۆی دابوو. من هەر دەمتوانی سەبارەت بەم تەلیفۆن وپرس پێکردنە وخودا حافیزیە، تەنیا یەک دنیا سوپاسی بکەم.

ڕۆژی ١٢/٢٢/ گەڕامەوە بۆ سوید. کەمالیش لەگەڵ خێزانی هاتبوە ستۆکهۆلم. بڕیارماندا بۆ سەری ساڵی تازەی زایینی هەموومان بچینەکن شلێری کچم وچەند ڕۆژێک لە لای ئەوان بین. ڕۆژی ١٢/٢٨/کەوتینە ڕێ وشەوچووینە هۆدیکسڤاڵ میوانی کاک سولەیمانی چیرە بووین. شەوێکی زۆر

www.kerimhisami.com

خۆشمان رابوارد. بەیانی کەوتینە رێ ودردنگانێک گەیشتینە ( بودێن).
سالی ١٩٩١مان لەوێ بەرێکرد.

١٩٩٢/٢/١ یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی تێکۆشەرکاک عومەر مستەفا وە مەجلیسی سەرەخۆشی دانابوو، لە گەڵ چەند برادەرێک چووینە سەرە خۆشی. لە گەرانەوەدا چەند کەس لە برادەرانی کوردستانی خواروو بانگیان کردین کە سەیری فیلمێکی ڤیدیویی بکەین کە تازە لە کوردستان هەڵگیرا بوو.

فیلمەکە ئەوەندە داخدار ودڵتەزێن بووکە پەژارەی کۆرەوی ٩١ی لە بیردەبردەوە. پەژارەوخەفەتی کۆرەوی کوردستانی خواروو بە هۆی دوژمنێکی درندەی وەک سەددام حوسێنەوە بەسەرکورد هاتبوو. دوژمنێک کە بۆمبای کیمیایی بەسەر کورد دادابوو. دوژمنێک کە١٨٠ هەزار پیاوی کوردی بێ سەروشوێن کردبوو. بەڵام فیلمی ناوبراو بێ ویژدانی و دزی ودەست پیسی وبێ مەسئولیەتی حیزبە دەسەلاتدارەکانی کوردی نیشان دەدا. هاوار وگازندەی خەڵکی ئاوارەو لێقەوماوی کوردی لە چنگ کاربەدەست و بەر پرسانی حیزبە کوردیەکان بەرزدەکردەوە. مالی وابوو دەیگوت: هەشت مانگە چاومان بە شەکر وچا نەکەوتوە. هاتوون ناویان نووسیوین، بەڵام هیچیان نەداوینێ. هێندێ دەیانگوت: ئەو یارمەتیەی رێکخراوە فریا گوزارەکان و دەوڵەتەکان بۆکوردستان وگەلی لێقەوماوی کوردی دەنێرن، کاربەدەستانی حیزبەکان دەیدزن ونایدەن بەکەس. فیلمی ناوبراو بەڵگەیەکی زیندووی سیاسەت وکردەوەی دژی گەلی حیزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستانی خواروو بوو. نیشاندەری ئەم دەسەلاتە نگریسە وئەم سیاسەتی دژی گەلیە بووکە لە ماوەی ٣ سالی دەسەلاتی دووحیزبی سەرەکی یەکێتی نیشتمانی و پارتی دێموکراتی کوردستای ــ یەکگرتوو بە جوانی خۆی دەرخست ودەسەلاتی دژی گەلی ئەم دووحیزبە بوو بەهۆی کوشتار وهەژاری وبرسیەتی وچارە رەشی زەحمەتکێشانی کوردستان و پێشێل کردنی دێموکراسی و رەشەکوژی ولە ژێر پێنانی مافی

www.kerimhisami.com

مرۆڤ وشێواندنی مەسەلەی کورد لە مەیدانی جیهانیدا. سیاسەت وکردەوەی ئەم دوو حیزبە شوێنی نگریسی حکومەتی بەعسیان لە کوردستان پڕکردەوە. ئەوە لە کاتێکا ئەو فیلمە نیشان دەدرا وخەڵکی ئاوارەولێقەوماوی کورد هاواروگازندەیان بوو، من ئەو ریزە یارمەتیانەم لە رۆژنامەی نێران تایمز یاد داشت کردبووکە دەوڵەتانی جیهان بۆ کوردستانیان نارد بوو و بەشی هەرە هەرە زۆری چوبوە گیرفانی کاربەدەستانی دووحیزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستانەوە.

ناردنی یارمەتی بۆ کوردستانی خواروو دوای کۆ رەوی ١٩٩١ بەگوێرەی نووسینی رۆژنامەکان

— ئەسپانیا یەک میلیۆن دۆلار ودوو فرۆکەی باری بۆ هاتوو چۆ

— ئەڵمان ١٠ میلیۆن دۆلار دەگەڵ ١٠٠ تۆن چادرو خێوەت و تەخت ودەرمان.

— ئینگلیز ٧٧٠٠ دۆلار کۆمەگی خێرا. ٣٥ میلیۆن دۆلار بە سندوقی یارمەتی کۆمەڵی دەوڵەتە یەکگرتوەکان. ٧٥٠ خێوەت و ٢٣ هەزار بەتانی.

— بازاری موشتەرەک ١٨٣ میلیۆن دۆلار

— بەلژیکا ٣٠٠ هەزار دۆلار

— دانمارک یەک میلیۆن و ٥٠٠ هەزار دۆلار

— ژاپون ١٠ میلیۆن دۆلار و ٧٧٥ هەزار دۆلاریش کۆمەگی خێرا

— سوید یەک میلیۆن و٣٢ هەزار دۆلار

— سویس ٥٥٠٠ تۆن خواردەمەنی و دوو میلیۆن دۆلار

— فرانسە ٢٨٠ تۆن خواردەمەنی وخێوەت وبەتانی. هەزار تۆن کەل وپەل بۆ ئەوکوردانەی پەنایان بۆ ئێران بردبوو.

— فنلاند ٢ میلیۆن و ٥٠٠ هەزار دۆلار

— هوڵەند یەک میلیۆن و ٦٠٠ هەزار دۆلار

وەک گوترا ئەم ژمارانە لە رۆژنامەی ئێران تایمز چاپی واشنگتۆندا بڵاوکرا بوونەوە.

www.kerimhisami.com

نامەی بەڕێز ماموستا مەلا رەحیمی عەبباسی

« برای بەڕێز کاک کەریمی حیسامی. وێڕای سلاوێکی کوردانە، دوور لە هەموو شائیبەیەکی چەپەڵی ئینسانی. ساغی و سەر کەوتنتان بە سەر هەموو ئاواتێکی پیرۆز ئاواتمە، سوپاسی ئەو لوتفو مەحەببەتەتان دەکەم لەو دیاریە ئایابەی کە ئارد بوتان، فکر ناکەم هیچ دیارییێک لە کتێب بە نرخ تر بێت. بە بە ! لەو یادگارە پیرۆزە، ئەگەر لە بەرابەر هەر حەرفێکدا سوپاسێک بکرێ لام وایە کەمە. بۆ هەمیشە سوپاس. پێم خۆش بوو ئەو قسە خۆشەت بۆ بنووسم، ساڵی ٢٤ لە دێ یەکم دەخوێند، ئاغایەکی هەبوو بێ سەواد بو بەڵام بە قەولی مەرحومی مەلا سەید سەلام پێخۆرێکی باشی بو. رۆژێکی رەفیقێکم دەرسی دەخوێند، کتێبێک بوو بەناوی« گەڵەمبەری بورهان» کتێبێکی عیلمی مەنتیق. ئاغاش تەشریفیان هەبوو. سەری هەڵێنا روی دەماموستا کرد و گوتی: فەرەس بە ئەسپ ناڵێن؟

ماموستا فەرمووی با، گوتی ئەدی ئاتقیش ئینسان نیە ؟ ماموستاش فەرمووی بەڵێ. گوتی: ئەدی بۆ دەڵێن عیلمی مەنتق گرانە بە خوا من زۆر باشی دەزانم.. حەتمەن دەزانی چم گوت .. عەبباسی ٢٩/٢/٩٢»

## کۆڕێک بەیادی دووشاعیری مەزنی کورد هەژار وهێمن

١٧/٤/١٩٩٢ لە لایەن کۆمەڵەی کوردی شاری ئیسکلستونە وە بۆکۆڕێک لەسەر دووشاعیری مەزنی کورد ماموستا هەژار وهێمن داوەت کرا بووم. کۆبوونەوەیەکی خۆش وخەلکێکی زۆریش بەشداری کرد بوو. کاک خەلیل دهۆکیش لە سەر شاعیری گەل جیگەر خوێن و دوکتۆر جەمشیدیش لە سەر شەهید شێخ مارفی بەرزنجی قسەیان کرد وکۆڕەکەیان دەولەمەند تر کرد. لەم کۆڕ وکۆبوونەوانەدابیروڕای جوان وسەیر خۆ دەنوێن. من دووخاڵم لەو کۆڕە دا یاد داشت کردوون.

www.kerimhisami.com

یەکەمیان لە باسی ماموستا هێمن دا کاتێکی گوتم : کولتوری میللەتی ئێمە هێشتا زۆر نزمە. ئەگەر وانەبایە شاعێری وەک هێمن نەدەبوایە جێگای دانیشتنی لە ماڵ وگوند وشاری خۆی لێ وەتەنگ هەڵێ ودوور لە شاری خۆشەویستی لە غەریبی سەر بنێتەوە. بێگومان ئەوانەی بێشەرمانە بەیت وباویان بۆ هێمن سازدەکردو حەپسیان دەکرد، لای کۆمەلانی خەلکی کوردستان سەرشۆڕ وشەرمەزارن. کاک سەلیمخانی بانەیی گوتی : کاک کەریم وانیەو لەم دنیایە دا هیچ میللەتێک لە کورد پێشکەوتووتر وئاقلتر نیە.
چی بلێم ؟ لە وەلامی سەلیمخان دا گوتم : کاک سەلیم راست دەکەی. ئاقلەکانی کورد یەکیان منم و یەکیشیان ئەتۆی .!
دووەمیان لە باسی کارە ئەدەبی و بلیمەتەکانی ماموستا هەژاردا گوتم: یەکیشیان وەرگێڕانی قورئانی پیرۆز ە بۆسە رزمانی کوردی. لێیان پرسیم: ماموستا هەژار بۆ چی ئەم کارەی کردوە؟
گوتم من نازانم. دەمێکە لە دیداری ماموستا هەژار بێ بەش بووم. بەلام خۆی گوتوویە: بۆیە ئەوکارەم کردوە تا کوردەکەش بزانێ و لێ تێبگا کە خودای تەعالا چی فەرموە ؟
برادەرێک زۆر بە توندی وەدەنگ هات وگوتی : وانیە ونەدەبا ئەوکارەی کردبایە. کەلامی خودا ناکرێ بەکوردی.
باشە .. لە گەڵ ئەم جۆرە کەسانە تۆ دەڵێی چی. کەلامی خودایان کردوە بە ئینگلیزی وبە رووسی وفەرەنسی و فارسی و.. بەلام نابێ بکرێ بەکوردی ..!

# وتو ویژیکی چاپەمەنی شورت وگوم کراو

۹۲/٦/۱۲ کاک مەنسوری حەقگو ئەندام ڕیکخراوی فیدائیانی خەلک ( ئەکسەریەت ) تلیفونی کردوگوتی: « لەلایەن ڕۆژنامەی کار ەوە دەمانەوێ وتو ویژیکی چاپەمەنیمان لەگەل بکەی.» گوتم تکایە پرسیارەکان بەنووسراو بینە، تا بتوانم بەکاوەخۆ وەلامەکان بنووسمەوە. کاک مەنسوور ۱۱ پرسیاری هێنان ومنیش وەلامەکانم بە گوێرەی بۆ چوونی خۆم ئامادە کرد ودوای چەند ڕۆژ ودری گرتنەوە. ماوەیەکی زۆری پێچوو وتوویژەکە چاپ نەکرا. چەند جاریشم وەبیرکاک مەنسور هێنایەوە . پاشان خۆم نامەیێکم بۆ شۆرای سەردەبیری ڕۆژنامەی کار نووسێ وسەرسامی خۆم لەوە دەربڕی کە ڕۆژنامەی کار ئەو هەموە باسی ئازادی و دەربڕینی بیروڕای جیاوازدەکات، چۆنە وتوێژێکی کەخۆتان داخوز بوون لە ڕۆژنامەدا بلاو ناکرێتەوە؟ پاش ماوەیەک نامەیەکی دەستخەتی هەردەمەی بێ تاریخی سەیریان بۆ ناردبووم کەوا دەڵێ نامەکە هەر بەفارسی بلاو دەکەمەوە:

« اقای کریم حسامی ارجمند ! باسلام خدمت شما ، از سخنان تشویق کننده و محبت امیزی کەدر نامەتان مرقوم داشتەاید صمیمانە سپاس گذاریم. در رابطە با مصاحبەایکە برای درج در نشریە کار صورت گرفتە بود بە اگاهی تان میرسانیم کەهر قصور وخطایی درمیان باشد صرفامتوجە ماورفیق ماست. ازاین بابت متاسفیم. اما باید متذکر شویم کە همکارماهدف ونیتی جزخدمت بە ارتقای اگاهی خوانندگان«کار» ازتجارب ودیدگاهای یکی از مبارزین قدیمی نداشتەاست، امیدواریم دراولین فرصت بە طریق حضوری، کیفیت کار انجام شدە و بر خورد نشریە بە نتیجە کاررا بە تفصیل باشما درمیان بگذاریم.

ماطمینان داریم کەشماباتوجه بەسوابق دیرینەتان درامر تالیف و ترجمەو روزنامە نگاری به هر نشریەای بویژه نشریەای کەارگان یک سازمان سیاسی باشد این حق رابدهید که در انعکاس ونیز نحوه وزمان بازتاب دیدگاههای مختلف به مجموع مصالح سیاسی روز توجه داشته باشد. باردیگر احترام خودرا به شما مبارز کهنسال مردم کردستان تقدیم میداریم. شورای سردبیر نشریه « کار »

من ئەوکارە بێ پرنسیپییەی ئەوانم لەدڵ نەگرت. چونکه له وەڵامەکاندا من مەسەلەی نەتەوایەتی و ڕێگای چارەسەرکردنی و فیدراسیۆن و یەکێتی تەواویەتی ئەرزیی ئێران و مەسەلەی یەکێتی نەتەوەی کورد ویەکپارچەیی کوردستان و شێوەی هاوکاری لەگەڵ هێزەکانی ئوپوزیسیۆنی ئێرانم به ڕاشکاوی به گوێرەی بۆچوون وتێگەیشتنی خۆم باسکردبوو. دیار بوو ئەم بۆچوونە لەگەڵ سیاسەتی ئەوان نەدەهاتەوە که دەیانەوێ لەگەڵ هەموو هێزوناهێزی ئێرانی و له ئێرانی ئێرانیتر بەرە پێک بێنن و ڕێژیمی ئاخوندی بێدەسەڵات نەرم بکەن.! گرنگی دان به ( دیدگاههای مختلف به مجموع مصالح سیاسی) لەوە زیاتر شتێکی تر نیە.

٢٠/٦/٩٢ لەگەڵ عومەری ئەمینی چووینە دانمارک و میوانی کاک ڕەحمانی خۆشابرو بووین. له ڕادە بەدەر بەخێر هێنان ومیوانداریکی کوردانەی کردین. داوای کرد که بیرەوەریەکانی خۆمی بۆ بنێرم وچەند دەورەی زیادیشی بۆ بنێرم بیان فرۆشێ. منیش پێنج دەورەی بیرەوەریەکانم بۆ نارد. بەڵام بەداخەوە تا ئێستاش لێی بێ خەبەر بووم و نامەو تەلیفوونیش هەر بێ وەڵام مانەوە.

١٢/ ٧/ له مەهابادەوە خەبەری کۆچی دوایی وسێن مەراغەیی یان پێ ڕاگەیاندم. زۆر به پەرۆش بووم. ناو براو تێکۆشەرێکی ڕێگای ئازادی و له زیندانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دا فەلەج ببوو. نامەی سەرەخۆشیم بۆ فەرخوندە خانمی کچی نارە. محەمەدی خوارزام خەبەری دامێ که بۆ سەردانم دێتە بولغاریا. هاتنی ئێرانیەکان بۆ بولغاریا هاسان بوو. هەموو ئێرانیەک

دەیتوانی ١٠٠ دۆلار بدا و بۆ سێ رۆژان بێتە سۆفیا و هوتێلیشیان دەدایە ویا دەیتوانی خانوو بگرێ.

٩٢/٧/٢٦)بۆ دیتنی محەممەدی خوارزام چوومە سۆفیا. رۆژی ٢٩/٧ لەگەڵ برادەرێک تر کە کاتی خۆی رەگەڵ لایەنگرانی کۆنگرەی چوار کەوتبوو، پەیدا بوون. دیدارێکی فرە خۆش وشادی هێنەر بوو. برادەری تاقمی حەوت کەسە عەجایب پەشیمان ببۆوە ولەعنەتی بۆ سەبەبکاران ددنارد. سێ رۆژان میوانم بوون و پاشان لەگەڵیان چوومە تورکیا. لە ئەستەمبوڵ چووین هوتێلێک خاوەنەکەی کوردبوو. کتێبێکی خۆم پێبوو بەکرمانجی لە سەر کۆماری کوردستان، پێشکێشی خاوەن هوتێلم کرد. لە رادە بەدەر پێ شاد بوو. دوو شەو میوانداری کردین. پارەی هوتێلی منی وەر نەگرت. رۆژی دوایی چووینە ئانکارا میوانی برادەرێک ئازەربایجانی بووین ومیوانداریەکی شایانی کردین. کۆمەڵێک برادەری مەهابادی وەک پەنا بەر لە وەزعێکی ناخۆش دا دەژیان. چوومە سەردانیان. کورشی شهابی لە شارێکی ترەوە هاتە لام ودوو رۆژ لەلام بوو. دوکتۆر ناجی کوتلای بۆ فراوین لە رەستورانێک داوەتی کردین. لە ئانکارا تووشی عبدالحمید بوومەوە کە لە بەرگی ٧ باسم کردوە وپیاوانە لە ئەستەمبولەوە لەگەڵم گەرابۆوە کوردستان. ئەمجارەش شەوێک لە هوتێلێکی شازی ئانکارا داوەتی کردین وبلێتی گەرانەوەی ئەستەمبولی کری وپیاوانە بەرێی کردم.

## گەڕانەوە بۆ ستۆکهۆڵم :

٩٢/٨/١٠ گەرامە وە بۆ سوید. پێتان وایە کابرای پەنا بەری بێگانە لە سوید دەبێ ژیان چۆن رابوێرێ. ئەوانەی خەریکی خوێندنی زمان و یا بە چوونی مەدرەسەوە خۆ دەخافڵێنن، هەرچۆنێک بێ رۆژ دەبەنە سەر. ئەوانەی کارێکیان وەگیر دەکەوێ، حاڵیان باشترە و رۆژانە کاردەکەن و بە هیلاکی خۆ

دەگەیێننەوە ماڵێ. بەڵام بەشی زۆری پەنابەرای بێگانە بێکار دەسوڕێنەوە ولە کەش وهەوایەکی ئاڵۆزدا ژیان دەبەنەسەر. ڕاهاتن بە ژیان وکولتوری ئوروپا بۆ بێگانەی پەنا بەرگەلێک دژوارە. ئەوەی پێوەندی بە منەوە هەبێ سەبارەت بە خۆ خافڵاندن بە نووسین وخوێندنەوە، ئەم هێشتوە زۆر هەست بەئازاری ئاوارەیی و لێقەوماوی بکەم. لە بارودۆخێکی ئاوادا خەریک بوون بە خوێندنەوە ونووسین باشترین یاریدە دەرە بەتایبەت ئەگەر کەش وهەوای ماڵ وخێزان خۆش و بێ کێشەو هەرا و ژانە سەر بێ. بە خۆشیەوە من لەو نیعمەتە بێ بەش نەبووم وهەر بۆیەش توانیومە لەبواری نووسیندا سەرەتەقەیەک بکەم و بێجگە لە نووسین وچاپکردنی بیرەوەریەکانم وچەند نامیلکەو کتێب و وەرگێڕانی چەند بەرهەمێک لە نووسینی وتاری جۆر بەجۆریشدا بۆ ڕۆژنامەکان بەشداری بکەم.

لە سەرەتای مانگی چواری ١٩٩٣ چاوم بە وتارێکی بەڕێزجەلال تاڵەبانی کەوت کە لە ژێر سەر خەتی ( لە پێناو گەشە پێدانی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا) لە ڕۆژنامەی « کوردستانی نوێ »دا بلاوکرا بۆوە. نووسینی ئەم وتارە ببوە جێگای موناقەشەو بۆ چوونی جیاوازی ڕووناکبیرانی شۆڕشگێڕ و نووسەرانی خاوەن بیروڕا و ماوەیک لە لاپەرەکانی کوردستانی نوێ دا درێژەی هەبوو. سەبارەت بە هیوایەکی کە بەردوتی بزوتنەوەی کوردستانی خوارووم هەبوو بۆ گەیشتن بە جۆرە ئازادیەک وشێوە دێموکراتیەک لە مەسەلەی کورد دا، کە پێشتریش لەم بارەوە وتارێکم بۆکوردستانی نوێ نارد بوو، بە باشم زانی لەم موناقەشەیەشدا بەشداری بکەم. ئەوە بوو لە ژێر سەرخەتی ( لەگەل پیاوان چوونە نێو شەڕ شایی یە) ئەم وتارەی خوارەوەم نووسی وناردم بۆ ( کوردستانی نوێ )

ههینی ٢٢/٤/١٩٩٢ز ـ ٢ی گولان ٢٦٩٢ک ـ ٢ی ذوالقعدة ١٤١٢هـ ژمارە (٣٧١) سالی دووەم

# لەگەل پیاوان چوونە نێوشەر شایی یە

کەریمی حسامی

## لەگەڵ پیاوان چوونە نێو شەڕ شاییە

«... هاتنە نێو موناقەشەودم بەدمەو بیرورا گۆڕینەوەی ئەمڕۆی کوردستانی خوارو، ئەگەر خوا نەخواستە دڵگیری وتوڕەیی ولالوتیشی بەدواوە بێ، دیسان هەر پێویستە بە شایی دابنرێت. جا چ لەوەی خۆشترە لە کۆمەڵی پڕلە شەڕ وشوڕ وکێشەو پڕ لەفیز ولوت بەرزی وکەللە رەقی کوردستاندا، بارو دۆخێکی ئەوتۆ پێک بێ کە روناکبیرانی خاوەن بۆ چوون وبیروڕای جیاواز بە نیازی دۆزینەوەی باشترین ڕێگاو ڕێباز، بۆ چارە سەر کردنی گیروگرفتەکانی کۆمەڵ و بۆ بردنە پێشی کوردستان بەرەو قۆناغێکی شارستانی و ئازادی ودیموکراسی ڕاستەقینە، بە ئاشکراو بە هێمنی بکەونە موناقەشە ومشت ومڕی فیکری و بۆچوون و بیروڕای جیاواز بێنە سەر کاغەزو بڵاوی بکەنەوە. دەستپێشخەری ئەم باسە گرنگە دەگەڕێتەوە بۆ وتارەکەی ٦/١٢/١٩٩٢ی بەڕێز مام جەلال و سەرفرازی بەڕێوە بردنیشی بە نسیب (کوردستانی نوێ)ی بەڕێز دەبێ کە وەک مینبەرێکی ئاوالەو ئازاد دەرفەتی بۆ ڕاگەیاندن وبلا وکردنەوەی ئەم هەموو بیروڕاو وبۆ چوون وهەڵوێستی جۆر بە جۆر پێک هێناوە. هەر چەندی مرۆڤ بیری لێدەکاتەوە، بە موجیزەو روداوێکی چاوەڕوان نەکراوی دێتە بەر چاوکە لە کوردستانی بەلا لێدراوی کاولکراوی پڕ لە

www.Kerimhisami.com

ناتەبایی وتەنگ وچەڵەمەدا هەوایەکی ئاوا پەیدا دەبێ کە خەڵک بتوانێ بە سەر بەستی بیروڕای خۆی دەر ببڕێ و لەسەرکاغەز بڵاویشی کاتەوە. لە بیرمان نەچۆتەوە هەرلە کوردستان بەم دیو وئەو دیوەوە، ئەندامانی حیزبی، تێکۆشەرانی سیاسی و دڵسۆزانی نیشتمان دەرکراون وگیراون ودەر بەدەر کراون وتەنانەت کوژراویشن.

دیارە ئەگەر هاوکاری و هاودەنگی بەرەی کوردستانی و ژیری وکاتناسی رێبەرانی حیزبە سیاسیەکان وفیداکاری ولە خۆ بوردوویی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئەم باروودۆخەی دێموکراسی یان پێک هێناوە، کوردستانی نوێ وەک ئۆرگانی پارتی سۆسیال دێموکرات بە بڵاو کردنەوەی بیروڕای جیاواز لە سەر لاپەڕەکانی خۆی رێو ورەسمی سۆسیال دێموکراسی لەسەر(پاراستنی دێموکراسی و بەشداری زۆربەی خەڵک لە بڕیاردان وکاروباری کۆمەڵایەتی) دا بە جێ گەیاندوە. سیاسەت وتێکۆشان وهەنگاوی گشتیان جێگای سەرفرازی و سوپاسە.

بانگەوازی مام جەلال وبۆچوونی جیاواز

هەر چەندە بانگەوازەکەی بەرێز مام جەلال پێوەندی بە کوردستانی خوارەوە هەیە، رووی داواکەشی لە دێموکرات وپێشکەوتنخواز وچەپ وسوسیالیست وکۆنە یەکێتی و... کوردستانی خوارەوە، بەڵام چونکە مەسەلەکە تەنیا باری رێکخستن ورێکخراوەیی نیە وبەڵکوو بۆ باری فیکری وسیاسی وکۆمەڵایەتی وتەنانەت ئامانجی دوا رۆژی کۆمەڵی کوردەواریش پەرێوەتەوە ولە بەر ئەوەش بە ئەزموون وتاقیکردنەوەی رابردوو دەرکەوتوە کە وتار ودەست تێوەردانی مام جەلال تەنیا لە نێو کوردستانی خوارووودا قەتیس نابن وبەشەکانی تری کوردستانیش دەگرنەوە، هاتمە سەر ئەم باوەڕە کە ئەگەر بە کەرستەو کەل وپەلی کرچ وکاڵیش بێ، لە دووردوە لەم موناقەشە دێموکراتیانەدا بەشداری بکەم.

١ ــ بە ڕای من مام جەلال لەم بانگەوازەدا مەسەلەکەی فرە بەرین و بەر بڵاو هێناوەتە گۆڕێ ودەیەوێ دێموکرات وچەپ وشۆڕشگێڕ وپێشکەوتنخواز وکۆنە

یەکێتی وتەنانەت کۆمونیستیش( ئەگەر نەڵێین کۆنە کۆمونیست) بە « فێرگەی جیاوازەوە » لە یەکێتی نیشتمانیدا کۆ بکاتەوە. دیارە ئەوە مافی رەوای مام جەلالە کە بۆ بەهێز کردن ومەزنکردنی حیزبەکەی خۆی تێبکۆشێ، بەڵام ناکرێ ئەوەش لەبەر چاو نەگرین کە ئەم کاتیگۆری ومەقولانە هەر یەکە ماناو مەفهومی تایبەتی خۆیان هەیە. ئەگەر هەمووشیان لە قۆناخی ئەمڕۆی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا توانیویانەو دەتوانن لە سەر تاکتیک و سیاسەتی رۆژ یەک بگرن، لەوانەیە لە سەر ستراتیژی وشێوەی سیستمی کۆمەڵایەتی وهەڵوێستی چینایەتی فەرق وجیاوازیان لە نێواندا هەبێ.

لە لایەکی دیکەوە کۆبوونەوەی ئەو هەموو فێرگە وتاقم ودەستەو بیروڕا جۆر بەجۆرانە لە یەکێتی نیشتمانیدا، لەوانەیە بناخەی دێموکراسی لە کۆمەڵ ولە یەکێتی نیشتمانیش دا لەق بکات. ئێستا لەبەر ئەوەی دەستەو تاکی خاوەن بیروڕای جیاواز هەن،لەو پەڕی ئازادی ودێموکراسیدا موناقەشە دەکەن وئەم بیروڕاو بۆچوونە جیاوازانە دێنە سەرکاغەز وکۆمەڵانی خەڵک دەتوانن لێ یان بکۆڵنەوە ولێکیان دەنەوەو هەڵیان سەنگێنن. ئەوەش خۆی دەبێتە هۆی بووژانەوەی بیروڕاوبۆ چوونی قەتیس کراوی رابردوو. یارمەتی بە چوونە سەری پلەی زانیاری وکولتوری خەڵک دەکات. لەکاتێکا کۆبوونەوەی هەمووی ئەوانە لە نێو رێکخراوەیەکدا، بە گوێرەی ئەزموونی رابردووی حیزبە سیاسیەکانی کوردستان، ئیتر دەرەتانی موناقەشە ومشتومڕو بڵاو بوونەوەی بیروڕای جیاواز نامێنێ. لە سەرکردایەتیەوە یان لە دەفتەری سیاسی یەوە بڕیار دەدرێ وبڕایەوە. بۆ نموونە ئەوانەی لە رابردوودا لە یەکێتی نیشتمانی ولە حیزبەکانی تری کوردستان جیا بوونەوە، هەر لە سەر ئەوە بوە کە بیروڕای جیاوازیان هەبو ورێگای دربڕین وبڵاوکردنەوەیان نەدراوە و بە ناچار یا لە حیزبەکە دەر چوون ویان دەرکراون. لەوانەیە بگوترێ یەکێتی نیشتمانی ئێستا حیزبی سۆسیال دێموکراتەو سۆسیال دێموکراتیش بە گوێرەی سوننەت و بیروباوەڕی خۆی دێموکراسی دستە بەر دەکات. ئەوە راستە. ئولوف پالمە لە نامەی خۆیدا بۆ

www.kerimbisarani.com

ڤیلی برانت و بورنۆکرایسکی ١٧ی مانگی مارسی ١٩٧٣ دەنووسێ :« ئامانجی ئەسڵی سۆسیالیزمی دێموکراتیک. واتە سۆسیال دێموکراسی هەمیشە ئەوە بوە کە لە هەموو بوارێکدا دێموکراسی دابین بکا ولە کۆمەڵگای دێموکراتیکدا کاری ئازاد بکاتە جێ نشینی گورِم وزۆرە ملی. لە هێندێ ولاتانی دنیای سێیەمدا هەوڵ دەدەن بە شێوەی دێموکراسی ولاتەکەیان بەرێوە بەرن. ناکرێ چاوە روان بین لەم ولاتانەدا کە سوننەتی دێموکراسی نیە، ماوەیەکی زۆر لەژێر گورِمی دەسەلاتی بێگانان و دیکتاتۆری خوێناویدا ژیاون و خەڵک لە هەژاریدا دەژین، شێوەی دێموکراسی هەڵبژێرن و بەکاری بێنن.»

بە سەرنجدانی ئەم وتەیەی ئولوف پالمە مرۆڤ ناچارە بیر بکاتەوە کە داخوا کۆمەڵی ئێستای کوردەواری وحیزبە سیاسیەکانی کوردستان گەیشتوونە ئەم رادەیە کە دێموکراسی وئازادی بیروباوەرِ بە تەواوی سەقامگرتوو بکەن.؟ تاقیکردنەوەی نە زۆر دوورمان لەبەر دەست دایە. دوکتۆر قاسملووی رەحمەتی پێش دە ساڵ، واتە پێشتر لە مام جەلال سۆسیال دێموکراسی هێنا کوردستان و حیزبی دێموکراتی کرد بە سۆسیال دێموکرات و بۆ هێور کردنەوەی ئەندامانی حیزب و فریودانی نوێنەرانی کۆنگرەش ناوی « سۆسیالیزمی دێموکراتیکی » لەسەر دانا ، لە کاتێکا حیزبی سۆسیال دێموکراتی ئەڵمان لە ساڵی ١٩٥٩ بەرنامەی «سۆسیالیزمی دێموکراتیکی» پەسند کردوە. بەلام دوکتۆر قاسملوولە «کورتە باس» دانووسی: «ئەگەر بێژین سۆسیالیزمی دێموکراتیک، یانی رەتکردنەوەی سەرمایەداری وسۆسیال دێموکراسی .» لە گەڵ ئەوەش کاتێ بە پشتیوانی مام جەلال لە کۆنگرەی شەش دا بەرنامەی سۆسیالیزمی دێموکراتی بە پەسند کردن دا ، هەر دوای کۆنگرە هەموو سوننەت ونەخلاقی سۆسیال دێموکراسی ئوروپا ، لە حیزبی دێموکرات دا خرا ژێر پێ. لە ئەندامانی حیزب « تعهد » وەر دەگیرا کە بە بەرنامەی پەسند کراو وەفادار بن ودژی رێبەرایەتی قسە نەکەن. لەنێو حیزبدا بیرورِای جیاواز دەر نەبرِن. دەیان کادیری نیشتمانپەروەر وخاوەنی بیرو باوەرِ بە حیزب هەر بەو تاوانە دەرکران.

پێویستیی بە باسکردن نیە، برادەرانی کوردستانی خواروو وشەخسی مام جەلالیش باش ئاگادارن. هێنانەوەی ئەو ئەزموونە تاڵە بۆیە مرۆڤ دەخاتە مەترسی یەوەکە کۆبوونەوەی دەستەو تاکی خاوەن فێرگەو بیرو باوەڕی جیاواز لە رێکخراوەیەکدا، ئەو دێموکراسیەی ئێستای کوردستان کە لە رۆژ هەلاتی نێوەراست دا بێ وێنەیە، لە دەرەوە دەنگی داوەتەوە وجێی شانازی گەلی کوردە بکەوێتە مەترسی و تەنگە بەر بکرێت.

**٢ ــ سۆسیال دێموکرات و چەپ و شۆرشگێر و سۆسیالیست و .....**

بەرێز مام جەلال لە بانگەوازەکەیدا، هەموو ئەوانەی سەرەوەی ریز کردوە و بانگیان دەکات بۆ نێو یەکێتی نیشتمانی کوردستان. دیارە ئەوەی پێوەندی بە سۆسیال دێموکراسی یەوە هەیە، ئەوە رێبازەکەی روون وئاشکرایە. بێجگە لە« دژی چەوسانەوەو دژی شۆڤێنیزم ودژی کۆنە پەرستی » هەموو ئەو خالانە دەگرێتەوە کە لە بانگەوازەکەی مام جەلال ولە پرۆگرامی یەکێتی نیشتمانیدا گوتراون .دیاری من لێرەدا مەبەستم رێبازی سۆسیال دێموکراسی یە بە گشتی وەک رابردووی سۆسیال دێموکراسی لە ئوروپا. نەک بە حیزبێکی بەناو سۆسیال دێموکرات و بەلام خاوەنی بەرنامەو سیاسەت و تاکتیکی تایبەتی خۆی، وەک یەکێتی نیشتمانی کە بە ناو سۆسیال دێموکراتە بەلام بەرنامەو ئامانج وستراتیژیەکەی گەلێک لە رێبازی سەرەکی سۆسیال دێموکراسی بەر فرەوانترە و وەلامدەری هەل ومەرجی بزووتنەوەی نیشتمانی کوردستانە. یان وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. ئامانجی نهایی سۆسیالیزمی دێموکراتیکە. بەلام لە « زانستی پێگەیشتنی کۆمەل »کە مارکسیزمە پەیرەوی دەکات. یان قەوارەو ساختومانی حیزبەکە «سانترالیزمی دێموکراتی » یە کە پەیرەوی نێو خۆی حیزبە کۆمونیستەکانە. مەبەستی من تاکتیکی ئەم جۆرە حیزبە سۆسیال دێموکرتانە نی یە. مەبەست بنج وبناوان ورێبازی سۆسیال دێموکراسی یە کە لە سالی ١٩١٤ەوە دەیەوێ نیزامی سەرمایەداری بپارێزێ و باشتری بکات. نەک بیرووخێنێ یا بیگۆرێ. ئولوف پالمە لە دانیشتنێکدا

لە گەڵ ڤیلی برانت وبورنوکرایسکی ٢٥یانگی مای ١٩٧٥ لە ڤیەننا دەڵێ :
« نیزامی سەرمایەداری ئێستا لە قەیران دایە گەلێک لە بایەکانی بنە رەتی کۆمەڵی سەرمایەداری کەوتوونە ژێر پرسیار. زۆر کەس لە بواری ئەخلاق وبیروباوەڕەوە سەرمایەداری مەحکوم دەکەن.. ئێمە سۆسیالیستەکان لە گەڵ سەرمایەداری ژیانی هاو بەشمان هەیە. ئێمەش هەر ئەوەمان دەوێ کە سەرمایەداری گەرەکیەتی. دەمانەوێ ژێرخانی کۆمەڵی سەرمایەداری سەنعەتی نوێ کەینەوە. قەیرانی سەرمایەداری قەیرانی کۆمەڵی سەنعەتی یە. ئەرکی ئێمە رزگاری ئەو کۆمەڵەیە ، »
لە بەرنامەو رێبازی سۆسیال دیموکراسیدا، هەرچەندی بخوازی باسی ئازادی ودیموکراسی ودەربڕینی بیر وباوەڕ هەیە وبە کردەوەش بەرێوە چوە. دژی شەڕ وکار بۆ هەموو کەس ویەکسانیش هەنگاو هاوێژراوە. بەڵام نەهێشتنی چەوسانەوەی چینایەتی و گۆڕینی سەرمایەداری لە وێدا باسی نیە. کەوابوو بە بۆچوونی من تێکەڵ کردنی سۆسیالیزم بە مەفهومی زانستی و نەهێشتنی چەوسانەوە لەگەڵ بەرنامەی سۆسیال دیموکراسی، ئەگەر مەبەستی سیاسەت وتاکتیک نەبێ، لە باری زانستی یەوە بۆ چوونێکی تەواو نی یە و جێگای موناقەشەیە.

٣ ــ چەپ :

چەپیش تاریف و مەفهومی خۆی هەیە. لەو کاتەوە کە وشەی چەپ و رێبازی چەپ هاتۆتە نێو ئەدەبیاتی سیاسی، بۆ چەند مەبەست وبە چەند رێباز لێکدراوەتەوە. بۆ نموونە : سۆسیال دیموکراسی لە بەرانبەر خۆپارێز ( محافظە کار ) و کۆنە پەرستی سەرمایەداریدا، چەپ بوە. بەڵام هەر لەو کاتەشدا بە قەولی (ماکس نادلەر سۆسیال دیموکراتی ئوتریشی ) لە نێوان دوو هەڵوێستی « شۆڕش و رێفۆرم » دا، بەلای راستەدا کەوتوە. هەر بۆیەش لە نێو بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراسیدا، بزووتنەوەی چەپ سەری هەڵداوە وەک سۆسیالیست و سۆسیالیستی چەپ و سۆسیالیستی ئازادیخواز و...،

www.kerimhisami.com

ڕێکخراوی تایبەتی خۆیان دامەزراندوە. ئەوانەش هەر چەندە لە ئەسڵی ڕێباز دا « شۆڕش و ڕیفۆرم » فەرقێکیان نەبوە، بەڵام لە هێندێ مەسەلەو لە سیاسەتی ڕۆژدا یەکیان نەگرتۆتەوە. حیزبی سۆسیال دێموکراتی ئەوتۆ هەبوە وهەیە کە زۆر جارلە گەڵ حیزبە ڕاست ڕەوی خۆ پارێز ولە گەڵ پەیمان ودەستەبەندی نیزامی و سیاسی و ئیمپریالیزم هاو دەنگ وهاو هەنگاو بوە. جاری واهەبوە لە هەڵبژاردنی پارلەماندا بۆ وەدەست هێنانی دەنگی زۆر لە درۆشمی بنەرەتی خۆی لایداوە.

دەمەوێ بڵێم سەرەرای ئەوەی کە دێموکراسی ونازادی بیروڕاو پێک هێنانی ژیانی سەردەم بۆ هاونیشتمانیان سیاسەت وکردەوەی سۆسیال دێموکراسی یە، بەڵام ناکرێ بکرێتە مەکۆ وناوەندی هەموو لایەنگرانی بیرو بڕوای جیاوازی سیاسی و کۆمەڵایەتی. جگە لەوە ، چەپی دێموکرات، چەپی شۆڕشگێڕ، چەپی خوار و..هتد، ئەوانە هەر یەکەلە بواری سیاسی وکۆمەڵایەتی وتەنانەت سیستمی کۆمەڵایەتی دوا ڕۆژی کۆمەڵیشدا بیروڕاو بۆچوونی خۆی هەیە. بەر لە تێکچوونی سیستمی « سۆسیالیزمی مەوجود » هەر یەکەش ئیدیۆلۆژیکی کرد بوە ڕێنوێنی سیاسەت و پراکتیکی خۆی.

دێموکراتی شۆڕشگێڕ : ئەم تیپەش ئەگەر راستەو خۆش ناوی مارکسیستی یان لە خۆ نەناوە، لە سیاسەت وبۆچوون ولێکدانەوەیاندا پشتیان بە مارکسیزم بەستوە. ئەوانیش خۆیان لە سۆسیال دێموکراسی پێ چەپتر بوە

سۆسیالیستەکان : ئەوان لە پرۆگرام وبۆ چوونیاندا، خۆیان بە حیزبی چینایەتی وبە هەڵگری بیرو باوەڕی مارکسیستی و بە دامەزرێنەری سۆسیالیزم داناوە وتەنانەت جاری وا هەبوە دەستی کۆمونیستەکانیشیان لە پشتەوە بەستوە و جاری واش هەبوە تیئۆری وکردەوەیان لەگەڵ یەک فەرقی هەبوە.

کۆمونیستەکان : ئەوانیش کەوتونەتە جەغزی بانگەوازەکەی مام جەلال. دیارە ئەوان هەر چەندە لە قۆناخی ئێستاو لە سیاسەتی ڕۆژولە هاوکاری بەرەی کوردستانی وگیروگرفتی ڕۆژدا لەگەڵ هێزە سیاسیەکانی تر هاوهەنگاوبن،

www.kerimhisami.com

بەڵام ئەوان حیزبی چینایەتین و ئامانجی نهایی ئەوان دامەزراندنی کۆمەڵی بێ چین ودادپەروەری کۆمەلایەتی یە بە هەموو مانایەکی زانستی یەوە. باسی پرۆگرام وستراتیژی دەکەم، کارم بەوە نیە کە ئێستا دوای سەر نەکەوتنی سیستمی سۆسیالیزمی سۆڤیەتی وولاتانی ئورووپای رۆژ هەلات، لە سۆسیالیزم ومارکسیزم وبیروباوەڕ وتیئۆریەکەی کراوەتە هەلاوڵە قاودان وبادانەوەو پاکانەو ناوگۆڕین و واز هێنان لە بیروباوەڕوورابردوو بۆتە باوو وشکە سۆفیە کۆنەکانیش لەم مەیدانەدا! لە گەڵ کۆنە پەرست ودوژمنانی ڕەسەنی سۆسیالیزم پێشبڕکەیانە و رادەگەیێنن کە « کۆمونیزم مردوە وسۆسیالیزم فاتیحای بۆخوێنراوە . بەڵێ راستە. سۆسیالیزمی مەوجود مردوە. ئەوسۆسیالیزمەی لە سۆڤێت سازکرابوو، کفنیشی زدرد بوە بێ ئەوەی (دەستی ئیمپریالیزم و سەرمایەداریشی)تێدا بێ !!. تا ئێستا لەسەر بەشە میراتەکەی کە « وەدەست هێنانی مافی مرۆڤە ! » پتر لە سەد هەزار کەسیش خوێنی رژاوە. ئەوە یەک واقعیەتە. بەڵام لە بەرانبەر ئەم واقعیتەدا ( واتە لە بەین چوونی سۆسیالیزمی مەوجود) واقعیەتێکی دیکەش هەیە کە ناکرێ مرۆڤ نەی بینێ ویا چاوی لێ بنوقێنێ، ئەویش نەمردنی فەقیری وهەژاری وبرسیەتی ونا بەرانبەری وزولم وسەرە رۆییە لە جیهاندا کە زایدەو ئاوال دوانەی سیستمی سەرمایە داری یە. سۆسیالیزمی مەوجود نەماوە. بەڵام میلیۆنها ئینسان لە سەرانسەری جیهاندا لە بەر دەستی رێژێمە دیکتاتۆرو کۆنەپەرستەکانی سەرمایەداری دا دەناڵێنن و دەتلێنەوە.

نامەوێ لەسەر ئەم باسە برۆم. وادیارە لە مەتلەب لام داوە. داوای لێبووردن لە خوێنەرانی بەرێز دەکەم. بە راستی ساخکردنەوەی هۆیەکانی لە بەین چوونی سیستمی سۆسیالیزمی مەوجود کارێکی هاسان نیە. بە قەولی حافظ ی شیرازی:« عالمی از نو باید ساخت و از نو ادمی »

مەبەست ئەودیەکەکۆمونیست وسۆسیالیستە راستە قینەکان حیزبی چینایەتین و لەگەڵ ئەم کاتیگۆریانەی مام جەلالی بەرێز بۆ هاتنە نێو یەکێتی بانگی

کردوون، یەک ناگرنەوە.
ئەنجام: بە روونکردنەوەی باسەکەوە تێگەو بۆچوونی خۆم دەگەمە ئەو ئەنجامەی کە بانگەوازەکەی مام جەلال لە چەند بارەوە بۆکۆمەڵی ئەمڕۆی کوردەواری ناگونجێ و بەقازانجیش نیە. لە بارودۆخی ئیمڕۆی کوردستاندا لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی، بە سەر بەرژەوەندی حیزبایەتی ودەستەییدا، زێدەیی هەیە.
یێکەم : هەر وەک باسکرا ئەم هەموو دەستەوتاقم وتاکی خاوەن فێرگەو بیروڕاوبۆچوونی جیاواز لە بارودۆخی ئیمڕۆی کوردستاندا، لە یەک ڕێکخراوەدا حاوانەوەیان دژوارە ودوور نیە جارێکی دیکەش توشی ناتەبایی وجیاوازی ببنەوە.
دووەم:بەکۆبوونەوەیانەوەهەمووڕێکخراوانە لە یەک ڕێکخراوەدا،دێموکراسی تەنگە بەردەکرێ. ئەو ئەدێموکراسیەی ئیمڕۆ لە کوردستاندا هەیەو جێگای شانازیە، لام وایە گرنگترین هۆکار ووەسیلە یە بۆ بردنە سەری پلەی کولتوری جەماوەر ودەربڕین وگۆڕینەوەی بیروڕای جۆر بەجۆر و بەشداری کۆمەڵانی خەڵک لە چارە سەرکردنە گیروگرفتەکانی کوردستاندا. بە قەولی ڤیلی برانت سەرۆکی پێشووی سوسنتر وسۆسیال دێموگراتی بەناو بانگ: « سۆسیالیزمی دێموکراتێک ئەرکێکی قورسی لەسەرشانە. ئەویش بریتی یە لە خەبات بۆدێموکراسی وئازادی وپاراستنی و بەکار هێنانی. مەبەست لە وشەی « دێموکراتی » هەڵوەشانەوەی هەموو چەشنە سەر پشکیەک. لە پلەی یەکەمدا دەبێ ڕێگای هەموو جۆرە پشکوتن و لێهاتوویی ولێزانی بدرێ بەهەموو کەس بەبێ فەرق وجیاوازی. دەبێ بە شکڵی جۆر بەجۆر خەڵک والێ بکرێ کە لەبڕیارداندا لە بەر پرسی وچارەسەرکردنی مەسەلە کۆمەلایەتیەکاندا بەشداری بکەن.»
سێیەم :هەمووحیزب ورێکخراوودەستەی سەرگۆڕەپانی ئیمڕۆی کوردستان لەگەڵ پێداچوونەوەی بیروپڕۆگرام وکردەوەی رابردوویان،پێویستە بارودۆخی

ئیمڕۆی کوردستان وناوچەوجیهان بخەنە بەرچاوولەم قۆناخەدا تێکۆشانی خۆی بۆچارەسەرکردنی گیروگرفتی کوردستانی خواروو بۆسەپاندن وپتەوکەدنی فیدراڵ وپاراستنی دێموکراسی تەرخان بکەن.
یەکێتی نیشتمانی هەروەک نیشانی داوە لەم چوارچێوەیەدادەتوانێ ئەرکی گرنگ وپڕلەشانازی خۆی بەجێ بگەیێنێ.»
بەخۆشیەوە کوردستان نوێ لەژمارە ٣٧١ ــ٢٣/٤/١٩٩٣ی خۆیدا، وتارەکەی منی بەم کورتە پێشەکیەوە بڵاو کرد بۆوەو نووسیبووی: «خوێنەری بەڕێز ..دوا بەدوای بەنگەوازەکەی مام جەلال سەبارەت بەگەشە پێدانی ی.ن .ک ڕوپەڕی ئەم لاپەڕەمان والاکرد بۆلێدوان وگفتگۆی سەربەستانە لەوبارەیەوەکەزیاتر لەماوەی سێ مانگی خایاندوخۆبەخۆیی تەوەرەیەکیبەناوی(یەکگرتنی چەپەکانەوە)پێکهێنا. بەڵام دواترلەبەرئەوەی کە موناقەشەکان بەرەودووبارە بوونەوەولێکچوون دەچوون وەپاش ئەوەی کە زۆربەی ئەوکەسایەتی وگروپ ولایەنانەی هەڵگری تێڕوانینی چەپ بوون بیروڕای خۆیان تیادەربڕی، وامان پێ باشبووکەئیترئەوگفتوگۆ فیکریانەلەئاستێکدا رابگیرێن. بەڵام لەم ماودیەدا وتارێکی نووسەری بەڕێز ماموستا کەریم حسامی مان پێگەیشتوە کەتێیدا تێڕوانینی خۆی سەبارەت بەبانگەوازەکەی مام جەلال دەربڕیوە. لەلایەکەوە لەبەر ئەوەی ئەو وتارەبازنەی لێدوان فراوانتردەکا وبەردو بەشەکانی تری کوردستانی دەبات کە ئەمەش بایەخێکی تایبەتی هەیە بۆ نیزیک بوونەوەی بزاڤی ڕوشنبیری وسیاسی سەرانسەری کوردستان لەیەکدی. وەلەلایەکی ترەوەبیروڕای کەریمی حسامی وەکو سیاسەتمەدار وخەباتکەرو ڕوشنبیرێکی دیاری کوردستانی ڕۆژ هەڵات بایەخی خۆی هەیە،بۆیە بەپێویستمان زانی سەرباری دەرنگ وەختیشی بیخەینە بەردەمی خوێنەرانی بەڕێز وئەوەش وادەگەیێنێ کە ئەم وتارە تەنها دەربڕینی نووسەر خۆیەتی. کوردستانی نوێ»
ئێستا کەلە ٨/١٢/١٩٩٥ئەودێڕانە دەنووسمەوە وبەدەقی وتارەکەی خۆمدا

www.kerimhisami.com

دێمەوە، دەبینم لەگەڵ هێندێ بۆچوونی راست، تووشی تۆزێ گەشبینی هەڵەشەو بەپەلەش بووم. چاوەروان بووم کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بە تایبەت کە بۆتە حیزبێکی سۆسیال دێموکراتیش، بۆ پاراستن وپەرەپێدانی دێموکراسی وریزگرتن لەمافی مرۆڤ وداهێنانی داب وشوێنی دێموکراسی ونازادی بیروڕای جیاوازو یارمەتی بەبلاوکردنەوەی ئەدەبیاتی سیاسی وروشنبیری سەربەستانە پێش هەنگاو دەبێ. بەلام بەداخەوە ئەوبۆ چوونەم ودراست گەڕا کە لەوتاری ناوبراودا نووسیومە:« کۆبوونەوەی ئەو هەموو فێرگەوتاقم و دەستەو بیروڕاجۆربەجۆرانەلە یەکێتی نیشتمانیدا، لەوانەیەبناخەی دێموکراسی لەکۆمەڵدا ولەیەکێتی نیشتمانیشدا لەق بکات.» یان نووسیومە:« کۆبوونەوەی دەستەوتاکی خاوەن فێرگەوبیروباوەڕی جیاواز لە رێکخراوەیەکدا ئەودێموکراسیەی ئێستای کوردستان کەلەرۆژهەلاتدا بێ وێنەیە، بکەوێتە مەترسی وتەنگەبەر بکرێت.»

تاقیکردنەوەی دوای ئەم بانگەوازەی مام جەلال نیشانیدا کەتەقەلای ناوبراوبۆکۆکردنەوەی دەستەوتاقم وگروپی جیاواز لەیەکێتی نیشتمانیدا، بۆ پەرەپێدان وپاراستنی دێموکراسی ودابینکردنی مافی مرۆڤ وئەمنیەت وئاسایشی خەڵک نەبوە، بەڵکووبە مەبەستی وەدەست هێنانی دەسەلات وحکومەت کردن بوە. کە وەک دەنگوو باس و بەیاننامە ئاژانسەکانی جیهانی ونووسراوەی رۆژنامەکانی کوردستانی خوارووڕادەگەیێنن، ئەنجامەکەی بۆتە داپلۆسین وتالان وکوشتن وئاوارەکردن وراونانی موخالیفەکان ورەشەکوژی ولەژێرپێ نانی مافی مرۆڤی کورد لەکوردستاندا. دیارە هەرتک حیزبی دەسەلاتدار لەو هەموو تاوانەدا بەشدارن. بەلام من وتارەکەم باسی موناقەشەیێکە لەگەڵ بانگەوازەکەی مام جەلال. بێجگە لەوەش کاتێ مرۆڤ نووسراوە ووتووێژەکانی کاک نوشیروان دەخوێنێتەوە کە خۆیانی پێ دێموکرات وپێشکەوتوخوازویاسا پەروەرو پاک وبێگوناهە ولایەکەی دیکەشی پێ خێڵەکی وکۆنەپەرست ونادێموکراتە، ئەودەم مرۆڤ ناچار دەبێ کە رووبکاتە

ئەو هێزەی کە خۆی پێ پێشکەوتوخوازە وبلێ وتاروکردەوەتان یەک ناگرنەوە. نموونەی ئاخریشی کوشتنی ١٢ پێشمەرگە، ١٢ئەندامی حیزبێکی کوردستانی بە دەستی چەکدارانی یەکێتی نیشتمانی یەکە رۆژی ٩٥/١١/١٩ لە ستۆکهۆلم پرسەیان بۆ دانرا.

لێرەدا مرۆڤ شیعرێکی سەعدی شیرازی وەبیردێنێتەوە کە دەڵێ:

**« چو کنعانرا طبیعت بی هنر بود ـــ پیمبر زادگی قدرش نیفزود »**

مرۆڤ دەگاتە ئەوئاکامەکەکوردستانەکەی ئێمەش سرشت وخاکەکەی بێ هونەرە. ئازادی ودێموکراسی تێیدا گوڵ ناکا. تەنانەت سۆسیال دێموکراسیش لەکوردستان بەرەودیکتاتۆری وملهوڕی وداپلۆسین ورەشەکوژی بادەداتەوە. هەر وەک لەوتاری ناوبراودا نموونەی سۆسیال دێموکراسی دوکتور قاسملوی شەهیدم هێناوەتەوە . دوای کۆنگرەی شەشەم کە بوو بەسۆسیال دێموکرات ئەندامانی حیزبی مەجبور دەکرد کە دەبێ (تعهد) بدەن کە زمانیان نەگەڕێ. یا بەبیانووی پڕوپوچ کادرە تێکۆشەرەکانی لەحیزب دەر دەکرد ودەهۆڵی ئێوبەتاڵی دێموکراسیش لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەکەیان دەنگی دەداوە.

www.kermanisami.com

## کۆبوونەوەی بێ ناوونیشان

لەمانگی پێنجی ١٩٩٣ کاک خالیدی عەزیزی لەڤێستەرۆسەوە تەلیفونی کردوگوتی: «قەرارەکۆبوونەوەیەک لەکوردەکانی لایخۆمان پێک بێ وتۆزێ لەوەزعی خۆمان بکۆڵینەوە. پێمان خۆشە تۆش بەشداری بکەی.

هەرچەندکاک خالید مەبەستی کۆبوونەوەوپێکهێنەرانی بەوردی روون نەکردەوە، بەڵام بەگوێرەی تاقیکردنەوەی خۆم زانیم کە مەسەلەیەکی جیدی نیە، تەنیادیدارێک وهێندێ قسەوباسی بێ پشێیوانەیە. چونکە دووسێ ساڵ پێشتریش چەند برادەرێک ویستبوویان تەکانێک لەخۆبدەن وگۆیا شتێک بۆ تێکۆشانی سیاسی پێکەوە بنێن. ئەوددم لەمنیان نەگێڕابۆوەومنیش خۆم

پێوەماندوو نەکردبوون چونکە دەمزانی چی لێ پەیدانابێ.
بەڵام بەکاک خالیدم گوت چ قەیدی نیە ومنیش بەشداری دەکەم. خالید گوتی دوایە لێت دەگێڕمەوە.
رۆژی ١٥/٥/١٩٩٣کاک خالید تەلیفونی کرد وگوتی ئیمرۆ سەعاتی ٢دوای نیوەڕۆ لە (....)کۆدەبینەوە. دیارە بە حەمەددەمینی سیراجیش گوترابوو، پێکەوە سواربووین وچووینە ..... شوێنێکی باش دۆزرابۆوە ، خەڵکێکی زۆروهەمەجورە بانگ کرابوو، هیچ بەرنامەیەک لەگۆڕێدانەبوو.کۆبوونەوەکە پترەوک لێگێڕانەوەی زەماوەند ومیوانداری دەچووتابۆ مەبەستێکی سیاسی. دەست بە قسان کرا. بۆچوون وبیروڕای جیاوازو هەمەچەشنە ئەودیان نیشان دەدا کە مەبەستی سەرەکی پێکهاتنی کۆبوونەوەکە،کۆکردنەوەی براکۆردەکانی کوردستانی رۆژهەلاتی دانیشتووی سویدە ونەگەر بکرێ دامەزراندنی شێوە رێکخراوەیەکی دێموکراتی گونجاوە. وتاروبۆچوونەکان ئەوەندە جۆراوجۆرولێک دوور وسەیر بوون، هەرچەندی بەشی زۆریانم یادداشت کردوون، بەڵام بۆ بڵاو کردنەوە نابن. کۆبوونەوەکە لەبەر بێ بەرنامەیی بێ ئەنجام کۆتایی هات. ئەوەندەبوو بریاردرا ئەم کۆبوونەودیە درێژەی هەبێ. لەسەریەک قازانجی کۆبوونەوەکە دیدار ودانیشتنی برادەران وهاو وڵاتیان بوو. یەک دووجاری دیکەش لە ستۆکهۆڵم وڤێستروس کۆبوونەوەکە ساز کرایەوە. ئەم جارەی زۆرکەس لە بەشدار بوانی هەولێ هەرنەهاتبوون وهێندێکی تازە هاتبوون. بەڵام هەروەک جاران لە ئاخافتن بەددر ئاکامێکی نەبوو. بریاردرا کۆبوونەوەیەکی دیکە سازبکرێ. من نۆرەم وەرگرتبووکە لەکۆبوونەوەی داهاتوودا قسەبکەم. بەڵام چونکە سەفەرم دەکرد،ئەم نووسراودیەی خوارەوەم نووسی ودام بە کاک حەمەددەمینی سیراجی لە جیاتی من بیخوێنێتەوە.
بۆهەڤاڵانی کۆبوونەوەی بێناو ونیشان ! « دوای سلاو،دەزانن نۆرەم گرتبووکە منیش لەسەرکۆبوونەوەوقسەکانی شتێک بڵێم. بەداخەوە شانسم نەیهێنا. بەڵام بەباشم زانی بۆ ئەوەی هەقم نەفەوتێ بەشێک لەبیروڕاوبۆچوونی خۆم

بەنووسراوە رابگەیێنم. رەنگە هێندێ لەبیروقسەکانم تاڵ وگرژێشبن، بەڵام قسەی ئەوپیاوە گەورەتان وەبیر بێنمەوە کەدەڵێ:« وشەی راست وحەقیقی جوان نین. وشەی جوانیش راست وحەقیقی نین.» هەر وەک کوردگوتەنی« قسەی هەق رەقە یا تاڵە» لەسالانی رابردوشدا وەک بزانم چەند برادەرێک هەستی جولانەوەوکۆکردنەوەیان گولی دەکرد ولەسەر بناغەی دۆستایەتی و هاوشارێگەلی لێک کۆدەبوونەوە ودوای هێندێ قسە بلاوەیان دەکرد.
ماوەیەک بوو ئەم کۆبوونەوانە داکوژابوون. ئەوا جارێکیترسەریان هەڵداوەتەوە بێ ئەوەی بناغەیەک بۆکۆبوونەوە دارژابێ. لێگێڕانەوەی ئەم جارەش وەک لەیەکەم کۆبوونەوە دەرکەوت،هەرلەسەر بناغەی دۆستایەتی وناوچەگەری بوە. نەگەلالەیەک بۆکۆبوونەوە هەبوە، نەپێوانەیەک بۆ لێگێڕانەوە. هەربۆیەش لەکۆبوونەوەی دووەمدا لەکەمیان دابوو، زۆریان نەهاتنەوە.
بابزانین هاندەری پێکهێنانی ئەم کۆبوونەوە چی بوو؟چ شتێک وکام روداوە پالی پێوەناوین کەلێک کۆبینەوە برێک قسان بکەین وخواردن بخۆین وبلاوەی لێبکەین.؟ بەبۆچوونی من ئەم چەندهۆیەی خوارەوە دەکرێ بەبزوێنەری هەستی پێکهێنانی کۆبوونەوە بزانین.
١ __ ئێمە هەموومان ماوەیەکی زۆرلەبزووتنەوەی کوردستاندا بەشداربووین. هەرکەس لەنێو رێکخراووحیزبێکداتێکۆشاوە. ئێستا دەبینین لافاوەک پوش وپەلاش وەلای ناوین. لەبزووتنەوە دوورکەوتووینەوە. زگمان بەخۆدەسووتێ،هەست بەکەمایسی دەکەین، بەڵام گەرای تێکۆشانیش لەناخماندا دەجولێ، دەمانەوێ لەم دووردپەرێزیە دەرباز بین، بێینەوە مەیدان، بێینەوە کوڕی جاران، بەزیندووخۆمان نیشان بدەین تابەمردوومان نەزانن. بەڵام چۆن؟
٢ __ گۆڕانێکی گەورە بەسەررەوتی پێشکەوتنی جیهاندا هاتوە. ئەم گۆڕانە کوردستانیشی گرتۆتەوە. کاتێکی ئێمەلە بزووتنەوە دابڕابووین، تەمی ناهومێدی بزووتنەوەی کوردی داگرتبوو. لەهەرتک دیوی کوردستان جولانەوە

www.kerimhisami.com

بەرەونەمان دەچوو. وەک ئێستا هەوڵ دەدەین(دیارە هەربەقسە) بۆزیندووبوونەوەو چوونەوە نێوناوان، ئەوددەمیش هەوڵمان دەدا بۆ دوور کەوتنەوەوبەجێ هێشتنی بزووتنەوە ، بۆراکردن وگەیشتن بەئوروپا.
هەروەک ئێستا بەڵگەوبیانوودەبینینەوەبۆخۆبەشدارکردنەوەی تێکۆشان، ئەوددەمیش بەڵگەوبیانوومان دەهێناوە بۆراکردن ودوورکەوتنەوە. من ئێستاناچمە سەرشیکردنەوەی ئەم بەڵگەوبیانوانە. بەڵام ئێستا دەبینین لەژێرتەئسیری ئەم گۆڕانکاریەدا، بزووتنەوەی کورد پێی ناوەتەقۆناخێکی نوێ،لەکوردستانی گەرمێن پارلمان وحکومەت دامەزراون. مەسەلەی کورد بۆتە جێگای باسی کۆڕوکۆمەڵە جیهانیەکان. لەکوردستانی ئێرانیش راستە کەبزوتنەوەی چەکداری لەپاشەکشەدایە، بەڵام دوورنیە لەم بەشەی نیشتمانیشدا ئاڵوگۆڕێک روویدا. چونکە ناکرێ رووداوی کوردستانی گەرمێن کەم یازۆر کارنەکاتە سەر بزووتنەوەی بەشەکانی تری کوردستان. بەدووری نەزانین لەژێر تەئسیری ئەمرووداوانەدایە کەشەری براکوژی لەکوردستانی ئێمە وەستاوە.( دیارە هۆی دیکەش هەن)جاران کەمصاحبەی رێبەرانی حیزبی دێموکرات لەپاریسەوە بلاو دەبۆوە، ئێستا لەواشنگتۆنەوە دەنگ دەداتەوە.
ئەگەرخۆشم کیسەی بۆهەڵنادرووم،لەئاخافتنی چەند برادەرێک لە کۆبوونەوەکانی رابردوودا بۆم دەرکەوت کە هیوایان زۆرە ئێرانیش بکەوێتە بەرلافاوی ئەم گۆڕانکاریەونەزمی نوێی جیهانی(دێموکراسی)مان بەسەرداببارێنێ. جالەکات ولەهەل ومەرجی ئاوادا ئێمەی دەرپەڕیو ودوور لەکۆڕی خەبات سەرمان بێ کڵاودەمێنێ. تەنانەت دەستمان بەوتاڵان وبڕۆیەش راناگات کە کاتی راپەڕین لەکوردستانی گەرمێن کرا. کەوایە تا درنگ نەبوە باچارەیەک بدۆزینەوە.
٣ ــ سەیرێکی پەنابەرانی دەوروبەری خۆمان دەکەین، کوردەکانی بەشەکانی تر، یانێرانیەکان زیندوون، چەند گۆڤارو رۆژنامە بلاودەکەنەوە، سیمیناروباسی سیاسی وفەرهەنگی سازدەکەن، چەند رێکخراوونەنجومەنی فەرهەنگی

www.kerimhisami.com

وهونەری و ....یان هەیە. بەڵام ئێمەی کوردەکانی کوردستانی ئێران لەگۆڤارونووسین وسیمینار وباسی ئەدەبی وسیاسی وزانستی و ئەنجومەنی فەرهەنگی بێ بەشین. لەکاتێکا ئێمەبە ئەژمار لەوان کەمتر نین وهەم لە قسەکردنیش دانامێنین.!

ئەم سێ هۆ سەرەکیانەوگەلێک وردە شتی دیکە کەبۆباسکردن نابن، هانیان داوین کە بجوڵێین وبگەینە کاروانی لێ بەجێ ماوی بزووتنەوەکەمان. بەڵام ئەوئامرازوکەرستەوکاڵەوپێتاوەی بۆ ئەم کارە لەبەرچاومان گرتوە، تەواونین، وەڵامدەری بارودۆخی ئەم رێگایە نین، ئامان گەیێننە مزڵ.

هەرجەندە پێکهێنەرانی کۆبوونەوە ساخ نەبوونەوە کە کۆبوونەوەیان بۆ چی سازکردوە؟ بەڵام وەک من بۆی چووبم، باسەکانیش لە دەورەی سێ خاڵ دەسورانەوە.

یێکەم : پێکهێنانی کومیتەی ئاشتی

دووەم : سازمانێکی دێموکراتیک

سێیەم : باسی ستراتێژی وسەربەخۆیی کوردستان ویەکگرتنەوە

دیارە باس وقسەوبۆچوونەکان هەمووسیاسین. بەڵام برادەران لەباسی ئامرازی سەپاندن وراپەراندنی بیرورای سیاسی خۆ دەبوێرن. بیروبۆچوونی سیاسی بەکاروکەرستەی سیاسی بەرێوەدەچێ.

لایەنگرانی کومیتەی ئاشتی گەلێک ئەرکی دیکەش دیاری دەکەن کەلەگەڵ کومیتەکە یەک ناگرنەوە. من لام وایەکومیتەی ئاشتکردنەوەی دووباڵی حیزبی دێموکرات هیچ پێویستی بە کۆبوونەوەی ئاوا نیە. دووسێ برادەر کەبڕوایان بەوکارە هەیە وپێیان وایەرزگاری کوردستان بەستراوەتەوە بەوئاشتبوونەوەیە، دەتوانن ١٠هەزار ئیمزا لە کوردەکان کۆبکەنەوەو بەئیمزاو تصدیقی رێبەری میللی ومەزهەبی بگەیێنن وبچن کۆیان کەنەوەو پێکیان بێننەوە وبەلکوو ئیشەڵا حیزبی دێموکرات ببێتەوە ئەوهێزە کە لەکرماشان هەتا ئاراز بەدەستیەوە بوو.!

لایەنگری سازمانی دیموکراتیک روونی ناکەنەوە ئەم ( سازمانە ) سیاسیە یان سینفیە ؟ ئەم ئەرکانەی لەقسەکان دەردەکەون،سازمانی سیاسیە. بەڵام ئەوان خۆی لێ نادەن. سەروبنی وتەی گەلێلک لەبرادەران دێتەوە سەر ئەوحیزبانەی کە لەگۆڕەپانی خەبات دان. گۆیا هەرئەوانن کە قسەیان دەروا، هەرئەوانن کە رێبەری بزووتنەوەن، هەرئەوانن ناسراون، خەڵک لەگەڵ ئەوانەوئەوانن وئەوان.

جائەگەر من قەناعەتم بەو قسانە هەبێ، ئەوەتا ئەوحیزبانە تەشکیلات ورۆژنامەوکومیتەورێکخراویان هەیە،بۆچی خۆم دووررادەگرم، بۆچاکی لێ بەلاداناکەم وناچم کاریان لەگەڵ بکەم ولەتێکۆشانیاندا بەشداربم؟ لەنێو باسەکاندا گوترا: رەنگەلەگەڵ هەمووسیاسەتی فلان حیزب موافیق نەبم. هیچ حیزب وسازمانێک نیەکەهەمووکەس لەگەڵ هەمووسیاسەتی ئەو موافیق بێ.کەسێکی لەسەر ئەوباوەڕە بێ کەکلیلی رزگاری میللەتەکەی بەدەست فلان حیزبە، دەچێتە ناوی. کاری لەگەڵ دەکا، رەخنەدەگرێ،پێشنیاردەکاوهەوڵ دەدا بۆنەهێشتنی کەم وکوری،نەک لەدوورەوە رەخنەگرتن. بەتایبەت نیزیکەی بە تەواوی برادەرانی بەشداری کۆبوونەوە ئەندامی ئەوحیزبانە بوون وئێستاش هەرهەن، خۆوەک من دەرنەکراون. بۆکاریان لەگەڵ ناکەن؟ جائەوانەی سازمانی سیاسیان گەرەکە،پێویستە لەچوونە نێوئەوحیزبانە ولەسازکردنی حیزبی تازە یەکیان هەڵبژێرن.

بەڵام سازمانی دێموکراتێک، ئەوەتا فیدراسیۆنی کوردهەیە، بۆناچنەناوی؟ باشە! بۆلەنێو فیدراسیۆندا هیچ دەورمان نیە. خۆدەکرێ لەنێوفیدراسیۆندا زۆرکاری فەرهەنگی بکرێ. برادەرانی کوردی ئێرانی زۆرن. ئەگەر هەموو بێنە نێوفیدراسیۆن دەتوانن خزمەتی گەورە بەمەسەلەی کوردبکەن، دەتوانن یارمەتی بەجولانەوە بگەیێنن. رێگای تێکۆشانی دێموکراتیک زۆرە، بەومەرجەی تەنیا قسە نەبێ،کاری گەرەکە، دەکرێ ئەوکومیتەی ئاشتی هەرلەنێو فیدراسیۆنیش ئەنجام بدرێ. پێتان وایە ئەگەر سازمانێکی دیکە دروست بکەین، بەوحاڵەی

www.kerimhisami.com

کەخۆمان دەناسین، لەفیدراسیۆن ویالەوحیزبانەچالاک تردەبین.؟
بیری سەربەخۆیی کوردستان، یارزگاری کۆردستان وبازدان بەسەر قۆناخەمێژوویەکاندا. لام وایەئەم بیروبڕوارەسەنە نیشتمانیە لەناخی هەمووکوردێکدا ریشەی داکۆتاوە. بەلآم هێندێ کەس سیاسەت وەک واقعیەت چاولێدەکا وهێندێ کەسیش ئەم گێلمە گێلمە نازانێ، واقیع وباروەدۆخی پێ بنکە ولەهەلکردنی ئالآش نایەتەخوار. دەزانین حیزبی سەر بەخۆیی خوازی کوردستان ورزگاری کورد بەیەکجاری، زۆرن ودروشمی سەربەخۆیی ویەکگرتنەوەی کوردستانیان هەلگرتوە، کەوابوو بەگوێرەی مەنتیق ئەوبرادەرانە دەبێ بچنە نێوئەم حیزبانەوکاریان لەگەڵ بکەن لەهەر شوێن وبەشێکی کوردستان بن. ناسیۆنالیستی کورد هەقی نیەکوردستان لەت وپەت بکاویا بەچەند پارچەی بزانێ. لەهەرشوێنێ خەبات هەبێ، دەبێ بچنەناوی. ئەگەرگوتی من تەنیا بۆ فلان بەشی کوردستان هەوڵ دەدەم، ئەوە ناسیۆنالیست نیە، ناوچە گەری دەکا. ئەگەر ناسیۆنالیستی واقیع بین بێ، ئەوەدەم ئیتر بەدروشمی خالی یەوە نانووسێ.
دیارە لەکۆبوونەوەکاندا بەخۆشی یەوە دێموکراسیەکە ئەوەندە بەربلآوبوو، ئەگەرلەسەرهەمووقسەکان چەند دێڕ بنووسرێن، دەبێتە کتێبی قسان. ئەوە شتێکی باشە هەرکەس هەرچی دەخوازێ دەیلێ، بەلآم ئاکامی ؟
بەبڕوای من برایانی بەشداری کۆبوونەوە، بەرلەهەمووشت پێویستە لەلای خۆیان لەسەرشەخسی خۆیان قەزاوەت بکەن وبزانن لەهەل ومەرجی ئیمڕۆی خەبات ولە کەش وهەوای دەرەوەی ولآتدا، چی یان لەدەست دێ وچ خزمەتێکی یان پێدەکرێ ودەتوانن چ یارمەتیەک بە بزووتنەوەی ئیمڕۆی کوردستانی ئێران بکەن؟. جائەگەرلەویژدانی خۆیاندا ساخ بۆونەوە، ئەوەدەم پێشنیاری کۆنکرێت بۆ هەنگاونان بخەتە بەردەم کۆبوونەوە.
دامەزرێنەرودەمڕاستانی کۆبوونەوە گەلآلەوپێشنیاری موشەخەس وکۆنکرێت بێنن وباس وناخافتنەکان لەدەرەوەی ئەم گەلآلەیە بسورێنەوەودوای

www.kerimhisami.com

شیکردنەوەو هەڵسەنگاندن بڕیاری لەسەر بدەن. ئەگینا بێ گەڵاڵەی دیاریکراو، قسەکان لەهەوادا دەمێننەوەوتەنیا قسەکردن ویەکتر دیتن ونانخواردنمان پێ دەمێنێ، ئەویش خەراب نیە ! حسامی ٩٣/٩/١١.»

من سەفەری خۆم کردوپاش من برادەران جارێکی دیکەش کۆبوونەوە.بەڵام دیاربوونەگەیشتبوونە هیچ بڕیارێک. ئەوەندەیەچەند کەسێکیان دیاری کردبووکەپوختەی بیروراوئاخافتنی کۆبوونەوەکانی پێشوو کۆبکەنەوەو لەکۆبوونەوەی داهاتوودا باسی لسەر بکەن.

رۆژی ١٩٩٤/٢/٢٦جارێکی دیکەش کۆبوونەوە سازبوو. ئەمجارەش چەند کەسێک نەهاتبوون، قسەیەکی عەولای بایزاغای مەنگورم وەبیرهاتەوە. عەولاغای رەحمەتی دەیگوت:« کورد وەک تفەنگی ئینگلیسی وایە، هەتا پێی باوێی کورتی دێنێ.» کۆبوونەوەی ئێمەش جارلەگەڵ جارلەکەمی دەدا. ئەمجارە بیروراکان هێندێ گۆڕانیان بەسەردا هاتبوو. هێندێ لە بەشدارانی کۆبوونەوە هاتبوونە سەر ئەو بیرورایە کەهێندێ سیمینار وکۆبوونەوەی باس ولێکۆڵینەوە پێک بێنین. ئاخرەکەی کۆمیتەیەکی پێنج کەسی هەڵبژێردرا کەلەسەر بنچینەی باس وئاخافتنەکانی رابردوو گەڵاڵەیەک ئامادە بکەن و بۆ لێکۆڵینەوە پەسندکردن وبریارلەسەردانی بیهێننە کۆبوونەوەی داهاتوو. باشبوو خوا چاکەیان بۆ بکا، کۆمیتەی ناوبراو کۆبوونەوەو گەڵاڵەو بیرورای بەیەکجاری گۆڕکردو تائێستاش کە ئاخری ساڵی ١٩٩٥- خەبەرو باسێکیان لێ پەیدا نەبووە.

www.kerimhisami.com

## سەفەر بۆ کوردستان

١٩٩٣/١١/٥ بۆسەردانێکی بەروالەت کوردستانی ئازاد بەرەوتورکیا کەوتمەرێ. لەدیاربەکرەوە بەتاکسی بەنێو تانگ وزرێلی دەوروبەری ڕێگادا گەیشتمە سنووروچوومە مەکتەبی جەوازاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
لە(مەکتەبی جەوازاتی رزگاری)پاسپۆرتەکەم داوکابرای مودیری مەکتەب بەدەنگ ناوەکەی خوێندەوە، رابووم کە ٢٥دۆلارەکەی هاتنە ژوور بدەم، برادەرێک لەوێ دانیشتبوو پرسی:(جەنابت کاک کەریمی حسامی یە؟) بەگەرمی رابوو ئامێزی پێداکردم وبەخێرهاتنی کردم.چووسرتەیەکی لەگەڵ مودیری جەوازات کرد. پاسپۆرتەکەیان لەگەڵ ئەم نووسراوەیە وێدامەوە وهەرچەندی کردم پارەیان وەر نەگرت. لە پەڕەکاغەزەکەدا ئەم رستەیە نووسرابوو:« الی من یهمه‌الامر. یسمح لحامل الورقه السید عبدالکریم حسامی بالدخول الی کوردستان وغیرمشمول بدفع الرسومات لکونه کاتب کردی.٩٣/١١/١٣ »
برادەری بەخێر هاتنی کردم زانیم کاک لقمان برزنجی بوو، پێشتر بەخزمەتی نەگەیشتبووم، دیاربوو ئەویش هەرناوی بیستبووم. هێندێ باسی نووسین وئەدەبیات وبارودۆخی نووسراوەی کوردیمان کرد. ئیتر من لەگەڵ سوپاسمالاوایم لێکردن ولەگەڵ کاک خەلیل بێکەسی هاوسەفەرم سواری ماشێنی کابرایەک بووین بۆ هەولێر. تاکسی کە ئەوەدەم بە ٣٠٠دینار بۆ هەولێردەچوو، کابرا لەهەولێر ١٠٠ دۆلاری لێ ئەستاندین. دەیگوت ئەمە سەیارەی کاربەدەستانی گومرگی سنوورە وبەم نرخە هاتووچۆی هەولێر – سنوور دەکات.

لە هەولێر شەولەماڵی خزمێکی کاک خەلیل سەرمان کردەوە. کاک محەممەدی خاوەن ماڵ لەئاوارەکانی کەرکوک بووکە حکومەتی بەعس هێنابوونی لەئۆردوگایەکی پەنا هەولێر نیشتەجێی نیجباری کردبوون. کاک محەممەد ئەوشەوە باسی جنایەتی بەعس ولێقەومان ودەربەدەری ئاوارەکانی کەرکوکی بۆگێڕامەوە. دوای ڕاپەڕین ووەدەرنانی بەعسیش، دوو حیزبی دەسەڵاتداروحکومەتی کوردستان، بۆ سوک کردنە باری جەوروزوڵمی بەعس ونەداری ولێقەوماوی هیچی بۆ نەکردبوون ولەبیرکرابوون. ڕۆژی دوایی کاک محەممەد سواری تاکسی کردین وچووینە زانکۆ دوکتورجەمشید حەیدەریمان دیتەو. ویستم بچین لەهوتێلێکی ئەمین بۆمانگێک جێگا بگرم. دوکتور جەمشید گوتی: « جا عەیب نیە تۆ بێیە هەولێروبچیە هوتێل. ماڵی مومتاز ماڵی خۆتە. ئەوە ژمارە تەلیفۆن ومینش ئێوارێ دێمەوە.»

ئێوارەی ڕۆژی ٩٩٣/١١/١٤ چوومە ماڵی مومتازحەیدەری وماوەی مانگێک نەک هەر میوان بەلکووبوومە خاوەن ماڵ و میوانداری دۆست وبرادەروخزمانی لە ئێرانەوە هاتووشم. پێی ناوێ ونەگەر بەقەدرایی هەموتەمەنم سوپاسی هەستی برایەتی وجوامێری کاک مومتازومیوانداری ودڵاوالەیی ومیهرەبانی خاوخێزانی بنووسم، هێشتا هیچم نەنووسیوە.

بەرلەهەموو شت ڕۆژی دوایی ویستم بچمە دیداری کاک عەزیز محەممەد. بارەگای حیزبی کۆمونیستی کوردستانم دیتەوە. بەداخەوە کاک عەزیزسەفەری کردبوو، دوای چەند دەقیقە دانیشتنێکی وشک وبرنگ لەگەڵ کاک عومەرعەلی شێخ وکاک ئەلاحەسەن، وەدەرکەوتم وچوومە سەردانی ڕۆژنامەی برایەتی وکوردستانی نوێ. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ژمارەی ١٦/١١/٩٣دا، گەڕانەوەی منی بۆ کوردستان بڵاو کردبۆوە.

ڕۆژی ١٨/١١/٩٣ بەگوێرەی قەراری پێشوو لەڕێگای شێخ لەتیفی بەرزنجی یەوە، لەگەڵ کاک مومتازحەیدەری چووینە مەکتەبی مام جەلالی. دوای بەخێرهێنان وچاک وخۆشیەکی گەرم، باسی بارودۆخی وڵات وسیاسەتی ڕۆژ

www.kermhisani.com

وناتەواوی کاروباروپێوەندی پارتی ویەکێتی -مان کرد. مام جەلال گوتی:« ئێستا کوردستان وە فایتوونێک دەچێ کە دوو ئەسپ رایدەکێشن، بەلام ئەسپەکان هەریەکە بۆلایەکی دەبەن وهەربینا لەبەریەکیان برد. بەلام دەبێ نەهێڵین وای لێ بێت. ئەو کۆبوونەوانەش هەربۆیە دەکرێن.» پاشان مام جەلال پرسی :« ناتەوێ سەرێکی برادەرانی کۆنت بدەی؟» گوتم خەیاڵم نیە. ئەوان هاتوونە سوید سەری منیان نەداوە، جامن بۆسەری ئەوان بدەم؟ خۆت دەزانی کوردەواری خۆی داب ورەسمێکی هەیە وژیانی ئوورپاش پێم وانیە هەموو دابێکی کوردەواری بسڕێتەوە.

گوتی تۆوەک ئەوان مەکە. پێم باشە سەرێکیان بدەی. ئووقسەی خێریش بکەی بەڵکووڕێکیان خەیەوە. عەیبی کار لەوەدایە ئەوبرادەرانەی تۆ واناژانن دنیاگۆڕانی بەسەرداهاتوە. من زۆرم هەوڵ داوە پێکیان بێنمەوە، هیچم بۆ نەکراوە، بەڵکووتۆ شتێک بکەی.

گوتم جا ئەگەرتۆ هیچت بۆنەکرابێ وشەقی زەمانەش وریای نەکردبنەوە، من چیم بۆدەکرێ.؟ ئەو برادەرانە ئێستاش لەسەر رێبەرایەتی بزووتنەوەی کورد شەڕیانە، ئاگایان لە ئاڵوگۆڕی دنیا نیە. گوتی پێم باشە لێرە نوێنەرانی پارلمان وروناکبیرونووسەرانیش ببینی ولەنیزیکەوە لە رووداوەکان شارەزابی. پاشان گوتی: ئەگەربتەوێ بچیە سولەیمانی، تەلیفونم بۆبکە تا پێشمەرگەت لەگەڵ بنێرم.

پاشان چوومە سەردانی حیزبی زەحمەتکێشان ولەگەڵ کاک قادرعەزیزچایێکم خواردەوباسی بارودۆخی وڵات وجیهانمان کرد. سەری برادەرانی پارتی کاری سەربەخۆم دالە بارەگای حیزبەکەیان. تەلیفونم بۆکاک جەوهەر نامیق ودوکتور عیزالدین مستەفا وکاک نژادکرد. کاک جەوهەر سەرۆکی پارلمان بوو نەدەکرا بێتە لام ویا ماشێنم بۆ بنێرێ. ئەونیترکاک جەوهەری پێش سەرۆک پارلمانی نەمابوو. عیزالدینیش ئەندامی پارلمان بوو، لەکوردستان ئەوەکەم نیە،گوتبووی چونکە میوانی مومتاز حەیدەری یە ناچمە لای. ئەویش هەقی بوو.! لەگەڵ

www.kerimhisami.com

کاک نژاددانیشتن وباس وخواسێکی گەرم ودۆستانەمان هەبوو.
رۆژی ٩٩٣/١١/١٧ لەلایەن لیژنەی بالای هاریکاری چەپەکوردستانیەکانەوە ئەم نامەیەم پێگەیشت:
« بۆبەرێزکەریمی حسامی - بەسلاوێکی گەرمەوە. بەرێزتان بۆبەشداری لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەگەری لیژنەی بالای هاریکاری چەپەکوردستانیەکان سەبارەت بەراگەیاندنی هاریکاری چەپەکوردستانیەکان دەیبەستێ داوەت دەکەین.
کات وشوێنی کۆنگرە رۆژنامەگەریەکە سەعات(٢/٣٠)دوای نیوەرۆ پێنج شەمە ١٩٩٣/١١/١٨لەهوتێل شیرین پلاسە. بەشداریتان مایەی سەرفرازیانە.١٩٩٣/١١/١٧لیژنەی بالای هاریکاری چەپە کوردستانیەکان.»
هەنگاوێکی باش وپیرۆزبوو. وتاڕووەلامی رۆژنامەنووسەکان هومێدێکی هاریکاری راستەقینەی چەپی کوردستانی دەخستە دلانەوە. بەلام رووداوەکانی دوایی نیشانیاندا کە هاریکاریەکە بناغەکەی ئەوەندە پتەو نەبوو نەکرا چەپی کوردستان لەرووداوەکانی کوردستانی باشوردەوری پێویستی خۆی بگێڕێ.
رۆژی ٩٩٣/١١/١٨ برادەرانی یەکێتی نووسەرانی هەولێر ئەم نامەیان بۆ ناردبووم وداوایان کردبوولە٢١ی ١١ کۆڕێک بێک بێنین. ئەمەش دەقی نامەکەیە:
« هەولێر/١٩٩٣/١١/١٨ . زێدە بەرێزوخۆشەویستمان ماموستاکەریمی حسامی. سلاوێکی گەرم
هیوادارین هەمیشە هەرشادو سەرکەوتووبن، ماموستای بەرێز، بۆنەوەی ئەدیب وروناکبیرانی کوردلەنیزیکەوە بتناسن وسوود لەبیرورِاوئەزموونی سیاسی وفیکریتان وەربگرن وامان بەباش زانی کۆڕێکی تایبەتیتان لەکافیتێریای(کوردستانی نوێ) بۆسازبکەین. دیارە کۆڕەکەش بۆچەبد ئەدیب

ورۆشنبیرێکی ناسراوودەست نیشانکراودەبێت،کۆڕەکە بۆ تەلەفیزیۆن تۆماردەکرێت ووەک ئەرشیڤیش لای T V دەمێنێتەوە. هیوادارین رەزامەندی بفەرموون وئاگادارمان بکەنەوە، چونکە ئێمە رۆژی یەکشەممەی داهاتووریکەوتی ١٩٩٣/١١/٢١مان بۆکۆڕەکەتەرخان کردوە، سەعات(٣)ی دوای نیوەڕۆ.

لەگەڵ جوانترین رێزماندا هەربژین. براتان سعدالله پەرۆش سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد/هەولێر. براتان فەرید زامدار بەرێوەبەری T V گەلی کوردستان کەنالی هەولێر.»

بەرلەوەی بچمە کۆڕی برادەرانی کوردستانی نوێ، لەماڵی کاک عبدالقادر وکاک عبدالرحمانی نقشبندی بۆ فراوین داوەت بووین. تازەکردنەوەی دیداروادانیشتن ویادی رۆژانی خۆشی رابردوو بەراستی بۆمن لەرادە بەدەر شادی هێنەربوو.

لەرۆژی ناوبراودا لە کافەتیریای کوردستانی نوێ بەبەشداری گەلێک نووسەرورووناکبیرورۆژنامەنووس کۆڕەکە دەستی پێکرد وپترلەدووسەعاتی خایاند. هەموو برادەران لە پرسیاروموناقەشەدا بەشداریان کرد. چەند رەسم بۆیادگاری هەڵگیران و تەلفیزیۆنیش فیلمی لە کۆڕەکە هەڵگرت وپاشان کاک فەرید زامدار فیلمی کۆڕەکەی لەگەڵ نامەیەکی دۆستانە بۆی ناردبوومەوە. کەمایسی کۆڕەکە بە بۆچوونی من کە لەسەرەتای باسەکانیشدا ئاماژەم پێکرد لەوەدابووکە یەک ژن بەشدار نەبوو. پێم سەیربوو لە پێتەختی حکومەتی کوردستان کە ئەو هەموە باسی دێموکراسی ونەزموونی تازە دەکرا، لەکۆڕێکی سیاسی وئەدەبیدا ژنێک بەشدار نەبێ. تۆبڵێی کوردستان لە بنگلادێشیش دواکەوتووتربێ؟ رووداوەکانی دوایی دەریان خست کە لە(رەوەندا)ش دواکەوتووترە.

www.kerimhisami.com

٩ کوردستانی نوێ — شەممە ٢٦/١١/١٩٩٣



فتوگۆیەك لەگەڵ
ووناكبیری كورد
ەریمی حسامی..

ئامادەکردنی: عبدالرّحمن فەرهادی

هەر ئەو رۆژە کاک عبدالقادر فەرهادی* لەلایەن رۆژنامەی( کوردستانی نوێ )وە هاتەلام وئەم وتووێژەی ئەنجامدا کەلەژمارە(٥٤٦) - ١٩٩٣/١١/٢٦ رۆژنامەکەدا بەم جۆرە بڵاو کراوەتەوە :

« گفتوگۆیەک لەگەڵ رووناکبیری کورد کەریمی حسامی. ئامادە کردنی * عبدالقادر فەرهادی*

سیاسەتمەدارو رووناکبیری کورد ماموستا کەریمی حسامی لەتافی لاوی یەوەو لەسەردەمی کۆماری مەهاباد رێگەی تێکۆشانی نەتەوە پەروەری گرتۆتە بەرولەم رێگەیەوە تووشی دەیان جارلەبەندیخانە پەستان ونازارو ئەشکەنجەو دەربەدەری هاتوە.خۆشی لەبنەماڵەیەکی هەژارو چەوساوە هەڵکەوتووەوخۆی پێگەیاندوە. لە زیندانێ دابوەکە هەواڵی لەدەست دانی چەند ئازیزێکی پێ گەیوە. بەچالاکی وخەباتی ئەپساوەودڵسۆزی خۆی گەیشتۆتەجێگری سکرتێری

* ئێستا کەئەم دێرانە دەنووسمەوە بەداخی گرانەوە بیستوومەکە ماموستا عبدالقادری فەرهادی کۆچی دواییکردوەوزیانێکی گەورە لە وشەونەدەبی کوردی کەوتووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. لەناوەراستی هەشتاکان چۆتە هەندەران وئێستاکێ لەولاتی سوید نیشتە جێ یەوبەهەولێ بێوچانی بەئەندازەی مەڵبەندێکی روشنبیری خەریکی کاری رۆژنامە نووسی بودو ماوەی پێنج سالان رۆژنامەی (سەردەمی نوێ)ی مانگانە بە رێک وپێکی دەرکردوە. بالێگەرێین ماموستا حسامی خۆی چەنددێرێک لەژیان وتێکۆشانی خۆی وردترلەوانەی وتمان بۆخوێنەرانی ئازیزدەربرێ................

* ماموستا تێ وک سیاسەتمەدارێک ووەک ئەدیب ورۆژنامە نووسیش رەنگە چەند بیروبۆچوونێکت دەربارەی ئەدەب وسیاسەت لاگەلالە بووبێ.هەندێ لەرووناکبیرو سیاسەتمەدارانمان سیاسەت وئەدەب بەتەواوکەری یەکتر دادەنێن، کەچی هەندێ لە ئەدیبە گەورەکانی دنیا پێچەوانەی ئەمەن. ئێوە لەم باردیەوە چی دەڵێن ؟

ــ بۆچوونەکان سەبارەت بەیەکێتی وهاوالێ دوانەیی سیاسەت وئەدەب وەک یەک نین. چونکە زۆرئەدیبی گەورەهەن کە خۆ لەسیاسەت نادەن وتەنیابەکاری ئەدەبەوە خەریکن. بەلام زۆرسیاسی بلیمەت وهەلکەوتووش هەن کەلەباری نووسین وئەدەبیشدا دەستی بالایان هەیە. نووسەری گەورەی دیکەش هەن کە هەرچەندە بەکردەوە لەکاروباری سیاسی دوورن،بەلام نووسینەکانیان هەمووی سیاسی یەولەرێگای نووسینەوە هەستی سیاسی خۆیان دەردەبرن.

رەنگە تەواوکەری سیاسەت وئەدەب بەگوێرەی بارودۆخی ولاتەکەش تارادەیەک جیاوازی هەبێ. لام وایە ئەدیب ونووسەری نەتەوەیەکی ژێردەست وبێبەش ناتوانێ نووسینەکانی خۆی لە زام وژانی نەتەوەکەی جیاکاتەوەو لە کارەساتەکانی نەتەوەکەی بێ لایەن بوەستێ.

با بچینە سەر مەسەلەیەکی تر... ئێستا لەدنیادا گۆرانکاریەکی فرە بەسەر بارودۆخی چەپەکاندا هاتوە.چۆن دەروانە باری ئێستای فیکری وسیاسیی چەپەکان لەجیهاندا بەگشتی ولەکوردستاندا بەتایبەتی ؟

ــ چەپ لەجیهاندا لەباری فیکری وسیاسی یەوە گۆرانێکی قولێ بەسەردا

هاتوە. ئەگەر بەوردی بڕوانینە بزووتنەوەی چەپ ولەدەربڕینی واقعیەت نەسلەمینەوە، دەبێ بلێین تووشی شکان هاتوە. بەڵام بەپێچەوانەی قاوی هێزەکانی پارێزکارو دواکەوتوو، بیری چەپ نەمردوە. ئیمڕۆ دەبینین کە چەپ دەیەوێ بەخۆدا بچێتەوە، رابردووی خۆی شی بکاتەوەورێبازو شێوەی نوێ بۆخەبات وتێکۆشانی خۆی هەڵبژێرێ. خۆی لەقالبی وشک وقەتیس نەجات بداو بەچاوێکی ئاواڵەوبیرێکی فراوان بڕوانێتە رووداوەکانی جیهان ومەسەلەکان لێک بداتەوە.
چەپی کوردستانیش هەروەک لەم قەیرانی فیکری وشکستی سیاسی چەپی جیهانی نەیتوانیوە خۆی بپارێزێ، لەدۆزینەوەی رێبازی گونجاو لەگەڵ هەل ومەرجی وڵات وناوچە بەکەلک وەرگرتن لە ئەزموونەکانی رابردوو تەریک ودەستە وستان ناوەستێ. بێگومان بۆ خەباتی رزگاریخوازی کوردستان ونەهێشتنی زوڵم وستەمی نەتەوایەتی وچینایەتی وئاسایش وبەختەوەری کۆمەڵانی زەحمەتکێشی کورد، شێوەی نوێ ورێگای راست ولەبار دەدۆزێتەوە. بیروئیدیۆلۆژی وشک ولەقالب دراو ماوەیەکی دوورودرێژ لەمێشک وبۆچوونی چەپدا جێگیر بوە. نابێ چاوەڕوان بین کەوا بەهاسانی وازدێنێ وکردەوەکان بەرێک وپێکی بەرێوە دەچن. لایەنێکی دیکەش کەبۆباسکردن دەبێ ئەوەیە، راستە کەچەپی ئێستا نابێ خاوەنی ئیدیۆلۆژی وشک وبەستەڵەکی موتڵەق بێ، بەڵام دەبێ ئارمان وئامانجێکی روونی هەبێ وبەلای بەچۆک داهاتن وتەسلیم بووندا نەخلیسکێ ونەبێتە هاودەست وهاوکاری نیزامی چەپەڵ وچەوسێنەر لە جیهاندا.
ئەی تێڕوانینی ئێستاتان دەربارەی خەباتی حیزبایەتی لەکوردستانی ئێراندا چۆنە؟
ــ خەباتی حیزبایەتی لەکوردستانی ئێراندا بەردەوامە. بەڵام هەر لەقالب وچوارچێوەی پێشوودایە. لە نووسینەکانی حیزبە سیاسیەکانی کوردستان، لانی کەم ئەوانەی من جاروباردەیانبینم، وادەردەکەوێ هەوای ئەزمی نوێی جیهانی

www.kerimhisami.com

وگۆڕانکاریەکانی کە بەسەرردەوتی سیاسی ونیدیۆلۆژی چەپدا هاتوە لەجیهاندا، هێشتا نەگەیشتۆتە وێنددرێ، یاکاریان نەکردۆتە سەرکەش وهەوای حیزبایەتی لەم بەشەی نیشتماندا. بۆیە دەڵێم( ئیدیۆلۆژی چەپ) چونکە حیزبەکانی کوردستانی ئێران وجەوهەری بزووتنەوەکە بەچەپ دەزانم. ئەگەر بەوردی ئاکام وهۆیەکانی ئەم گۆڕانکاری وتەنسیری سیاسەتی نەزمی نوێی جیهانیان لێک دابایەوە، بەرلەهەمووشت بەرەوهاوکاری ویەکێتی هەمووهێزەکان هەنگاویان دەناوبەسیاسەت و کردەوەی رابردوودا دچوونەوەو ئەوانیش خاڵێکی نوێ یان دەخستە سەرلاپەڕی ژیانی تێکۆشانی خۆیان.

* چەند هەواڵێکی جۆراوجۆر لەم لاولادا دەربارەی لێک نیزیک بوونەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان ورێبەرایەتی شۆڕشگێڕ لەئارادان. ئایا بەرای ئێوە ئەم لێک نیزیک بوونەوە دەبێ لەسەر ئەساسی فیکری بێ یاشتی ترو هۆی جیابوونەوەیان چی بوو.؟

ـــ هەوڵی لێک نیزیک بوونەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان ورێبەرایەتی شۆڕشگێڕ ئەگەرخوابکا راست بێ، جێگای دڵخۆشی هەموو لایێکە. بەرای من ئەگەر هەرتک لادڵسۆز بن بۆمەسەلەی کوردکاتی ئەوە هاتوە کەبەدڵێکی فراوانەوە پێکەوە دانیشن لەچوار چێوەی بەرژەوەندیی مەسەلەی کورد رێگەی هاوکاری ونیزیکی ویەکگرتنەوە بدۆزنەوە بەبۆچوونی من جیابوونەوەیان هیچ هۆیەکی فیکری وسیاسی نەبوە. هۆی بنچینەی جیابوونەوەودووبەرەکی لەبزووتنەوەی کورد دابەگشتی دەگەڕێتەوە بۆ هەندێ خسوسیاتی کوردەواری وەک خۆ بینی و هەڵەشەیی لە شی کردنەوەی رووداوەکان، نەبوونی دێموکراسی لەنێو رێکخراوەکان وکۆمەڵی کوردەواریدا.

کەوابوو بەرای من هەر وەکوجیابوونەوە هۆی فیکری وسیاسی نەبوە،لێک نیزیک بوونەوەویەکگرتنەوەشیان نابێ ببەسترێتەوە بەگرێ وگۆڵی فیکری وسیاسی و پێویستەلەسەر ئەساسی بەرژەوەندیی بزووتنەوەو پاراستنی یەکێتیی ریزەکانی حیزب چارەسەر بکرێ.

www.kemhisami.com

* لەهەندەران رۆژنامەیەکتان بەنێوی(سەردەمی نوێ) دەردەکرد، حەزدەکەین باسێکی ئەوەشمان بۆبکەی.؟

- بۆنیشتمانپەروەرێکی کوردکەبەناچاری دەربەدەروئاوارەبێ، دانیشتن وبێکاری دەردێکی گرانە. بەتایبەت بۆمن کەژیانم بەبێکاری رانەبواردوە. لەئوروپا هەوڵێکی زۆرمدا کەرۆژنامەی(سەردەمی نوێ) دەربکەم. رۆژنامەیەکی سەربەخۆی، دیموکرات وکوردستانی. لام وایە دەورێکی باشی هەبوولەروونکردنەوەی رووداوەکانی کوردستان ولەقاودانی جینایەتی حکومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان. ٥٤ژمارەی لێدەر چوو. یەکەم رۆژنامەیە لەمێژووی رۆژنامەگەریی کورد کەلەئاوارەیی ولەدەرەوەی نیشتماندا ئاوابەرێک وپێکی دەرچووبێ. لەبەرگی ٩ی بیرەوەریەکانمدا بەدرێژی باسی دەستپێک و وێستانی رۆژنامەی (سەردەمی نوێ) م کردوەوهیوادارم بگاتە دەستی خوێنەرانی بەرێزی کورد لەکوردستان.

* ئێستا لەکوێی نووسینەوەی بیرەوەریەکانتی ؟

- تا ئێستا هەشت بەرگم لەبیرەوەریەکانم چاپ کردوەوگەیشتوومە سالی ١٩٨٥. بەرگی نۆیەمم بەدەستەوەیەووردنگە لە بەرگی١٠تەواویان بکەم وتانەوان تەواو نەبن، لام وایەناتوانم دەست بۆ هیچی دیکە بەرم.

* ئێستا لەکوردستانی ئازاد دای ودوارۆژی ئەم ئەزموونە تازەی حکومەتی هەرێمی کوردستانت پێ چۆنە وچۆنی دەبینی وپێویستە چۆن بێ ؟

- بەدیدێکی فراوان دەروانمە ئەزموونی تازەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لەمێژووی خەباتی خوێناوی نەتەوەکەماندا بێ وێنەیە. ئەزموونی تازەی پارلمان وحکومەتی کوردستان هەموو ئەوپروپاگاندە ژاراویەی دوژمنانی کوردیان پوچەڵ کردەوە کە کوردناتوانێ لەتەبایی ویەکێتی دابژی وکاروباری ولاتی خۆی رابەرێنێ. ئەم ئەزموونە نوێ یە بەرپرسیەکی نوێ وقورسیشی خستۆتە سەرشانی بەرێوەبەرانی حکومەتی کوردستان کەدەبێ تەنگ وچەڵەمەکان لەمستەوای رووداو وگۆڕانکاریەکاندا چارەسەربکەن.

www.kelinhisami.com

چارەسەرکردنی ئەزموونی نوێ، گۆڕانکاری نوێ پێویستیان بەبیری نوێ وئامرازی نوێ هەیەو هیوام ئەوەیەکە بۆچوون وسیاسەت وکردەوەی پارلمان وحکومەتی کوردستان وەلامدەری ئەو ئەزموونەوئەم گۆڕانکاریەبن کە بەسەر بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەکەماندا هاتوە.» **

---

** بەداخەوە گەش بینی یەکەم بوو بەرەش بینی. ئاواتەکەم نەهاتەدی کە ببینم جارێک کورد دەسەلات بگرێتە دەست و دیموکراسی ومافی مرۆڤ بپارێزێ. (یازدەمانگەی کۆماری کوردستانی ١٩٤٦ نەبێ). ئەمدی جارێک زەحمەتکێشانی کوردستان لەژێر سێبەری دەسەلاتێکی کورد دا بحەسێنەوە. نووسەر وروناکبیر بە بێ ترس بیروڕای خۆیان دەربڕن. بەپێچەوانەی بۆچوونی من پروپاگاندەی دوژمن وەراست گەڕا وکورد نیشانی داکە ناتوانێ بەتەبایی پێکەوە بژی وبە بێ وابەستەگی بەدوژمنی کورد بۆخۆی ولەنێو خۆیدا کاروباری خۆی راپەڕێنێ. ئەزموونی نوێ بەپێچەوانەی ئەو هەموو هیوایەی کەباسی دەکراو لەسەری دەنووسرا، نیشانی داکە کورد بۆ وەدەستهێنانی دەسەلات وبەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی، هەموو رێ وشوێنێکی مرۆڤایەتی وبەرژەوەندی نەتەوەیی ونیشتمانی دەخاتە ژێر پێ. رەنگە ئەم بۆچوونەم بەدڵی ئەو کەسانە نەبێ کە لەسەر لاشەی هەزاران لاوی کورد سەمادەکەن وبەحیسابی (کوردایەتی) گیرفان پڕدەکەن. بەلام دەردوداخەکە ئەوەندە بەژان ونازارە، بەسەد نووسینی ئاواش داناسەکنێ. من ئاواتم ئەوەبوو کوردستانێک ببینم کە گوڵی ئازادی تێدا بپشکوێ، دەرەتانی پێگەیشتن ولێهاتووی خەڵکی تێدا پێک بێ. روناکبیرو نووسەری کورد، بێترس لەراوئان ونازار وبەندیخانە، بتوانن بەسەربەستی بیرو پێنووسیان بخەنە کار. بەلام داخەکەم نەکرا، نەبوو، نەیانهێشت، گەش بینی یەکەم بەخۆڕایی بوو،

**برایەتی**

هەینی ٢٦/١١/١٩٩٢ ژمارە (١٨٠٥)

## مامۆستا کەریمی حیسامی
## لە هەڤپەیڤینێکی سەربەستانەدا!

بەشی دووەم و کۆتایی

مامۆستا کەریمی حسامی روناکبیر و سیاسەتمەداری ناسراوی بزاڤی رزگاریخوازی گەلەکەمان کە ماوەی چەند رۆژانێکە بە سەردان هاتوتەوە کوردستان و "برایەتی" ش وێرای بەخێرهێنانی ، بەدەرفەتی زانی ، هەڤپەیڤینێکی رۆژنامەگەری دیموکراتانەی سیاسی - فیکری، لەگەڵدا ساز بکا . بەشی یەکەمی ئەم چاوپێکەوتنە لە ژمارەی دوێنیدا بڵاوکرایەوە و ئەمڕوش بەشی دووەم و کۆتایی .

رۆژی ١٩٩٣/١١/٢٢ کاک سەرۆقادر وکاک ئاسۆکەریم لەلایەن رۆژنامەی برایەتیەوە هاتن وتوێژێکی چاپەمەنیمان هەبوو کە لەژمارەکانی ٢٥و٩٩٣/١١/٢٦ رۆژنامەی برایەتی دا لەگەڵ هەڵەیەکی زۆر(کە هێندێکم ساخ کردۆتەوە) بڵاوکراوەتەوە.

سەرۆ : وەک دیارە بزووتنەوەی سیاسی کوردستان ماوەیەکی زۆری لەدڕدۆنگی وناکۆکی ناوخۆییدا گوزەراندوە ولەمێژنەبووبەتەبایی لەبەرەی کوردستانیدا گشت پەلەکانی ئەو بزووتنەوە کۆبوونەوە کەراپەرینی مەزنی بەسەرداهات، هێمن وتەبایی لەکوردستان جێی سەرنجی ناوخۆودەرەوەیە. هەر ئەم هەست بەمەسئولیەت کردنە بنەمای پاراستنی ئازادی ودێموکراسیە ئەوەی بە(دێموکراسی کوردستانی)ناسراوە. حەزدەکەین بزانین جەنابت ئەم ئەزموونە چۆن هەڵدەسەنگێنن،میکانیزمەکەی چۆن وکەم وکوڕیەکانی چۆن دەبینی؟! دەڵێن لەدەرەوەش جێی سەرنجی خەڵکی دنیایە ئەو سەرنجە چ جورێکە؟ دواجار مۆرکی کوردی لەم ئەزموونەی دێموکراسیدا چۆن دەبینی.؟

کەریمی حسامی : وەزعێکی کە ئێستا لەکوردستان هاتۆتە پێشێ بۆخۆی نموونەیەکی تازەیەوهیوادارم ئەوتەجروبەیە سەرکەوتوو بێت تاکار بکاتە سەر بەشەکانی تریش لەکوردستاندا. گۆڕانێکی کەبەسەرکوردستان وخەباتی

www.kerimhisami.com

رزگاریخوازی کورددا هاتوه، لەمێژووی خەباتی خۆێناوی کورددا بێ وێنەیە. ئەگەرگۆڕانەکە شتێکی بێ وێنەیە،بەرهەمی ئەوگۆڕانەش لەپێش هەموو شتێکدا کەدێموکراسیەکەو هەڵبژاردنی پەرلمان وپێکهێنانی حکومەتە، ئەویش بۆخۆی لەراستیدا لەجولانەوەی رزگاریخوازیدا شتێکی بێ وێنەیە. دێموکراسیەکی کەئیمڕۆ لەکوردستانی شەڕلێدراووکوردستانی وێرانکراودا هەیە، بۆخۆی دەکرێ کورد شانازی پێوەبکات. بەراستی ئەوەی لەدەرەوەش دەنگی داوەتەوە، هەرمەسەلەی دێموکراسیە. لەرۆژنامەکانی دەرەوە زۆرباسی دێموکراسی کراوەو زۆر باس دەکرێ و بەهەقیش باس دەکرێ. دیارە ئەوە بەومانایە نیەکە چاوەروان بین ئەودێموکراسیەی لە رۆژئاوادا هەیە لەکوردستانێکی دواکەوتووشەرلێدراوی وێرانکراودا بێتە جێ.

پاشان بەشێکی تری دێموکراسی ئیمکانی پێکهێنان ودەرفرتی ئیجراکردنی دێموکراسیەکەیە بۆخەڵک. ئەوەش نیتر شتێک نیە هەربمانەوێ بەویستی خۆمان بێ، بەڵکوو وەختی دەوێ،هەل ومەرجی دەوێ، بارودۆخی ئابووری وئەمنیەت وئاسایشی دەوێ. ئێستا ئەگەر باسی دێموکراسی لەسیستمی سەرمایەداری دابکەین، بەڵێ دێموکراسی هەیە. تۆدەتوانی هەرچی بتەوێ بیلێی. بەلام تۆ ئەو ئیمکانەت نیە ئەوەی دەتەوێ ئەنجامی بدەی. زۆرت پێخۆشە رۆژنامەیەکت هەبێ، لەویدا هەرچی پێت خۆشە بینووسی، ئەوهەقەت هەیە، ئازادیشی، بەلام ئەو ئیمکانەت نیەکەرۆژنامە وچاپخانەت هەبێ. واتە کەباسی دێموکراسی دەکەین، پێمان وانەبێ کە هەموو شت لەجێی خۆیەتی وئاوی زەمزەمی پێداکراوە. ئەگەر هەمووی ئەوانە مقایەسە بکەین لەگەڵ وەزعی کوردستان کە ساڵەهای ساڵ شەری براکوژی تێدابوە، ساڵەهای ساڵ وێرانکراوە ئێستاش ئەو ئاسایشەوئەودێموکراسیە ودەربرینی بیرورا هەیە، ئەوە جێی شانازی یە. مەسەلەیەکی دیکە کەدەبێ باسی بکەین ئەوەیە، نابێ پالی لێبدەینەوە کە لەکوردستان دێموکراسی هەیەو هەموو شتێک تەواوبوە. هەندێ کەس دەڵێن چیتان دەوێ، دێموکراسی لەوەی زیاتر؟ ئەوەتا رۆژنامە

www.kerimhisami.com

دەردەچێ وچیت پێخۆشە بیڵێ ونەم وتانە...! پێم وایە ئەوە تەواونیە. دەبێ زیاتر هەوڵ بدرێت وبەراستی وبەدەمەوەماناوە دیموکراسی جێگیر بێ تادەگاتە دیموکراسی ئابووری بۆ ژیانی خەڵک وراپەڕاندنی کاروباریان. ئەوەش دیسان تارادەیەک دەگەڕێتەوە بۆبارودۆخی نێونەتەوەیی. وەزعی کوردستان لەهەموو بارێکەوە تایبەتیە. ئەگەر دیموکراسیەکەی نموونەیە، وەزعەکەشی نموونەیە. بەتایبەتی لەبەڕێوەبردنی دیموکراسیدا کەم وکوڕی یەکی زۆر دەبینرێت. لەپێش هەموو شتێکدا بەبۆچوونی من ئەوگۆڕانە ئەتیجەی تێکۆشان وفیداکاری خەڵکی کوردە. کەچی ئێستا زۆربەی خەڵکی کورد لەبەڕێوەبردن ولە ئیجرای ئەودیموکراسیەدا بەشدارنیە. ئەوە خۆی ئەقسێکی گەورەیە. وام دێتە بەرچاو کارەکان زیاتر لەچوار چێوەی تەنگی حیزبایەتیدا دەکرێن وبەڕێوە دەچن. خەڵکی دیکە لەودیموکراسیەو لەم تەجروبەیەولەم دەستکەوتە کە بەهۆی فیداکاری ئەم خەڵکە پێکهاتوە تارادەیەک بێبەشە. پێم وایە خەڵکێکی یەکجار زۆرولێوەشاوە هەیە دەکرێ کاریان پێ بسپێردرێت، خەڵک بۆکاروبەشداری رابکێشرێت. هەروەها لەسەرئەوباوەڕەم کە لە هەموو بەشەکانی کوردستان هەوڵ بدرێت بۆ پاراستنی وەزعی ئیمڕۆی کوردستان، سەرەرای کەم وکوڕی وبرسیەتی وناتەواوی بپارێزرێت. چونکە دەستکەوتێکی زۆرگەورەیە، ئەگەرئەودستکەوتە لەدەست بچێ، ناڵێم کوردنامێنێ، بەڵام کورد بۆماوەیەکی یەکجار زۆر بەرەودوا دەگەرێتەوە. لەم روانگەیەوە هەق بەخۆم دەدەم کە بڵێم دەسەڵاتی ئێستا پێویستە کارێکی ئاوابکات کەبەشی زیاتری خەڵکی کورد لەکاروباردا بەشدار بێت.

ئاسۆکەریم : لێرەدا مەسەلەیەک دەخەمە روو. دنیادنیای جاران نیە.گۆڕانکاری بنەرەتی بەسەردنیادا هاتوە. شتێک هەیە پێی دەوترێت(ئەزمی نوێی جیهانی) ئایا بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان چۆن دەکرێ ولەباریداهەیەخۆی لەگەڵ ئەم ئەزمەدا بگونجێنێ تا بتوانێ کەڵکی لێ وەر بگرێت کەقازانجی بەرەو پێش چوونی بزوتنەوەکەو وەدیهێنانی بەشێک

www.kerimhisami.com

لەئاماجەکانی تێدا بێ بەلایەنی کەمەوە. مەبەستم ئەمە بۆ هەموو پارچەکانەوئەمە بەرەچاوکردنی دواقسەت کەوتت ئەرکی هەموو نیشتمان پەروەرێکی کورد ئەوەیە بەلایەنی کەمەوە ئەم تەجروبەیە بپارێزیت. ؟

**کەریمی حسامی :** بەڵێ راستە ئێستانەزمی نوێی جیهانی لەسیاسەتی جیهانیدا گۆڕانێکی گەورەی پێکهێناوە. ئەوگۆڕانە کوردستانیشی گرتۆتەوە. ئەگەرلەمەوبەرمەسەلەی کوردباسیشکرابێ، قەت نەگەیوەتە ئەم رادەیە کەوەک ئێستا بۆتە مەسەلەی رۆژ. ئەم نەزمی نوێی جیهانی یەکە لەسەر مافی مرۆڤ ودێموکراسی وئاشتی جیهانی زۆر پێ دادەگرێ، ناتوانێ لەناوچەیەکی گرنگی رۆژهەلاتی نێوەراست مەسەلەی میللەتێکی ٣٠میلیۆنی بخاتە پشت گوێ. نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ ئەوانەی ئێستا خاوەنی نەزمی نوێی جیهانین،هەرچی بیڵێن وبیکەن،لەچوارچێوەی بەرژەوەندی ئابووری وسیاسی میللەتی خۆیاندا ئەنجامی دەدەن. کەوابوو کوردیش دەبێ بەتەواوی ئەوە لەبەرچاو بگرێ کەلەو پەڕی ژیریدالەگەڵ ئەم نەزمی نوێی جیهانی یەخۆی رێک بخاو بەرژەوەندی میللەتی خۆی لەبەرچاوبێ. ئێستا ئەگەر باسی مەسەلەی کورد بکەین، بمانەوێ ونەمانەوێ،مەسەلەی کوردستانی خوارو واتە مەسەلەی ئەم دەسەلات وحکومەت وپارلمانەیە کە لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێراوە. کەوابوو ئەم دەسەلاتەیە کەدەبێ بەلەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی میللەتی کورد لەگەڵ نەزمی نوێی جیهانی بتوانێ خۆی رێک بخات. پاراستنی ئەم وەزعە ورێکخستنی لەگەڵ نەزمی نوێی جیهانی تەئسیردەکاتە سەربەشەکانی تری کوردستانیش. ئێستا بۆ رۆژئاوا کەبۆتە دەسەلاتی گەورەی دنیا ، زۆرپێویستە کە بزانن کورد ئەگەردەسەلاتی هەبوو ، ئەگەر سەقامگرتوو بوولەناوچەیەکی گرنگی جیهانی ودەسەلاتیشی بەسەر بەشی زۆری نەوتی جیهاندا دەبێ، دەیەوێ چبکات؟چ سیاسەتێک بەرێوە دەبات؟ وەک لەبیرمە لەکۆنفرانسی(ستۆکهۆڵم سالی ٩٠)لەسەر مەسەلەی کورد، پرۆفیسۆرێکی ئینگلیزی گوتی:« کورد هێشتا بۆخۆی نازانی چدەکا. بەخەڵکی نیشان نەداوە

www.kerimmisani.com

ئەگەر رۆژێک بووبەحکومەت ودەسەڵاتی هەبووچدەکا؟ ئەوەی من دەزانم کورد نەوتی هەیە. نەوتیش ئیمڕۆ ژیانی رۆژئاوایە. من لەلەندەن دەژیم، بۆخۆم بیردەکەمەوە باشە، کورد ئەگەر بوو بەدەوڵەت داخوا نەوتم پێ دەفرۆشێ؟ ئەونەوتەی دەدا بەئێمە؟ چی لێدەکا؟ ئەگەر ئەونەوت نەدا، من لەلەندەن ناتوانم ماشێنەکەم باژۆم.. یان مەسەلەی ئاو. کورد ئاوی هەیە. پاش ۲۵ساڵی دیکە ئاولەرۆژهەڵاتی نێوەراست لەنەوت گرنگتردەبێ. کورد دەزانێ ئەم ئاوەی چ لێدەکا؟ »

ئەم قسانە هێندێ راستیان تێدایە. بەداخەوە کورد هێشتا نەکەوتۆتە سەر باری لێکۆڵینەوە، دەزگاو بنیاتی دەراساتی نیە تابزانێ چدەکات. بۆیە دەڵێم دەسەڵاتی ئیمڕۆی کوردستان پێویستە ئەم شتانە لەبەرچاو بگرێ ولەگەڵ نەزمی نوێی جیهانی بچێتە پێش.

سەرۆ قادر: لەم رۆژگارەدا لەوەدەچێ کوردستانی تورکیاو کوردستانی ئێران هەندێک بەرژەوەندی کاتیان لەگەڵ بەرژەوەندی بنەرەتی حکومەتی هەریم یان ئەودەسەڵاتەی کوردلەکوردستانی باشوردا هەیەتی نەگونجێ. بەرای تۆ ئەگەر مەسەلەی کورد بریتی بێت لە مەسەلەی کوردستانی باشوروکورد بەگشتی بەخەم پاراستنی ئەم دەستکەوتەوە بێت. دەبێ ئەوان چۆن رەفتار بکەن ؟

کەریمی حسامی : من کەدەڵێم پاراستنی وەزعی ئیمڕۆی کوردستانی خوارو، بروام پێیەتی. ئەوەندەی دووروونیزیک ئاگام لی یە برادەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یان بڵێین بزووتنەوەی رزگاریخوازی لەکوردستانی ئێران بەشێوەیەکی مەعقول وژیرانە دەجوڵێنەوە هەرچەند زیانیشیان تێدا دیوە. ئێمە پێویستە ئەوە بزانین هەرگۆڕانێکی لەیەکێ لەبەشەکانی کوردستاندا پێک بێ، تەئسیر دەکاتە سەر بەشەکانی دیکەش. دەمێنێتەوە کوردستانی تورکیا. وەزعی ئەوێ تۆزێک فەرقی هەیە. من شپرزەیی وئاڵۆزی بارودۆخی کوردستانی تورکیا، لەسیاسەتی حکومەتی تورکیادا دەبینم. حکومەتی تورک هیچ مافێک بۆ ۱۵میلیۆن کورد قایل نیە. بەراستی ژەنراڵەکانی تورک

www.kerimhisami.com

ئێستاش وابیردەکەنەوە کە زەمانی مستەفا کەماڵە. ئەوە لایەکی مەسەلەیە. لایەکی دیکە حیزبەکانی کوردستانی تورکیان، لەپێش هەموانیاندا حیزبی کرێکارانی کوردستانی تورکیا ( .P.K.K )ئەویش دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرێ کە وەزعەکە زۆر ناسکە وکارێکی وانەکات زیان بە وەزعی ئێستای کوردستانی باشور وپارلمان وحکومەتی هەریم بگەیێنێ. ئەم ئەرکە بەلای منەوە دوولایەنەیە. واتە حکومەتی ئێستای کوردستانیش پێویستە بێبەشی وژێردستی نەتەوەکەی لەتورکیا بخاتە بەرچاو. من لام وایە دەست پێشخەری زیاتر بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە دەبێ لەلایەن حکومەتی هەریم وپارلمانەوەبێ.دەبێ رێگای تازەی بۆ بدۆزرێتەوە. زۆر ناخۆشە لەبەشێکی کوردستان کورد حکومەت ودەسەلاتی هەبێ، بەلام پێشمەرگەی لەگەڵ کوردی برا تووشی شەڕ بێ. ئەوە تەئسیرێکی نالەبار دەکاتە سەربیروڕاو ورەی کورد، بۆیە هیوادارم ئەومەسەلەیە بەئاشتی چارەسەر بکرێت. هەرچەندە من سیاسەتی (.P.K.K ) ئەوەی لەدەرەوە لەبرادەرانیان دەبیسم، بەراستی نازانم. پێویستە ئەوان کارێکی وانەکەن کە بۆ بەرژەوەندی بارودۆخی ئێستای کوردستانی باشور زیانی هەبێ.

**سەرۆ قادر** : دەکرێ بوترێ قسوردکە لەوبەرە واتە لە ژێر تەجرەبەیەکی ناسک لەکاری تەکوین دایە. باشەئەرکی نیشتمانی یە بەرزەکە تەرەفی قسورداری ئەو بەرە واتە(.P.K.K )نابێ زیاتر بکەوێتە ژێر لۆمەی کورد کەوا بۆجاری دووەم خەریکە ئەو حکومەتەی کەبەکاری خۆی راناگا بەشتی لابەلای تر خەریک دەکات وپالی پێوەدەنێ تابکەوێتە هەندێک معادەلاتی ئیقلیمی کەلەوانەیە پێی دەرنەچێ ولەتوانای دانەبێ؟

**کەریمی حسامی** : ئەوە لایەکی مەسەلەیە. راستە لەوانەیە حکومەت تووشی ئەوەبێ کەنەتوانێ خۆی پێ رابگیرێ. بەلام لەمەڕ مەسەلەی قسوورکەباست کرد، من قسوور دەخەمە سەر حکومەتی دیکتاتۆرو شۆڤێنی تورکیا. دەزانین جارێک.P.K.K ئیعلانی کردبوو کەشەرناکەین ودەمانەوێ بەئاشتی

مەسەلەکە چارەسەربکرێ. ئێستا تورکیایە نایەوێ ئاشتی هەبێ وپاڵ بەکوردەوە دەنێ کەشەر بکات. جەلادەکانی تورکیا بەعەمدەن وادەکەن کەشەر بکەوێتە کوردستان و وەزعەکە تێک بچێ.

**سەرۆ قادر** : ئینجا باشە. حکومەتی کوردستان چەندە مەسئولە لەسیاسەتی حکومەتی تورکیا یان هی تاران. خۆهەمان شت کەحکومەتی تورکیا دەیکا ،کەمتر نیە لەوەی کە ئێران کردوویەتی دەرحەق بە بزووتنەوەی کورد لەودیو. دەرحەق بەئێمەش. تائێستا تۆپ بارانکردن، تجاوز لەحدود لەعەینی کات تیرورو تەقاندنەوەی بەردەوام. بەڵام بزووتنەوەی کورد لەکوردستانی ئێران وەک جەنابت ئیشارەت پێکرد معامەلەیەکی مەعقول دەکا.لەو دیدگایە کە بەرژەوەندی بەرزی نیشتمانی لەسەرەوەی ئەم شتانەیە. یانی تۆ پێت وانیە لەم معادەلەیەدا( P.K.K. ) کەمێک باری سەنگینتر دەبێ.؟

**کەریمی حسامی**: پێم وایە حکومەتی کوردستان مەسئول نیە لەراست سیاسەتی تورکیاو ئێران. بەڵام پێم وایە حکومەتی کوردستان مەسئولیەتی زیاتری لەسەرشانە. چونکە دەسەلاتی ئەورۆی مەسەلەی کوردە، دەبێ نەرمشی زیاتری هەبێ. دەبێ رێگای تازەتر بدۆزێتەوە بۆچاری ئەم مەسەلەیە. من سیاسەتی بەرەنگار بوونی ( P.K.K. ) لەگەڵ حکومەتی کوردستان بەراست نازانم. بەسیاسەتێکی چەوتی دادەنێم. چونکە نەمانی ئێرە، نەمانی پترە بۆئەوانیش. من بیرلەشتێکی دیکەش دەکەمەوە، ئەویش کزبوونی ئەو هێزەیە کەلەکوردستانی تورکیا خەبات دەکا. ئەویش تارادەیەکی زۆرزیانمان پێدەگەیێنێ. وەزعی ئێستای کوردستان زۆرگرێ پوچکەیە. پێویستە بەژێری لەچوارچێوەی بەرژەوەندی بەرزی نەتەوەی کورددا چارەسەر بکرێ.

**ئاسۆ کەریم** : دیارە بەحەقیقەت بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان لەقۆناغێکی تازەدایە. کەدەڵێم بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان مەبەستم سەرجەم بزووتنەوەکەیە. لەبەرچاوی خۆمانە دەبینین ئەم بزووتنەوەیە لەحاڵەتێکی تازەدایە. لەحاڵەتێکی ئیستیفتایەکی

www.kerimhisami.com

تازە،لەحاڵەتی دەرسێکی تازە لەبەردەم ئەرکێکی تازە. لێرەدادیاروروونەهەوڵ وکۆشش هەیەلەکوردستانی تورکیا بۆپێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی. لەکوردستانی ئێرانیش دیسان چەند حیزب وکۆڕ وکۆمەڵی دیکەی سیاسی هەن. ئێستا ئەم حاڵەتە حاڵەتی یەکگرتن ویەکگرتنەوە ولەپاش ئەم هەل ومەرجەی دنیا، پاش نەمانی ئەوبلوک بەندی یە ئایدۆلۆژی یەی ئەپێشان هەبوورەنگە بۆتە کاری رۆژ ئەم یەکگرتنەوەیە. دەکرێ لێرەدا بپەرینەوە بۆ کوردستانی ئەودیو. تۆچۆن لەوێ وەزعەکە دەبینی بەنسبەت ئەوان.چۆن لەبەردەم ئەوپرۆسەیەدان ؟

کەریمی حسامی :بەڕای من ئێستا هێزەکانی کوردستانی ئێران لەبەردەم تەجروبەیەکی زۆرگران دان. بەرلەهەمووشت پێویستە لەگەڵ بارودۆخی نوێی جیهان خۆرێک خەن. هەوڵ هەنگاویش بۆ ئەم کارە وکەلک وەرگرتن لەهەل ومەرجی پێکهاتوویەکێتی خۆیانە. ئێستا بەداخەوە ئەووەزعەی پێشترلەکوردستانی خوارووهەبوو، واتە پەرش وبلاوی وشەڕوکێشە، ئێستا خۆی گەیاندۆتە کوردستانی لای ئێمەش. ماوەیەکی زۆرشەرێکی داخداروخوێناوی لەنێوان دووهێزی سەرەکی کوردستان، واتە کۆمەڵەوحیزبی دێموکرات سازببوو. ئێستا بەخۆشیەوە ئەوشەڕەنەماوە، بەلام لە نێوخۆی حیزبی دێموکرات دووبەرەکی سازبوە. ئەگەر لێم بەئیراد نەگرن وبرادەران بیخوێننەوە کێشەیەکی بێ مانایە. چونکە ناکۆکی ئەوان هیچ شتێکی مەبدەیی وسیاسی تێدانیە کەلێکیان جیا بکاتەوە. بۆیە جێگای داخە. بەتایبەت ئاشت بوونەوەو یەکگرتنەوە لەکوردستانی خوارووچەندە تەئسیری باش ولەباری هەبوە لەسەر بزووتنەوەی کورد. پێم وایە وەختی ئەوەهاتوە ئەوبرادەرانە بەدڵێکی فراوان وبیرێکی ئازاد، بەمەبەستی خزمەت بەبزووتنەوە پێکەوە دانیشن ویەک بگرنەوەولەگەڵ هێزەکانی دیکە، گەورە یا پچوک بگەنە یەک وبەژیرانە کەلک وەربگرن.لەونەزمەی ئێستا هاتۆتە پێشێ خەڵکی دیکە کەلکی وەرگرتوە، خەڵکی واش هەیە زەرەری کردوە.بەلام ئێمە دەبێ

www.kerimhisami.com

زەرەروقازانجی خۆمان لەبەرچاوبێ. دەبێ ئەوخەیالەش وەلابنێن کە حیزبێک خۆ بەنوێنەری هەموومیللەت بزانێ. وانەمریکا کەئێستا بەسەردنیادا زاڵە، ناڵێ من هەمووشتێکم، شەریکان بۆخۆی پەیدادەکات. لەکوردستانی ئێرانیش هێزی دیکە هەن، گەورە یاپچووک، دەبێ پێکەوە بزووتنەوە لەقەیران رزگار بکەن.

سەرۆ قادر : تۆپێت وایە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان لەپرۆسەی تەکوینی خۆیدا خەریکە ئەو قۆناغەی پەرت وبڵاوی، دژایەتی وبراکوژی، بەجێ بێڵێ. ئەوحیزبانەی کەلەرووی بەرنامەوە لێک نیزیکن و هیچ خیلافیان لەبەینی نیە مەعنای ئەوەیە بەڵگەی لێک دوور بوونیان نی یە ئەمە بەقۆناغێکی نوێ دەزانێ لە تەکوینی بزووتنەوەی سیاسی کوردستان ؟

کەریمی حسامی : ئەوپرۆسەیە بەخۆشیەوە هەیە. ئەگەرکوردستانی خواروولێگەرێین کەوا بەکردەوە دەبینین جێی گرتوە، تەماشای کوردستانی تورکیا بکەین. کاتێک (P.K.K.) لەخۆی زیاترکەسی بەکورد نەدەزانی، ئێستا دەبینین لەگەل حیزبەکانی دیکە دادەنیشێ وبەیاننامەی هاوبەشیش دەردەکا. ئەوانەهەنگاوی باشن. پێم وانیە برادەرانی کوردستانی ئێران وەک برادەرانی کوردستانی تورکیا بن. لەلای ئێمە سیاسەتیان نەرمترەو مەسەلەکان وردتر لێک دەدەنەوە. بۆیە بیانوێک بۆئەوە نابینم کە پێکەوە دانەنیشن. پاشان یەکگرتنەوەی ئەوان تەنیا یەکگرتنەوەی خۆیان نیە. بەهەزاران کوردلەکوردستانی ئێران ئاوارە بوون ئەوانە هەموو تێکۆشەروفیداکاربوون. ژیانیان لەم رێگایەدا شێواوە، بەڵام ئێستالەبەرناکۆکی ئەوان بێلایەن دانیشتوون. یەکگرتنەوەی ئەوان دەتوانێ ئەم هێزە مەزنە لەدەوری یەک کۆبکەنەوە. ئەوە دەبێتە هێزێکی گەورە. پێم وانیە ئەوە دەسەڵاتی ئەوان کەم بکاتەوە. برادەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆر هەوڵ دەدەن لەگەڵ هێزەکانی سەرانسەریی ئێران بەرە پێک بێنن ونیزیک بنەوە. ئەوە کارێکی باشە. بەڵام بەڕای من پێویستە بۆ یەکیتی هێزەکانی کوردستان پتر هەوڵ بدەن. ئەوان ئەگەر لەکوردستان بەرەویەکیتی پێک بێنن، باشتردەتوانن لەگەل

هێزەکانی سەرانسەری دانیشن وقسەشیان باشتردەروا. رەنگە لە سیاسەتی جیهانیشدا زیاترحیسابیان لەسەر بکرێ.

ئاسۆ کەریم: لەم سەفەرددا نیازتان نیە چاوت بەرێبەرانی حیزبە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران بکەوێ. بەتایبەت هەردوو باڵەکەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

کەریمی حسامی : گەرهاتم بۆ ئێرە هیچ خەیاڵێکی ناوام نەبوە کەسەریان بدەم. ئەوەش تاراددیەک بەهەقی خۆمی دەزانم. ئەوان هاتوونە ئوروپا سەری منیان نەداوە. لەکاتێکا من لەئورروپالەزۆرشارەکانی وەک لەندەن، پاریس، دانیمارک، ئەڵمان، پراک وشوێنەکانی دیکەش لە سێمینارو کۆبۆنەوەکانی کوردیدا بەشدار بووم. بەڵام بێجگە لەمەلاحەسەنی رستگارکە دووجارسەری لێداوم، ئەوانی دیکە نەهاتوونە لام. منیش بیرم لەسەردانیان نەکردۆتەوە. خۆتان دەزانن رەگی کوردانە هەردەمێنێ.

سەرۆ قادر : لەم رۆوە ئوروپا هیچ کاری لێ نەکردووی ؟

کەریمی حسامی : پێت وایە رووداوەکان هەروا بەهاسانی کاربکەنە سەرکورد. ؟ لەم باردوە بیرم لێ نەکردۆتەوە. هەرچەند کاک مەسعود ومام جەلالیش گوتیان کە هەرهاتوویە ئێرە، پێمان باشە سەرێکیان بدەی.

سەرۆ قادر : دوای ئەم تەجرەبە دوورودرێژە ماموستاکەریم، تۆ زۆر رەخنەلەشێوەی رێکخستنی حیزبەکان ونەبوونی دێموکراسی ناوخۆیی دەگری . ئاستی بزووتنەوەی سیاسی بەرزنابینی، رات لەجوری کادیرەکان نیە، ئەوە دگەرێتەوە بۆئەم قۆناغەی میللەتەکەمانی تێدا دەژی، جەنابت چۆن لەحیزبایەتی دەگەی ؟ بڵێی ئەم تەنزیمە رێک وپێک ودێموکراتە لەولاتانی وەک ئێمە مەجالی دروست بوونی هەبێ؟. هەڵبەت بەلەبەرچاوگرتنی ئەوهەولانەی لەم بوارەدراون.

کەریمی حسامی : من پێم وایە نیمکانی هەیەکەژیانی حیزبایەتی لەکوردستانیش بەراستی ببێتە ژیانێکی رەسەن وسەرەکی ودێموکراتی. بەڵام

www.kerimhisami.com

ئانێستا (زۆربەراشکاوی دەڵێم)ژیانی حیزبایەتی بەوشێوەی کەپێویستە لەباری دێموکراسی داخلی حیزبی تووشی نەهاتووم ونەمدیوە. من نازانم سەرۆک وکادیروبرادەرانی کاربەدەستی نەوحیزبانە، کەتەجرەبەی حیزبەکانی دەرەوەشیان هەیە، بۆچی هەنگاوی زیاترنانێن بۆئەوەی گیانی حیزبایەتی بەتەواوی مەعنا سەقامگرتووبێ.؟ لەکوردستاندا مەسەلەکە زۆر تەسک کراوەتەوە، لەکاتێکدا دەکرێ زۆرفراوانتر ئیمکانی دەربڕینی بیروڕای خەڵک، کەسانی غەیرە حیزبی، پێک بێنێ. وابێ خەڵکی غەیرەحیزبی هەست بەمەسئولیەت بکەن. زۆرسەیرە ئەوانەی ئەندامی حیزبن پێیان وایە هەموو ئەرکی میللەت لەئەستۆی ئەوانەو قازانج وبەرژەوەندی خەڵکیش هەرئەوان دەیزانن. وافێرکراوە، پێێ وایە ئەوەی حیزبی نەبێ دڵسۆز نیە. دیارە ئەوە پێویستی بەچوونەسەری پلەی کولتوری خەڵکەوە هەیە.

سەرۆ ئادر : فاکتەری ئیدیۆلۆژیا لەدروست کردنی ئەوروانگەیەی جەنابت لەسەرحیزبایەتی هەست پێ دەکەیت. واتە ئیدیۆلۆژیا وادەکات خەڵکێک حیزب بۆ ئەوە دروست بکەن نەک بۆ واقیعی سیاسی وڵاتەکەی.

کەریمی حسامی : وەک فەرمووت مەسەلەی ئیدیۆلۆژیش تەئسیری هەبوە. تەجرەبە وامان نیشان دەداکە لەبزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا تەئسیری مەنفی هەبوە. ئێستا وەزعێکی تازەوقۆناغی تازە هاتۆتە پێش. بەڵام لام وایە چەپی کوردیش وەک هەموو چەپی جیهان بەخۆدا دەچێتەوەوناورێک لەرابردووی خۆی دەداتەوە. قۆناغی تازەی بزووتنەوە دەناسێ وڕێبازی تازە وشێوەی نوێ بۆ خەبات هەڵدەبژێرێ.

سەرۆ قادر : لەبیرەوەریەکانی جەنابت لەوانەیەبۆخوێنەرانی برایەتی زیاتر لەخەڵکی ترجێی پرسیاربێ یان حەزلەوەڵامەکەی بکەن. ئەویش لەنووسینەکانت، بەتایبەت لەبیرەوەریەکانت باسی بارزانیت کردوە. لەکۆتایی وادێتە بەرچاو کەلەهەڵسوکەوتی بارزانی تۆ زۆر رازی نەبووی ومن یەک بەباری خۆم تابەرگی حەوتەمم خوێندۆتەوە. هەشتەمم نەدیوە، ئەگەر شتێک

لەوێدا گوترابێ نازانم، بەڵام ئەوەی کەدیومانە بەعام واتێدەگەین هەڵسەنگاندنێکی زۆرئیجابی، یان بڵێی پڕ بەپێستی خۆی لەگەڵ بارزانی نەکراوە کە ئێستا لەم قۆناغەی دوای راپەڕین خەڵک پتر وەک رەمزێک بۆ یەکگرتنی بزووتنەوەی کورد تەماشای دەکا وەلەهێنانەوەی ئەو وئیدریس بارزانیشدا دیتمان کورد یەک پارچە پێشوازیانکرد. بابڵێین فەرقی هەیە لەگەڵ تەقەلای ئەم رێژیە دیکتاتۆرانەی کەسیناریۆوشانۆگەری گەورە گەورە بۆخۆیان دروست دەکەن. خەڵک خۆی پێشوازی کردو سنووری حیزبایەتیشیان بەزاند. لەناو پارتی دێموکراتی کوردستاندا بارزانی وەک رەمزێک تەماشادەکەن، رەمزی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان.

کەریمی حسامی :لەبیرەوەریەکانمدا نەک هەرئەوەی مەربوتە بەبارزانی، بەڵکووتەجزیەوتەحلیلی هیچ یەک لەمەسەلەکانم نەکردوە.

هەڵسەنگاندنیان تێدانیە.من ژیانی خۆم نووسیوەوئەوەی رۆژانە لەگەڵی بووم. لەبارەی بارزانی یەوە ، پێم وانیە سیاسەت وکردەوەکانی بارزانیم شی کردبێتەوە. لەبەرگی یەکەمدا باسم کردوە کە زۆر لەبارزانی نیزیک بووم. ئەوەندەی کەباس کرابێ ساڵی ٥٩ یە لەعیراق. لەوێ لەحیزبی دێموکرات دالەگەڵ ئەحمەد توفیق ئیختیلافمان هەبوو. لەو ئیختیلافەدا بارزانی گوتی من ئەحمەد توفیق دەناسم. ئیتر ئێمەیان لەعیراق دەرکرد. لەگەڵ ئەوەش جارێک بارزانی خۆی سواری ماشێنی کردم وبردمیە لای مودیری ئەمن(عبدالمجید) گوتی ئەوە میوانی منە. بەڵام هەردەرکراین. پاشان لەسیاسەتی دوایی بارزانیدا ئەم وتارانەی لە رادیۆی پەیکی ئێراندا خوێندوومنەوە، تەئیدی سیاسەتی بارزانی بوە. ساڵی ١٩٧٥ وەک نوێنەری حیزبی دێموکرات چوومەلای. لەدەرەوە لە نووسینەکانی خۆمدا بارزانیم بەرەمزی میللەتی کورد زانیوە. تەنانەت لەوتارێکی خۆمدا نووسیومە: دەکرێ بڵێین بارزانی بۆتە هۆی ناسینی میللەتی کورد. دیارە نازانم نیسبەت بەشەخسی بارزانی، یا بەسیاسەتی پارتی یاشورش لەهەندێک جێ

www.kerimhisami.com

نووکەقەڵەمی رەخنەی گەیشتبێتێ. پێم وانیە ئەوە کارێکی سەیربێ. بەهەقی خۆم زانیوە. رەنگە کەمیشم نووسیبێ، پێویستە زیاتریشی بڵێم. سیاسەتی ئەوانم نیسبەت بەحیزبی دێموکرات وپێوەندی لەگەڵ رێژیمی ئێران پێ غەڵەت بوە. لەکتێبەکەی دیکەمدا( کۆماری دێموکراتی کوردستان یاخودموختاری) دەوری بارزانیم لە بزووتنەوەی کوردستاندا نیشانداوە. لەسیمینارێکدا لەوەڵامی برادەرێکدا گوتوومە: بارزانی بەرەمزی بزووتنەوەی کورددەزانم. ناکرێ باسی مێژووی کورد، خەباتی کورد ومەسەلەی کورد بکەی، بەبێ باسکردنی بارزانی وتێکۆشانی لەم رێگایەدا. بەڵام ئەگەر بێتەی مەسەلەی شیکردنەوەو هەڵسەنگاندن، ئەوەدەمەی کەبارزانی سەرۆکی بزووتنەوە بوە جێی رەخنە هەیە. ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە. زۆرکەس پێم دەڵێن لە بیرەوەریەکانت دا،مەسەلەکانت شی نەکردۆتەوە هەر شتت نووسیوە. دەڵێم باخەلاس بم نەخشەیەکی ئاوام هەیە کە لەسەر بزووتنەوەی کورد وەک پێداچوونەوە شت بنووسم و هەڵەکان دەست نیشان بکەم. ئەوپێشوازیەی لە هێنانەوەی تەرمی بارزانیش کراوە، هەقی خۆیەتی. ئەگەر ڤیزام هەبایە بۆ بەشداری لەم پێشوازیەدا دەهاتمەوە کوردستان. ئەوە بۆچوونمە.

سەرۆ قادر: لەم دووساڵی دوای راپەرین. مسۆگەر بەوردی چاودێری رووداوەکانی کوردستان بوویت. ئێستاش دوای چەندرۆژ لەهەولێر چاوت بەکاک مەسعودبارزانی ومام جەلال کەوتوە.رای ئەودووسەرکردەت چۆن خوێندەوە. بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان چەندخۆش بین وگەش بینی.؟

کەریمی حسامی : بەگشتی دەبێ بڵێم خۆشبینم.من لە رابردوودا سیاسەتی یەکێتی نیشتمانی وپارتیم لەبارەی مەسەلەی کوردەوە پێ تەواونەبوە. هێندێ جارگوتوومەونووسیویشمە. بەڵام وەک هێزێیم خۆش بوە کەهەن وپێم خۆش بوە هەر بێێن. لەچاوپێکەوتنی کاک مەسعودومام جەلال بەخۆشیەوە هەستم بەوەی کرد کە هەرتکیان هەست بەکەموکوری دەکەن. دڵخۆشیەکەم لەوەدایە، کاتێ هەست بەکەموکوری دەکەن، واتە دەیانەوێ چارێشی بکەن. هەرتکیان هەست

بەوە دەکەن کەوەزعەکە ناسایی نیە. دەگەڕێتەوە بۆ ئەم دەسەڵاتەی کەدابەش کراوەودەبێ چاری بکەن. ئەگەرچاری نەکەن، لەوەش ناخۆشتردەبێت. چونکە لەدنیادا شتی وانیە لەوڵاتێکدا دوو حکومەت هەبن. ئەوەی ئێرە حکومەتیش نیە، لەڕاستیدا دووحیزبن بوونە دووحکومەت. لەنێو خەڵکدا هەست بەو ناتەباییە دەکرێ، خەڵک هەتادێ پترنارازی دەبێ. ئەوەش بۆیزووتنەوە وبۆ حیزبەکانیش زیانی هەیە. من هەستم کرد کە خەریکن چاری ئەم وەزعەبکەن. دیارە کەموکوڕیش زۆرەو هەروا بەسانایی چاری ناکرێ.

**سەرۆ قادر**: ئەم دابەش بوونەخەڵک لەدەرەوە ئەقدی دەکەن و پێی دەڵێن حکومەتی (فیفتی - فیفتی ). من ناڵێم جەنابت بەم دووسەرکردەیە یان بەحکومەت وپارلمان بڵێ چی بکەن. بەڵام تەجرەبەی شوێنان وئەوەی کە لەواقیعی وڵاتی ئێمەش نیزیک بێ، پێت وایەدەبێ بەگشتی لەسەر مستەوای شەعبی چۆن چاربکرێ؟

**کەریمی حسامی** : من پێم وایە دووڕێگای هەیە. ڕێگایەکیان تازەکردنەوەی هەڵبژاردنە. هەرحیزبێکی زۆربەی دەنگی بۆدرا، دەسەڵات بگرێتە دەست وحکومەت بکا. حیزبی دیکەش سیاسەتی خۆیان هەبێ،بەڵام لەسیاسەتی گشتی دا مل بۆ بڕیارەکانی حکومەت رابکێشن. وەک وڵاتانی دیکەی ئوروپا وئەمریکا، حیزبێک حکومەت دەکا وئەوانی دیکەش مخالەفەت دەکەن.ئەوە لایەکی مەسەلەیە،لایەکی تری مەسەلەکە ئەگەر ئەوەیان پێ ناکرێ دەبێ لەشارەکان تەنانەت لەدێهاتیش ئەنجومەنی شار، ئەنجومەنی گەرەک، ئەنجومەنی ناوچە، یەکێتی نووسەران، یەکێتی قوتابیان. یەکێتی چی وچی... بە هەڵبژاردنێکی ئازاد، نەک حیزبیانە دابمەزرێن باخەڵک کاروباری خۆی بەرێوە بەرێ. ئەوە کارێکی دێموکراتیانەو مەعقولترە.

**سەرۆ قادر** : مل کەچی لەبەرانبەر هەڵبژاردندا ؟

**کەریمی حسامی** : من وای بۆدەچم.بەڵام دیارە فارس شتێکی هەیە دەڵێ:(صلاح مملکت خویش خسروان دانند.)

www.kerimhisami.com

**ئاسۆ کەریم:** پرۆژەی کاری فیکری - سیاسی داهاتوت ئەگەر بکرێ بڵێین چ دەبێ ؟

**کەریمی حسامی :** هەتا لەئورووپابم دەبێ بڵێم هیچ. ئەگەر ئیمکانی واپێک بێ بچمەوە وڵاتی خۆم، دیارە ئێرەش هەروڵاتی خۆمە بەڵام دیسان هەردەبێ ئەوەی بەکاربێنم، فیکری کاری سیاسیم هەیە. ناتوانم وەهەقیش نیە لەسیاسەت کەنارەگیربم پاش ٥٠ساڵ تێکۆشانی سیاسی. بەڵام هەتا لەئورووپابم پێم وایە بۆکاری سیاسی هیچ بەرنامەیەکم نیە.

**ئاسۆ کەریم:** ئەی کاری فیکری ؟

**کەریمی حسامی :** کاری فیکری ئەگەر پێم بکرێ هەرنووسینەکەیە، جارێ هەروا خەریکی نووسینی بیرەوەریەکانم. نازانم کەنگێ تەواویان دەکەم. ئەگەرئەوان تەواو بن، بەتەمام لەسەر بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لەکوردستانی ئێران، بەتایبەت مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان بنووسم. ئەوەم پێ خزمەتێک دەبێ چونکە حیزبی دێموکرات زۆری خەبات کردوە،لەنێو میللەت دا خۆشەویستە، بەڵام زۆر شتێ لێ شێوێنراوەو هیچ لێکۆڵینەوەیەک لەسەر هەڵس وکەوت هەڵەوراستیەکانی نەکراوە. ئەمە لەباری نووسینەوە، بەڵام لەباری سیاسیەوە ئێستا لەئورووپا هەر دووسێ کەس خەریکن حیزب دروست دەکەن. داوالەمنیش دەکەن بۆ ئەم کارە. بەڵام بەراستی حیزب دروستکردنم بۆخۆم لەئورووپا ئەگەر پێم گاڵتە نەبێ پێم بازارە. هیوادارم خۆ لەکاری ناوا نەدەم.**

** لێرەشدا دەمەوێ ئەوەی لەدوای وتوویژی رۆژنامەی ( کوردستانی نوێ )نووسیومە دووپاتی کەمەوە. بەداخەوە گەش بینی یەکەم سەبارەت بە ئەزموونی دێموکراسی کوردستانی باشور وچارەسەرکردنی گیروگرفتەکان لەلایەن دووسەرکردەی حیزبی دەسەڵاتدارەوە کەوتە رەش بینی . ئەوان ئەوەی بەقسە دەیانگوت، بەکردەوە جۆرێکی تریزووتنەوە. دەستکەوت وبەرژەوەندی نەتەوەیی یان فیدای قازانجی تەسکی حیزبیی کرد، خوێنی هەزاران زەحمەتکێشی کوردیان بە فیڕۆدا.سومعەو پەرستێژی کوردیان لە جیهان هێنایە خوار. خەڵکیان تووشی برسیەتی وبێزاری کرد. بەکورتی ئاوات وبۆچوونەکەم سەبارەت بەباروۆخی کوردستانی باشور بەفیڕۆوبەهەڵە دەرچوو.

# سەردانی سولەیمانی

رۆژی ٩٩٣/١١/٢٤بەرێزمام جەلال ماشێن ودووپێشمەرگەی ناردن، لەگەڵ کاک مومتازحەیدەری چوومە سولەیمانی میوانی بارەگای یەکێتی نیشتمانی بووم. دیاربوومام جەلال نامەی بۆکاک عومەری سەید عەلی نووسیبوو. لەسولەیمانی سەرێکی ماموستا کەریم زەندی - م داو یوسفی ریزوانیم دیتەوە. تەلەفیزیۆنی پارتی دێموکراتی -یەکگرتوو وتووێژێکی تەلەفیزیۆنی تۆمارکرد وکاک حەمەشوان وکاک عەلی لەبارەگای کەرکوکی حیزبی کومونیستی کوردستان -عیراق میواندارییەکی برایانەیان کردو تەلەفیزیۆنی ئەوانیش وتووێژێکی درێژی تۆمارکرد. لای ئێواری گەراینەوە بۆ هەولێرو لەگەڵ سوپاس بۆ هاوسەفەریی کاک جەلال وکاک دارا دوو پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی لێ یان جیابوومەوە.

بەخۆشییەوە کاک عەزیزمحەممەدیش لەسەفەرگەرابۆوەوبەتەشریف هێنانی بۆلام سەرفرازی کردم.

کاک عەزیز رۆژی ٩٩٣/١٢/١ لەماڵی کاک کەماڵ شاکر میوانداریەکی کوردانەی سازکردبووکە بەبوونی بەرێز ئەبوداود سکرتێری حیزبی کوموونیستی عیراق وکاک عومەر عەلی شێخ سکرتێری حیزبی کۆموونیستی کوردستان وکاک مومتاز حەیدەری ومیوانەکانی منیش دانیشتنێکی گەرم وخۆمانەمان لەگەڵ خواردنێکی بەتام وخۆش بردسەر.

رۆژی ٩٩٣/١٢/٢٧ سەردانی ماموستا مەلاعەولای حاجی سمایلمان کرد. فراوینمان لای ئەوخوارد ودانیشتنەکەمان بە باسی نووسین و ئەدەبیات وهێندێ یادی رابردووگەرم داهێنا.

ئاڵای ئازادی
یەکشەممە ١٩٩٣/١٢/٥ ژمارە ( ١٠٠ )

. گوتبووی ئێمە پتر لەهەموو کەس خۆمان بەئێرانی دەزانین ، رۆژنامەی کەیهانی لەندەنیش دوکتۆر باهەری کۆنە شاپەرست بەبێ شەرمی پەلاماریان دابوو، گوتبوویان ئەوە ئەرێودانەو دەیانەوێ لەئێران جیابنەوە .

بەکورتی ئەم زاراوە ناپیرۆزەی ( تجزیه طلبی ) بۆتە چەکێکی ژەنگاوی بۆترساندنی تێکۆشەرانی کورد.

نمونەی زۆربەدەستەوەن کەلەبەرانبەر ویستوداخوازی رەوای نەتەوەی کورد دا ، حکومەتی داگیرکەرو روناکبیرو هێزی چەپەو راستی نەتەوەی سەردەست یەک دەگرن .

بەڵام لەبەرانبەر ئەو مەترسییەدا هێزەکانی کورد لەجیاتی یەکگرتن لێک بڵاو دەبن .

هەلبەتە ماموستا کەریمی حسامی پێویستی بە پێناساندن نیە ، چونکە کاری دوورودرێژی سیاسی لەرۆژگاری کۆماری مەهاباد تائەمرۆکەو هەلویستەکانی و دیاربوونی قەلەمەکەی و شوێنی لەنێو بزاقی رۆشنبیری بەدرێژایی ئەو سالانەی چ لەکوردستان بوەو چ لەدەرەوەی ولات ژیاوە ، دیارو بەرچاون. لەسەردانەوەی بۆ کوردستان ، رۆژنامەکەمان بەدەرفەتی زانی کەلەنزیکەوە ماموستا کەریمی حسامی لەسەر زۆر مەسەلەی گرنگی پەیوەندیدار بەدۆزی میللەتەکەمان بدوێنێ....

# ماموستا کەریمی حیسامی
## لە وەلامی ئاڵای ئازادیدا

www.kerimhisami.com

### وتوو وێژ لەگەڵ ئاڵای ئازادی

هەلبەتە ماموستا کەریمی حسامی پێویستی بە پێناساندن نیە،چونکە کاری دوورودرێژی سیاسی لەرۆژگاری کۆماری مەهاباد تائەمرۆکەوهەلویستەکانی ودیاربوونی قەلەمەکەی وشوێنی لەنێو بزاڤی رۆشنبیری بەدرێژایی ئەوسالانەی چ لەکوردستان بوەو چلەدەرەوەی ولات ژیاوە،دیاروبەرچاون. لەسەردانەوەی بۆ کوردستان،رۆژنامەکەمان بەدەرفەتی زانی کەلەنیزیکەوە ماموستا کەریمی حسامی لەسەرزۆرمەسەلەی گرنگی پەیوەندیدار بەدۆزی میللەتەکەمان بدوێنێ....

* ئاڵای ئازادی : ماموستا سەرەتا دەمانەوێ لەو مەسەلەیە دەست پێبکەین، کەلەکوردستانی رۆژهەلات ئەتا ئەنوکەشی لەگەڵدابێت خودموختاری بە

بەرانبەت لەجوداخوازی ودلسۆزی بۆ ئێرانچیەتی سەیردەکرێت،لەلایەن دوژمنانمانەوە. کەچی دەبینێن لەپارچەی باکورمان سەرخۆبوون دەمێکە بۆتەئارمانج وپێنگاف پێنگاف بەرەو پێش دەچێت وتێکۆشان لەپێناوی گەرمە. لەباشوریشدا لەتەم وتومان وکۆت وزنجیری حوکمی زاتی دەربازبووین رەوەو فیدرالیزم. رەنگە ئەو مەسەلەیەش هەرجێگای باس ولێکۆڵینەوەمان بێت لەمەڕ ئەوەی ئایا فیدرالیزمیش هەروا چەندساڵی تربەدەستیەوە بناڵێینی،یاهەنگاوی قەت بڕەبەرەو ستراتیژیەتی سەرخۆبوون ؟

ـــ کەریمی حسامی : مەسەلەی نەتەوەیی یەکێ لەمەسەلە گرێپوچکەکانی رابردووسەردەمە وچارەسەرکردنی لەوڵاتی فرەنەتەوەییدا گەلێک دژوارە. جانەگەر بڕوانینە مەسەلەی کوردوخۆمان لەداووبەندی خەیالات وویست وپێخۆشبوون رزگار بکەین وواقعیەتی مێژوویی وجوغرافیایی وبارودۆخی جیهانی بخەینە بەرچاو، ئەودەم دژواری چارسەرکردنی مەسەلەی کوردمان پتر بۆروون دەبێتەوە بەبۆچوونی من بۆچارەسەرکردنی مەسەلەی کورد دووخاڵی سەرەکیمان لەپێشە، پێویستە لەبەر چاویان بگرین:

یەکەم: خاڵی بنچینەیی، بریتی یەلەمافی دیاریکردنی چارەنووس، واتەدامەزران وپێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆوئازادی کوردی وەک هەموو نەتەوەکانی ئازادی ئەم جیهانە. ئەم خاڵە وەک ستراتیژی بزاڤی رزگاریخوازی کورد دەبێ بکرێتە بناخەی خەبات وتێکۆشان ونابێ قەت رۆژێک لەرۆژان لەبیربچێتەوەوبخرێتە پشت گوێ. پێویستە کۆمەلانی خەڵکی پێ گۆش بکرێ و لەباری زانستی وحقوقی وسیاسی وکۆمەلایەتییەوە لەسەری بنووسرێ ورروون بکرێتەوە.

دووەم : دۆزینەوەی رێگای راستی خەبات وشێوەی بەکارهێنانی ئامرازو هۆکاری لەباروگونجاوبۆگەیشتن بەو ستراتیژیە وبەوقۆناخە، واتە تاکتیکی خەبات وتێکۆشان. لێرەدایە کەبیروڕاوبۆچوونی جیاواز لەنێوبزاڤی رزگاریخوازی کورداسەرهەڵدەداو دەبێتەجێگای مشتومڕ لەنێو هێزە

www.kerimhisami.com

سیاسیەکاندا.

من پێم وانیە هەڵگرتنی دروشمی خودموختاری لەکوردستانی ڕۆژهەلات(دلسۆزی بێ بۆئێرانچیەتی) بەڵکوو وەک تاکتیکی خەبات بەگوێرەی بارودۆخی ولات بەکار دەهێنرێ. هەڵگرتنی دروشمی خودموختاری، رەنگە بۆهێزەسیاسیەکانی کوردستانی رۆژهەلات،دروشمی ستراتیژی نەبێ، چونکە گەلی کوردبەگشتی وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بە ستراتیژی خۆی دادەنێ. رەنگە کاتی ئەوەش هاتبێ کەهەنگاوی زیاتر بۆپێشەوەبۆ گۆڕینی دروشمی تاکتیکی قەتیس کراو باوێژرێ. چونکە هەرچی تۆ هاواربکەی وسوێند وتەڵاقان بخۆی کە خودموختاریم دەوێ ونامەوێ لەئێران جیاببمەوە، نەک نەردوژمنی داگیرکەر، بەڵکوو هێزەکانی بەروالەت دێموکراتیش بڕوات پێ ناکەن وبەجیاوازی خوازت دادەنێن. ئەم وشەیە وەک شیری دیمۆکلیس لەسەر سەرت ڕاگیراوە. لام وایە سالی رابردوو بوولەبلاوکراوەیەکی حیزبی دێموکراتدابەبۆنەی رۆژی پێشمەرگە وتارێک نووسرابوو. بەدوای ئەوەدا جەبهەی میللی ئێران( ڕێکخراوی پێرەوی مصدق) کەگۆیا هێزی دێموکراتی ئێرانە، نامەیەکی سەرئاوالەی نووسیبوو لەوێدا گوتبووی: باسکردنی پێشمەرگە یانی جیابوونەوە لەئێران. هەرەشەی کردبووکەنابێ هیچ هێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەگەل حیزبی دێموکرات بەرە پێک بێنێ ویاهاوکاری بکات.

یان لەوکاتەدا کەدوکتور شەرەفکەندی لەوتووێژێکدا گوتبووی:«ئێمە پتر لەهەمووکەس خۆمان بەئێرانی دەزانین» ڕۆژنامەی کەیهانی لەندەن ودوکتورباهیری کۆنە شاپەرست بەبێ شەرمی پەلاماریان دابوونووسیبوویان ؛ ئەوە فریودانە ودەیانەوێ لەئێران جیابنەوە. بەکورتی ئەم زاراوە ناپیرۆزەی(تجزیەطلبی)بۆتە چەکێکی ژەنگاوی بۆ ترساندنی تێکۆشەرانی کورد.

نموونەی زۆر بەدەستەوەن کەلەبەرانبەر ویست وداخوازی ڕەوای نەتەوەی کورد

www.kermhisani.com

دا، حکومەتی داگیرکەرو رووناکبیرو هێزی راست وچەپی نەتەوەی سەردەست یەک دەگرن. بەڵام لەبەرانبەر ئەومەترسی یەدا هێزکانی کورد لەجیاتی یەکگرتن، لێک بڵاودەبن.

بەلای منەوە لەکوردستانی دابەشکراو، درۆشمەکانی خەبات ناتوانن وەک یەک بن. چونکە بارودۆخی وڵاتەکان لەگەڵ یەک فەرقیان هەیە. ئەگەر لەبەشێکی کوردستان درۆشمی سەربەخۆیی بەرزدەکرێتەوە، مانای وانیە کە ئەودرۆشمە بۆهەمووبەشەکانی کوردستان راستە، من ناتوانم لەگەڵ هەنگاوی قەدبڕیم. ئەوە بەقسە خۆشە، بەڵام بەبێ رێگاوبەبێ دەرەتان، بەبێ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ناوچەوجیهان چۆن دەتوابێ (هەنگاوی قەدبڕ) باوێژی. تۆبڵێی لەسیاسەت داشتی واهەبێ.؟!

بەبڕوای من درۆشمی فیدراڵی بۆقۆناخی ئێستای بزووتنەوەی رزگاریخوازی درۆشمێکی گونجاوەولەگەڵ بارودۆخی ئێستای جیهان وتواناودەرفەتی هێزەکانی کوردیش رێک دەکەوێ. پێم وایە دوای ئەوهەمووهەڵس وکەوت وئەزموونی تاڵ، هێزەسیاسیەکانی کوردستان دەتوانن بۆ وەدەست هێنانی مافی ردوای ئەتەوایەتی رێگای راست بدۆزنەوەوکاروانی خەباتی خوێناوی بگەیێننە قۆناخی سەرکەوتن.

* ئاڵای ئازادی: ئەمرۆ دنیالەسایەی ئەزمی نێودەولی تازە دوای هەرەس هێنانی سۆڤێت، لەلایەک مژۆلی بانگەشەی دێموکراسیەت ومافی مرۆڤە ولەئالایەکی تریش گێژاوی گرفتە سیاسیەکان وکێشەورووداوەکان هەروا بێچارەسەر ماونەتەوە. ئایا ئەزەری بەرێزتان چۆن لەسەر رووداوەکان روانگەدەگرێ؟ پێتان وایە رووداوەکان بەرەو کوێ پێ هەڵدێنن؟

ــ کەریمی حسامی: ئەم زاراوە، واتە(ئەزمی نوێی جیهانی)دوای شەڕی کەنداووهەرەس هێنانی سیستمی سۆسیالیستیی پێشوو کەوتۆتە سەرزاروزمانان ولەنێو ئەدەبیاتی سیاسیدا دووپات دەکرێتەوە. بەڵام بەبۆچوونی من ئەم (ئەزمی نوێی جیهانی یە)کەوا زۆرباسی دەکرێ، هێشتا

www.kerimhisami.com

بەتەواوی سەقامگرتوونەبووەونەکەوتۆتە جێ. ئەگەر بەوردیش بڕوانینە ڕەوەندی ماوەی سەرهەڵدانی (ئەزمی نوێی جیهانی) تەنیا دووخاڵی سەرەکی بەرچاودەکەون کەبریتین لەتێکچوون ولەبەریەک هەڵوەشانی قەوارەوسیستمی پێشووی سۆسیالیستی ونیشاندانی هەیکەلی ئیمپریالیزمی ئەمریکا وەک تاقە زلهێزی ئەمڕۆی جیهان. بەڵام ئەک تاقە دەسەڵاتی بێهاوتا،چونکە دەبینین لەهێندێ مەسەلەدا بەتەواوی ئاوی لەدوو بێڵێ ناڕوات. هێزی دیکەش هەن کەدەیانەوێ لەراپەراندنی کێشەوگرفتەکانی جیهاندا خۆبەشداربکەن. وەک مەسەلەکانی بازرگانی وبۆسنەهەرزەگوین وپێوەندی لەگەڵ ئێران وهتد...
جێگرنەبوونی ئەزمی نوێی جیهانی بەرلەهەموو شت لەراپەراندنی دووشەودوومەقولەدا دەردەکەوێ کەزۆری باس دەکەن وگۆیا بناخەی ئەم ئەزمەنوێیەش لەسەر ئەم دوومەقولەیە دامەزراوە. ئەویش(دێموکراسی ومافی مرۆ)یە.بەداخەوە تائێستا هیچ یەک لەم دوانە لەجیهان ولە(ئەزمی نوێ)دا نەهاتوونەجێ. یان ئەگەر بەبۆچوونی هێندێ کەس ئەم دووخاڵە بەجێ هاتبن، بەبۆچوونی من لەچوارچێوەی بەرژەوەندی ئەم دەوڵەت وئەم هێزانەدا بەئەنجام گەیشتوون.
لەبواری دێموکراسیدا پێشتریش لەدنیای سەرمایەداریدا دێموکراسی سیاسی ونازادی دەربڕینی بیرورِا هەر هەبوو.بەڵام دێموکراسی ئابووری تەواونەبوو. ئێستاش هەرتەواونیە.(ئەزمی نوێی جیهانی) لەباری ئابووری یەوەهیچی تازەی بەدیاریی نەهێناوە. هەتا فەرق وجیاوازی شیمال وجنوب هەبێ، لەهێندێ وڵاتی جیهان خەڵک لەتێروتەسەلیدا بژین وکۆمەڵی مەسرەفی دامەزرابێ و بەڵام لەزۆربەی وڵاتانی دنیا خەڵک لەبرسان بمرن بێکاری وبرسیەتی ونەخۆشی بەسەرکۆمەڵانی خەڵکدا زاڵ بێ، قسەکردن لەدێموکراسی ئابووری تەنیا بەبادا‌کردنی وشەیە. بەڵام لەوانەیە مەسەلەی دێموکراسی تەنیا نەبەسترێتەوە بەدنیای سەرمایەداری. لەسیستمی سۆسیالیستی پێشووش داباسی دێموکراسی دەکرا، لەکاتێکا حاشا لەوەناکرێ کەلەم وڵاتانەدا

www.kerimhisami.com

دێموکراسی ودەربڕینی بیرورا پێشێل کرابوو. هەرچەندە تارادەیەکی زۆر بەگوێرەی بارستایی داهاتی نەتەوەیی دێموکراسی ئابووری رەچاودەکرا. ئێستا ئەم مەسەلەیە زۆر باسدەکرێ کەگۆیا لەسایەی (نەزمی نوێی جیهانی) دێموکراسی پێشێل کراولەم ولاتانەدا زیندوو بۆتەوە. بەلای منەوە ئەوەی دوای تێکچوونی سیستمی سۆسیالیستیی پێشوو، وەلەسایەی یەکلابوونی زلهێزەکان لەجیهاندا لەم ولاتانەدا زیندوو بۆتەوەوپەرەی گرتوە، بریتی یە لەبێکاری، برسیەتی، دزی وجەردەیی وپیاوکوژی وبێ ئەخلاقی ولەبەریەک هەڵوەشانی ژێرخانی ئابووری وتێکچوونی نەزم ودابی کۆمەلایەتی. پێویست ناکازۆرلەسەر ئەم باسە بڕۆین. نموونەی هەرەبەرچاوی ئەم دێموکراسیەی کە هەموو دەوڵەتە مەزنە (دێموکراتە)کانی سەرمایەداری پشتیوانی لێدەکەن، تۆپ بارانی پارلمانی رووسیابوو لەموسکۆ لەلایەن یەلتسینەوەکەلەمێژووی سەدەی بیستەمدا جارێکی تر محەممەدعەلیشای قاجار بەئەفسەرانی رووس پارلمانی ئێرانی وەبەر تۆپاندا.

بەلام لەبارەی مافی مرۆڤ. لام وایە ئەویش هەروەک دێموکراسیەکە گاڵتەی پێدەکرێ ودەخرێتە جەغزی بەرژەوەندی دەوڵەتە گەورەکانەوە. شیکردنەوەی ئەم باسە زۆری پێدەوێ. من تەنیا بەکورتی مافی نەتەوەی خۆمان، نەتەوەیەکی ٣٠میلیۆنی باس دەکەم کەبەئاشکراولەبەرچاوی ئەم (ماف پەروەرانە)خراوەتە ژێرپێ ولەسەریشی وەدەنگ نایەن. خۆئەگەر ئەومافە بەگشتیش باس نەکەین ئیمرۆ مەسەلەی مافی مرۆڤ لەکوردستانی خوارووولەبواری سیاسی وئینسانیەوە یەکێ لەمەسەلە گرنگ وئالۆزەکانی جیهانە وهەق وایە دەوڵەتەمەزنەکان لەچارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیەدا ساوەساو نەکەن وبۆ ئەنجامدانی مافی مرۆڤ لەکوردستان هەنگاوی خێراو شێلگیر باوێژن.

بەرای من ماوەیەکی پێدەوێ تا نەزمی نوێی جیهانی بەتەواوی سەردەگرێ. تازەئەوەش پێشبینی ناکرێ کەسەرکەوتنەکەی چۆن دەبێ وچۆن دەتوانن مەسەلە گرێپوچکەکانی جیهان چارەسەربکەن؟

www.kerimhisami.com

* **ئالای ئازادی :** وەکوو دەزانین بزاڤی چەپ وچەمکی چەپ دوای ڕووداوەکانی ئەم دوایەی دنیا گۆڕانی بەسەرداهاتوە. چ لەبەخۆداچوونەوەی خودی چەپ. چ لەفراوانبوونی هەنجەت وهێرشی ئەوانیتر بۆسەرچەپ. ئایا بەنەزەری بەڕێزتان ئەرک ورۆڵی چەپ لەقۆناخی ئەمڕۆکەی کوردستان چیە؟

ـــ **کەریمی حسامی:** ئیمڕۆچەپ بەگشتی تووشی قەیرانێکی فیکری وتەنزیمی بوە. ئەوقەیرانە چەپی ئوروپاشی گرتۆتەوە. گۆڕانکاریەکانی جیهان ونەمانی سیستمی بەناو سۆسیالیستی پێشرو تەنانەت کاری کردۆتە سەرحیزبە سۆسیال دیموکراتەکانی ئوروپاش. دەبینین زۆربەی حیزبگەلی سۆسیالیست وسۆسیال دیموکرات لەهەڵبژاردنی پارلمانیدا زۆربەی دەنگیان وەدەست نەهێنا. بەلام ئەوە بەومانایە نیە کەچەپ بەچۆکداهاتوەو بەقسەی هێندێ کەس دەبێ فاتیحای بۆبخوێنی. من لام وایە چەپ بەرابردووی خۆیدا دێتەوە، هەڵەوکەم وکوری یەکان دەست نیشان دەکات وبۆخەبات وتێکۆشانی خۆی ڕێگای تازەوشێوەی گونجاودەدۆزێتەوە. لەقۆناخی ئێستای کوردستاندا ئەرکی چەپ بەرلەهەمووشت دراسەکردنیخەباتی رابردوو.پێداچوونەوەوهەڵسەنگاندن ولێکدانەوەی بارودۆخی کوردستان ودارشتنی بناخەیەکی پتەوی تاکتیکی راستی تێکۆشانە.لام وایە چەپی کوردستان ئەگەر لەسەر ئیدیۆلۆژی وشک پێدانەگرێ لەسەربناخەی بەرژەوندی گەلی کورد بەرەو یەکێتی وپتەوکردنی ریزەکانی هەنگاو هەڵێنێ دەتوانێ رۆلی شیاوی خۆی لەنێو ڕووداوەکانی ئیمڕۆی کوردستاندا دیاری بکات.

* **ئالای ئازادی :** ئەگەر پەیامێکتان بۆ چەپ هەیە ؟

ـــ **کەریمی حسامی :** بۆچەپی کورد پەیامێکم نیە. بەلام ئاوات وهیوای سەرکەوتنم هەیە بۆ خەباتی چەپ لەکوردستاندا.

* **ئالای ئازادی :** ماوەیەکی درێژەلەهەندەران ژیان بەسەردەبەی وسەرقاڵی کاری رۆشنبیری، ئایائەقڵیەتی کۆنی حیزبایەتی واتەهی شاخ کەبەشێکی زۆری لەمێژووی سیاسیمان داگرتوە، بەتایبەتیش دوای گۆڕانەکان بەرگی

www.kerimhisami.com

دێموکراسی لەبەر زۆرڕووداوەکرێ، پێویستە بڵێین لەم حاڵەتەدا بەبێ گەشەکردن وبەرەو پێشەوەچوونی ژێرخانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا هەمیشە دێموکراسیەتێکی روکەش دەبێت. دەپرسین ئەو واقعە چەند دەنگی لەبزاڤی رۆشنبیری کوردان لەدەردوە داوەتەوە ؟

ــــ کەریمی حسامی :مێژووی سیاسی وخەباتی رزگاریخوازی نەتەوەکەمان بەقۆناخی جۆربەجۆردا تێ پەریوە.حیزبایەتی چ لەشار وچ لەشاخ بەگوێرەی بارودۆخی ولات ودەرفەت وئیمکانات لەکوردستان بەرێوەچوە وردنگە تووشی ناتەواوی وکەموکوریش بووبێ، لەبەرکردنی بەرگی دێموکراسی شتێک لەواقعیەت ناگۆرێ.

مەسەلەی دێموکراسی بەچەشنی وشک وموتلەق پێم وانیە ببەسترێتەوە بە گەشەکردن وبۆپێشەوەچوونی ژێرخانی کۆمەڵگاوە. گەلێک هۆکاری دیکەش هەن کەلەجێگیربوونی دێموکراسی واقیعیدا دەوردەبینن. رەنگدانەوەی ئەم واقیعە لەبزاڤی رۆشنبیری کوردا لەدەرەوەی ولات بەشێوەی جۆربەجۆرخۆدەنوێنێ. چونکە بزوتنەوەی رۆشنبیری کورد لەدەرەوە هەروەک نێوخۆی ولات لەسەر یەک رێبازو بۆچوون ساخ نەبۆتەوە وپتر لەژێر تەئسیری رووداوەکانی رۆژدایە.

**⁎ئالاێئازادی:** پرسیارێک کەدیسان دەمانگەرێنێتەوە بۆناوەوەولەکوردستان، ئایابەبۆچوونی بەرێزتان ئەرکی مێژوویی ئەمرۆکەی رۆژنامەنووسی لەکوردستان چۆن دەبێ؟

ــــ **کەریمی حسامی** : چاپەمەنی ئەرکێکی گرنگیان لەسەرشانە. بەتایبەت لەبارودۆخی ئیمرۆی کوردستاندا ئەرکی قورستردەکەوێتە سەرشانی رۆژنامەنووسی کەرووداوەکان بەراشکاوی وبەراستی بۆکۆمەڵانی خەڵک روون کاتەوە. بیروڕای جیاواز بلاو کاتەوە لەرەخنەوپێشنیاری داهێنەر نەترسێ. تەنیا لەرێگای رۆژنامەوراگەیاندنەوە کۆمەڵانی خەڵک دەتوانن لەرووداوەکانی ولات ئاگادار بن ولەچارەسەرکردنی کەم وکوریەکاندا بەشداری بکەن.»

ڕێگای کوردستان ٤



# «ڕێگای کوردستان» لە حزووری مامۆستا «کەریمی حوسامی» دا

*** مامۆستا کەریمی حوسامی لە ساڵی ١٩٢٦ لە بنەماڵەیەکی جوتیاری کورد لە کوردستانی ئێران لە دایک بووە. هەر لە سەرەتای ژیانیەوە خەریکی جوتیاری بووەو ماوەیەک بووەتە ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف و پاشانیش چووەتە ڕیزی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە هەتا ساڵی ١٩٨٤ ئەندامی حزبی دیموکرات بووە.

## وتو وێژی ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان

١٩٩٣/١٢/٧ ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆموونیستی کوردستان - عیراق لە ژمارە ٨١ی خۆیدا ئەم وتووێژەی خوارەوەی بلاوکردبۆوە :

*** ماموستا کەریمی حوسامی لەساڵی ١٩٢٦ لەبنەماڵەیەکی جوتیاری کورد لەکوردستانی ئێران لەدایک بوە. هەرلەسەرەتای ژیانیەوە خەریکی جوتیاری بوەوماوەیەک بۆتەئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف وپاشانیش چۆتە ریزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە وهەتا ساڵی ١٩٨٤ ئەندامی حیزبی دێموکرات بوە. هەر لەساڵی ١٩٨٤وەدەستی لەکاری سیاسی هەڵگرتوەو نێستاش لەسوید دەژی. ماموستا کەریمی حوسامی لەوماوەیەدا کەلەئوروپا ژیاوەلەگەڵ هێندێک لەهاورێ یەکانیدا بۆماوەی پێنج ساڵ ڕۆژنامەی« سەردەمی نوێ» ی دەردەکردوتائێستا هەشت بەرگی لەبیرەوەریەکانی خۆی نووسیوەتەوەو بەردەوامە لەنووسینیشدا. سەرجەمی ئەو کتێبانەی کەنووسیویەتی و وەری گێراوەتە سەرزمانی کوردی نیزیکەی ٣٠بەرگە.

www.kerimhisami.com

ئێستاش هەرچەندە لەجیهانی سیاسەت دوورە بەڵام خەریکی کاری فیکری وئەدەبی یە.

لەپاش گەیشتنی ماموستا کەریم بۆ کوردستانی ئازادکراو سەرەتا سەردانی بارەگای کومیتەی ناوەندی حیزبمانی کردو ئێمەش بە هەلمان زانی کاتێکی لەگەڵدا دیاری بکەین وچاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا سازبکەین تاوەکووخوێنەرانی رۆژنامەکەمان لەنیزیکەوە ئاگاداری بیروبۆچوون وتێروانینی ماموستاکەریم بن سەبارەت بەفیکری مارکسیزم.. ئەمەش دەقی چاوپێکەوتنەکەیە. (بەهار چاوپێکەوتنەکەی ساز داوە)

پ ــ کارتێکردنی رووداوەکانی یەکێتی سۆڤیێتی پێشووووڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات لەسەر فیکری سۆشیالیستی چی یە؟

و ــ ئەوکارەساتەی بەسەر بەرەی سۆسیالیستی داهات، کارەساتێکی گەورەبوو، کارتێکردنێکی زۆریشی کردۆتە سەرهێزی چەپ وفیکری چەپ لەجیهاندا. هەربۆیەش چەپ ئێستا خەریکە بەخۆدا بچێتەوەولەرابردووتەجروبە وەربگرێ ورێگای تازەوشێوەی نوێی خەبات بۆخۆ هەڵبژێرێ کەلەگەڵ رەوتی پێشکەوتنی دنیادا بگونجێ.

من پێم وایە زۆربەهەڵە دەچین گەرپێمان وابێ لەگەڵ تێکچوونی سیستمی سۆسیالیستی مەوجود هەموو فیکری چەپ وسۆسیالیستی لەناودەچێ، بەڵکوئەمەبوەهۆی ئەوەی کەرێگای تازەبدۆزێتەوەوخۆی بەشێوەیەکی نوێ رێک بخات کە لەگەڵ سیستمی ئێستای جیهاندا بگونجێ وخەباتی خۆی بەرەو پێش بەرێ.

پ ــ لەپاش ئەو گۆڕانکاریانە هەڵوێستی ماموستا کەریم لەمارکسیەت چی یە؟

و ــ من ئەوەندەی بیرم کردبێتەوەو تێگەیشتبم خۆم بەئینسانێکی مارکسی زانیوەودەزانم لەژیانمدا هەرگیز ئەوە شاراوە نەبوە. بەڵام لەپێش هەموو شتێکدا کەڵک وەرگرتم لەمارکسیزم بۆئەو مەبەستەبوە کەئازادی

وبەختەوەری بۆ خەڵک دابین بکەم ولەپێش هەموو کەسیشدا میللەتەکەی خۆم، میللەتی کورد. ئێستاش لەدوای ئەوگۆڕانکاریانە زیاترباوەڕم بەمارکسیزم پتەوتربووەوپێم وایەرێگای ئازادی میللەتانیش هەر مارکسیزمە. بەڵام من لەگەڵ یەک شتدا نیم کەلەوانەیە پێشتریش وەک هەموومارکسیەکی دیکە تووشی ئەو هەڵەیە بووبم. ئەویش ئەوەیەکەنابێ بەوشکی چاو لەمارکسیزم بکەین. جەوهەری دیالکتیک لەوەدایە کەلەگەڵ ڕووداوەکاندا بڕوات ولێی دوانەکەوێ.

دەربارەی هەڵوێستم لەمارکسیزم لەم دواییەدا نامیلکەیەکم نووسیوە بەناوی«بادانەوە» هەرچەندە ناوی هیچ کەسێکم نەهێناوە بەڵام لەوانەیە هەرکەس بیخوێنێتەوە، بڵێ لەگەڵ منیەتی. لەکتێبەکەدا ڕەخنەم لەوکەسانە گرتوە کەهەتا دوێنێ پێ یان ئەگوترا چەپ، یاکوموونیست لەوانەبوو لەگەڵ پیاو بەشەرهاتبان. بەڵام ئێستا لەگەڵ گۆڕانی سیستمی سۆسیالیستی پێشوو، ١٨٠ دەرەجە بایان داوەتەوەو وازیان لەهەموو شت هێناوە.

من لەگەڵ ئەو بیروڕایەنیم. پێم وایە چەپ دەبێ ئیستقراروکەسایەتی خۆی بپارێزێ. بۆدۆزینەوەی شێوەی نوێی خەبات ورێگای تازەی تێکۆشان هەوڵ بدات.

پ ــــ بەو پێیەی کەجەنابت لەئورووپادا دەژیت ولەنیزیکەوە ئاگاداریت ئێستا سەرمایەداری بانگەشەی کۆتایی هاتنی مێژوودەکات. ئایائەم بیرە تاج رادەیەک جێگای قەناعەتی خەڵکەکەیە؟

و ــــ پێم وانیە ئەم بیرە لەنێو زەحمەتکێشانی ئورووپادا سەقامگرتووبێت وجێی خۆی بگرێ. سەرمایەداری ئێستا لەقەیرانێکی ئەدواریدا دەژی، ئەمەش هەر ئەوقەیرانەیە کە مارکس باسی دەکات. ئێستا لەوڵاتانی سەرمایەداریدا بێکاری، جیاوازی وناکۆکی نێوان خەڵک هەستی پێدەکرێ. نوێنەری حیزبی کۆموونیستی ئەمریکا لەوتارێکدا دەڵێ:« لە دەوڵەمەندترین وڵاتی سەرمایەداری لەزۆر شاران هەزاری بەتەواوی ماناهەیە. خەڵک بە سەف

www.kerimhisami.com

رادەوەستێ تاکەوچکە شۆرباوێکی دەست کەوێت.لەولاتانی سەرمایەداری تەنیا ١٥٪ خەڵک لەخۆشیدا دەژین.

ئێمە باتەنیا سوید وئەڵمان وفەرانسە بەسەرمایەداری نەزانین. سودان وعیراق وئێران وهیندوستان ومەکسیک وبرازیلیش ولاتی سەرمایەدارین کە رۆژنیە زیاتر لە٤٠ منالّ لەبرسان نەمرێت. بەلای منەوە ئەوە بۆچوونێکی عیلمی نیە کەبلێی سەرمایەداری کۆتایی مێژوە. زەحمەتکێشانی ولاتانی ئورووپاش هەست بەوە دەکەن ولەپێناویدا خەبات دەکەن، دەبێ ئەوش لەبیرنەکەین کە سەرمایەداری جێی خۆی گرتوە وئەودەرفەتەی بۆ پێکهاتوە کە لەولاتە پێشکەوتوەکاندا هێندێ ژیانی خەڵک دابین بکات. ئەمەش تارادەیەک تەئسیری دەبێ لەنێو خەڵکدا.

پ ـــ بارودۆخی چەپەکان ومارکسیەکان لەئێراندا چۆنە ؟

و ـــ لەئێراندا بەخۆشی یەوە ویابەناخۆشی یەوە چەپ ومارکسی ئەوەندە زۆرە لەحیساب نایە. بەلام گۆڕانێکی زۆر لەفیکری چەپدا پێکهاتوە. هێندێکیان هەر بەجارێ وازیان لەفیکری چەپ هێناوە، هەرچەندە خۆیان بەناوی چەپ دەردەخەن. بەلام لەنووسین وبیروبۆچوونەکانیاندا، تەنیا بەرەخنەگرتن لە مارکسیزمەوە ناوەستن، بەڵکوو بیروباوەڕ وئیدیۆلۆژیەکەش رەت دەکەنەوە، هێندێکی تریان بڕوایان بەمارکسیزم هەیە، بەلام وەک هیچ گۆڕانێک بەسەردنیادا نەهاتبێ بەفیکرێکی وشک ولەقالب دراوەوە نووساون. ئەم دوورەوتە لەچەپی ئێراندا بەروونی دەردەکەوێت.

پ ـــ دەربارەی توانای بەرەی چەپەکان لەئێراندا ؟

و ـــ بەگوێرەی ئەوبلاوکراوانەیان کەدەگاتە ئورووپا، پرۆسەیەک بۆ یەکگرتنی چەپ لەئارادایە. بەلام کام چەپ؟ هەتا ئەوچەپەی کەبەجارێک ئیدیۆلۆژی وەلاناوەو ئەوچەپەی کە هێشتا بەبیری وشک وقەتیس کراوەوە نووساوە ولەگەڵ جەمهوریخوازان کە بیرو باوەڕێکیان نیە ولەگەڵ لایەنگرانی پاشایەتی کۆنیش دەیانەوێ یەک بگرن ! دەیانەوێ بەرەیەک ساز بکرێ. ئیتر

www.kerimbalsani.com

نەک لەگەڵ بیروباوەڕی چەپ یاراست، بەڵکوومەبەستی سەرەکیانی ئەوەیە لەئێراندا حکومەتێکی نوێ بێننەسەرکار. دیارە سیستمی حکومەتەکەشیان دیاری نەکردوە کەدەبێ چۆن حکومەتێک بێ. تەنیا ئەوەندەیە کەرێژیمی ئێستا لەبەین بچێت وەهەڵبژاردنێکی ئازاد بکرێت .هەروەهالەبارەی دێموکراسیەوەزۆر دەنووسن، هەریەکە بەگوێرەی تێگەیشتنی خۆی شت دەنووسێ. تائێستا ڕێبازێکە ئاشکراو هێڵێکی پەسندکراولەنێو حیزبەکانیشدانیەکە لەتێکۆشانیاندا پێرەوی بکەن.

پ ــ وەک جەنابتان ئاگادارن لەم ماوەی پێشوودا حیزبی تودە کۆنگرەی خۆی بەست، ئایا جەنابتان بانگ کران بۆ ئەو کۆنگرەیە؟ ئەگەر ئامادە بویت چۆنی هەڵدەسەنگێنیت ؟

و ــ من لەساڵی ۱۹۷۰ وە کەلەرادیۆی پەیکی ئێران کارم دەکرد،ئیترهیچ پێوەندییەکم لەگەڵ حیزبی تودەدا نەماوە. جارێک بەرێکەوت وبەکۆششی هاوڕێ(عەزیزمحەممەد) لەچێکوسلۆڤاکیا لەگەڵ سکرتێری حیزبی تودە دانیشتم وئەوەی دەمزانی لەبارەیانەوە پێم ڕاگەیاند ورەخنەو تێڕوانینی خۆم بۆ ڕوون کردەوە. ئیتر ئاگام لێیان نیەولەکۆنگرەشیاندا بەشداریم نەکردوە.

لەساڵی۱۹٦۲وەتائێستا دووسێ گۆڕانی گەورە بەسەر حیزبی تودەدا هاتوە. ئێستا پاش کۆنگرەش دیسان گۆڕانیان بەسەردا هاتوە. هیچ چالاکیەکی حیزبی تودە لەئوروپا دیار نیە. تەنیا ڕۆژنامەی مەردوم کە جاروبار بەناوی حیزبی تودە دەردەچێ. پێم وانیە کەحیزبی تودە ئیمرۆ هیچ کارتێکردنێکی لەسەر چەپ وڕووداوەکانی غەیرەچەپی ئێراندا هەبێ.

پ ــ گۆڕانی هەرێمی کوردستانی حیزبی شیوعی عیراق بۆ حیزبێکی شیوعی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

و ــ هەرچەندە ئەوە کاروباری نێوخۆی حیزبی کۆموونیستی عیراقە، بەڵام من بەوگۆڕانکاری یەوبە دروست بوونی حیزبی کۆموونیستی کوردستان خۆشحاڵم. بەڵام بەبۆچوونی من هێشتا کەم وکوڕی هەیە. لەپێش بەستنی

کۆنگرەدا پرۆژەی بەرنامەکەم خوێندۆتەوە. پێم وایە هێشتالەژێرکارتێکردنی هێندێک نووسین وکاتیگۆری رابردوودایە. بۆ نموونە مەسەلەیەک هەیە دەمەوێ بەتایبەت دەست نیشانی بکەم. ئەویش« تێکۆشانی دژی زایۆنیزمە »کەلەبەرنامەکەدا هاتوە. بەرای من بوونی ئەو درۆشمە لە بەرنامەی ئیمڕۆی حیزبی کۆموونیستی کوردستاندا جێگای خۆی نیە. ئەگەر لەبەر خاتری عەرەبە، ئەوەتا عەرەب خۆی لەگەڵ زایۆنی رێک کەوتوە.

بەبۆچوونی من ئەگەر حیزبی کۆموونیستی کوردستان ئیمڕۆ سیاسەتی نەتەوەیی خۆی بەرێتە پێش ولەگەڵ رەوتی ئیمڕۆی دنیا خۆی رێک بخات، دەتوانێ لەنێو زەحمەتکێشانی کوردستاندا جێی خۆی بکاتەوە. هەروەها نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە حیزبی کۆموونیستی عیراق وکوردستانیش تاماوەیەک پێش ئێستا، یەکێ لەهێزی کاریگەرو بەرچاوی عیراق بوە. بەڵام ئێستابەداخەوە وانیە. لەبەر ئەوە پێویستە جارێک بەسیاسەتی خۆیدا بچێتەوە. بەڵام ئەوەی کە پەرێشانی کردوم، جیابوونەوەی هێندێ لە تێکۆشەرانە کەلە حیزبی کۆموونیستی کوردستان جیابوونەوە. چونکە بەرای من هەموونەوکەسانەی کەبیری چەپیان هەیە وبەناوی کۆموونیست کاردەکەن، لە کوردستان لەحیزبی کۆمونیستی کوردستاندا یەکیان بگرتایە، سیاسەتێکی نەتەوەیبباشیان پێڕەو دەکرد.

پ ـــ داوات بۆخوێنەران وکۆموونیستان بەتایبەت چیە ؟

و ـــ رەنگە من ئیجازە بەخۆم نەدەم کە شتێک بۆمارکسیەکان پێشنیار بکەم. بەڵام هیوای خۆم دەردەبڕم کەئەوانەی خاوەنی بیری مارکسین، خاوەنی بیری چەپن، وئامانج وئاواتیان بەختەوەری میللەتی خۆیانە بتوانن بەشێوەیەکی مەعقول بۆ یەکگرتنەوەی خەبات ونەهێشتنی ناکۆکی ودۆزینەوەی رێبازێکی یەکگرتووی راست بۆ ئاسایش وبەختەوەری وچارەسەرکردنی مەسەلەی ئیمڕۆی کوردستان وبردنە پێشی ئەزموونی ئێستای کوردستان پێکەوە بەتێکڕایی خەبات بکەن.»

www.kerimnisani.com

ڕۆژی ١٩٩٣/١٢/١ ئێوارەکەی سەردانی حیزبی پارێزگارانی کوردستانم کرد. لەلایەن کاک نەجمی کوڕی عومەرئاغاو دوو ئەندامی دێبەرایەتی پێشوازیمان کرا. لەدانیشتنێکی دۆستانەدا برادەرێکیان ئامانج وپرۆگرامی حیزبی بۆڕوونکردنیەو. حیزبی پارێزگارانی کوردستان سەربەخۆیی ویلایەتی موسڵی کردۆتە بناخەی تێکۆشان وسیاسەتی خۆی. لەپرۆگرامی حیزبدا کە بەزمانی عەرەبی نووسراوە، سەربەخۆیی ومافی ئینسان ودێموکراسی بەئامانجی حیزب دانراوە. لەبارەگای حیزب نەخشەی ویلایەتی موسڵ ومێژووی راپەڕین وشۆڕشەکانی کوردیان لەتابلۆیێکدا هەڵاوەسیوە کە منیش ڕەسمم لێ هەڵگرتن.

www.kerimhisami.com

## گەڕانەوە بۆ ئورووپا

مامۆستا هادی چاوەشلی بۆ فراوینی ڕۆژی ٢/١٢/ داوەتی کردبووم، بەداخەوە لەبەرتالوکەی کاک خەلیلی هاوسەفەرم نەمتوانی بچمە خزمەتی. ڕۆژی ٢/١٢/ کە سەفەرم دەکرد، کاک قادر عەزیز بە تەشریف هێنان بۆ لام خۆشحالی کردم. کاک فارس باوەی ڕەحمەتی هاتەلام، نامەیەکی بەخەتی خۆی بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی وکاک مەسعودبارزانی نوسیبوو، داوای لێکردم کەتەماشایەکی بکەم وبەخەتی خۆم بۆی بنووسمەوە. نامەکەم لێ وەرگرت،لام وایە یەک دووجێ دەستکاریم کردو بۆم نووسیەوە وئەوەی بەخەتی خۆی نوسیبووی لای خۆم گلم داوە ولێرەشدا بلاوی دەکەمەوەچوونکە پێم وایە ئەوەش گۆشەیەکە لەرەوەندی خەبات وفیداکاری وچۆنیەتی ژان وئازاری بەشێکی گەلەکەمان.

## نامەی فارس باوەی رەحمەتیی :

« بۆمەکتەبی سیاسی بەرێز وەسەرۆکی پارتی دێمکراتی کوردستانی یەگرتو کاک مسعودبارزانی بەرێز سلاوێکی گەرم،

ئەمن لەسالیی٦٢لەپارتی دێمکراتی کوردستان شەرەفی ئەندامەتیم پێدرا چوومەریزی پێشمەرگایەتی لەری بازی بارزانی نەمر خەباتم کردتاکومانگی پێنجی ٧٥لەبنەمالەی خۆمان ژمارەی ١١یازدە شەهیدمان داوە چوار برام وەخوشکم وەمامم وچوار نامۆزام. زیاتر لە١٠٠سەت رەفیقی خۆشەویستتر لەبرایەکانم. ئێستاش مالومندالەکانیان لەوپەری ناخۆشی دادەژین لەبەر نەبونی وبرسیەتی کەسێک نیەپەسیاریان لێبکات.لەبەر ململانێ وشتی لابەلا هەرهەموو شتێکی پێویست لەفکرکراوە. لەبەرئەوهۆیانە ئەمن ناتوانمئەرکی سەرشانیخۆم ئەنجام بدەم لەبەرئەوە داوالەبەرێزتان ئەکەم عەفوم بکەن وەهەر دل سۆز ئەمێنمەوە بۆمیللەتەکەم. زۆرسوپاس براتان فارس باوە ... ٩٣/١٢/١ »

کاک فارس دەیویست تازاخۆ لەگەلم بێ. بەلام ئەوکات دێموکراسیەکەی حکومەتی کوردستان هێشتا نەگەیشتبوەرێگری وتالان وکوشتن ولەژێرپێ نانی هەمووشوێنەوارێکی ئینسانی لەکوردستاندا.بۆیە نەمویست کاک فارس زەحمەت بدەم. تاکسی یەکمان گرت ولەگەل کاک خەلیل بێکەس رۆژی ١٩٩٣/١٢/٢کوردستانمان بەرەوتورکیا بەجێ هێشت.

لە سنوور مەسەلەی حاجی شۆفیرکە سەت دۆلاری بەناوی سەیارەی گومرگ لێ وەرگرتبووین، لەگەل کاک محەممەد سلیوانی وکاک سەربەست زاخۆلیم

باسکردو گوتم ئەگەر کابرا درۆدەکا ولەگەڵی شەریک نین، بیهێنن. ناردیان بیدۆزنەوە، نەیان دیتەوە. سەربەست گوتی :« دەیدۆزینەوە، پارەکەی لێ دەستێنینەوو بەخێری تۆ دەیدەین بە فەقیران !!» گوتم مانای ئەوەیە پوش بەسەرتان کرد.

کوردستانمان بەسەدان هەست ودیتن وڕووداوی خۆش وناخۆش بەجێهێشت وهاتینە دیاربەکر. ڕۆژی دوایی کەسواری فڕۆکە دەبووین، لەگەڵ پۆلیسی تورکیا تووشی قڕەبووین. لەهەولێر کاک فارس باوەی ڕەحمەتی خەنجەرێکی دەبانی نایابی بەیادگار دابوومێ. هەرچەند جوان لەنێونایلۆندا پێچابوومەوە، بەڵام دەزگای تەفتیش کەشفی کردو جانتایان کردەوە. پۆلیس کە چاوی پێکەوت، قوت بوو، گوتی : « بوپیچاغ در، ئادەم ئوێلدرر» ( ئەوە چەقۆیە پیاودەکوژێ)

گوتم « چەقۆ نیە. ئەوە خەنجەرەو دەبانیشە ونەک هەر پیاو کەڵیش دەکوژێ» بەڵام بەدەستمەوە نیەو لەجانتا دایەو جانتاش فڕۆکە هەڵیدەگرێ. گوتی : یاساغە. گوتم تۆش بیگێڕیەوە ناتوانی هەڵیگری، بۆتۆش هەریاساغە. باشترە وەک یادگار هەر لای من بمێنێتەوە. پێکەنی، گوتی هەڵیگرە. دیتمان تورک وپۆلیسی جوامێریش هەیە !

لەگەڕانەوەدا بەناوی« سەفەر بۆکوردستان » هێندێ بینین وتێبینی خۆم لەسەر بارودۆخی کوردستان لەنامیلکەیەکدا بڵاو کردەوە کە پێشوازیەکی گەرمی لێکرا.

دوای گەڕانەوەم لەکوردستان خەریکی نووسین وئامادەکردنی بەرگی نۆهەمی بەرەوەریەکانم بووم.جاروبار لەرادیۆکوردی یەکانی کەلە ستۆکهۆڵم بڵاودەبوونەوە لەگەڵ چەندبرادەرێکی دیکەویابەتەنیاسەبارەت بە باسی مەسەلەجۆربەجۆرەکانی کوردستان بەشداریم دەکرد.

١٢/٣/٩٩٤بەتەلەفون خەبەری داخداری مردنی کوتوپڕی جەلالی کوڕی سەید حەسەنی هاشمی یان پێڕاگەیاندم. هەواڵێکی دڵتەزێن بوو.هەرئەوشەوە

www.kerimhisami.com

لەگەڵ دایکی کەماڵ وکاک ناسری ئیبراهیمی وخێزانی چوونیە ڤیێستروس. ماڵەکەیان پڕبوو لەبرادەران، دیمەن وڕووداوێکی لەرادەبەدەرو تەکاندەروداخداربوو.

١١/٣/٩٤نامەیەکی کومیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی دەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ــرێبەرایەتی شۆرشگێڕ ــم پێگەیشت کەوا لەگەڵ وەڵامەکەی لێرەدا بڵاویان دەکەمەوە :

« بەرێز کاک کەریمی حسامی ... وێرای سلاوێکی گەرم. بەلەبەرچاوگرتنی پێڕەوی نێوخۆی حیزب لەلایەک وچلۆنایەتی خەباتی گەلی کورد وپێویستی پێداچوونەوەی پەیوەندی یەنێونەتەوەییەکان وئاڵوگۆڕی چەندساڵی رابردوو لەم بوارەدا وهەروەها پێویستی چاوپێداخشاندنەوەی وەزعی لەرزۆکی کۆماری ئیسلامی لەلایەکی دیکەوە،دواپلینۆمی کومیتەی ناوەندی بڕیاریدا لەمانگەکانی داهاتوودا کۆنگرەی دەهەمی حیزب ببەسترێ. لەبەرئەوەی حیزبی ئێمە هەموکات بیروڕای دۆستانی مەبەست بوەوبەچاوی حورمەتەوە سەیری کردوون ولەسەرئەوباوەڕەیەکەئەوبۆچوونانەلەچوونەپێشی وەزعی حیزب ونیزیک بوونەودلەئامانجەکانیدا بەکەڵکن، داوادەکەین ئێوەش وەک کوردێکی دڵسۆزودۆستی حیزب هەرپێشنیاروپەیامێکتان هەیەلەرێگەی فاکس یائادرێسی پۆستی حیزب کەلەژێرەوە دیاری کراوە،ئەوپەڕەکەی تامانگێکی دیکە بۆکۆنگرەی دەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، رێبەرایەتی شۆرشگێڕ بنێرن. بەرێزو سوپاسەوە. لەلایەن کومیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی دەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، رێبەرایەتی شۆرشگێڕ ( مۆرو ئیمزا) ٧/٣/٩٤

وەڵامی ئەم نامەیە: بەرێز کومیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی دەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان ــ رێبەرایەتی شۆرشگێڕ !

لەگەڵ سلاو !لەوەڵامی نامەکەتاندا، پێم وانیە کەسێکی بەناهەق وبەپێچەوانەی پێڕەوی نێوخۆی حیزب وبەپێچەوانەی رەوشتی ئینسانی

www.kerimhisami.com

وهاوکاری لەحیزبێک دەرکرابێ، ئەگەر هیچ پرستیژو شەخسیەتی هەبێ، بتوانێ پێوەندی« پەیام وپێشنیار» لەگەڵ ئەو حیزبە رابگرێ. مەگەر ئەو حیزبە شەهامەتی ئەوەی هەبێ ئیعتیراف بەچەوتی ەبڕیاری نابەجێی خۆی بکات و هەروەک لەبەیاننامەی ١٣٦٧/١/١ دانی پێداناوە، بەڵام هەر لەسەرکاغەز ماوەتەوە بڕیاری نارەوای دەرکردنی ئەندامانی حیزب هەڵوەشێنێتەوە. بەسوپاسەوە. حسامی ... ٩٤/٣/١٧

www.kerimhisami.com

ریگای کوردستان — ژمارە: ٦٢/٦ — ٦

# ماموستا کەریمی حیسامی لە یادی دامەزراندنی حزبدا دەدوێ

* ئەم بابەتەی ماموستای بەرێز زۆر دەمێکە گەیشتە رۆژنامەکەمان و ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەو یادەدا تێپەڕیوە، بەڵام بەهۆی پێویستی بابەتەکەی ماموستا بەرێزەوە بڵاومان کردەوە.

* ریگای کوردستان *

## یادی شەستەمین ساڵی دامەزرانی حیزبی کۆموونیستی عیراق

حیزبی کۆموونیستی عیراق وکوردستان١٩/٤/١٩٩٣ یادی شەستەمین ساڵی دامەزرانی حیزبی کۆموونیستیان دەکردەوە. بەخۆشی یەوەناوی منیشیان خستبوە ریزی ئەوکەسانەی کە بەم بۆنەوەوتاریان دەداو پیرۆزبایی یان دەکرد. منیش بەبۆنەوەی شەستەمین ساڵی دامەزرانی حیزبی کۆموونیست ئەم وتارەی ژێرەوەم پێشکێش کرد. ئەگەر بەگشتی وتارەکەم لەلایەن بەشداربوانی ئەهەنگەوە پێشوازی لێکرا، هەستم کردهێندێ لە کۆنە مارکسیستەکان بەدڵیان نەبوو. چونکە دوای وتارەکە برادەرێکی کۆنە مارکسیست وکۆنەئەندامی رێکخراوێکی چەپی مارکسیستی شۆرشگێڕ گوتی :«کاک کەریم دەڵێی هێشتا پێت ماوە.» گوتم «چونکە هەر پێم بوو، دام نەناوەوهەر پێمە. بەڵام تۆکەهەرئەهەوەڵەوە پێت نەبوە، دیارە پێت نەماوە.»

دەقی وتارەکە رۆژنامەی رێگای کوردستان(ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆموونیستی کوردستان ژمارە ١١٧-٢٦/٧/١٩٤٤ی خۆیدا لەژێر ئەم ناوونیشانەدا بڵاوی کردۆتەوە:

« ئەم بابەتەی ماموستای بەڕێززۆردرنگ گەیشتە رۆژنامەکەمان وماوەیەکی زۆر بەسەر ئەو یادەداتێپەریوە،بەلام بەپێی پێویستی بابەتەکەی ماموستای بەرێزدوە بلاومان کردەوە. (رێگای کوردستان)

« لەکات وزەمانێکدا بۆیادی شەستەمین سالی دامەزراندنی حیزبی کۆموونیستی عیراق کۆدەبینەوەکەرەوتی مێژووبەرێبازێکی پرلەکەندوکۆسپ خواردپێچەدارادەبرێ. گەمەی مێژووهیچی لەگەل ناکرێ. حیزبی کۆموونیستی عیراق وەک دەزانین لەسەروبەندێکی مێژوویی ئەوتۆدا،هاتەمەیدانی خەبات وتێکۆشان کەکۆنەپەرستی رەش بەتەواوی تواناودەسەلاتەوە بەسەرچارەنووسی کۆمەلانی خەلکدا زال بوو.ئەندامەتی لەحیزبی کۆموونیستدا، بۆهەلگرانی ئەم بیروباوەڕە هاورێ بوولەگەل حەبس وئازارونەشکنجەو لەداردانیش. ئێستا دوای ٦٠سال دیسان دەسەلاتی رەشی حکومەتی بەعسی عیراق بەسەرچارەنووسی ولاتەکەدازالە، مەترسی پەلاماردان وشەڕوخوێنڕێژی دەرەشەلەچارەنووسی گەلانی عیراق دەکات. حیزبی کۆموونیستی عیراق لەکاتێکدا شەستەمین سالی دامەزرانی خۆی جێژن دەگرێ کەئالوگۆڕێکی گەورەبەسەررەوتی جیهاندا هاتوە، سیستمی سۆسیالیزمی واقیعەن مەوجود کەرۆژێک ئیلهام بەخشی رزگاری مرۆڤایەتی بوولەچنگ زولم وشەڕوبرسیەتی وچەوسانەوە،ئێستاجێگای خۆیداوەبەسیستمێکی پرلەشەڕو کوشتاروبرسیەتی ومافیا. نەمانی سیستمی سۆسیالیزمی واقیعەن مەوجود بەچەشنێکی بێ وێنە کاری کردۆتە سەر رەوەندی پێشکەوتنی جیهان.لەلایەک سەرمایەداری ئیمپریالیستی لەسەرجەنازەی سیستمی پێشووی سۆسیالیستی هەلدەپەرێ وگۆرانی(ئازادی ودێموکراسی ومافی مرۆڤ) دەچرێ. ئەوگۆڕانیانەی کەلەولاتانی دواکەوتوو، وەلەنێوگەلانی بێ دەولەت وبەشخوراوادا قەت خەلکی وەجۆش نەهێناوە. ئەوسەرمایەداریەی کەبەدرێژایی مێژووکانگاومەکۆی شەڕوخوێنڕێژی وبرسیەتی وچەوساندنەوەوژێردەستکردنی گەلان بوە. ئێستا بەنەمانی سیستمی سۆسیالیستی دەیەوێ بەوگۆڕانیانە،

www.kerimhisami.com

رابردووی شەڕخوازانەوداگیرکەرانەی خۆی لەبیرخەڵک بەرێتەوە.

ئەلایەکی ترئەوانەی لەماوەی سالانی دووروودرێژدا کەولی مارکسیستی وکۆموونیستی وچەپ وپێشکەوتنخوازی یان لەبەرخۆ کردبوو، ساڵەهای ساڵ لەسەر رەنجی شانی زەحمەتکێشانی ولاتانی پێشووی سۆسیالیستی ژیانیان بردبوەسەر، ئێستا بەوگۆڕانیانە سەمادەکەن، ١٨٠دەرەجە بایان داوەتەوە. بەپەلاماردانی سۆسیالیزم وجنێو بەسیستمی پێشووی سۆسیالیستی دەیانەوێ رابردووی خۆیان بشۆنەوە.

ئەوەراستە کەسیستمی پێنەگەیشتووی پڕلەعەیب وعاری بەناو سۆسیالیستی روخاولەبەینچوو، بەلام ئەوەراست نیە کە پێمان وابێ دێموکراسی وبەختەوەری وخێروخۆشی جێگای سیستمی پێشووی گرتۆتەوەوخەڵک بەئاوات گەیشتوە. ئەزموونی ئەمانی سێ ساڵەی سیستمی سۆسیالیستی جارێ تەنیا شەڕوکوشتاروبرسیەتی وقووڵبوونی فەرق وجیاوازی چینایەتی نیشاندەدا.

راستە کە سۆسیالیزم وەک سیستێم، وەک قەوارە نەماوە، بەلام بیروباوەری دادپەروەری کۆمەلایەتی لەپێش پەیدابوونی سۆسیالیزمی واقیعەن مەوجوددا هەبوەو لەدوای ئەویش هەردەمێنێ. راستە سیستمی سۆسیالیزمی هەبوو لەبەریەک هەڵوەشا، بەلام هەژاری وزوڵم ونابەرانبەری وسەرەڕۆیی لەسەرانسەری جیهاندا هەردرێژەی هەیە. هێشتا میلیۆنها ئینسان لەسەردەستی حکومەتە دیکتاتۆروکۆنەپەرستەکانی وەک ئێران وعیراق وتورکیاوعەرەبستانی سعودی وهیتردا دەناڵێنن ومیلیۆنها ئینسان لە سیستمی سەرمایەداریدا بەبرسیەتی وهەژاری دەژین. سەرمایەداری وەک سیستمی جیهانی وئابووری بازار کەئێستا کراوەتە بنێشتەخۆشکە، نەک هەرنەبۆتە دەرمانی عیلاجی هەژاری وشەڕوچەوسانەوە، بەڵکووهەموو بەیت وباوی گۆڕانی بێژەکانی لەچوارچێوەی بەرژەوەندی مۆنۆپۆڵەکان ولەژێرناوی(ئەزمی نوێی جیهانی)دا قەتیس ماون.

حیزبی کۆمونیستی عیراق کەماوەی ٦٠ ساڵ بۆئازادی وداد‌پەروەری ودیموکراسی ورزگاری لەچەوسانەوەخەباتی کردوەولەپێناوبە ئەنجام گەیاندنی دروشمی« نیشتمانێکی ئازادوگەلێکی بەختیار»داهەزاران کەسی لەباشترین رۆڵەکانی کردۆتەقوربانی وتووشی هەزاران چەرمەسەری ونێش ونازاربوە.لەهەن ومەرجێکی ئاوادایادی شەستەمین ساڵی دامەزرانی خۆی دەکاتەوە.

راستە حیزبی کۆمونیستی عیراقیش وەک هەموحیزب وبزووتنەوەکانی کرێکاری لەژێرکارتێکردنی ئاڵوگۆڕو رووداوەکانی جیهانداتووشی دژواری وتەنگوچەڵەمەبوە، بەڵام ئەزموونی دوای گۆڕانکاری جیهان دەری دەخات کەسەرەڕای هەموتەنگوچەڵەمە- یەک لەبەرانبەر رەشەبای زەماندا نەچەمیوەوتوانیویەتی ئەمەکدار بەبیروباوەری زانستی وبەرێبازی دادپەروەرانەی کۆمەلایەتی لەگەڵ پێداچوونەوە بەخەباتی رابردووداوهەڵسەنگاندنی باروذۆخی ئێستای جیهان لەسەنگەری خەبات وتێکۆشاندا بمێنێتەوە. ئێستاش شان بەشانی هێزەپێشکەوتوەکانی عیراقی وکوردستانی بۆوەلانانی رژێمی بەعس وبۆ دیموکراسی ومافی مرۆڤ وسەپاندنی مافی رەوای گەلی کورد لەچوارچێوەی سیستمی فیدراڵی ومافی بڕیاردانی چارەنووس دا خەبات درێژە پێدەدات.

ئەگەرهاوڕێ وئەندام ودۆستانی حیزبی کۆمونیستی عیراق لەکەش وهەوای ئاوارەیی ودەربەدەریدا، یادی شەستەمین ساڵی دامەزراندنی حیزب دەکەنەوە، بێگومان بەشی هەرەزۆری ئەندام وکادرولایەنگرودۆستانی هاوپەیمان وهاوسەنگەری خەباتی، لە کوردستانی فیدراڵ ورزگاربوولەچەنگ رژێمی درندەی بەعس ئاهەنگی دامەزرانی حیزبەکەیان دەگێڕن وبۆ رزگاری یەکجاری سەرانسەری عیراق وگەیشتن بە(نیشتمانێکی ئازادوگەلێکی بەختیار) پەیمان تازەدەکەنەوە.

حیزبی کۆمونیستی عیراق سەبارەت بەسیاسەتی راستی لەئاست مەسەلەی کورد، نەک هەرلەکوردستانی عیراق، بەڵکو لە کوردستانی ئێرانیش

www.kerimmisani.com

جێگای ڕێزونیحتیرامێکی زۆر بوە. ئێمە لەکوردستانی ئێران هەمیشە بەچاوی ڕێزونیحتیرامەوە وەک دۆستی راستەقینەی نەتەوەکەمان روانیومانەتە حیزبی کۆموونیستی عیراق ونێستاش هەر لەوروانگەوە دەروانینە خەبات وتێکۆشانی ئەوحیزبە. بەبۆنەی یادی شەستەمین سالی دامەزرانی حیزبی کۆموونیستی عیراقەوە پڕبەدڵ پیرۆزبایی لەئەندامان ولایەنگرانی ئەوحیزبەدەکەم وسەرکەوتنی لەخەباتی دژی دیکتاتۆری وزوڵم وچەوسانەوە وگەیشتن بەئامانجی ئنیسانی ودادپەروەرانەی ئاواتەخوازم » ( کەریمی حسامی _ ١٩٩٣/٤/٩

## کۆڕێک لەسەر مەسەلەی کورد

کتێبخانەی دەوڵەتی شاری(بۆروس) بۆ کۆڕێک لەسەرمەسەلەی کورد داوەتی کردبووم. رۆژی ٩٩٤/٤/١٩ چوومە ئەوشارەومیوانی دلێرمیران برادەرێکی ناسیارودۆستی کەمالی کورم بووم. شەوبرادەرانی کوردی ئەندامانی کۆمەڵەی کوردی هاتن، تاشەودرنگانێک لەکوردستان ولەنێو رووداوی نیشتمانەکەماندا دەسوڕاینەوە. کۆمەڵەکەیان ئەورۆزیشی خستبوە بیستی ئەپریل ودوای کۆڕەکە تانیوەشەو ئاهەنگێکی ئەورۆزی فرە ڕێک وپێک ودۆستانەیان بەرێوەبرد. ئەنیستیتوی نووسەرانی بێگانە لەم شارە داوەتی کردم. دەورەیەکی بێرەوەریەکانم پێشکێشی کتێبخانەکەیان کرد. لەوشوێنە کتێب ونووسراوەی نووسەرانی بێگانەی پەناهەندە لە سوید کۆکراونەوەو کتێبخانەیەکی زۆردەوڵەمەندیان هەیە. جگەلەوە لەوەرزەکانی سالدا ژووری خەوتن وحەسانەوە بۆ ماوەیەک دەدەن بەنووسەران کە لێی بحەسێنەوە.

www.kerimhisami.com

## زەنگی خەتەر بۆ مەسەلەی کورد دەنگ دەداتەوە

لەمانگی پێنجی ١٩٩٤نیتر هەواڵی شەری کوردکوژی نێوان پارتی ویەکێتی بۆکوردەکانی دانیشتووی سوید بوو بەمەسەلەی ڕۆژوجێگای داخ وکسەرەوپەژارە. کۆبوونەوەوسێمینارو ئاخافتنی سەرڕادیۆکان ودەنگی بێزاری وتوڕەیی ومەحکوم کردنی شەر دەست پێکران. بەڵام شەڕهەڵایسێنەران وەها بەرژەوەندی گشتی نەتەوەکەیان خستبوە ژێرپێ، ئەوەی بەهەندیان نەگرتبایە هاواری دڵسۆزانەی کوردەئاوارەکانی دەرەوەبوو. بێزاری وتوڕەیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەدەرەوەو ژووردوە دەنگی دایەوە. نامەیەکی خاوەنی کتێبخانەی سۆلاڤی هەولێرم پێگەیشت کە ٢١/٥/٩٩٤ نووسرابوو.

کاک ئەحمەد جەمیل دەنووسێ: «نەفرەت لەبراکوژی.»

بەرێز ماموستای خۆشەویست کەریمی حسامی. سلاو. سلاوێکی گەرمت ئاراستەدەکەم... هیوادارم لەخۆشی وشادیدابی. بەرێزان ! تکایە ئێوەش دەنگی خۆتان بەرزبکەنەوە لەدەرەوەی ولات لەگەڵ دەنگی هەزاران کوردی دڵسۆزی کوردستان کەیەک دەنگ هاواردەکەن:« نەفرەت لەبراکوژی» بژی ئاشتی .. لەگەڵ رێزم »

٢٢/٥/٩٤کومیتەی دژی شەڕی براکوژی سێمینارێکی بۆ مەحکومکردنی شەری کوردکوژی سازکرد. خەڵکێکی زۆر بەشداریان کرد وچەند کەسیش لەم بوارەدا قسەیان کرد. بریاردرا کەنامەیەک بۆ حیزبەکانی شەرکەر بنووسرێ وئەم پێشنیارانەی خوارەوەی تێدا جێ بکرێنەوە کە کاک عومەر شێخ موس لەئەنجامی ئاخافتنەکاندا ئامادەی کردبوون:

www.kerimhisami.com

١ ـــ ڕاگرتنی دەستبەجێی شەڕ ودەستپێکردنی دیالوک
٢ ـــ خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنێکی تازە
٣ ـــ بەهێزکردنی حکومەت وپارلەمان
٤ ـــ نەهێشتنی چەکداری حیزبی
٥ ـــ دانانی حکومەتی ئیتلافی
٦ ـــ نوێنەرانی دەردوە سەربەحکومەتی هەرێم بن نەک سەر بەحیزبەکان
٧ ـــ ڕێزگرتن لەدێموکراسی ومافی مرۆڤ
٨ ـــ ڕیفۆرمی زەوی وزار
٩ ـــ دانانی یاسا بۆ حکومەتی فیدراڵ
١٠ ـــ دادگایی کردنی تاوانبارانی شەڕ

چەند کۆبوونەوەی دیکە کران ولەرادیۆکاندا بۆ ڕاگرتنی شەڕ بانەوازکران. بەڵام ئەوانەی ژیان ومانەوەی خۆیان لەشەڕ وخوێن ڕشتنی هاونیشتمانەکانیاندا دەبینی، گوێ یان بۆ هاواروپێشنیاری کۆمەڵانی خەڵک شل نەدەکرد.

## سەردانی ڕێزدار قازی عەلی مەرەغانی :

دەمێک بوو بیستبووم جەنابی قازی عەلی مەرەغانی لە چنگ ئیسلامی خومەینی رایکردوەو بەناچاری ئاوارەبوەو هاتۆتە سوید. لەدەرفەتێک دەگەرام بچمە زیارەتی وجارێکی دیکەش لەفەرمایشتەکانی بەهرە وەرگرم.

ساڵی١٩٨٣ کاتێکی لە ناوچەی ئالانی سەردەشت بووم، لەگوندی دولکان قازی دووجاران تەشریفی هاتەسەردانم. لەباس وگفتگۆدا بەزانایەکی ڕووناکبیرودژبەخورافات ونیشتمانپەروەر ئازام ناسی.

ڕۆژی ٩٩٤/٦/١٧ چوومە کن کاک سەعیدکوێستانی ولەوێوە چووینە کارلستاد سەردانی قازی عەلی. میوانی سەیدعوسمانی زاوای بووین وهەرکە پێ یان گوتبوو حسامی هاتوە، ناردی بچینە خواری لای ئەو. تۆزێ

www.kerimhisami.com

نەخۆشبوو. لەتەمەنی ۹۷ساڵیدا کە وەژوور کەوتین دیتم کتێبی «عایشە»ی بەدەستەوەیەو تەماشای دەکات. ئیتر بەرلە سڵاو گوتم:« ئەوە لەم تەمەنەشدا خەریکی عایشەی؟» لەوەڵامێکی خێراوژیرانەدا فەرمووی:« عایشەی پاش پێغەمبەری». ئیترلەبارەی بەخێرهێنانو ئەحواڵ پرسی ودەربڕینی پێ خۆشبوون هەرچی بینووسم کەمە. دووڕۆژان لەخزمەتی بووین. لەسەر ڕاپەڕینی ئۆمەرپاشا (کوێخا ئۆمەری سوێسنی) وڕاپەڕینی مەلاخەلیلی گۆڕئۆمەری چەندپرسیارێکم لێکرد. ئەوەی لەبیری بوو وەڵامی دامەوە کەوالەبەرگی یەکەمی (پێداچوونەوە)دا قسەکانی ئەوم بڵاوکردوونەوە. لەبەر ئەساخی نەمویست پتر هیلاکی بکەم ئەگینا لەسەرڕووداوەکانی کوردستان گەلێک شتی بەگەلکی پێبوو.

www.kerimhisami.com

٢



# هەڤپەیڤینەك لەگەڵ ماموستا کەریمی حیسامی

ڕۆژنامەی بەڕێزی ئاڵای ئازادیٔ لە ڕۆژی یەک شەممە ١٩٩٤/٨/١٤ ژمارى(١٣٤)خۆیدا دەقی وتووێژێکی چاپەمەنی برای بەڕێز فەخرددین تایەری بە پێشەکیەکەوە بەم شێوەیە بلاوکردبۆوە:

« کاک کەریمی حسامی دەبێژێ : من سەبارەت بەپاشە ڕۆژی کوردستان گەشبینم...... کەریمی حسامی روناکبیرو سیاسەتمەداروخەباتگێرێکی کوردەولەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەکوردستانی ڕۆژهەلاتدا،جێگەوپایەکی دیاری هەبوە لەنێو حیزبی دیموکراتی کوردستاندا ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب بوە. بەقەولی خۆی نزیکەی ١٠ساڵ دەبێ هیچ پەیوەندێکی بەحیزبەوە نەماوە. ڕێزدار حسامی لەم شەڕوپێکدادانەی نێوان برادەرانی پارتی ویەکێتی و شەڕی خۆکوژی زۆر دڵتەنگ وهەراسان بوو. هەربۆیە بەپێویستم زانی هەڤپەیڤینێکی ڕۆژنامەڤانی لەگەڵدا بکەم ولەیەکێک لەڕۆژنامەکانی کەلەکوردستانی ئازاددا چاپ دەکرێن بلاوی بکەمەوە. ئەوجا بادەمی پرسیارەکانم ئاراستەی جەنابی بکەم وبزانین

www.kerimhisami.com

لەھەنبەی روناکبیروسیاسەتمەدارێکی کۆنیەو بیرێکی ئاوارەو دوورەولاتدا چ باسە...؟

کاک فەخرەددین زۆرسوپاستان دەکەم کەویستووتەبیروڕای جۆربەجۆری کوردی ئاوارەی دوورلەولات لەسەر رووداوە دڵتەزێنەکانی خوارووی کوردستان کۆبکەیەوەو بەسیفەتی شوغڵی خوێندکاری رۆژنامەگەریت لەیەکێ لەرۆژنامەکانی ولاتدا بلاویان کەیەوە. بەراستی ئەوە ھەستی دڵسۆزیت وگرنگی پێدانی شوغڵەکەی خۆشت نیشاندەدا. بەلام دەمەوێ ئەوەشی لێ زیاد بکەم کەھەرچەند ئەزموونی کۆمەڵگای کوردستان ئەوەی نیشانداوەلەکوردستان ھەرکەسێکی تۆزەدەسەلاتێکی ھەبوو، یاسکرتێرورێبەری حیزبێک بوو، ئیترگوێ نادات بیروڕای کەسی دیکەولای وایە ئەوەی ئەودەیکات ھەمووی راستەولەھەمووکەسیش باشتری دەزانێ. لە کاتێکا رەوەندی بزووتنەوەی کوردستان لەھەمووبەشەکان عەکسی ئەوەشی نیشانداوە. ھەرچۆنێک بێ ئەم کارەی تۆدڵسۆزیت وعەلاقەت بەخوێندنەکەت و بەکێشەی نەتەوەکەشت نیشان دەدا. بابێینە سەر وەلامی پرسیارەکانت، فەرموو :

پرسیار : ھەر وەک دەزانین شەڕی کوردکوژی لەکوردستاندامێژوویێکی لەمێژینەی ھەیە. بەدیتنی ئێوە شەڕی کوردکوژی لەنێو کورد داھۆکارەکانی بۆ چی دەگەڕێتەوە وچیە؟

وەلام : لەسەر ئەم بابەتە گەلێک قسەکراوە. بەبۆچوونی من ھۆکاری بنەڕەتی ئەم نەخۆشی یەوئەم برینە تەشەنەکردوە بەرلەھەموو شت دەگەڕێتەوە بۆدواکەوتوویی کۆمەڵی کوردەواری ونزمیی پلەورادەی تێگەیشتن وپێشکەوتوویی کولتوری نەتەوەکەمان. بەرزی پلەی کولتوروتێگەیشتوویی میللەتێک وپێشەوەچوونی کۆمەڵگایەک بەزانیاری وزانایی ولێھاتوویی چەند کەسێک ویاکۆمەڵە کەسێک حیساب ناکرێ. دەبێ لەدەربڕینی ئەم راستیە بەسلەمینەوە ئەگەر بێژین سەبارەت بەگەلێک ھۆکاری مێژوویی وباروودۆخی سروشتی دفێل وزۆرداری داگیرکەران و...زۆرشتی تر. کۆمەڵەکەمان

www.kerimhisami.com

لەدوکەوتوویدا ماوەتەوە وئەنجامەکەشی ئەم کارەساتە داخدارانەن هەروەک کارل مارکس باسی قەیرانی دەورەیی سەرمایەداری دەکات، سەیری مێژووی رابردووی نەتەوەکەمان بکەین ئێوە ئێوە وەک خەڵکەکە سەریان بۆ شەڕوبراکوژی هێشتی ویا بەقەولی مەلابەختیار لە(کوردستانی نوێ)دا بەقازانجی بزانن وشەڕی نێوخویی وکوردکوژی بۆ وریابوونەوە بەپێویست بزانن، سەرهەڵدەدا وبەرهەمی خەبات وفیداکاری وقوربانی زەحمەتکێشانی کورد دەکاتەوە هیچ ودنیایەک شین وگریان وقوڕوەسەری وماڵوێرانی لەدوای خۆی بەجێ دێڵێ.

**پرسیار** : شەڕی ئەم دوییەی برادەرانی یەکێتی وپارتی ئەگەردرێژەش بکێشێ ، یانیش ناکامەکەی هەرچۆن بکەوێتەوە، هەرچۆنێک بێ پێویستی بەچارەسەرێکی بنەرەتی هەیە. بەتایبەت دوای وەستانی شەڕکە دەبێ چبکرێ وهەنگاوی چۆن باوێژن،ئێوە چۆن لەئاسۆی بارودۆخی دوای شەڕ وەستانەکە دەڕوانن.؟

**وەڵام** : ئێستا بەگوێرەی دەنگوباسی نیوەچڵ کەدەگەنە ئورووپابەخۆشیەوە وادیارە شەڕەکە وێستاوە. بەڵام چۆن چارەسەری بنەرەتی بۆدەدۆزنەوە ئەوە مەسەلەیەکی ترە. بەبۆچوونی من چارەسەری بنەرەتی بۆشەڕی خۆکوژی، بەرلەهەموو شت وازهێنان لەوەدەستهێنانی دەسەڵاتی غەیرەشەرعی، وەلانانی ململانەی نابەجێی حیزبایەتی تەسک وپاوانخوازی، لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی میللی نەتەوەی کوردە. ئەزموونی رابردووئەم دواییەی کوردستان نیشانی داکەرێبەرانی ئێستای ئەم دوو حیزبە سەرەکیەی کوردستانی خوارو ناتوانن ئەم رێگا چارەسەریە بدۆزنەوە، ئاشتبوونەوەودانیشتن ودەرکردن وواژۆکردنی بەیاننامە، وەک لەماوەی ئەم دووسێ ساڵەی دواییداکراون نەیانتوانیوە ببنەچارەسەری بنەرەتی ناکۆکی نێوان ئەم دووحیزبە. هەربۆیەش ئەگەر هەرواڕوا سەرەڕای وەستاندنی شەڕ من ئاسۆی ئەم بارودۆخە بەرووونی نابینم. ئێمەزۆربەساکاری وبەگەشبینی بەئەزموونی دیموکراسی کوردستان

www.kerimhisami.com

وبەلێهاتوویی کارگێڕانی ئەزموونەکەمان هەڵدەگوت، بەڵام بەداخەوە مەسەلەکەمان بەوردی لێک نەدابۆوە.

دیموکراسی لەسەرلاپەڕەکانی دووحیزبی سەرەکی ولەچوارچێوەی پەیڤ وناخافتنی ڕێبەرانی دوو حیزبی دەسەڵاتداردا قەتیس کراو ڕێگانەدرا بگاتە نێو کۆمەڵانی خەڵک، ئەم خەڵکەی کە بە فیداکاری بارودۆخی پێکهاتنی ئەزموونەکەو دیموکراسیەکەیان پێکهێنابوو لەدەسەڵات ولەبەشداری ڕاپەڕینی کاروباری کۆمەڵایەتی وسیاسی ،کولتووری دوورخرانەوەو لەنێودەریای فەقیری وگرانی وبرسیەتی ونەبوونی ئاسایش وتەنانەت ترسی گەڕانەوەی دەسەڵاتی شوومی حکومەتی بەعس دا،بەپەلەقاژە پشتی دەسەڵاتی ئەم دووحیزبەیان بەرنەدا، بەڵام بەداخەوە سیاسەتی پاوانخوازی وململانی حیزبایەتی وناخرەکەشی شەڕی خۆکوژی بەقەولی ڕۆژنامەی نیویورک تایمز هیواوئاواتی کۆمەڵانی خەڵکی فیداکاروزەحمەتکێشی کوردستانی تێک تەپاند وخەونی کوردستانی ئازادی پرچەڵ کردەوە. بەبۆچوونی من چارەسەری بنەرەتی دوای وەستانی شەڕ،گێڕانەوەی بڕواو هومێدوئاواتی خەڵکە لەڕێگای وازهێنانی ئەم دووحیزبە سەرەکیە لەپاوانخوازی دەسەڵات وزیندووکردنەوەو پەرەپێدانی بەرەی کوردستانی وپێکهێنانی حکومەتێکی گەلی بەهاوبەشی کەسانی لێهاتووی نیشتمانپەروەری حیزبی وغەیرەحیزبی لەژێر ڕێنوێنی وچاوەدێری بەرەی کوردستانیدا. ئەم دووحیزبە سەرەکیە پێویستە هەمووتواناودەرەتانی خۆیان بۆبەهێزکردنی ئەوحکومەتەوچالاک کردنی مەسەلەی کورد تەرخان بکەن.

**پرسیار** : شەڕی ئەم دواییەی برادەرانی پارتی ویەکێتی چکاردانەوەیەکی نابەجێ دەبێت بۆڕای گشتی جیهان وسیاسەتی نێو دەوڵەتی ودۆستانی گەلی کوردمان لەجیهاندا کەتارادەیەک پشتگیریان لەکێشەی رەوای کورد کردوە. جەنابتان بەوسیفەتە کەلە ئورووپادەژین، ئەم بارودۆخە چۆندەبینن.؟

**وەڵام** : شتێکی روونە شەڕی خۆکوژی ئەم دواییەی کوردستان ئەوەندە لەسەرکوردگران کەوتوە کەلەقەرەبوونایەت. بەشێوەیەکی گەلێک نالەبار کاری

www.kerimhisami.com

کردۆتەسەربیروڕای گشتی کۆڕوکۆمەڵی خێرخوازودیموکرات ودۆستانی گەلی کوردو سیاسەتی ئەم هێزو ڕێکخراوانەی کەپشتگیری کوردیان کردوە. ئەگەر سەیرێکی رۆژنامەگرنگەکانی دنیای سەرمایەداری بکەین، بەگشتی نەفرەت وبێزاری لەشەڕی خۆکوژی نێوان پارتی ویەکێتی دەکەن. رۆژنامەکانی دەرەوە بەهەق ئەم شەڕەو هەڵگیرسێنەرانی شەڕی ئەم دواییەی کوردستان بەگۆڕکەنی مەسەلەی کوردو ئەزموونەکەی کوردستان دەزانن.

دیارە دم بەدمەو شەڕەفڕ وشەڕە پلاری بێ تامی لایەنگرانی ئەم دووحیزبەش لەدەرەوەی وڵات کەلەبیری تەسکی حیزبایەتی زیاتر چیتریان مەبەست نیە، تاراددیەک زەمینە بۆنووسینی وتاری رۆژنامەکانی دەرەوە دەخوڵقێنێ. بەگشتی کارەساتی ئەم شەڕەی دوایی کوردستان دوژمنانی گەلی کوردی ودەسەما خستودو دۆست ولایەنگرانی مەسەلەی کوردیشی تاساندوەو سەریان لەم کارەساتە سوڕماوە.

**پرسیار** :هەروەک دەزانرێ پێش شەڕ هەڵگیرسان ودوای شەڕەکەش دوو بۆچوون لەکوردستاندا هەنە بۆچارەسەرکردنی ئەم بارەناهەموارەی حکومەتی کوردستان. یەکیان ئەوەیەکەدەبێژن دەبێ بەزووترین کات هەڵبژاردنێکی تازەبکرێتەوە. ئەویتریان دەبێژیت دەبێ حکومەتێکی فرەحیزبی هەمەلایەنەی ئیتلافی دیموکراتی لەکوردستان پێک بێ. بەبۆچوونی ئێوە لەم بارودۆخەی دوای شەڕدا کامیان لەپراتیکدا عەمەلیترە بکرێ ولەبەرچی؟

**وەڵام** : من لەکوردستان دوورم. لەبەرئەوەش کەرۆژنامەکان ودەنگوباسی وڵات زۆربەکەمی دەگەنەدەستم، بەباشی ئاگادارنیم کەداخوا بیروڕاکان لەوڵات بارودۆخەکە چۆن هەڵدەسەنگێنن. هەرچۆنێک بێ رێگای راست وعەمەلی کەبەرژەوەندی مەسەلەی کوردی لەپێش بێ ئەوەیەکەئەم سیستمی دووحکومەتی ئێستا هەڵوەشێتەوە هەروەک لەوەڵامی پرسیاری پێشوودا باسکرا. حکومەتێکی گەلی واتەهاوبەشی کەسایەتی لێهاتووی شارەزای حیزبی وغەیرەحیزبی بێتە سەرکاروبەرێنوێنێ بەرەی کوردستانی پەرە پێ بدرێ

www.kerimhisami.com

وکاربکات. بەبۆچوونی من هەڵبژاردنی نوێی پارلمان وابەکوتوپڕی لەم باروذۆخەدا نەک هەرکارێکی راست نیە، بەڵکوو مەترسی گرژترکردنی باروذۆخەکەشی لێ چاوەروان دەکرێ. کەوابوو هەڵوەشاندنەوەی سیستمی دووحکومەتی وپێکهێنانی حکومەتێکی خەڵکی کە هێورکردنەوەی باروذۆخ وپێکهێنانی هەل ومەرجی لەبار بۆهەڵبژاردن ئامادەبکات رەنگە دنیاپەسندانەتربێ.

پرسیار : ئایا ئێستا کاتی ئەوە نەهاتوە کەواگەلی کوردمان لەم باروذۆخەدژوارەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردلەکوردستانی خوارووداڕێبەرێکی لێهاتوولێوەشاوەی هەبێ. ؟

وەڵام : ئەم پرسیارە چەندسەیرە، وەلامەکەشی هەروا سەیردەبێ. بەبڕوای من بۆ بوونی رێبەری لێهاتووکات وباروذۆخی دژوارونادژوار مەرج نیە. بزووتنەوەی رزگاریخوازی لەهەمووکات وباروذۆخێکدا پێویستی بە رێبەری شارەزاولێهاتوو هەیە.رێبەری لێهاتوو خۆ لەدەردەوەڕا نایە، هەردەبێ لەنێو خەڵکی خۆماندا پێبگات وبەپشتیوانی خەڵک پشت ئەستووربێ. من پێم وایە رێبەرانی ئێستای کوردستانی خوارووی لەهیچ بوارێکەوە،هیچیان دەبەر رێبەرانی ولاتانی تردانیە. ئەگەر بەواقیعی بڕوانینە هەڵکەوت وباروذۆخی پڕلەتەنگ وچەڵەمەی کوردستان وپیلان ودەزی دوژمنانی کوردوبواری جوگرافیایی ولاتەکەمان لەبەرچاوبگرین، ئەوەدەم دەبینین کە رێبەرانی کوردستانی خواروتوانیویانە بەلێهاتوویی لەنگەری کەشتی لەم گێژاوەدا رابگرن ونەهێڵن نوقم بێ. دیارە ئەوەبەومانایە نیەکەلەپراتیکی رۆژانەویالەدانانی سیاسەتی ستراتێژی وتاکتیکیدا قەت تووشی هەڵەو کەم وکوڕی نەبووبن. سیاسەتمەداری ولاتانی مەزن وخاوەن دەسەلات وتوانای دیکەش دوور لەهەڵە نین،فەرقەکە لەوەدایە لەولاتانی دێموکرات وپێشکەوتوو بیروڕای گشتی خەڵک گرنگەوبایەخی پێدەدرێ ورێبەری سیاسی لەهەرپلەوپایەک دابێت کەتووشی هەڵەی زەق وزیانباربوو، وەلادەنرێ

www.kerimbisani.com

ووازدێنێ. لەکوردستان ئەوەی حیسابی بۆنەکرێ بیروڕای کۆمەڵانی خەڵکەوحیزبایەتی تەسک وپاوانخوازی جێی هەموو شتی گرتۆتەوە.

پرسیار: ئێوە پاشەڕۆژی کوردستان بەگشتی وحکومەتی کوردستان بەتایبەتی چۆن دەبینن، ئاکامەکەی بەرەوکوێ دەڕوات؟

وەڵام : من سەبارەت بەپاشەڕۆژی کوردستان گەشبینم. هێندێ ڕووداوی دڵتەزێن وهەڵەی ڕێبەرانی سیاسی نابێ چاویلکەی ڕەشمان دەچاوی کا. لەدنیای ئیمڕۆدا بیروڕای گشتی جیهان ناتوانێ لەئاست چارەنووسی نەتەوەیەکی ٢٥میلیۆنی خۆکرومات بکات وبێلایەن بوەستێ. مەسەلەی کورد لەداوی بەیت وباوی ەسەلەی نێوخۆیی دەرباز بوەودوژمنانی کورد چیترناتوانن بیروڕای گشتی وکۆڕوکۆمەلە دێموکرات و ئینسانیەکانی جیهان بەتریاکی مەسەلەی نێوخۆیی گێژبکەن. شێرەژنی فەرەنسی(دانیل میتران)بەهەق دەڵێ:«کاتێ میللەتێک لەنابودی دایەولەبەین دەچێ،مەسەلەی دەخالەت نەکردن لەکاروباری نێوخۆی ولاتێکدا ئیتر ماناومەفهومی نامێنێ.. کاتێ میللەتێک قەلاچۆ دەکرێ،ناکرێ بەبیانووی دەست تێوەرنەدانی نێوخۆیی دەست لەسەردەست دابنێی.»

نەتەوەکەمان تێکۆشان وخەباتی قارەمانانەی گەیاندۆتە رادەیەک کەپاشەکشەی بۆنیە، بەلام دەبێ بتوانێ بەگوێرەی هەلومەرجی جیهانی وناوچەیی هەڵس وکەوت بکات. بەلام لەبارەی پاشەڕۆژی حکومەتی ئێستای کوردستانی خواروو، بەبۆچوونی من شەڕی خۆکوژی ئەم دواییە بەکردەوە کۆتایی بەتەمەنی ئەم حکومەتە هێناوە. جایان دەبێ وەک ولاتانی دێموکرات گۆڕانێکی ریشەیی پێک بێ وحکومەتی گەلی دابمەزرێ، یان وەک ولاتانی ئەفریقایی بەزەبری چەکی پێشمەرگەی حیزبی بەسەر گەلێکی هەژارو فەقیرو گەمارۆدراووبرسی وئاوارە دەسەلات بسەپێنێ.

پرسیار : بەوورەکاک کەریم! بەسیفەتی ئەوەی ماوەیەکی زۆر لەنێو بزاڤی رزگاریخوازی کوردستانی رۆژهەلات دا دەورت هەبوەولەکوردستانیش

www.kerimhisami.com

ناسراوی، دەکرێ ئەگەر بەکورتیش بێ لەوەزعی ئیمڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاگادارمان بکەی؟

وەڵام :ماوەی ١٠ساڵەهیچ پێوەندیم لەگەڵ حیزبی دێموکرات نیە. بەڵام لەکوردستانی ئێران ولەرەوتی ڕووداوەکان بێ خەبەرنیم. بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبۆچوونی من دەبێ لەدووروانگەودیاردەی جیاوازەوە سەیری بکرێ. یەکەمیان بارودۆخی بابەتی ودووەمیان بیروڕاو ڕوانگەی حیزبەسیاسیەکان. ئەوەی بارودۆخی بابەتیەلام وایەکوردستانی ئێران لەنێوگێژەڵوکەی دووقەیران(ئەزمە)دا ژیان دەباتەسەر.

یێکەم وەک سەرانسەری ئێران لەبێکاری وگرانی ونەبوونی ئازادی ودێموکراسی ولەژێر هێرش وفشاری پاسدارو کومیتەی جۆربەجۆری دەستکردی ئاخوندی دادەژی. لەگەڵ ئەوانە ستەمی نەتەوایەتی وکولتوری وقەدەغەکردنی خوێندن بەزمانی کوردی ودەسەڵاتی لەیاسابەدەری پاسدارانیشی لێ زیادکراوەو بۆتەسەربار.

کوردستانی ئێران بەکردەوە کراوەتەناوچەیەکی نیزامی ویاسای زەمانی شەڕ لەوێدا بەرێوەدەچێ. قەیرانی دووەم بریتی یەلەناکۆکی ویەک نەبوونی ڕێبەرایەتیەکی یەکگرتووی کوردستانی. دیارە ئەم قەیرانە وەک دەزانین هەموو بەشەکانی کوردستانی گرتۆتەوە. ئاکامەکەشی دابڕانە لەمیللەت وخۆبەستنەوەیەبەهێندێ حوکم وتیئۆری وشکی لەقالب دراو کە بە قەولی کاک مستەفای هیجری سکرتێری حیزبی دێموکرات( وەدواکەوتن وبەرێوەبردنی سیاسەتەکانی فیکری ڕێبەرانی خۆیانە) ئەمەیان ئەم بارودۆخەیە کەبەدیاردەی یێکەمی دادەنێم، دیاردەی دووەم بۆچوونی حیزبە سیاسیەکانە.

کاک مستەفای هیجری سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسوید لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی بەربانگ دەڵێ:«... پاش چالاکیەکانی زۆری حیزب ئێستانێمە پەدیدەی جاشمان نەماوە، ئەمە سەرکەوتنێکی مەزنە بۆئێمە. دەستمان بۆ چالاکی ئاواڵەتربوە. چونکە ئیدی

www.kerimhisami.com

هێزەکانی ڕێژیم توانای بەربەرەکانیان لەگەڵ پێشمەرگە لەنیزیکەوە نیەو تەنیا بەتۆپ وخومپارە هاویشتن لەرێگەی دوورنەبێ کەئەمە پێشمەرگە ناخاتە مەترسیەوە. بۆیە ئێستا ڕێژیم هێزی مەبدەئی نەماوە دەستی ئێمە لاچاو رابردوو ئاواڵەترە.» ئەم بۆچوونەی کاک مستەفا قسەیەکی ئەندامی پۆلیت بیرۆی حیزبی کۆمۆنیستی ئینگلستانی وەبیر هێنامەوە ساڵێکیان دەچێتە مەجارستان. برادەرانی مەجاری دەیبەنە سنووری نێوانی ئوتریش ومەجارستان. کابرا تەماشادەکا سەرانسەری سنوور تێلبەند کراوە لەلایەن مەجارستانەوە. ئەویش دەڵێ:« کارێکی چاکتان کردوە. ئەگەر واتان نەکردبایە لەوانەبوو خەڵکی ئوتریش زۆربەیان رابکەن بێنە مەجارستان !!»قسەی کاک مستەفاش ئەوە دەگەیێنێ کە ئەوەندە لەولاتی خۆمان وەدوور کەوتووین کە لەرێگای دووردوە تۆپ وخومپارە شمان ناگاتێ. بۆیە دەستمان ئاواڵەترە !»

بەبۆچوونی من تاقەرێگای هاتنەدەر لەقەیرانی دوایی وزاڵبوون بەسەر گیروگرفتەکاندا کەبکرێ سەرنج وهاودەردی بیروڕای گشتی جیهانی وکۆڕوکۆمەڵەئینسان دۆستەکان بۆپشتگیری مەسەلەی کوردرابکێشێ نەهێشتنی ناکۆکی ولێک نیزیک بوونەوەو پێکهێنانی بەرەیەکی بەرینی نیشتمانپەروەرانی کوردوتەنانەت یەکگرتنەوەی دووباڵی حیزبی دێموکراتیشە. بەڵام حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تائێستاش پێی یان وانیەکەدنیا گۆڕانێکی گەورەی بەسەرداهاتوە. کاتێ پرسیاری بەرەو یەکگرتنەوە لەکاک مستەفای هیجری دەکەن لەوەڵامدا دەڵێ :« بەدیتنی ئێمە تێکەڵبوونەوەی دووحیزب بەهیچ چەشنێک بەقازانجی کوردوکێشەی نەتەوایەتی کورد نیە.. پلورالیسم لەبناغەوئەسڵەکانی حیزبی ئێمەیە..»

کاک مستەفامەفهومی پلورالیسم روون ناکاتەوە. بەڵام لەوەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بەپێکهێنانی بەرە لەکوردستانی ئێران دەڵێ :«هیچ رێکخراوێکی گرنگی کورد بێجگە لەرێکخراوی کاک جەلیلی گادانی لەکوردستاندانیە تابەرەی لەگەڵ پێک بێنین. کۆمەڵە لەگەڵ رێکخراوە

www.kerimhisami.com

کوردیەکان بەرە پێک ناهێنێ. حیزبی ئێمەلەکوردستانی ئێراندا تاقانەیە. رەنگە نەوەلەشانسەکانی ئێمەبێ کەهەروا تاقانەوخۆشەویستی خەڵکین.»

کاتێ چاوم بەئاخافتنی کاک مستەفای هیجری کەوت، وتەیەکی بیل کلنتۆن سەرکۆماری ئەمریکام وەبیر هاتەوە. کاتێ لەبارەی هێندێ گیروگرفتی مەسەلەکانی جیهان پرسیاری لێ دەکەن لەوەڵامدا دەڵێ:« ئێمە تەنیا ناتوانین هەموو مەسەلەکان چارەسەربکەین. ئێمە دۆست وهاوپەیمانی دیکەمان هەن کەدەبێ لەچارەسەرکردنی گیروگرفتەکاندا یاریدەمان بدەن.» کە قسەکانی کاک مستەفای هیجری وبۆچوونی سەرکۆماری ئەمریکام بەرئاورد کرد، گوتم:« گەلۆ تۆ بڵێی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کەلە(رێگای دوورەوەش تۆپ وخومپارە نایگاتێ) لەئەمریکا بەهێزتربێ وگیروگرفتەکانی کوردستانی رۆژهەڵات بەتەنیاوبەتاقانە چارەسەربکات؟! خوابکا وابێ .!!»

## کۆچی دوایی خوالێ خۆشبوو قازی عەلی مەرەغانی

بەداخەوە زۆری پێ نەچووجارێکی ترلە ۹٤/۱۰/۲۱ لەگەڵ کاک سەعیدکوێستانی چووینەوە پرسەی قازی عەلی مەرەغانی. مامۆستامەلارەحیمی عەبباسیش بۆ نوێژوتەڵقینی قازی تەشریفی هێنابوو. پترلەنیوسەعات لەسەرجەنازەی مەرحومی قازی ئایەت وحەدیسی خوێندنەوەو باسی بەهەشت وجەهەندەمی بۆکرد. منیش لەسەر قەبران سەبارەت بەرۆشنبیری ودژبەخورافاتی وئازایەتی وزانایی ونیشتمانپەروەری قازی عەلی هێندێ قسەم کردن. بەداخەوە لەسەرژیانی جەنابی قازی شارەزاییم کەم بوو.کاتێکی چوومە فنلاند سەردانی مامۆستاحاجی مەلامحەممەدی شەڵماشی لەوێ باسی مەرحومی قازی عەلی مەرەغانیمان کرد. مامۆستا مەلا محەممەد فەرمووی: «ئیستوارعەتاری بانەیی کەئێستا لەسەردەشت دوکاندارە بۆی

گێڕاوەمەوە دەیگوت: «قازی عەلی سەردەفتەری ڕەسمی مارەوتەڵاقی ناوچەی سەردەشت بوو. هێندێ کەس دەچنەلای سەرهەنگی ئەرتەشی وشکایەتی لێدەکەن. سەرهەنگ دەنێرێ وقازی دێن. نیستوار عەتاریش لەکن سەرهەنگ دەبێ.دەڵێ قازی ئەوەندە پیاوانە بەدمی سەرهەنگی داداوە کەمن لەوێ حەبەسام. سەرهەنگ بەتوڕەیی ولالوتی بەسەرقازی دادێ ودەڵێ خەڵک شکایەتی لێکردووی. قازی جوابی ناداتەوەو هەرئەوەندە دەڵێ:« لیت تێناگەم دەڵێی چی؟»

سەرهەنگ بەنیستواردەڵێ:« وەرە حالی بکە. بلێ چۆن بۆتە قازی وسەردەفتەری ناوچە ئەگەر فارسی تێناگات ونایزانی. ؟»

قازی بەنیستواردەڵێ:« بەسەرهەنگی بلێ: من قازی وسەردەفتەری ئەم ناوچەیەوئەم خەڵکەم کە زمانیان فارسی نیەونایزانن. زمانی خەڵکەکەش دەزانم وبەزمانی ئەوان دەدوێم. تۆ کەهاتویە ئەم ناوچەیەودەتەوێ لەگەڵ ئەوان قسەبکەی، دەبێ زمانی ئەوان فێربی. ئەوهەمووخەڵکە ناتوانن زمانی تۆفێربن:» بەڵێ قازی مەرەغانی ئەم زاتەبوە. ماموستا مەلارەحیمیش نیوسەعات ئایەت وحەدیسی بۆخوێندەوە، جانازانم لەوێ بەچ زمانێک وەڵام دەداتەوە.!! پیاوی وەک قازی عەلی کەم هەڵدەکەون وبەداخەوە کوردەواری قەدریان نازانێ. کاک بهروز کوردەحمەدی لەیادی ساڵ تێوەرسوڕانی قازی عەلی دا وتارێکی جوان وپڕ وبەتام وچێژی هێنابوە سەر کاغەز ولەمانگی ڕێبەندانی ٩٦ دا بوی ناردم. هەرچەند نووسینی ئەم بەرگە تەواو ببوو،بەلام پێم حەیف بوو ئەم نووسینە جوانەو یادی ئەم پیاوە مەزنە بۆکاتێکی نادیار بەلاوە بنێم. مالی داتا ئاوەدان بێ وداهێنەرەکەی بچێتە بەهەشتێ، (ئەگەر مەلا ڕێگای بدەن) ئەوەندە کاری هاسان کردوە، بیانووی لەخەڵک بڕیوە. چۆنی بخوازی دەتوانی جێگا بۆ ماتریال بدۆزی یەوە. منیش گەرامەوە دوایەو لێرەدا ولە باسی قازی عەلی دا ئەوا وتاری کاک بهروزی بەرێز دادەبەزێنم:

قاضی عەلی راد: « ڕۆژی ١٧ی ئوکتۆبری ١٩٩٤.پیرێکی دڵسووتاوی

www.kurdishsami.com

کوردستان،لەسەدان کێو ودەریا ئەم لاتر، لەغەریبایەتی ودوور لەنیشتمان سەری نایەوەوئاواتی بینینەوەی خاکە پیرۆزەکەی لەگەڵ خۆ بردە بن گڵ.

قاضی عەلی راد،کۆنە جوانێری ئەویندار ی گەل ونیشتمان و،ناسراو ودڵێڤانی خەڵکی ناوچەی سەردەشتی کوردستان،کەهەموو تەمەنی بەدڵپاکی وچاکی ژیاو هەرگیز قسەوئاکاری،تەنانەت لەوپەڕی تورەیی وبەیایی دا،لەدڵسۆزی بۆ گەل وپەرستنی نیشتمانی لای نەدەدا، لەکاتێکدا قازی ژن ومنالانی ونەوەکانی وکەس وکار وهاونیشتمانانی بەجێ هێشت کەکوردستانە دڵبەندەکەی ئەو هێشتا هەر لەلایەن داگیرکەرانەوە پەلاماری دەدرێتێ وخوێنی کوڕ وکالانی کوردی لێ دەرژێ وسێبەری رەش وقورسی کۆنە پەرستی وزۆرداریی بەسەردا زاڵە. دەنا قاضی لەکوێ ودوورکەوتنەوە لەدیەنە وەک بەهەشتەکانی سەردەشت لەکوێ؟ دەنا قاضی لەکوێ وخانوچکەیەکی گەرەکێکی شاری(کارلستاد)ی سویدلەکوێ؟ دەنا قاضی لەکوێ ودەردوداخی ئاوارەیی ومالوێرانی وتەنیایی دەندەران لەکوێ،کەهێندەی ترێش وئازارەکانی زیاددەکردو زامەکانی دەکولاندەوە.

کاتێک باسی هەرەتی لاوەتی وتێگەیشتن لەژیان وکەسایەتی کوردو ژیان وگوزەرانی دەکرد، حەزت دەکرد هەموو گیانت گوێ بێ وبیبیسی. جوانی دەگێراوە کاتێک ناوی «مەردغان»ی دێناوهەڵیدەدایە باسی رمبازی وسواریی وجێ ژوان وهەوڵ وتێکۆشان. شیرینی باس دەکرد کاتێک دەیگوت کە چ فەرقێکی نیە تۆ لەگوندێکی کوردستان بی، لەسەردەشت بی، یان لەشاری زۆرگەورەدا، فەرق هەرئەوەندەیەکەخۆت لێ نەگۆڕێ وبزانی کەلە هەرجێیەک وهەچ هەل ومەرجێکدا بی، دەبێ ولاتی خۆت خۆش بوێ، دڵت بۆی کوڵەی بێ وبیپارێزی وقەت رێگا نەدەی دوژمنان وناحەزان دانی لێ چیرکەنەوەو پەلاماری بدەنێ وبەکۆت وزنجیری دیلی بیتەنن. ئەوەی کردبوە رەمزی ژیانی خۆی ومندالەکانیشی هەر بەوباوەڕە راهێنابوو. بۆیە کاتێک کوردستان لەلایەن رێژیمی خومەینی یەوە هێرش کرایە سەری وئاگری تێ بەردرا، قاضی راد

www.kerimhisami.com

هەرچەند بەدڵ موسوڵمانێکی دڵپاک وساکار وقورئانی لەدڵدابوو ولەلایەن خەڵکەوە بەقاضی وداوەرێکی دادپەروەرو دڵسۆزناسرابووکەزۆەجار گیروگرفتی ژیانی رۆژانەیان دێناخزمەتی وچارەسەریان لێ وەردەگرت، بەسەروماڵەوە خۆی بەختی شۆرش وبەرگریی لەکوردستان کردولەو رێگایەدا ماڵ وحاڵی وەک پووشێک خستە بەربای خەبات وشۆرش ولەماوەی یازدەساڵاندا لەم گوند بۆئەو گوند ولەم دۆڵ بۆئەودۆڵ. مناڵ بەکۆڵ ودڵ پڕ لەهیواو چاوپڕلەنەفرەت لەداگیرکەران، کۆڵی نەداو سارد نەبۆوەوچینی نەخستە نێوچاوان و، نەک هەر بنەماڵەی بەرفرەوانی خۆی، بەڵکوو گشت خەڵکی ناوچەی سەردەشتی هان دەداکە: دەی لەمنتان کەوێ! ئێوە رۆڵەی هۆمەرپاشان نابێن لەسەرهۆمل سەرنجتان دەداکەپاسداران بتارێنن؟! هادەی کوڕینە! خومەینی، تان پێ لەپیرێژنیش کەمتربێ، لێ یان دەن!

بەراستی کەهەرگیزهیچ هەواڵێکی ناخۆش ودڵتەزێن، گرتن وکوشتنی کوردوسووتان وخاپوورکردنی کوردستان نەیدەترساند، بەڵکووبەپێچەوانە رق نەستورتری دەکرد وەدەیگوت بۆئازادی پیاوەبێ خوێنیش بدا، سەختیش بکێشێ، لێدانیش بخواو دەردوژانیش بچێژێ، بەڵام نابێ هەرگیز کۆڵ بداوورەی بڕوخێ. ئێمە نەچووینە سەرزێدوخاکی خەڵک وپەلاماری کەسمان نەداوە. ئەوە دوژمنە هێرشی کردۆتە سەرخاکی باووباپیرمان ووازمان لێناهێنێ.بۆیە دەبێ بەرگریی لەخۆمان بکەین وکوردستان بکەینە گۆڕستانیان. بەڵێ قاضی عەلی باوەری وابوو. هەتا دواییش کۆڵی نەدا. لەدژوارترین هەل ومەرجدا پێکەنینی لەسەر زاربوو. هەرگیز قسەی خۆشی لێ نەدەبڕا. بۆهەر باسێک تاکە شیعرێکی کوردی یافارسی یان عەرەبی هەڵدەداو کۆڕەکەی پێ خۆشتر دەکرد. بەشیعری رووت وناگرین خەراپەی دوژمنی باس دەکردولەقاوی دەدان.

لەناوارەیی گوندە دووردەستەکانی کوردستاندا ماڵەکەی هەمیشە لەمیوانان جمەی دەهات کەیابۆ زیارەتی ئەودەهاتن یان لایان دەداو تێروتەسەل ورازیی

www.kerimbisani.com

وبەورد ماڵاوایيان دەكرد. دەڵێم بۆزیارەتی ئەو،چونکە وەک پیاوێکی پیرۆزومرۆڤێکی پاک چاویان لێدەکرد کەبەپێچەوانەی شێخ ومەلاو رێبەری ئاینی درۆزن ودەستبڕکەدایە چاویان لەدەست وگیرفانی رێبواران وموریدانە، یان لەسەر حیسابی شۆڕش وخوێنی رژاوی خەڵک دینارو دۆلاری بێحیسابیان لەپاندوە، ئەم پیرەدلاوایە جگەلەپێشوازی کردن ودڵنەوایی میوانان، تەنانەت ئەگەر پێویست بایە توێشەی لەگەڵ دەخستن وپولی پێ دەدان وتەنیا لێ یان دەپاڕاوە کەنەکەن خزمەت بەشۆڕش ونەتەوەکەیان لەبیر بکەن.

قاضی عەلی راد، یان وەک خەڵکی پێیان دەگوت« ماموستا قاضی » بەراستی ماموستای قوتابخانەی نیشتمانپەرستی و گەلدۆستی بوو. لەقسەی درۆەوسوێندو پەیمانی بەتاڵ وترسەنۆکیی ووڕەبەردان بێزار بوو. وەک شاخ وداخەکانی سەردەشتێ سەربەرزو سەرسەوز، بەرانبەر بەدۆست نەرم ونیان وداژدارو پەنا بوو. هەروەک لەبەرانبەر دوژمندا گرمەی دەهات وخەبات وفیداکاریی وە پێش نوێژ وتاعەتان دەخست وبەزین وزرینی پێ کوفر بوو. هەتا ما بەشۆڕش وەفادار مایەوەو پێشمەرگەی خۆش ویست. لەم دواییانەدا کە پیری ونەخۆشی کەنەفتی کردبوو، بەپێچەوانەی ویستی خۆی وبەهەوڵی ئەوانەی خۆشیان دەویست ومەترسی لەش ساغی ئەویان لەدڵ دابوو، ناچار هاتە سوید وهەرتەنیا چەند مانگ بەس بوو بۆئەوەی کەئەو بەردە خاراوە، چونکە لەسەر جێگای خۆی نەمابوو خەم وپەژارەی دووریی لەیارودیار وتەمی ئاوارەیی ونەخۆشیی، لەم پایزە تەماوی یەدا گەڵای تەمەنی لەداری ژین کردەوەو دڵە ناسکە پتەوەکەی لەلێدان کەوت ولەغەریبایەتیدا سەری نایەوە. بێگومان قاضی عەلی راد بەشەهیدێکی هێژای گەلەکەمان دەژمێردرێ. شەهیدێک کەلەبیرماندا زیندوە وپاش خۆی ناوی پاکی لێ بەجێ ماوە . یادی پیرۆز بێ .....»

کاک بهروز لەگەڵ ئەم نووسراوە شیرینە« بیرەوەری یەکی خۆشی لەماموستا قاضی » ناردوە، پێم حەیف بوو نەینووسمەوە:

« سالی ١٩٨٥ لەجەنگەی شەڕی دووریژیی خومەینی وسەددام،ماموستا قاضی لەشارۆچکەی کاریزەی ناوچەی سلیمانی گیرسابۆوە. تۆپە قورسەکانی لەشکری عیراق کەلەوبەری ئاوەدانیەوە دامەزرابوون، پەیتا پەیتا شاروگوندی ئەو دیوی سنوور، واتە بەشێکی تری کوردستانیان خاپوور دەکرد. رۆژێکیان کەلەخزمەت قاضی عەلی دابووم وچەند کەسی تریش دانیشتبوون،لەنەکاو کابرایەک خۆی بەحەساری ماڵەکەداکردوهاتە ژووریّ و پاش سلاوپری دایە دەستی ماموستاو دەستی کرد بەدەست ماچ کردن. ماموستا قاضی دەستی کێشایەوەو بەخێراتنی کرد وگوتی:« ئەوە چی یە رۆڵە بۆ شلەژاوی؟» کابرا بەپەلەو هەناسە بڕکێ گوتی :

« ماموستا گیان بەبابەوە دەبەرت مرم، دەفریام کەوە، ماڵم وێران بوو » لە قسەی را وادیاربوو ئەویش خەڵکی ئەودیوی سنوورەو ئاوارەیە. ماموستا گوتی :« باشە ئەوە چ هات وهاوارێکتە، چ بوە، لەسەر خۆ بە! پێم بڵێ بزانم چ قەوماوە؟» کابرا گوتی : « نازانم بەو قورعانەی لێت خوێندوە هەر لەزارم دەرچوو. گوویەکم خواردوەو نازانم چبکەم.» ماموستا تێی خوڕی:« هەتیوە ئەوە دەڵێی چی؟ گوخواردنی چی؟ شێت بووی، ئاخرچبوە ؟» کابرا سەرنجێکی جەماعەتی داو بەدەنگێکی نەوی گوتی :« قوربان، ژنەتیوەکەم بەیانی قەڵسی کردم، هەستام لێم راکێشا. ئەویش جنێوی پێدام ونێوی بابی هێنام. منیش دەهری بووم وتەلاقم لێخوارد، ئەویش سێ بەسێ! ئێستا هاتووم لەبەر کەوشەکانت مرم بۆم چاک کەیەوە،» ماموستا برێک بێدەنگ بوو. پاشان گوتی :« هیچ نیە.هەر هەمان گوویە خواردووتە!» کابرا هەڵبەزیەوە:« جا چۆن قوربان ! بەسەری تۆ سێ بە سێ تەلاقم خستوە، دەبێ بۆم چاک کەیەوە.»ماموستا بە بزەیەکەوە رووی لێمە کردگوتی :« هیچ نیە، کەتەلاقی ناکەوێ، جاتوخوا! بابم تەلاقی کەر دەکەوێ؟!» کابرا کە دیتی ماموستا گاڵتەی پێدەکا بەهەناسە ساردی یەوە گوتی :« ماموستا گیان هومێدم هەر ئەتۆ بووی، ئەوە تویش ماشەڵا بەکەرم دەزانی. ئاخر ئەمە باسی شەرعە

www.kerimhisami.com

وگاڵتەی پێ ناکرێ. باسی ناموسە!»

ماموستا قاضی ئەمجارە بەتوڕەییەوە گوتی:« ئاخر هەتیوە خوێڕیە ئەتۆ ئاوارە بی،ماڵ ومناڵت بەکۆڵەوە بن،ها ئێستا، هاتاوێکی دیکە تەیارە دێ وبۆمباران دەکا. کەس چاوەڕوانی خۆی نیە.دوژمن لەهەردوو لاوە گەمارۆی داوین. ئەوەتا تۆپی سەددامی وەکوو سەگ پێمان دەوەڕن. جا لەکاتێکی واناسکدا چ کەسێک جگە لەکەرێکی وەک تۆ هەڵدەستێ ژنی خۆی وەبەر شەپ ولێدان دەداوتەلاقی لێ دەخوا؟ جابا بەشەرعیش بێ،ئەم کارە هەر لەکەرو گایان دەوەشێتەوەودیارە کەروگاش نەتەلاق دەخۆن ونەتەلاقیان دەکەوێ. هەستە بڕۆ ژنەکەت ئاشت کەرەوەو جارێکی دیکە گووی وا مەخۆ!»

کابرا کە دەتگوت بارێکی قورسیان لەسەرشان لابردوە، بەئاشکرا شادیی وخۆشی لەروومەتی پەیدا بوو، هەستا وەدەر کەوت.»

## سەفەر بۆ فنلاند

۱۰/۱۱/۹٤ بۆسەردانی ماموستاحاجی مەلامحەممەدی شەڵماشی کەئەویش ئاوارەببولەفنلاندگیرسابۆوە چوومەفنلاند. چەندرۆژێک لەحزمەت ماموستا لەوپەڕی خۆشیدا بەیادی رۆژانی رابردوو باسی مەسەلەی نەتەوەکەمان رۆژمان بردەسەر. لەگەڵ کاک حوسێنی رەهبەرکەئەویش گەیشتبوە فنلاند دیدارمان تازەکردەوە. هەروەک ماموستا دەیگوت کاک حوسێن لەرادە بەدەر بەماڵەماموستاوە ماندووبودو ئەو رۆژانەی منیش لەوێ بووم بەماشێنەوە رۆژێک لێمان غافڵ نەبوو. کاتێکی ساڵی ۱۹۷۹ رێبەرایەتی حیزبی دێموکرات لەئاشی پشکاوێ خۆی گرتبۆوە، من لەمەهابادخەریکی پەیداکردن و ئامادەکردنی رادیۆدونگی کوردستان بووم ومەلاعەولای حەیاکی لەحکایەتەکەی خۆیدابەدرۆ دەنووسێ:« رێبەرایەتی حیزب ئاگای لەسازکردنی رادیۆبوە.»!!،

کاک حوسێن هەوڵ کەس بوولەشێوەو چۆنیەتی ئامادەکردنی رادیۆدەنگی

کوردستاندا بەشداری کرد. لەم سەفەرەدا کاک سەید حەبیبیشم دیتەوە کەکادری ناوچەی شیمال بوو. بەئاواتی خوێندنەوەی بیرەوەریەکانم بوو، پارەی دامێ وهەموو بەرگی بیرەوەریەکانم بۆنارد.

رۆژی١٤/١١/کەلەفنلاند دەگەرامەوە، ماموستاوکاک حوسێنی رەهبەروحاجی کەمالی کوری ماموستا زەحمەتیان کێشاوهاتنە لەنگەرگای پاپۆر، دیاربووتۆزێک دواکەوتبووم. بەپەلەمالاوایم خواست وخۆم گەیاندە پاپۆر.کەسەرکەوتم دلم وەژان کەوت وهەر ئەوەندەم پێکرا کەخۆم بەسەر کورسیەک دابدەم. هەرچۆنێک بوو یەکێکم تێگەیاند کە حالم خەرابە. سیسترایەکی مریەم ئاسا هات،فشاری خوێنی گرت وگوتی تۆناتوانی سەفەر بکەی. ئێستا بانگ دەکەم هێلیکۆپتەر بێ وبچیە نەخۆشخانە.

پرسیم نەخۆشخانەی سویدی یافنلاندی؟ گوتی تۆ ئێستا لەفنلاندی. گوتم نایەوێ، بالەژوورێک درێژ بم. بردیانە ژوورێک وهەر پازدە دەقیقە دەهات فشاری خوێنی دەگرت ویاک دووحەبی دامێ وهاتمەوە سەرخۆ. نامەیەکم بۆ ماموستا مەلامحەممەد نووسی و نارەحەتی وهاتنی سێسترام بۆ باسکرد.

لەوەلامی نامەی مندا ٩٤/١١/٢١ ئەم نامەی خوارەوەی بۆ ناردبووم کەوا ئەم لاپەرەی پێ دەرازێنمەوە:.

## نامەی ماموستا مەلا محەممەدی شەلماشی

.. بۆزۆر بەرێزو خۆشەویست کاک کەریمی حسامی!

ئەوەندەی بەهاتنەکەت شادمان وخۆشحال بووین دوو ئەوەندە بەخەبەری نارەحەتیکانی سواربوونی کەشتی غەمبار بووین، بەلام وەک خۆت گوتەنی فریشتەی خوادەستی شیفایان بەسەرداهێناوی ورزگاریان کردووی زۆرشوکر.

کاکە سەبارەت بەبیرەوەریەکانت بەراستی نازانم لەکوێ وەدەست پێ بکەم.

www.kerimhisami.com

وەی ئافەرین بۆنەوبیرەتیژانەت کەئەو هەمووگەوهەرە جوانانەت لەدەریای خەیالی خۆیاندا حەشارداوەولەکاتی پێویست دایەک بەیەکیان لەناو سەدەفی زینەت داهێناوەتە سەرلاپەڕەکانی دنیای ئەدەبیاتی کوردی وڕێبازێکی تازەت نیشانی گەلی کورددا وئومێدەوارم ببێتە سەرچاوەی چاولێ کەری بۆرۆژانی داهاتووی نووسەران وەلەبارەی رەخنەو رای دەربڕینی خۆم. دیارە هیچ نووسراوەیەک بێ رەخنەنابێ بەڵام ئەرەخنەی وەک ئەوبرادەرانەی لای خۆت وئەوەک ئەو مەلایەی لای سەردەشت کەرەخنەی لە« قورئان »گرتبوولە سەر« والقران الحكیم » نووسیبووی:« ئەلئەولا ــ الاولی« والقران العظیم » لام وایە رەخنەکەی من وەک ئی هیچیان نیە. سەبارەت بەگیرانی مەلاناوارە چونکە لەوکاتەدا ئەمن مەلای مزگەوتی گەردگی سەرچاوەی شاری سەردەشت بووم ودوو رۆژ لەپێش گرتنیدا مەلاعبداللەی قاسمیانی کەخۆی ساواکی بووهاتەلام وگوتی: ئەورۆ کۆبوونەوەیەکی شەش ئەفەری کرا بەسەرۆکایەتی نووەیسی وسەرهەنگ ئەمینی وبرایم ئاغای بەریاجی وپیلانی گرتنی مەلاناوارەیان لەسێ جێگاوە دارشت. یان لە(کانی بی)یالە(بێشاسب)یان لە(دیوالان). منیش هەرلەدوای ڕۆیینی مەلاعبدالله مەلاعەلی برام ناردە کانی بی چونکەدەمزانی شەولەوێ بوە. مەلاعەلی هاتەوە گوتی لەوێ ئەماوە. رۆژی دوایی ئەمانزانی لەکوێ یە. رۆژی سێ یەم بەیانی زوو مەلاناوارەو دوونەفەرەکەیان بەهێلی کۆپتەر هێنان بۆسەردەشت ولەپاش چەند رۆژ« گولەدینەکەچەل» کەخەلکی شەلماشی خۆمان بوو، زوو پێشمەرگەی مەلاناوارەبوو، ببوو بەجاش هاتەلام وگریاوگوتی: سەروان (سروش )هەر ئێوارە هەموو جاشەکان کەبریتی بوون لەکوێخا پیرۆتی« کونەمشکە»ومەلارەحیمی زێوەو هەلمەت وقادری رەسواغای بێوران ومحمدی رەسوە گەورکەوگروی زەربەتی کۆکردەوەو بەرەو دیوالان وەرێ کەوتین ویەک سەرە چووینە ئەومالە کەمەلاناوارەی لێ بوو هێنامانە دەرێ وبردمانن بۆمزگەوت گوتی :بەمەزەندە بەدەستکیسی برایماغاوبەهۆی حەسەن سەکردوە

www.kerimbisani.com

دووماڵیان بەشەڕدابوون. گوتبوویان تا مەلاناوارە نەیە ئاشت نابینەوە. چونکە ئەوکاتە لەناوچەی سەردەشت خەڵک هەرگیروگرفتێکیان بایە نەدەچوونەلای حکومەت وپەنایان بۆ حیزب دێنا. کاتێ مەلاناوارە دەچێ بۆناوبژیان دووپێشمەرگە لەگەڵ خۆی دەباو ئەوانی دی لە«گەڵوێ» دەبن. دەڵێ دووسەعاتم پێدەچێ ودێمەوە. کەدەچنە ماڵەکە حەبی خەویان بۆ دەچێشتێ دەکەن وخەویان لێ دەکەوێ. کاتێ چەند سەعات تێ دەپەڕن ومەلاناوارە ناگەرێتەوە دەکەونەشکەوەو دێن بۆدیواڵان بەسەر جەیش وجاش دادەکەون ودەست دەکەن بەتەقە. «گوڵەدینەکەچەڵ» گوتی: مەلارەحیمی زێودیی خەنجەرەکەی لەمەلاناوارەکردەوە لەگەڵ کوێخاپیرۆت بەسەرسەریەوە ڕاوەستان وهەرەشەیان لێ کردو سەروان سروش گوتی: ئەگەر نامە بۆپێشمەرگەکان نەنووسی تەقەنەکەن هەرئێستا ئێوە دەکوژین. مەلاناوارە ناچاربوونامەی بۆنووسین تەقەنەکەن بولام ئەوان بەقسەی مەلاناوارەیان نەکرد و تەقەیان ڕانەگرت ونیزیک بوونەوە. دووبارە تینیان بۆمەلاناوارە هێنایەوە نامەیەکی دیان پێنووسی بەفەقێ ڕەحماندا ناردیان وتانەوەش کرا ڕۆژرووناک بۆوە تەیارە گەیشتەوێ.

گرتنی مەلاناوارە ڕاستی یەکەی ئاوابوەو بائەوڕاستی یە ون نەبێ. تکایە لەبەرگی دەدا بێتە ناو بیرەوەریەکانتەوە. لەکۆتاییدا بەقەد درێژی شەوانی پایزی «فینلندی » سلاوی خەدیجەخانم وکاک کەماڵ وشلێرخانم دەگەیێنین وداوای سلامەتی وسەرکەوتنتان بۆدەکەین ولەمنەوەڕاتاریکان ئەحواڵتان دەپرسین. .. برات محمدی شلماشی ٢٠/١١/١٩٩٤ »

## نامەی ماموستا عبدالوهاب تاڵەبانی

لەئاخرونۆخری ساڵی١٩٩٤نامەیەکی بەرێزکاک عبدالوهاب تاڵەبانیم پێگەیشت. من قەت بەخزمەت ئەم زاتەنەگەیشتبوم ونەم دەناسی، بەلام

چونکە پێوەندی بەبیرەوەریەکانمەوەهەیە،دەقی نامەی ماموستاعبدالوهاب تالەبانی بلاودەکەمەوە:

« ماموستای بەرێزوخۆشەویستم کەریمی حسامی پێشکەشە:

سلاوێکی گەرم وگوڕتان لێ بێ و، بەئومێدی ئەوەی هەمیشە لەتەندروستیەکی چاکدابن.

ئەوەدووساڵە هاتوومەتە ئەم ولاتە، لەم سەرگەردانیەمدا کەزۆرئازارم دەدا، ئەوپێنج بەرگە یادداشتانەی جەنابتان هۆگری چاک وهاودەمی ئازیزی رۆژانی ئاوارەیی بوون.

بێگومان لەوانەیە گوتنی راستی ی زۆرکەسی خاوەن عیلاقەت بەرووداوانەوە(کەر)بکات یان راپەرێنێ و،بەناوی راستکردنەوە یان رازاندنەوەی هەڵوێستەکانیان بچن بەگژتا، دوورنیە هەند ێکیان خاوەن هەق بن و،کانگای یادوبیری جەنابتان هەندێک لەرووداوەکانی زۆر بەروونی هەڵنەگرتبێ و، هەندێکیشیان لەسەرهەق نەبن.

بەلام... ئاهەنگی راستگۆیی لەنێو یادداشتەکانتاندا زەنگێکی پڕخرۆشە، وای دەبینم کە رۆمانێکی واقیعیانەن و، سەرگوزەشتەی

میللەتێکە کەدەیوێ لەنێو تەپ وتۆزو تەم ومژو ساختەچیەتی وگرێ کوێرەی(بەرژەوەندیە تێکەڵاوەکان) گوڕبەخۆی بداو، پێ یەکانی لەزەوی توند بکات وبێ پەروا قیت بێتەوە.

جەنابتان وەکوناوبانگ وتێکۆشەرێکی لەخۆبوردووی ئەودیودەناسم و، بەشانازیشەوە دەیلێم کەدۆستایەتیم لەگەڵ گەلێ لەتێکۆشەرانی ئەودیو هەبوەو، ماموستای خوالێخۆشبوو عیسی زەبیحی(عولەما )لەشەستەکاندا بۆماوەیەکی درێژ بەشێوەیەکی نهێنی لەباڵەخانەکەی ماڵەکەمانەوە لەگەرەکی شوریجەی کەرکوک سەرپەرشتی لقی سێی پارتی دێموکراتی کوردستانی دەکرد...لە بەغداش تاهەلاتنم لەکۆتایی ساڵی ١٩٩٢دا لەگەڵ خوالێخۆشبوو کاکە غەفوری شەهیدا دۆستایەتیەکی چاکمان لەنێواندا هەبوو. لەساڵی

www.kerimalisami.com

١٩٧٥يشدا پاش هەرەس هێنانی شۆڕش، دیسان جوانترین ورازاوەترین یادگاری پەنابردنە بەکوردستانی ئێران لە مێشک وویژدانمدا ووێنەی پیاوەتی ومەردایەتی وخزمایەتی خەڵکی بێچارەودڵگەورەی ئەودیوی ئازیز، جێگای خۆی کردەوەو هەرگیز ناسڕێتەوە.. یادداشتەکانت کەلەرێ زاواکەم وکچەکەم(ڕۆژگاروتارا) گەیشتنە دەستم ـــ ئەوان ئێستالەشاری ئیسکلیستونەی سوید دەژین... ئەویادداشتانە، وەکو زمان ودارشتنە موکریانیە بەلەزەتەکەی، کەڵلەی گەرم کردم.. کێ دەڵێ ئەدەب نانووسی؟ ئەی ئەدەب چۆن چۆنی دەنووسرێ؟ وەکو بەڵگەنامەش تێ ی گەیاندم کەخەڵکی کوردیش دەتوانن شەهادەتنامەی خۆیان بەجورئەت بنووسن و،(لەبنی هەمانەکەش بدەن!) ودەستتان خۆش بێ.

ئەم نامەیە نامەی ڕەخنەو پیاهەڵدان نیە، بەڵکوکارتێکی پیرۆزبایی لێکردنە وهیوادارم بەدڵێکی فراوانەوە قبوڵ بفەرموون.

هەربژین وهیوای ژیانێکی ئاسوودەو بەختیارتان بۆدەخوازم. دڵسۆزتان عبدالوهاب تاڵەبانی ـــ شام ١٣/١٢/١٩٩٤»

## چەند دێرێک بۆسەرگرتنی ئەم بەرگەی بیرەوەریەکانم

بەهیوابۆوم بەنووسینی ئەم بەرگە کۆتایی بە بیرەوەریەکانم بێنم وچیدیکە خوێنەرانی بەڕێزی کورد بەنووسینی کرچ وکاڵ هیلاک وشەکەت نەکەم. هەرچەندە ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩٥وئەم لاتریش بۆیە دەبن بەکورتیش بێ بێنە سەرکاغەز. هەرچی بێ ئەوانیش بەشێکن لەبیرەوەری نووسەر وڕووداوی نێو بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردوڕووبوونی هێندێ بیروڕای جۆربەجۆرلە سەر ڕووداوەکان.

www.kerimbisami.com

لەم ئاوارەیی ودەربەدەریەدا. هێندێ جار ڕووداوی ئەوتۆ دێنە پێش کە ناکرێ پیاو بەسەریاندا بازدا.

تازە لەنووسینی ئەم بەرگە دەرباز ببووم، دوونامیلکە،یان دووکتێب لەستۆکهۆڵم بڵاو بوونەوە کە هەر یەکەی لەلایەک وبەجۆرێک ولەروانگەیێکیەوە چەند لاپەرەیەکیان بۆ باسی بیرەوەریەکانی من تەرخان کردبوو. یەکیان کەناوی (لێکۆڵینەوە)ی لەسەر بوو، لەبەر ئەوەی نووسەری( لێکۆڵینەوە ) لەبواری( فەلسەفی وزانستی) یەو لەلێکۆڵینەوە تێ نەگەیشتوەو پێی وایەکاغەز ڕەشکردنەوە هەر لەخۆیەوە دەبێتە ڕەخنەو هەڵسەنگاندن ولێکۆڵینەوەی بابەتەکان، شتێکی وا نیە نرخ وبایەخی ئەوەی هەبێ کەباسی بکەم. ناشمەوێ لەرێگای نووسین ونووسراوەکانی منەوە خەڵک ناوی بێتە ناو نێوان ، لەم بارەوە لەرابردوودا ڕەخنەی دۆستانەم هاتوونەسەرو دەرسیشم وەرگرتوە، دووپاتی ناکەمەوە و بەم شیعرەی فارسی وازی لێدێنم:

( هرکەناموخت از گذشت روزگار ـــ هیچ ناموزد زهیچ اموزگار )

ئەوەی دووەمیان نووسەرەکەی مەلاعەولای حەیباکی یە کە بۆتە(عبداللە حسن زادە)و تازە سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وجێ نشینی دوکتۆرقاسملوی شەهید. نووسێنی سکرتێرناکرێ بێ وەڵام بمێنێتەوە. چونکە حیزبی دێموکرات لەم بارودۆخ وهەل ومەرجەدا جگە لە دم بەدممو وشەڕە قەڵەم وبوختان هەڵبەستن بۆ هاوکارانی پێشوو و سوورانەوەی سکرتێر بۆ ڕوونکردنەوەی سەرکەوتنەکانیان هیچ کەمایسی یەکی دیکەی نیە و ئەوکەمایسیەش سکرتێری تازە دەبێ بە گێڕانەوەی حکایەت بۆ کومیتەی ناوەندی وئەندامانی تێگەیشتووی حیزب پڕی کاتەوە.

حکایەتێکی مەلاعەولای حەیباکی(عبداللە حسن زادە) بەناوی(نیوسەدە تێکۆشان) گۆیا بەبۆنەی ٥٠ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان هۆندوویە تەوە، هەرلەسەرەتاوە و لەناولێنانی حکایەتەکەیەوە لەرێبازی ڕاستی لایداوە. حکایەتەکەی ناوناوە( نیوسەدە تێکۆشان)، بەڵام عەولای حسن زادە لەساڵی

١٩٥٣وە دەست پێدەکات گۆیا باسی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات دەکا کە ئەودەم نە ئەندامی حیزب بوە ونەئاگاداری چۆنیەتی تێکۆشانی حیزب . هاتوە بە کەلک وەرگرتن لەبیرەوەریەکانی من ونووسراوەو قسەی ئەم لاولا، بێ ئەوەی ئاماژە بۆ سەرچاوە وبەڵگەیەک بکات، هێندێ شتی بەسەر یەکەوە ناوەتا گەیوەتە ساڵی ١٩٨١ و٢٨ساڵی کردۆتە ( نیو سەدە تێکۆشان). بەڵام عەوڵای حەسەن زادە ئەو هەموو قورەکاریەی بۆ ئەوەنەبوە کە ٢٨ساڵ بکاتە ٥٠ساڵ و خۆی پێ رابنێ. ئەوکە دوای دوکتور قاسملو ودوکتور سەعید بۆتە سکرتێری حیزب خۆی لەدارو بەرداوە تا بە هەڵبەستنی هێندێ بوختان ودرۆ داخی کینەو بوغزوحەقدی مەلایانەی خۆی دەربڕێ. ئەویش دژی کەسێک کە ماوەی ٨ساڵ ملی مەرایی وماستاو ساردکردنەوەی لەبەرانبەردا لارکردۆتەوە. دژێ کەسێک کە بەشاهیدی چەند ئەندامی دەفتەری سیاسی ئەودەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان گوتوویە لێنینیش لەنووسیندا هەر بەقەد کەریمی حسامی کاری کردوە. برادەرێکی دەفتەری سیاسی بەدەمی داداوەتەوە وکاتێ بۆ منیشیان گێڕایەوە لەشەرمان تەواو نارەحەت بووم. هەر بۆیە هەروەک ئەودەم راستی نەدەکردو بەمەرایی ویژدانی خۆی لەژێرپێ دەنا، ئێستاش باش دەزانێ ئەوەی نووسیویەتی درۆیە. بەڵام ئەوەش دەزانێ کە کەریمی حسامی لە نێو کۆڕ وکۆمەڵی دێموکرات وپێشکەوتنخوازی کوردا بە تێکۆشەرێکی چەپ وخاوەن بیری مارکسیستی وبە خزمەتکارێکی دڵسۆزی مەسەلەی کورد ناسراوە. ئەوەش بۆ کۆنە پەرستی کورد دەردێکی بێدرمانە. چەپی کورد لەهەمووکات وزەماناندا ئامانجی تیری توانج وپلارو پەلاماری کۆنەپەرستی بوە. لەکوشتن وراونان وزیندانەوە بگرە، تا دەگاتە ساز کەدنی درۆوبوختانی وەک مەلاعەوڵای حەیاکی دەست وزمانی لەهیچ نەگێڕاوەتەوە. خڵتەی کۆنەپەرستی دامرکاندنی کول وکۆی دەروونی لەوەدا دەبینێ کە زارکی هەنبانەی پڕ لە درۆو تۆمەت بکاتەوەو ئاراستەی کەریمی حسامی بکات. ئەوە جاری یەکەم نیە کە عەوڵای حەسەن زادە بۆ ئەم شاڵاوە چنگ ودان نیشان دەدات. ساڵی ١٩٩٠

دوای شەهید بوونی دوکتۆرقاسملوو ،عەولای حەسەن زادە بەدەرفەتی زانی لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بەناوی(دەردی دۆستانی خاریجەنشین) لەتوێی وتارێکدا داخی بوغزوکینەی مەلایەتی بەرۆژنامەی ( سەردەمی نوێ ) دەردەبڕێ. مەلاعەولای حەییاکی لەداخی ئەوە ئاوسابووکە ( سەددەمی نوێ ) باسی مەسەلەی کورد دەکات ولەوەش زیاتر بەوە نارەحەت وتوڕە بووکە پتر لەهەمووکەس ولەهەموو چاپەمەنی یەکی کوردی جنایەتەکانی ڕێژیمی بەعسی عێراق لەقاو دەدا.

ئەودەم سەردەمی نوێ لەژمارە ٤٩ی رشەمەی١٩٩٠لەوتارێکدا بەقەڵەمی کەریمی حسامی وەڵامێکی پێویستی دابۆوە. عەولای حەسەن زادە لەجیاتی توندکردنی خەبات دژی دوژمنانی گەلی کورد ویستبووی لەگەڵ سەردەمی نوێ دم بەدمە درێژە پێبدا. بەڵام دوکتور سەعیدی رەحمەتی بەدمی دادابۆوەو بێدەنگی کردبوو. دیارە بوغزو داخی خۆبەکەم زانینی مەلاعەولا پەنگاوی خواردۆتەوەو لەدەرفەت گەڕاوە کە ئەم کێم وزوخاوە لە دەروونی دەربکا. تاخواوراستان لە سایەی تێگەیشتوویی ئەندامانی کۆنگرەی حیزب دەبێتە سکرتێر. هەلی بۆهەڵدەکەوێ بەقەولی کاک مستەفای هیجری ئێستا کە ئەوەندە لە پاسداران دوور کەوتۆنەوە تۆپ وخومپارەشیان ناگاتێ، سکرتێر دەبێ چبکا ؟ دوورێگای لەبەرە. یەکەم سووکە سەفەر بۆ ئورووپا بەمەبەستی نیشاندانی سەرکەوتنی حیزبی دێموکرات لە خەباتی دژی ڕێژیمدا!! دووەم نیشاندانی ئاگاداری وشارەزایی خۆی لە تێکۆشان وەک لە کوردستانی ژمارە ٢٢٤دا بە بەژن وبالایدا هاتوونە خوارێ. بۆ ئەم خۆنیشاندانە دەبێ لە نێو لاپەرەکانی حکایەتەکەیدا بوختان وتومەتی نائینسانانە بە کەسێک هەڵبەستێ کەنیزیکەی ١٤ساڵ هاوکاری حیزبی بوە ونیزیکەی ٤٠ساڵیش یەکێ لە ئەندامانی تێکۆشەروفیداکاری حیزبی دێموکراتی کوردستان ولایەنگری مافی زەحمەتکێشانی کوردبوە. دیارە ئەوە بەشێکە لەو ( ئەخلاقەی کە دوکتورقاسملوو هێناویەتە نێو حیزبی دێموکرات ) وەک بۆ خۆی گوتوویەتی.و

www.kerimbisani.com

دەبێ ڕێگای ڕێبەرکوێرنەکرێتەوە.

جەنابی مەلاکە هەستی بەوسەرلێشێواویەکردوە، ئەمجار ویستوویەتی بەو ئیعتیرافە خۆی وەپەڕێنێ وپاکانە بۆ شەتەحاتەکەی بکا بنووسێ: « لەوحەی مێشکم تۆزی لێ نیشتوەو تووشی ژەنگ هەڵێنان بوە.»بەواتایەکی دیکە پەنا بۆ ئەم ئایەتەی کەلام باری تەعالابەرێ کە دەفەرموێ: « لیس علی المریض حرجا » بەم ئایەتە خۆ وەپەڕێنێ. چارە ڕەشی گەلی کورد هەرئەوەنیە کە بۆتە ژێردەستی تورک وعەرەب وعەجەم و نیشتمانی داگیرکراوەو لەهەموو مافێکی ئینسانی بێ بەشکراوە، بەڵکوو لەوەش دەردەدارترئەوەیە کەچارەنووسی ئەم گەلە فیداکارە کەوتۆتە دەستی کەسانێک کە( مێشکیان تۆزی لێ نیشتوە وژەنگی هەڵێناوە،)لە جیاتی بیبەنەنەخۆشخانەو عیلاجی بکەن دەیکەنە سکرتێری حیزب ومەسەلەی کوردیش لە وڵاتی ئێمە دەگاتە ئەم ڕۆژە کە ئێستا تێیدایە. تاقەشانازیش ئەوەیەکە (لە شێن وشەهیدبوونی ئەندامانی(ڕێبەرایەتی) ولەبەستنی کۆنگرەکاندا پرسەو پیرۆزبایی زۆریان بۆ دەنێرن.)! دیارە مەسەلەکەش هەروا سادە نیەو نابێ هەمووشت لەچوارچێوەی بەرژەوەندیی بزووتنەوەدا سەیری بکرێ. کابرای دەبێتە سکرتێر هەرچەند لەوحەی مێشکی ژەنگی هەڵێنابێ وتۆزیشی لێ نیشتبێ، وەک گوترا دەبێ وابکا چالاکیەک لە خۆی نیشان بدا. کاریشی بەوەی نەداوە ئەوەی دەیکاودەینووسێ چەندە قازانج وزیانی بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد هەیە. بەقەولی کابرا:( بانە یی یە وغار نەکا) دەرفەتی بۆ هەڵکەوتوەو نابێ لەکیسی بدات. !!

سەبارەت بە حکایەتی عبدالله حسن زادە لەکاتی خۆیدانامیلکەیێکی ٥٠لاپەرەییم نووسیوەونرخی ئەوەی نیە جارێ لێرەدازیاتر باسی بکەم. بەڵام هەر لەم بەستێنەدا نامەی دۆستێکی کوردی زانیشم بۆهاتوە، هەرچەند ویستوویەتی بە کۆمەگی دووخەتی نیشانەی سەرسوڕمان بەناهەق نەقورچی خۆی بوەشێنێ، بەڵام بۆڕێزگرتن لەبیرو بۆچوونی نووسەرو ڕەوتی دێموکراسی

www.kerimhisami.com

دەقی نامەی بەڕێز کاک بهروزی کوردئەحمەدی بڵاو دەکەمەوە و سوپاسیشی دەکەم:

## نامەی کاک بهروزی کورد ئەحمەدی

« کاک کەریمی حسامی بەڕێز !

« سڵاوێکی گەرم وسوپاسێکی گەرمتر بۆنامیلکەی وەڵامی نووسینەکەی مەلاعەولای حەیاکی. دەستتان خۆش ودڵتان شادبێ. من پێم وایە برادەرانی بەرپرس لەحیزبدا چ جاران وچ ئێستازۆرجار لەگێڕانەوەی رووداوەکان وبەرەورووبوون لەگەڵ راستی یەکاندا تووشی بێدەسەڵاتی وقازانج پەرستی وبەلاڕێ داچوون. بێ ئەوەی مەبەستی مەراییم هەبێ ـــ کەلانی کەم بۆخۆم دەزانم من وانەبزوم ونیم ـــ لەسەر ئەو باوەڕەدم کە سەرجەمی بیرەوەرییەکانی ئێوە سەرەڕای کەم وکوری وجاربەجار چەوتی وهەڵەوپەڵەو وردەدەمارگیری و برێکیش زمان دڕاودیی !! بەڵگەیەکی تەواوحاشا هەڵنەگری بەشێکی خەباتی خوێناوی نەتەوەکەمان لەلانی کەم چل ساڵی رابردوو دایە. کارێک کەرێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان وبەتایبەتی حیزبی دێموکرات،نەیانوێراوە خۆی لێ بدەن ویەک دوو جاریش ئەگەر بەکورتی کارێکی واکرابێ ـــ بۆ وێنە نووسینی دوکتۆر قاسملوی شەهید وهی تر ـــ وەک ئێوە بەشێکتان روون کردۆتەوە ومنیش وزۆر خەڵکی تریش فرە راستی دیکە دەزانین ولەگەڵ بووین، ئەو راستی یانە لەو نووسینانەدا یان رەنگیان نەداوەتەوە یان بەپێچەوانە نووسراون. دەقی تەواوی بیرەوەریەکانی ئێوەو بەتایبەتی ناوناخن ونێوەرۆکە سیاسیەکەی ئەو بیرەوەریانە ئەوەندە روون ولەقاودەرن کەبەرپەرچ دانەوەیان، یابوختان هەڵبەستن بۆ نووسەرەکەیان کەمترین رەنگی نیەونابێ. مەبەستم ئەوەیە کەهەوێنی راستی یە زەقەکانی نێو بیرەوەریەکان، وریایی وهوشیاری ئێوە کەهەر لەزوورا هەرچی لەژیانی رۆژانەدا ـــ کەهەمووی ژیانی سیاسی بوە

ــــرووی داوە، بەکات وجێ وبەبەڵگەوە سەنەدەوە بینووسنەوەو کۆی کەنەوە،بۆ خۆی گرنگترین و بەنرخترین ئەرک وکارە. ئەمە بەلای خوێنەرانی بیرەوەریەکانەوە ئەوەندە گرنگە کە جنێودانی هێندێ خەڵک وبەرایی ئەم وئەوو بوختانی جۆربەجۆرەشتی وا نووکە دەرزی یەک لەنرخ وبایەخی ئەم مێژوە زیندوویە کەم ناکەنەوە. بۆیە جارێکی تر دەست خۆشیتان پێ ئێژم وهیوادارم کە لەش ساغی وتەندروستی هاوسەرو هاودەمی هەمیشەیی تان بێ( باخەجیج خانمیش هەوەیەک پەیدا بکا، چ دەبێ؟!

کاکەگیان وەک پێشتر قەولم دابوو ئەوا وتارەکەی یادی قاضی عەلی راد وبیرەوەریەکی خۆشی ئەوم بۆ ناردن تالەکاتی باسکردنی ماموستا قاضی لەبەرگی ١٠ی بیرەوەریەکاندا ئەگەر پێتان خۆش بووکەلکیان لێ وەرگرن. براتان بهروزکوردەحمەدی. ١٥/١/٩٦»

بەگوێرەی شوێن هەڵگرتنی نووسینی بەرەوەریەکانم دەبوایە نامەی کاک بهروزی رابگرم بۆ بەرگی یازدەهەم،بەلام کێ دەزانی تەمەن مەودا دەدا بەرگی ١١ی سەربردەی خۆم لەم ئاوارەییدا بنووسمەوە.

دوای تەواوکردنی ئەم بەرگە وچاوەروانی کاک ناسری ئیبراهیمی بەرێز بۆ ئەوەی بێ ومۆنتاژی بکاو رێک وپێکی بکاو وای لێبکا رووی مەجلیسی هەبێ، بەناچارتاهاتنی ئەو بەنێو دەفتەرو یاد داشتنەکانمدا دەگەڕام تووشی لاپەرەیەک بووم کە لە مانگی ئاوگوستی ١٩٩٤ لە سۆفیا نووسیومەتەوە، پێم حەیف بوو،بەجێ بمێنێ و لاپەرەیەکی دیکەی پێ زیاد نەکرێت. بۆیە هاتمە سەر ئام باوەرە کەدەقەکەی بنووسمەوە:« ئیمرۆ گوێم داوەتە بوچی کوردی رادیۆی دەنگی ئەمریکا. ئەوەکاری رۆژانەمە. بەچی کوردی دەنگی ئەمریکا نەبێ، لەم دنیایەدا لە کوێندەرێ باسی کورد بەگوێ دەگات. ماڵی ئەمریکا ئاوەدان بێت وخوا کارگێرانی بەشی کوردی رادیۆکەش راوەستاو کابەتایبەت کەنێستا دوای نامەیەکی دۆستانەی من وازیان لەبەکار هێنانی وشەی ناقۆلای داتاشراوی وەک (شاڵیار ورامیار و..) هێناوە وهیواداریشم لەپاراستنی وشەی ڕەسەنی

کوردی به‌رده‌وام بن . ئیمرۆ له‌گه‌ڵ یه‌ک دوو برادەر گوێمان له‌وته‌کانی عه‌دنان موفتی بوو که له‌سه‌ر بیروڕای خه‌ڵک سه‌باره‌ت به‌کۆبوونه‌وه‌ی نوێنه‌رانی یێکێتی نیشتمانی وپارتی له‌پاریس پرسیاریان لێده‌کرد. پرسیاره‌که ئه‌وه‌بوو که‌داخوا خه‌ڵک له‌وه نارازی نه‌بوو که‌دوو حیزبی کوردی له‌کوردستان شه‌ڕ بکه‌ن ونه‌توانن کێشه‌ی نێو خۆیان به‌هاوکاری حیزبه کوردی یه‌کان وخه‌ڵکی کورد چاره‌سه‌ر بکه‌ن . بێن له‌پاریس له‌ژێر چاوه‌دێری بێگانه دا رێک بکه‌ون ؟ کاک عه‌دنان مفتی له‌وه‌ڵامدا ده‌یگوت: « نا ... که‌س به‌وه‌ نارازی وتوڕه نه‌بووه.» له‌کاتێکا هه‌ر ئه‌وده‌م ئێمه چه‌ند کوردێک که‌گوێمان دابوه وتووێژه‌که هه‌م له‌کۆبوونه‌وه‌ی پاریس نارازی بووین وهه‌م بۆچوونه‌که‌ی عه‌دنان مفتی مان پێ راست وبابه‌تی نه‌بوو. بێگومان به‌شی هه‌ره زۆری کوردی رۆشنبیر وتێگه‌یشتووی سه‌ربه‌خۆو دڵسۆز، کۆبوونه‌وه‌ی پاریس یان بۆ دوو حیزبه سه‌ره‌کیه شه‌ڕ که‌ره‌که به‌سووکایه‌تی ده‌زانی. ئه‌وه نیشانی ده‌دا که کورد خۆی هه‌ر شه‌ڕ ودوژمنایه‌تی وخه‌ڵک به‌کوشت دانی له‌تواناادا هه‌یه، و ناتوانی گیروگرفتی خۆی چاره‌سه‌ر بکات وده‌بێ یه‌کی دیکه گوێچکه‌ی بگرێ و به‌که‌یفی خۆی بیجوڵێنێ . له‌قسه‌کانی دوکتور فوئاد مه‌عسومیش له‌گه‌ڵ (هه‌نگاو ) ئه‌م راستی یه خۆی نواند که‌ده‌ڵێ:« ئێمه ته‌جروبه‌مان له دانیشتن وئاشتبوونه‌وه نه‌بوو، بۆیه پێویست بوو بێگانه فێرمان بکات.» دوکتور فوئادیش راستی ده‌کرد کورد ته‌نیا ته‌جروبه‌ی له گوێ له‌مستی وبه‌شه‌ڕ هاتن وخۆکوژی دا هه‌یه.

ئیمرۆ ٢٥ی ئاوگوست به‌یانی رادیۆ بی.بی.سی. به‌عه‌ره‌بی وئێواره‌ش ده‌نگی ئه‌مریکا به‌شی کوردی سیاسه‌تی ئه‌مریکایان سه‌باره‌ت به‌دێموکراسی وپاراستنی مافی مرۆڤ بڵاو کردوه‌وه. بیل کلنتۆن رایگه‌یاند:« بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ ودابینکردنی دیموکراسی گه‌مارۆی ئابوری له‌سه‌ر کوبا توندتر ده‌کات. پێشی ئه‌و یارمه‌تیانه‌ش ده‌گرێ که‌تا ئێستا کوباییه‌کانی دانیشتووی ئه‌مریکا بۆ که‌س وکاری خۆیان ده‌یاننارده‌کوبا. به‌گوێره‌ی وته‌ی رادیۆکه ئه‌م یارمه‌تیانه له‌ساڵدا خۆیان له ٥٠٠ میلیۆن دۆلار ده‌دا. ئه‌و کوباییانه‌ی له‌به‌ر

www.kerimhisami.com

دیکتاتۆری ڕادەکەن ڕێگایان نادات بگەنە دنیای ئازاد ولەچنگ کاسترۆ نەجاتیان بێت. پروپاگاندەی دژی ڕێژیمی کوبا ژیاترو بەهێژتر دەکات. لەکۆمەڵی نەتەوە یەکگرتوەکانیش داوا دەکات کەزەختی زیاتر بخاتە سەرکوبا تا دیموکراسی ومافی مرۆڤ لەوێ بپارێزرێت»

بەراستی مرۆڤ لەهەنگاونانی ئەمریکا بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ وبۆ سەقامگرتوویی دیموکراسی لەجیهان سەری سوڕ دەمێنێ. نەک هەر لەکوبا ئەدی هەر لەبەر ؤاراستنی مافی مرۆڤ ودیموکراسی نەبوو کە ڕێژیمی سەددام حوسێنی بەهەموو چەکێک تەیا دەکرد؟ هەر بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ نەبوو کە لەبەرانبەر بۆمبارانی چەکی شیمیایی لەهەڵەبجەی کوردستان دەنگی لەبەر نەهاتەدەر؟ هەر بۆ پاراستنی دیموکراسی ومافی مرۆڤ نەبوو ڕێژیمە دیموکراتەکانی کوێت وعەرەبستانی سعودی پاراست وتەنانەت سەربازی ئەمریکاشی بۆ بەکوشت دا ؟ هەر بۆ ؤاراستنی دیموکراسیش نەبوو کە ڕێژیمی سەددامی هێشتەوە بوو بەتەماشاچی کوشتاری کوردو شیعە لەعیراقدا؟

ئێستاش هەربۆ پاراستنی دیموکراسی ومافی مرۆڤە کە کاشتار وقڕکردنی خەڵکی چیچان بە دەستی لەشکری رووس بە مەسەلەی نێوخۆیی رووسیا دەزانێ ولای وایە لە چیچان یێلتسن مافی مرۆڤ دەپارێزێ. ئەدی لەتورکیا. لەبەرچاوی خۆمان ئەوەی حکوومەتی تورک لەکوردستان دەیکا، کوشتار ودەربەدەرکردنی کورد وسووتاندنی دێهاتی کوردستان، هەمووی بەلای ئەمریکاوە مەسەلەی نێو خۆییە ودیموکراسی وماڤی مرۆڤیش پارێزراوە بۆیە ئەمریکا وەدەنگ نایە.!!!!

باسی دڵسۆزی ئەمریکا بۆ دیموکراسی وپاراستنی مافی مرۆڤ(دیارە لەچوارچێوەی بەرژەوەندی وقازانجی خۆیدا) نەک هەر بەوەندە روونکردنەوە، بەڵکوو بەکتێبێش تەواو نابێ. باشترە خوێنەرانی بەرێز بۆ بەرگی ١١وبەشێکی دیکەی سەربردەی ژیانم لەچاوە روانیدا رابگرم. بێگومان لەم دنیای پڕلەناتەبایی و بێ پرنسیپی ئینسانانی هەلپەرست شتێک بۆ نووسین ولێکۆڵینەوە پەیدا هەردەبێ.

# پێرست

| | |
|---|---|
| چەند وتەیەکی سەرەتایی | ١ |
| ساڵی ١٩٨٩ | ٣ |
| کۆنفرانسی نێو نەتەوەیی پاریس | ٨ |
| کۆنفرانسی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان | ٩ |
| کۆڕێک لەسەر بەردی رزگاریخوازی نیشتمانی | ١١ |
| هەڤاڵێکی دڵتەزێن و چەند نامە | ١٣ |
| سەفەر بۆ لەهستان | ٢٨ |
| دیدار لە گەڵ هێژا مەسعود بارزانی | ٢٩ |
| شەهید بوونی دوکتور قاسملو | ٣١ |
| وتو وێژێکی چاپەمەنی لەگەڵ کوردستان پرێس | ٣٤ |
| کۆنفرانسی نێونەتەوەیی پاریس ومەسەلەی مافی | ٤٨ |
| مرۆڤ وناسنامەی کولتوریی کوردەکان | ٥٠ |
| کۆڕێک بۆ پرۆفیسور لازاریێف | ٥٢ |
| حەوتووی کوردستان لە بیرلینی رۆژئاوا | ٦٠ |
| ساڵی ١٩٩٠ | ٦٦ |
| دنیایەکی سەیر | ٦٩ |
| ساڵی ١٩٩١ | ٧١ |
| سیمینار لەسەر شەڕی کەنداو | ٧٧ |
| کۆنفرانسی ستۆکهۆڵم | ٩١ |
| بەیاننامەی کۆنفرانسی ستۆکهۆڵم سەبارەت | |
| بەمافەئینسانیەکان بۆ گەلی کورد | |

www.kerimhisami.com

کۆبوونەوەی تایبەتی کوردەکان ٩٨
هێرشی لەشکری عیراق بۆسەر کوردستان ١٠١
لەیادی سەرساڵی کۆچی دوایی تێکۆشەر ئازاد مستەفا دا ١٠٢
سەفەر بۆ ئەڵمان ١٠٨
کۆمەڵەی کوردی(لوند) کۆڕێک لەسەر بارودۆخی کوردستان ١١٠
کۆڕێک لەسەر دوو شاعیری مەزنی کورد ــ هەژار وهێمن ١١٤
وتو وێژێکی چاپەمەنی شورت وگوم کراو ١١٦
لەگەڵ پیاوان چوونە نێو شەڕ شایی یە ١١٨
کۆبوونەوەی بێناو ونیشان ١٢٠
سەفەر بۆ کوردستان ١٣١
وتو وێژ لەگەڵ رۆژنامەی کوردستانی نوێ ١٣٩
وتو وێژ لە گەڵ رۆژنامەی برایەتی ١٤٤
وتو وێژ لە گەڵ رۆژنامەی ئالای ئازادی ١٥٠
وتو وێژ لە گەڵ رۆژنامەی رێگای کوردستان ١٦٦
گەڕانەوە بۆ ئورووپا ١٧٤
یادی شەستەمین ساڵی دامەزرانی حیزبی کۆمونیستی عیراق ١٨٠
کۆڕێک لەسەر مەسەلەی کورد لەشاری بۆرۆس ١٨٥
زەنگی خەتەر بۆ مەسەلەی کورد دەنگ دەداتەوە ١٨٩
سەردانی رێزدار قازی عەلی مەرەغانی ١٩٠
دیدارێکی رۆژنامە گەری ١٩١
کۆچی دوایی خوا لێخۆشبوو قازی عەلی مەرەغانی ١٩٣
سەفەر بۆ ئنلاند و چەند نامە ٢٠٢
چەند دێرێک بۆسەرگرتنی ئەم بەرگەی بیرەوەریەکانم ٢٠٨
نامەی بهروزی کورد ئەحمەدی ١٢٣
٢١٨

## بەرهەمە نووسراوەکانی نووسەر

١ ــ کاروانێک لە شەهیدانی کوردستانی ئێران
٢ ــ وەڵامێک کوردی و فارسی
٣ ــ ڕێنوێنی شەڕی پارتیزانی
٤ ــ لە دەوری ڕێکخراوی لاوانی حیزبی دێموکرات کۆ بینەوە
٥ ــ ڕەخنەو لێکۆڵینەوە لەسەر کتێبی حوسێنی مەدەنی
٦ ــ چەند قسەیەک لە گەڵ خەبات
٧ ــ کورد وفەرهەنگی بێگانە
٨ ــ لێکۆڵینەوەی( کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزم) کوردی وفارسی
٩ ــ تایبەتی کۆنگرەی شەشەم
١٠ ــ کۆماری دێموکراتی کوردستان یا خود موختاری
١١ ــ یادی هێمن
١٢ ــ لە پێناو چی دا ؟
١٣ ــ بادانەوە
١٤ ــ کڕ وکاش
١٥ ــ سەفەر بۆ کوردستان
١٦ ــ لەبیرەوەریەکانم بەرگی : ١-٢-٣-٤-٥-٦-٧-٨-٩-١٠
١٧ ــ پێدا چوونەوە( مێژووی بزووتنەوەی نیشتمانی لە کوردستانی ئێران )
١٨ ــ حیکایەت کردن یا نووسینی مێژوو

www.kerimhisami.com

# ئەو بەرهەمانەی نووسەر کردوونی بە کوردی

١ ـــ دایک ـــ ماکسیم گۆرکی
٢ ـــ ژیان و کردەوەکانی لینین
٣ ـــ ئەفسانە کوردی یەکان ـــ رۆدینکۆ
٤ ـــ زەوی پچووک ـــ برێژنێف
٥ ـــ کۆمەڵە چیرۆکی هەڵبژاردە لە ئەدەبی بێگانە
٦ ـــ مەسەلەی کورد لە پارلمانی سوید
٧ ـــ یاسای بنچینەیی ئابوری سۆسیالیستی
٨ ـــ حەمە چکۆڵ ـــ ئینجە مەمەد یاشار کەمال
٩ ـــ ئوسولی سەرەتاییەکانی فەلسەفە ـــ ژۆرژ پۆلستر
١٠ـــ نامەی گوللە باران کراوەکان
١١ ـــ رەوشی کوردان ـــ مێژووی ئەردەڵان وبابان
١٢ ـــ ئازادی یا مەرگ ـــ کازانتزاکیس
١٣ ـــ مەسەلەو زار گوتنی لوڕی
١٤ ـــ رۆژەکانی ئێران ـــ ئارچیبالد رۆزڤێلت.

www.kermalhisami.com

# نامەکان

www.kerimhisami.com

نامەکان

## نامەی کاک غەنی بلووریان

هاوڕێی بەڕێز و خۆشەویست کاک کەریم.

پاش ڕێز و سڵاو نامەکەت گەیشت. چاوەڕێم لە سەفەرەکەت سەرکەوتوو بیت. زۆریش بووبێت ڕەنگە لەگەڵ ئێوەدا بە لای ئێوەدا بێت

بەڵام ئەو هاوڕێیانە ئێستا چارەیان ڕوون بێت. بەڕاستی پەیکەر ... زۆر ... بوو. ئێستا. زۆر لە کوردەکانمان نامەم بۆ دەنووسن و دەڵێن

کاک برا ناکەی دەستمان لێدەن هیچ هەڵناوەری. ئەوانە هەموو لایەنە چەپەکانی ئێرانی و کوردەکانن. لە سەر ئەو

باوەڕەن کە دەبێ حیزبێکی پێشکەوتووخوازی کورد بۆ خۆی بێ و سەربەخۆ ئەم بیرە و پایە بەرە بەرە هەرا و تر دەبێ. من

هێشتا بە گوێی ئەوانم [illegible] کە [illegible] هاتوونەتە دەبینم لام هەیە بەڵام ناکرێ بە یەکجار دارەوان بگرم ئاگادار

کە سکی جێگای [illegible] دەستم [illegible] بووبێ دەدەم. ئەوەی شەڕەی نامە ئەوانیش ئەوا گەیشتوونەتە ئاخر خەت. ئاوایان

کەس وایان پێ وە نەماوە کە شایانی باس بێ لە سەردا هەشتا بەرە و لایەکی تر لێ دەگەڕێن. جا نازانم چارە نووس

پاشی [illegible] داهاتوو چی پێ دەڵێ. ئێستا پاش ئەوانی لە کورد و جیهان هیچ حیزبێکی چەپی [illegible] تووە چونکی تێک

نەکەوتبن و [illegible] بە تایبەت پاش [illegible] و [illegible]. من تا ئێستاش لەم وڵاتە [illegible] پێ

نەدادەم نازانم بۆ چی. ئاخر دەبێ ئەم [illegible] لە وڵاتێکی [illegible] سالێک [illegible] ئەوەش [illegible] و [illegible]

کە بەخێر لە لای [illegible] تووشی هاتووم. کاک [illegible] نامەیەکی نووسیوە و جیاوازە لەوەی هەتا ئێستا نووسیبووت شایەد

پاشان هاتوونە سەر ئەو [illegible] بەڵام [illegible] وانی [illegible] هەموو [illegible] جا نازانم. کاکی خۆم من بۆیەم نووسیوە

کە ئەو لایەنەش وەک لایەنەکانی تر سەربەخۆ نیە و ناتوانی خۆی بڕیار بدات. ئێستر تۆ خۆت بزانی

دوا [illegible] ئەوەکەمان چی پێ دەڵێت. کاک عەزیز محەمەد هاورێ بە [illegible] بەیەکی لەگەڵ [illegible] گۆڤاری ژمارە ٥٩

کردوە زۆر بە نرخە بە تایبەت ئەو بابەتانەی کە باسی کردوە [illegible] چارەنووس تیا. ئەوا نامەکەم بە ئادرەسی

[illegible] نازانم [illegible] هەر [illegible] خودا [illegible] زۆر سوپاستان دەکەم. سەرجەمیش

لە [illegible] کردوە. ئێستر هەر بژی. براکەت غەنی

١٤/١٢/٨٩

www.kerimhisami.com

## نامەی کاک شێخ عەلی

هاوڕێ و مامۆستای زۆر بەڕێزم کاک کەریم حیسامی
دەستەکانت بەگەرمی دەگوشم و
چاوەکانت ماچ دەکەم ...

لە پێشەوە ڕەخنەیەکی توند لە خۆم دەگرم بۆ دواکەوتنی ناردنی ئەم نامەیەم کە وەڵامە لەمێژەوە بۆ جەنابت ڕەوانە بکەم. هاوڕێ گیان: باوەڕ بکە ئەگەر بزانی هەندێ جار چەندە سەرم تاڵە و ئێش و ئازار زۆر دەبێت، لەوانەیە هەندێ دڵت نەرم بێت و لێ بووردنی من قەبووڵ بکەی، ئەمە لە لایێک، لە لایێکی ترەوە [illegible] بە باوەڕێکەوە دەڵێم. جەنابت وەکو ئەدیب، سیاسی، ڕووناکبیر و تێکۆشەرێکی چینایەتی کورد، جێگایەکی بڵند لە لای من هەیە... بەڵکو لە لای هەمو کوردێکی دڵسۆزی ئاشقی بەیەقی ڕاستی و شۆڕشگێڕ.

هاوڕێی شیرینم: بە سوپاسەوە دوو خۆشیی مەزن هەردوو کتێبەکانت (کاروانی شەهیدان.. و لە پێناوی چی دا) بە دەستم گەیشتن. هەرچەندە لە کاتی خۆیدا (کاروانی شەهیدان..)م لە عێراق هەبوو، بەڵام ئێستا دووبارە و سێ بارە خوێندمەوە و تامێکی ترم لێ بینی بە تایبەتی پاش بەندکردن و زنجیرکردنی هەندێ ڕاستی تر لە سەر خەباتی تێکۆشەرانە و خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا. ئەوەش زیاتر بۆ منی ڕوون کردەوە، پاش دانیشتن و ناسینی من بۆ هەندێ لەو تێکۆشەرانە وەک (مامە غەنی، کەریم حیسامی، محەمەد ئەمین سیراجی، [illegible]) و هەموو تێکۆشەرەکانی تر، کە چ خەباتیان کردووە، دەرد و مەینەتیان بینیوە... بەڵام توانیویانە ڕێگای ڕاست بگرن، ببنە شەماڵێک بۆ ڕۆشن کردنی ڕێگای ڕاستەقینەی گەلی کورد و ترسێکی گەورە خستیانە دڵی دوژمنی کورد، هەر بووبن بە بەشێک لە خەباتی پڕ شانازی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستانا.

لە شەستەکان هێشتا لە هێمن گوێم بوو ناوی (مامە غەنی، کەریم حیسامی)م دەبیست، دەمگوت: خوایە دەبێ ئەوانە چ بن... کە ئێستە و خۆم بیانبینم زیاتر ئەو باوەڕەم لەلام قایم بوو.

هاوڕێ گیان: بە نیسبەت نامیلکەی (لە پێناوی چی دا)، بە داخەوە ناتوانم بیروڕای خۆمی ئاشکرا لە سەر دەربڕم، چونکە لەوانەیە بە شتێکی تر لێک بدرێتەوە؛ بەڵام بە ڕای من بە تایبەتی، شتێکی زۆر جوانت نووسیوە، ڕاستییەکانی ئاشکرا کردووە،

## نامەی ئەحمەدی کاکەمەمی (کرمانج)

خۆشەویست و تێکۆشەر کاک کەریم

کاکی بەڕێزم، وەڕای سڵاوێکی گەرم و بێ ریا دەستەکانت ماچ دەکەم و دەبێ خۆشحاڵانەت پێ دەڵێم بۆ هێنانە سەر کاغەزی ئەو بیرەوەرییەکانت .

ماندوو و مردوو هەموو شتێکم لێ بڕا بەژن و سەر و پێچکەوە گەیمە بەرەو هەر جێ . دوای دوو ساڵ جیاوەروانی و ماڵ و منداڵ بەجێ گرتنەوە، لە ئێران ڕەوانەی نزد بووم، لە عێراق ڕام کردبوو، دوای سەرلێک گیرسانەوەی تۆزێک لە نێو نووسەرەکان دەربازم ببووم .

کە وتم تووڕەیی هەڵستەی هەمار، هەر ئەوەشە وەی دڵەڕاسی دەدورەیان دام، هەندێک بە دڵ ئەوە بەکۆڵ و هەندێک بە دوور و بە ڕیا پێیان دانووساڵ و سەرو گوێلاکیان لێستێنەوە .

- جا ئێستا هەر تەنها ویستوو، هەڵبزاردە، پارەی جل و بەرگت دەدەمێ ضەرووری کە وەم کرد .

هەرکە چاوم لە چاوێکیان نەدەبڕی بە نە قورچاڵ گوێچکەیان دەبڕم، خۆکوژنووسی قسەی پێکردنیان نەدەدا، ڕاست لەو وێنەیە داکە خەوم لا بەلای دەکردم و هەرگێزم لە دەنگیان بوو، هیچ حاڵی نەدەبووم .

چاوم بە ئەو ڕوودراوە کەوت داگیرا، ڕاست چاوم بە کتێبێک پڕ بایەخی جەنابت کەوت «لە بیرەوەرییەکانم» بەرگی دووەم، هەر دەستم دایە و دەستم پێ کرد . خۆش بوو، شیرن بوو، بەتایبەتی بەسەرچاوە و بەڵگەیەکی زۆرە.

کاکە گیان، من پێم وایە، بڕیارە هەروا شە. ئەو کتێبە باشترین، ڕوونترین و بەڵگەترین سەرچاوە و سەنەدی سەدەی بیستەمی جووڵانەوەی نەتەوەی کورد لە ئێران و تەنانەت لە عێراقیشە .

نووسینی وا زۆر بەنرخترین و جێی بڕواترین سەرچاوە دەبێت بۆ ئەوکەسانەی بیانەوێ لەسەر مێژووی جووڵانەوەی گەلەکەمان لە سەدەی بیستەم دابکۆڵنەوە .

من تەنیا بەرگی دووەم دیتووە . ڕاستی هەتا بەرگی یەکەمیش دەخوێنمەوە، دڵنیاییت خۆش لە لێوی ڕا دیارە .

خۆ ئەوەی من لە دەست و قەڵەمی تۆ ڕادەبینم بڕوام وایە ئەگەر کتێبێک لە سەر هەندێک شت و ڕووداوی گرینگ وەک ڕووداو بەیانی سەعداباد. داهەزرانی بیگەنەراسیەکان لە پیرانشار و جێ ئەوان ڕاست

لە نوقتەی سێ سنووری ئێران و تورکیا و عێراق . شۆڕشی قاسم هاتە سەر کار . پەیوەندی پاشاکانیە ڕووی عێراق

. عێراق هێنشتانی کورد و هەر وەها ........ لە سەر ئەوە دەسنەکی بەشی وەفراب ناسیوتن بەهاوایە

دەوڵایەتی زیاتر باشتر کرد بان و نەسانتر بان . بە ڕاستی دەست خۆش کە عەلی شەوقی ت چێژنە دواتر

ناسراندووە . ڕابرای قادری کاخیدر یەکێتی پارتی دا وەتە وە هەر چەند چەند ساڵ تر جاشتە .

زۆر بە تایبەتی باسی سیاسی قەبوڵ کردووە ، بەڵام نازانم بۆچی باسی چەند ڕووشێکی سیاسی قبوڵ نەکردووە ، چونکە هەر ئەوپیلانەی

کە باسی شایانی ئەوە بێ چاکەکاری دەکەی . هەرچەند ڕوتس تەنیا ئەوەی بە ڕاستی شۆڕشگێڕان بووە کە دوێ ڕاپان

دەکرد . باسی سوارەیت کردووە . ئەو بزان هەمەڕەنگە . ئەو سوارە وەیان هەموو ئەوانی هەم ڕووش شەڕو

کێشەیان بوو . تەواو بە میرات کردن هەر ئەوەی لێ دەکرا و لێ دان و یان دامێنی کەم نەبوو .

خۆکەرتیانی عێراقیش لە دوای شەواکیەکان ڕاپەڕیکرد . لە سەرەتاکانی ٦٨ و ٧٢ شیدا دوو جار زیندانی کرا

و دەستوری دوامیشی دا ئەمەش ئەوانەی لە دوای (ئەیشی مرۆڤی) تەنیا ئەوەی بوو کە هەر دوا پیاوانی ماوە .

باسی چیلەرگا و سوتوتی کردووە ، بەڵام جێگای سەرنجە بۆچی ناوی قادر ئاغای چیلەرگای نە بردووە کە شەر

سیاسی خۆیە وقەسە لەگەڵ کردووە . قادر ئاغا ئەفسەری حکومەتی میللی بووە . مەشهوورە دەگێڕنەوە

کە زەمانی وەزیرای گرووهێک زانا بۆ دەستگیرکردنی دەچنە چیلەرگا و قادر ئاغا دەبەنە لای

وەزیرام . کە چاوی پێیدەکەوێ ، دەڵێ : ئەتۆی قادر ئاغای چیلەرگای ئازادیکەن ئەگەر حکومەت

شاهنشاهی بە دوای بروخێ با بڕوخێنێ . قادر ئاغا ئێستاش هەر لە ڕیزی شۆڕشە و تەمەنی لە هەشتا

نزیک بۆتەوە .

ئەم ئەوەی سەیرتر بوو کە جەنابی کاک قادر ڕیزی دەبەی هەر ئەوکەسەی کە ئەوزەڕی لەگەڵ قادر ئاغا

چیلەرگا پێوەندی حیزبی بووە ، هەتا کونگرەی شەش لە نزیکەوە یەکتریان ناسیوە . وا بزانم لەوی بەچەکی

کاک جەلیل و کاک فەتاح ئاشنا دەبن لە شۆڕشەکانی کوردستان ئەوکات کاک فەتاح کادری ئاشتی ئەو دەبێ

باشی لە سەر نووسی بوون . ئەم قادرش لە نووسینەکانی دا بەگە ولاتیقیکی شۆڕشی ڕاپەڕیوە و

وە چەندین جاریش برینداربووە. ئێستاکەش هەر لە ژێری شۆڕش را مادە، بڕوایە ئەوە دوو کەسە کوشتنی وە بە ئەمەگترین ئەزادی بێ سەروداری خێزانی دیموکرات ڕێونەی گەلی کوردن.

وا بزانم گەورەترین پاداش و سوپاس وەرگرتن وشەکانی لەو پیاوانە بەشەرەفانە هەر ئەوە بێ کە ناویان لە کتێبێ ئەصرەکانی خۆتدا زیندوو ڕاگری و ئەصریان بکەی.

کتێبەکەم لە بارەی ڕەوان نووسی و سادە نووسی و پڕ بادە پڕۆکی وشە لە ڕووداوی و بێ ڕووداوی باسی. (واقیعگران و حقیقەت نووسی) پڕبەدڵ خۆش دەڵێ و پیرۆزبایت لێ دەکەم.

تەنیا ئەوەندەم دەوێ کە دەبێ بارە و ئەوەی کتێبەکان (لە بیرەوەریەکانم) قورستر و سەنگینتر و رەنگینتر بکەی.

هەر ژێری تۆ براکەی خۆت.
ئەحمەد کاکەمی (کریم)

٨٩/٢/٢٤

## نامەی دوکتور رەحیمی قازی

هاوڕێ و برای دۆستی خۆشەویستم

کاک کەریم

نازانم نامەکەم لە کوێوە دەست پێ بکەم، چونکە لە حاست تۆ، لە حاست چاوەدێری و بیر و باوەڕی پاک و خاوێنت، لە حاست هەستی بەرز و بێ دەسەڵاتی زۆر تاوانبارم و زۆر عاجزم لە بەنووسینی نامە بتوانم پاکانە بکەم و خۆم بە هاوڕێی لێبووردەی بزانمەوە. بەڵام جێگەی شوکرە کە گوناهی تۆ بە کردن جارێ ئاوا لە...

چەند ساڵێک لەمەوپێش هاوڕێی لەمێژینەم کاک جەمشیدی حەیدەری کتێبەکەی خۆی بۆ ناردووم و بە ئەرکی خۆم زانی نامەیەکی بۆ بنووسم و سپاسی بکەم. جا لە نامەکەدا باسی تۆم کردووە و نووسیومە بە کاک کەریم بڵێ کە پیاوی باشی بە ئەمن کردم تۆ بەندی کۆنی بیانی تاوانباری خۆم لە حاست تۆدا وە ئەستۆ گرتووە و ئێستا لە دڵی پاکی تۆ بارێکی تر...

بەڵێ، پێش دەرچوونی رۆژنامەی «دەسەڕەی نوێ»، بەر لە هەرکەسێک دەبوایە ئەمن هاوکاریت لەگەڵ بکەم، چونکە لە ژمارەی یەکەمەوە ئەو رۆژنامەیە بە کەیف و بیر و باوەڕی منە. رۆژنامەیەکە کە لەگەڵ دەروێشەکانی ئەوسەردەمی بزووتنەوەی رزگاریی نەتەوایەتی کوردەکان و لەگەڵ هیوایەتی کۆمەڵایەتی ئێستا نەکەوتبێ بیری تەواو وەڵامی ئێستا رۆژنامەیەکی وەها پێک نەهاتووە. باسی کەم و کورتی تێدا لەوە. گوتییە جار نووسراوەکان بەتەنیا دەواندەکەی کورتتر بکرێ دەبێتە سەربەستی هەموو بیر و رای بێ کاریکی کەم و کورتی [illegible]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانە پێویستە هەر بیریک لەگەڵ ئەو هەموو بیرە جوانەی ئەم وەهایە.

کەم تاکە ئەوە و سەنعەتی پێچەک ترووەوان ترو باشترەوە بەرچاو دەکرێت بەتایبەت لە رووی سیاسییەوە.

لە هەرچەند کە جێگەی پاکانەکردن نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناساخی کورە جوانەمەرگەکەم دەست و لاقی بەستبووم و پێشنیاری کاتی خۆم بۆ مەرداوا و ماڵی برا ئەوکورە تەرخان کردبوو. کەچی هیچیشم لە دەست نەهات و لە بەرەبەری ٥ـی مانگی فێبرواری ١٨ ساڵان لە تەمەنی ئەبرۆ دوا نێژ و بە تەواوی بەرەو رووشی کردم. لە لایەکی دیکەوە، هەر ئێستا زۆرم حەول داوە بیر و باوەڕ و هەڵوێست و هەڵوێستی «هەروونا» لەسەر بەرەیەکی کوردی بەسەر بگەیەنم، دروست و چیرۆکی پێوەندی لە ئێرانیشیان داڵەبەر سوود وەربگرن بۆ بزووتنەوەی رزگاری نەتەوایەتی گەلی کورد. لە ئێستادا بسیارێکیان داوە بە زمانی کوردی رۆژنامە دەربکەن، بە زمانی کوردی و تا بڵاوکەنەوە و زیندووشی تر. تەنانەت هاتنە سەرنووسەری لە کتێبەکەی من کە لەسەر زمانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەشێوەی نووسیوە بە زمانی فارسی چاپ بکەن و ئێستاش لەگەڵ هەستی ماوەرانی) دانیشتنی کتێبەکەیان لە زمانی کوردییەوە وەرگێڕاوەتە سەر فارسی و داوامان بە پێرایەتی. بەڵام ئەوەندە ئێستاکە ٣ ساڵە لە رۆژنامەیەکی و وتارێکی بە پێک هەیە و تەنانەت لە کتێبەکەی من و بابەتی ئەوەندە رادەبردووە نێشتەکەی و تا ئێستا هیچ چاپ و دەستکاری کراون لە بکەن و بە داخەوە لە گێڕانی دوو پێکی بە خەبەری زۆر زانی و تازاگەماری و تیشووی رێک و پێوچ دا دەخولێنەوە. بەداخەوە ناسامەی پەیوەندییەکەیشیان کە وە رێگەی ئەو ئێوەوە هەرچەندە بە لە ئێستا دەکات جاری بووە سەرچاوەیەکی

نەوەرشکرکە وەخەبەرهاتووە و بە هەردوایم سەرکەوێت و منیش ئەوەندەی لە دەستم دێ یاری دەدەم کە نەجاتی بێ.

کاکە گیان بەهاوڕێی و دۆستی لەمێژینەکەمان کاک لەتیفیش بەرگی دووەمی بیرەوەرییەکانی تۆی بە وادەی چەند رۆژ خستە دەستەوە و لەسەر یەک هەوداڵ هەمووم خوێندەوە و زۆرم پێ خۆش بوو. جارێ بیروباوەڕی خۆمت لەسەر بیرەوەرییەکانت بۆ نانووسم و ئەوەی دەڵێم بۆ پاشان، وە ئەگەر رازی بی بە وردی بۆت دەنووسم بۆ لە چاپ دانی، بەڵام بە پێویستی دەزانم لێرەدا ئەوەی بڵێم کە بیرەوەرییەکانی بەرگی دووەمی مێژوویەکی سیاسی و شۆڕشگێری و کۆمەڵایەتی نەدەبوو بە تەنجە بازی و هەرچی قەزی یادگاریکی وەک لوقمانی کوتایی پێ بهێنێت...

بە بێ سەبری چاوەڕێی بەرگی سێیەم و چوارەمی بیرەوەرییەکانی و بە هەردوایم لە دوکەرەکیش و چاپ بێ! سەرکەوتوو بی.

کاکی بەڕێز، لەم رۆژانەدا کە چەند شیعرێکم نووسیوە نوسخەیەکی کتێبەکەی لە سەرلێشێوا لای حەسەنی کردووە. نازانم ئێوە لەلاتان لەوێ لە چاپی بدەن یانا؟ بەڵام بە سووڕیعەت بە هەردوایم بیروڕای فەرتەم لە بابەتەوە بۆ بێژی و هەدیەیە ئەو کتێبە لە پێنج پەڕەیە، هێندێک شتی ئەمڕۆ نووسراو، ئەوەندەی کە لە کەمای لە شۆڕش کەسانی مەهاباد و ژیانی تایبەتی قیشەوا شارەزانییە و ئەو کتێبە دەتوانێت قوژبنێکی ئەو بەتاڵییە پڕ کاتەوە.

کاکە کەریم، ئێستا سەرەڵ لەوە زیاتر وەختت ناگرم. دەزانم سەرت زۆر قاڵە. دیسانیش بە هەردوایم لێم ببوری و دەبێ دروستیت، وا دەگەنێم کە بۆ هاوکاریت ئامادەم و بە ئاواتی بینینی خەمەوە هەرچی زووتر لەسەر لاوێتر و زۆر ـ زۆر سەرت بهێنم...

سڵاوی بۆ بێکت و هاوڕێ و ناسیاوەکانمان.

براکەت

رەحیم قازی

١٩٨٩/٣/١٠

## نامەی کاک سلیمانی قادری

بۆ بەڕێز و خۆشەویست کاک کەریم حسامی

پێشەکی سڵاوێکی گەرم و بەتینی ئاراستەی تۆی بەڕێز دەکەم هیوام خۆشییە و بەختیاریە کە هەموو کاتێک سەرکەوتوو بیت

کاکی بەڕێز زۆر زۆر سڵاوم هەیە بۆ خێزانەکەت و ماڵ و منداڵەکانت.

لە بەرگی سێیەم سڵاوم بۆیان هەیە کە پیاو کە بەسەرهاتەکان دەخوێنێتەوە لەگەڵ ئێوەدا دەبێت بە دۆست و ناسیاو زۆر حاڵە بۆیە دووبارە سڵاوم هەیە

ئەوانەکە تیایان نووسراوە کە بە تەواوی وجوود خوێندمەوە یانی بۆ خۆم. خۆم بە ئەندازە دەزانی لە بەسەرهاتەکان لە بارەی ئەوەی بە جوانی نووسراون بە کوردیەکی زۆر جوانی و بێ کەڵک وەرگرتن لە وشەی زۆر قورس و گران و پیاو هەست بە هەموو شتەکان دەکا و خۆی بە بێگانە نازانێ لە بەرامبەر رووداوەکان دا ئەوە بە بڕوای منی شتێکی زۆر باشە

لە باری مێژووییەوە هەر باسی ئاپۆری زۆر شت بوون دەکاتەوە زۆر شت دەوەر دەخا کە کەس تاکوو ئێستا یا ئەوەی وێراوە بیان درکێنێ یا ئەوی زانیوە و یا خۆی دیتووە باسیشیان بکا وەکوو کورد دەڵێ: ئەوی بێ بەرەی هێناوەتە سەر بەرەی

دیارە زۆر شتی تێدایە کە ئەگەر پیاو بی هەوێ بیروبڕوای خۆی سەبارەت بە هەموو شتەکان بنووسێت دەبێ بچێتەوە سەر بەسەرهاتەکانی تۆ کاغەزێک بگرێتەوە، لە سەر هەر دێڕ و وشەیەک بیروبڕوای خۆی بنووسی.

نازانم چۆن رای بگەیەنم و بیهێنمە سەر زمان بینووسم

زۆرت لە مێژووی گەلی کورد بەتایبەتی لە کۆماری مەهاباد ئەکۆڵرابوون یا خۆمن ئەبیستەوە گوێم لێ ئەبوو وەک لە بەسەرهاتەکانت داهێنا و تەجرەبەی و وە بەتایبەتی ئەو دیوی کوردستانی لە دەمێن لە زەمانی مەلا مستەفا زۆر قسە ئەکرا و زۆرت بیا و گوێی لێ ئەبوو بەڵام جێی باوەڕ نەبوون

کاک کەریم. هەرچەند بنووسم هێشتا زۆر لەوە کەمترە لەوەی بێ بنووسم—

ئیتر ناتوانم هەوڵی زیاتر و وەختت بگرم.

بە هیوای لە ترازی بەسەرهاتەکانت بەتەواوی

بیان نووسی و بیان خەیتە ژێر چاپەوە

برای بچووکت سولەیمان قادری

www.kerimhisami.com

## نامەی کاک حەسەنی ماوەرانی

بەڕێز کاک کەریم سڵاوێکی گەرمت لە ناخی دڵمەوە پێشکەش ئەکەم

[illegible]

ـ وە وایە دەڵێی بۆ ... کاتی خۆی کە لەگەڵ ماموستا قزلجی و هاوڕێی ـ
بەشداری کرد لەسەر بە ناوی حیزب لە پلینۆمی ١٧ـدا بین و بەڵێن
خۆ بەگەڕدانی ئەوە بە بێت و باوەڕ و بەپەلە و بەتەواوی دا کاکە ...
هاتە سەر ئەو قەناعەتە کە لەگەڵ کیانووری و هەمبەری نیوری . پاشان ـ
ـ دزان ئەوجا بەرە ئەوە بوو کە : کوردەکان هەمووتان ناسیونالیستن و
ـ ئیمپریالیستی بیری دەکەنەوە و تەوانت ... شەلتاختیش هەروایە ...

دیارە زۆر کارەساتی دیکەش قەوماوە کە لێکی دەدەنەوە لە بەرپێی
سەد رەحمەت بە دایکی پێشوو . ئەگەر ئەوەشتیان بەدەستمانە دانی کەم
کاریان دەکرد . بەڵام دەستی ئەو شتانە هەر لە ... دا درووستە داتاشینی و ...
لێک بە ... ئاڵۆزی ئەوە . ئەگەر دێنێ سەیداو بیا ... ئەوانە هەر جۆری
دەنێن ئاتەوەو ... پێوەندی ئێمە ناسیونالیستیش هەر دووکانێکە کە ...
نانی لێوە دەخۆن لە راستیدا نۆکەری ... بارانووف ... کابرای ... تر ،
واتە پێوەندیکیان هیچ رەبتی بە ... کاروباری ... نیە ...
هەرکەس سەرک بوو بۆ دڵخۆشی نەبوون ئەوەی دەڵێین نابینینەوە

بەڵام ئێوە چیان دەزانی ؟

ئێمە وەک ... دەردی بەکانی بکەینە بنیشتەکان جیاوازیان لە ... براکە و دەبوو
هەڵبەت کاریکی چاک بوو . بەڵام بە جیاوازیەکی ئەم هەڵپەتانە براکە وردە
ماڵە دەدرێ ... نەکرێ ... وەکی خۆی ... هەر ... بەش ... راکێشراوێ ئەم
حکومەتە ناناسێ کە پشتیوانی لە ... حکومەتی عێراق ... تەشەروو
چەندی ... خەڵکەکان نەوتن ...

www.kerimhisami.com

هەر لەوێ پێم وایە لە بەهاری یەکەمدا ... کاک عەزیزی یوسفی و مامە غەنی‌ی
مەلا حەسەن و ... ئیوەی کاک حەمەدەمین و کاک حەسەن ئیلخانیزادە زۆرمان
حەتا هەیە ... کە هەرچی دەمانزانی بە ئاغاکان دەگوت یان ئەگەر
دەستمان کورت ئەوە نەبوو کە بتوانین روونکردنەوە بدەین .. دیارە
یەک ئەگەرتەکان بە کرم هەموو ئەم کردەوە نەبوو .. هەلبەت
ئاغەوای لە ئابووری ئەم ... کە بریتییە لە جێی بەرگی بیریان.
کرم لەوێ دەبوو ... هەر حەوزی ... ئەوە بە ئەوە بە قسی دەکەین پێشوتان
حەوتشەمە دلوای لیوار دەکەم کە قسەی زلتر لە خۆم دەکەم.
بەلام بەراستی ئەوسا ... و قسەی هێنام .. زۆر بە شتی لێ فێر بووم
... خۆش ... کردەوە . تا ئەو حەتای ئەمانی
جێگە لە ... کاک عەزیز ... هەر دەنگ
لە ... لە وان ... مەلا حەسەن لە ... دا.
... ئەوەش ... بەلام زۆرتر ... هەر بە پیوار ...
هەتا ... روونکردنەوە .. بەلام بەراستی ... هەر ...
... ئەم هەموو ... کە بلاو کردنەوە .. تەنیا ناڕازیم
... باسی کاک ... نەگوتووە . کە ... و
... هەر لە بیرمە ... ماوەتەوە ..
... ئەم ... وەک خۆت لە ...
ئەم ... (وەک من بزانم) ... جیگای ... کردنەوە
... نادیارە ... پێم وایە لە بەهاری یەکەمدا ...
... نەمزانی هەم لە ...

www.kerimhisami.com

ئەزموونە دەوڵەمەندەکەم لە رووی تێگەیشتن و پێشبینیکردنەوە. بۆ جەماوەر ناسیاوی کردن

قورل بەڵام و لێک نزیک بینەوە و ... ئەم هەموو بەسەرهاتییە

لاوە بەرش دەبلاوە. کۆکەینەوە و بە یەکجاری. وەزیری خۆشحال لەگەڵ

لا ابرا ... سابانان)) حەوالە کەینەوە......

من لەسەر ئەوە رایەم کە:

١- ئەتەوەی کورد مانی یەکگرتنەوەن. دەوامەزراندنی. دەولەتێکی سەربە

خۆی خۆی هەیە حەدەمی. بۆ ئەم کارەش ئامرازی تایبەتی خۆی هەبێ

٢- بزووتنەوەی گەلی کورد. بزووتنەوەیەکی سۆسیالیستی ئازادی نیشتمانیی و

و بەشێکە لە بەرەی شۆڕشگێری جیهانی......

٣- دەبێ حەول بدەین. بۆ بەرەیەکی کوردستانی تەواو

ئەم بەرش دەبلاوییە ... لەگەڵ بگرێت

٤- ئەم شتانەی بوون هیچ سەربەخۆیی چەپ، ... دەهێنەدری.

ئێستر ئامادەی خوازی خۆش خۆشت و مال و منالم. ... بە بیان

چاو ئێنکەوتنانە

جەبەل ... هەوراز

23-2-89

... دلخۆشی ... بیرلامال.

... گەر ... دەکەی

... ل.

نامەی کاک ئەحمەد جەمیل

ئەفرەت لە برا کوژی

بەڕێز ماموستای خۆشەویست کریم حسامی

سلاو .. سلاوێکی گەرمت ئاراستە

دەکەم - هیوادارم لە خۆشی و بشادی دابی

بەڕێزت: تکایە ئێوەش دەگەڵ خۆتان

بەرز بکەنەوە لە دەرەوەی وولات

لەگەڵ دەگەڵ هەزاران کوردی دلسۆزی

کوردستان کە یەک دەنگ

هاوار دەکەن دەڵێن ..

« ئەفرەت لە برا کوژی »

بژی ئاشتی

لەگەڵ ڕێزم

ئەحمەد جەمیل

کێشتنەوەی سولاو

هەولێر

15/12/1

www.kerimhisami.com

ژمارە :
ڕێکەوت :
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ،
ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر
دەبیرخانە

Date:
Ref:
Kurdistan Democratic
Party of Iran,
Revolutionary Leadership
Secretariat

حزب دمکرات کردستان ایران ، رهبری انقلابی

بەڕێز کاک کەریم حیسامی

وێڕای سڵاوێکی گەرم !

بەلەبەر چاوگرتنی پێڕەوی نێوخۆیی حیزب لە لایەک و چلۆنایەتیی خەباتی گەلی کورد و پێویستیی پێداچوونەوەی پەیوەندی بە نێو نەتەوەیەکان و ئاڵ و گۆڕی چەند ساڵی ڕابردوو لەم بوارەدا و هەروەها پێویستیی چاو پێداخشاندنەوەی وەزعی لەرزۆکی کۆماری ئیسلامی لەلایەکی دیکەوە، دوا پلێنۆمی کومیتەی ناوەندی بڕیاری دا لە مانگەکانی داهاتوودا کۆنگرەی دەهەمی حیزب ببەسترێ . لەبەر ئەوەی حیزبی ئێمە هەموو کات بیروڕای دۆستانی مەبەست بووە و بە چاوی ڕێزەوە سەیری کردوون و لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئەو بۆچوونانە لە چوونە پێشی وەزعی حیزب و نزیک بوونەوە لە ئامانجەکانی دا بە کەڵکن، داوا دەکەین ئێوەش وەک کوردێکی دڵسۆز و دۆستی حیزب هەر پێشنیار و پەیامێکتان هەیە لە ڕێگەی فاکس یا ئادرسی پۆستی حیزب کە لە ژێرەوە دیاری کراوە، ئەوپەڕەکەی تا مانگێکی دیکە بۆ کۆنگرەی دەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر بنێرن .

بەڕێز و سپاسەوە
کومیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی دەهەمی
حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر

KURDISTAN DEMOCRATIC PARTY
SWEDEN
REVOLUTIONARY LEADERSHIP

www.kerimhisami.com

## نامەی ماموستا سەعدوڵا پەرۆش وکاک فەرید زامدار

هەولێر / ۱۸ / ۱۱ / ۱۹۹۳

[illegible] بەڕێزم [illegible] ماموستا کەریمی حوسامی

سڵاوێکی گەرم

هیوادارین هەمیشە سەرشاد و سەرکەوتوو بیت
ماموستای بەڕێز ، بۆ گروپی ئەدیب و
ڕوناکبیرانی کورد لە نزیکەوە بتانناسن و
سوود لە بیروڕاو ئەزموونی سیاسی و فیکریتان
وەربگرن وامان بە باشی زانی کۆڕێکی تایبەتیتان
لە [illegible] (کوردستانی نوێ) بۆ ساز بکەین
دیارە کۆڕەکەش بۆ چەند ئەدیب و ڕۆشنبیرێکی
ناسراو و دەستنیشانکراو دەبێت ، کۆڕەکە
بۆ [illegible] تۆمار دەکرێت و وەک
[illegible] دەبێت و
هیوادارین ڕەزامەندی بفەرموون و ئاگادارمان
بکەنەوە ، چونکە ئێمە زۆری [illegible]
داهاتوو [illegible] ۲۱ / ۱۱ / ۱۹۹۳ مان
بۆ کۆڕەکە دیاری کردووە ، سەعات
(۳) ی دوای نیوەڕۆ .

لەگەڵ جوانترین ڕێزماندا

برات
[illegible]
سعدالله پەرۆش
سەرۆکی [illegible] نووسەرانی
کورد / لقی هەولێر

برالیتی
[illegible]
فەرید زامدار
[illegible]
گەلی کورد [illegible]

## نامەی کاک فارس باوە

بۆ موکەڕەمی جەنابی بەڕێز و سەرکردەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەگشتی کاک
... بارزانی بەڕێز سڵاو و ڕێزم هەیە.
ئەمن لە ساڵی ٤٧ لە پارتی دیموکراتی کوردستان ئەندام بووم لە شۆڕشدا هاوبەشیم بووە
چەند بەڕێزەوە پێت ئەڵێم تا ئێستا لە ڕێگەی پارتی بارزانییەوە نەدووراومەتەوە
تا ئێستا ساڵانێکی ... ١٣ لە پێنج ساڵە لە خزمەت شارەکەیدا
شە ... دارم پیاو ... ئەوەندە ... هاوڕێم ... ئێستا ...
زیاتر لە ١٠ سەعات ... ئیش ... لە ... ئێستاش
حاڵم لە ٤ ساڵدا لە ... دادەنرێم لە بەر ئەوە بۆ
بەرپرسیاریەتی ... نییە پسیاری ... لە بەر ئەوە ملاییتو
لا ... ئەو شتانەی پێویستە لە ... کراوە.
لە بەر ئەوە ... ئەمن ناتوانم ئەرکی ... شانی نووس
ئەنجام بدەم لە بەر ئەوە داوا لە بەڕێزتان ئەکەم
عەفوم بکەن ... و ... دڵ ... بۆ ... میلەتەکەی
زۆر سوپاس براتان فارس باوە
١/١٢/٩٣

www.kerimhisami.com

## نامەی ماموستا مەلا محەممەدی شەلماشی

بۆ برای بەڕێز و خۆشەویست کاک کەریمی حیسامی

ئەو ڕۆژەی بە هاتنەکەت شادمان و خۆشحاڵ بووین دوو ئەوەندە بە خەبەری ناڕەحەتی کاکی سوارە تووشی کەسێتی ئەمبار بووین. بەڵام وەک خۆت گوتەنی فریشتەی خواهەستی تێنابابین بەسەرهاتێنا وی دەرزگاریان کردووی زۆر شوکر. لەگەڵ سەبارەت بە بیرەوەرییەکانت بەراستی نازانم لە کوێوە دەست پێ بکەم بەرەی ئانەوێت بۆ ئەو بیرە بێرانەت کە ئەو حەقەوە گوتەرە جیانانەیانی لە دەریای خەیاڵی خۆیاندا حەشار داوە و لە لاقاپی ویستدا یەک بە یەکیان لە ناو سەدەفی زیندەندا هێناوەتە سەر لاپەڕەکانی دنیای ئەدەبیاتی کوردی وێنیانی تازەت نیشانی گەلی کورد داوە و ئەوەندە دەڵێم بیتی تە سەرچاوەی چاوڵێ کەری بۆ ڕێژ ئاخنداها نووسەران لە بارەی ڕەخنەوە پای دەربڕینی خۆم دیارە هیچ نووسراوەیەک بێ ڕەخنە ناچێ بەڵام ئەو ڕەخنەی وەک ئەو برادەرانەی لای خۆت دەیانگرت ئەو مەلایەی لای سەردەشت کە ڕەخنەی لە «خوێنانا» گرتبوو لە سووری «وَالْقُرْآنِ الْحَكِيمِ» نووسیبووی «لا ئەولا – الاولی «وَالْقُرْآنِ الْعَظِيمِ». بەڵام وایە ڕەخنەکەی من وەک ئەو هیچیان نییە سەبارەت بە گیرانی مەلا ئاوارە چونکە لەو کاتەدا ئەمن لە مزگەوتی گەرەکی بنەرچاوەی شاری سەردەشت بووم و دوو ڕۆژ لە پێش گرتنیدا مەلا عەبدولڵای قاسمیانی کە خزمی ساواکی بوو هاتە لام و گوتی ئەوڕۆ گوتیان پەیکی نەشمیمی ئەوەری کرا بە سەرۆکایەتی ئەو سێ و سەرهەنگ ئەمیشی و برایم ئاغای بەرپاجی و پیلانی گرتنی مەلا ئاوارە یان لە سێنی جێگاوە داڕشت. یان لەلاکانی جێ یا لە «بێشاسب»، یان لە دێولاوان. منیش هەر لە دوا ڕۆژی مەلا عەبدوڵڵا، مەلا عەلی برام ناردە لای ئاغای چونکە دەمزانی مشەوەر لەوێ بووە مەلا عەلی هاتەوە گوتی: لەوێ نەماوە ڕۆژی دوایی ئەمانت زانی کە گوتیە ڕۆژی سێیەم بەیانی زوو مەلا ئاوارە و دوو نەفەری یان بە هیلیکۆپتەر هێنایان بۆ سەردەشت و لە پاشی چەند ڕۆژ «گوڵە دینەکەچەڵ» کە خەڵکی شەلماشی خۆمان بوو زۆر پێشمەرگەی مەلا ئاوارە بوو ببوو بە جاش هاتە لام و گریا و گوتی سەروانی «تەسروشی» هەر ئێوارە هەموو جاشەکانی کە بەرستی بوون لە گوندا بیرۆکی لاکۆنە مشکەکەی و مەلا ڕەحیمی زێوە و هەڵەتەو قادری ڕەسوڵئاغای بێسوران و محەمەد ڕەسوڵ گەورەکەی گەڕی ڕەبەتی کۆکردەوە و بەرەو دێولاوان دەرێی کەوتن و یەک سەرە چوونە ئەو ماڵەی کە

مەلا ئاوارە لێی برد، هێشتا مابوو دەرێ و بردمانەوە بۆ مزگەوت گوتی: بە مەرجێ بێتە بە دەستگیری
برایمآغا و بە هۆی حەسەن سەگرووە دوو ماڵیان بە شەڕدا بووین گرتبوویان تا مەلا ئاوارە نەچێ
ئاشت نابنەوە، ئیتر ئەو کاتە لە ناوچەی سەردەشت خەڵک هەڵگیر و گرتنیان با بێ
ئەوە چوونە لای حکومەت و پەنایان بۆ حیزب دێنا. کاتێ مەلا ئاوارە دەچێ بۆ ئاشتیان
دوو پێشمەرگە لەگەڵ خۆی دەبا و ئەوا خەریک لە ئاگر دێ؟ دەبینن دەڵێن زۆر سەعاتم پێ دەچێ
ئەو دەبینە ئاوالە حەوی خەریان بۆ رە چێشتێ دەکەن ئەمەیان لێ دەکەوێ.

کاکە چەند سەعات تێ دەپەڕێ و مەلا ئاوارە ئاگرێنەوە دەکەونە شەڕەوە دێنە بۆ دیوەخان
بە سەر جەیش و جاشی دادەکەن و دەست دەکەن بە تەقە «گوڵەدینە لە چەڵ»
گوتی مەلا رەحیمی زیرەکی خەبەرەکی لە مەلا ئاوارە کردەوە لەگەڵ گوڵچیا بیروت
بە ستێنەکە وە بڕاوە سەتا تێ و حەوت شەیان لێ کرد و نەزوان سەرێش گوتی: ئەگەر نامە
بۆ پێشمەرگەکان بنووسی ئەوە تەقە نەکەن هەر ئێستا دێینەوە. دەگێڕن مەلا ئاوارە ناچار
بوو نامەی بۆ نووسین تەقە نەکەن بەڵام ئەوان بە قسەی مەلا ئاوارەیان نەکرد و تەقەیان
پێ نەگرت و شەڕێک بوونەوە دووبارە تێیان بوومە لا ئاوارە هێنا بوو نامەیەکی دیان پێ نووسی
بە نەوتێ پەخشاندا ناردیان و تا ئەوە وەش کرا، زوو زوو روونەک بووە تەیارە گێشتەوە. گرتنی مەلا
ئاوارە راستی یەکێکی ناوا بووە و باگەڕا تا نیشتمان پێ لە بەرگی دەخا. پێتەنا
بیرەوەریەکانتەوە؛ لە کۆتاییدا بە تەواوی دڵ زۆری شەوانی پاییزی تەقسیل ناکە؟ سڵاوی م
خێزانەکەم و ئاکە لە ماڵی و شێرخانم دەگەیێنیت و داوای سەلامەتی و سەرکەوتنتان
بۆ دەکەین و لە ئەمەوبەر ناپڕیکانتە هەواڵتان دەپرسیم.

برات محەمەدی ناکەشی

٢٠/١٢/١٩٩٤

www.kerimhisami.com

## نامەی ماموستا عبدالوهاب تاڵەبانی

ماموستای بەڕێز و خۆشەویستم لە ڕێی چاپی پێشکەشە :

سڵاوێکی گەرم و گوڕتان لێ بێ و ، بە ئومێدی ئەوەی هەمیشە لە تەندروستییەکی چاکدا بن.

ئەوە دوو ساڵە ، هاتوومەتە ئەم وڵاتە ، لەم سەرگەردانییەدا کە زۆر ئازارم دەدا .. ئەوە بینیم بەرگە یاداشتنامەی جەنابتان هۆگری چاک و هاودەمی ئازیزی ڕۆژانی ئاوارەییم بوون.

بێگومان لەوانەیە گوتنی ڕاستی زۆر کەسی خاوەن عیلاقەی بەو ڕووداوانەوە (کەیف) نەکات یان ڕایەڕێنێ و ، بە ناوی ڕاستکردنەوە یان ڕازاندنەوەی هەڵوێستەکانیان بچنە بەگژتا ، دوور نییە هەندێکیان خاوەن هەق بن و ، کاتێکی یادەبیری جەنابتان هەندێک لە ڕووداوەکانی زۆر بە ڕوونی هەڵنەگرتبێ و ، هەندێکیشیان لە سەر هەق نەبن.

بەڵام .. ئاهەنگی ڕاستگۆیی لە نێو یاداشتەکانتاندا زەنگێکی پڕ خرۆشە ، وای دەبینم کە ڕۆمانێکی واقیعیانەن و ، سەرگوزەشتەی میللەتێکە کە دەیەوێ لە نێو تەپ و تۆزی ئەم و ئەو ساختەچێتی و گری کوێرەی (بەرژەوەندییە تێکەڵاوەکان) گوێ بە خۆی بداو ، هەنگاوەکانی لەرزەوەی توند نەکات و بێ پەروا قیت بێتەوە.

جەنابتان وەکو ناوبانگ و تێکۆشەرێکی لەخۆبوردووی ئەو دیوە دەناسم و ، بە شانازییەوە دەڵێم کە دۆستایەتیم لەگەڵ گەلێ لە تێکۆشەرانی ئەو دیوا هەبووە و ، ماموستای خوالێخۆشبوو عیسی زەبیحی (عەولما) لە شەستەکاندا بۆ ماوەیەکی درێژ بە شێوەیەکی نهێنی لە باڵەخانەکەی ماڵەکەمانەوە لە گەڕەکی شۆڕیجەی کەرکوک سەرپەرشتی لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستانی دەکرد .. لە بەغداشا تا هەڵاتنم لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٢ دا لەگەڵ خوالێخۆشبوو کاکە غەفووری شەهیدا دۆستایەتییەکی چاکمان لە نێوانماندا هەبوو ..

لە ساڵی ١٩٧٥ یشدا پاش هەرەس هێنانی شۆڕشی ،
دیان جوانترین و ڕازاوەترین یادگاری پەنابردنە بەکوردستانی
ئێران لە مێشکدا و ویژدانمدا و وێنەی پیادەی وەرزایەتی و فرمایشی
خەڵکی بێچارە و دڵ گەورەی ئەو دیوی ئازیز ، جێگای خۆی
کردووە و هەرگیز نا سڕێتەوە ..

یادداشتەکانت ، کە لە ڕێگەی زاواکەم وکچەکەم (ڕۆژگار و تارا)
گەیشتنە دەستم ـ ئەوان ئێستا لە شاری ئیسلستۆنای سوید دەژین ـ ..
ئەو یادداشتانە ، وەکو زمان و داڕشتنە موکریانییە بە لەززەتەکەی ،
کەللەی گەرم کردم .. کێ دەڵێ ئەوە بە ئانووسی ؟ ئەی ئەوە بە
چۆن چۆنی دەنووسری ؟

وەکو بەڵگەنامەش حەز دەکەم ، کە خەڵکی کوردیش دەتوانن
سەرنجدەدەنامەی خۆیان بە جوراتەوە بنووسن و ، (لە بنی هەمانەکەش
بدەن !) و دەستتان خۆش بێ .

ئەم نامەیە نامەی ڕەخنە و پیاهەڵدان نییە ، بەڵکو کارێکی پیرۆزبایی لێکردنە و
هیوادارم بە دڵێکی فراوانەوە قبووڵی بفەرموون ،

هەزارین و هیوای ژیانێکی ئاسوودە و بەختیاری بۆ دەخوازم

دکتۆر زمان
عبدالوهاب تالەبانی

شام ١٣/١٢/١٩٩٤

www.kerimhisami.com

## نامەی کاک بهروز کوردەحمەدی

کاک کەریمی حیسامی بەڕێز !

سڵاونامەیەکی گەرم و سوپاسێکی گەرمتر بۆ نامەیەکەی وەڵامی نووسینەکەی منتان ناردبوو . دەستتان خۆش و دڵتان شاد بێ . من پێم وایە
برادەرانی بەڕێز لە حیزبدا چ جاران و چ ئێستە زۆر جار لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان و بەرەوڕووبوون لەگەڵ ڕاستییەکاندا تەعەسوبی
بێ دەسەڵاتی و تەنگ نەزانی بێ بەرپرسی بوون و بە لاڕێدا چوون . بۆ ئەوەی مەبەستی من ڕاییەم هەبێ - کە لای کەم بۆ خۆم دەزانم من
لایەنگرم نیم - لەسەر ئەو باوەڕەم کە سەرچاوەی بیرەوەرییەکانی ئێوە سەرەڕای کەم و کوڕییان و جار بە جار هەڵە و پەڵە و
وردە دەمارگیرییەک و بەرچاوتەنگیش زمانی دراوی !! بەڵگەیەکی تەواو حاشا هەڵنەگری بەشێکی زۆر لە خوێندەوارانیشتەوە کەیان لە
لای کەم هێرشی ڕاپەڕیوەداییە . کاتێک کە ترسی گیانی سیاسی بەرەی کوردستان بە تایبەتی حیزبی دیموکرات ، بە باوەڕی خۆیان لێی ئەبەن و
بێگەرد و چاوپۆشی ئەگەر بەڵگەیان پێ ئەکرا بێ - بۆ وێنە نووسینی دوکتور قاسملوو و شەهید و هیتر - وەک ئێوە بەشێکیان
دەرهەق کردوویانەتەوە و هێشتوویانە خەڵکی ترش فرە ڕاستی دیکە دەزانین و نەگوتراو بووین ، ئەو ڕاستییانە لە نووسینەوەدا یان
ڕەنگیان نەدراوەتەوە یان بە پێچەوانە نووسراون . دەقی تەواوی بیرەوەرییەکانی ئێوە و بە تایبەتی ناوەڕۆکی ئێوە ، زۆرکەس سیاسی بەڕێزی
ئەو بیرەوەرییانە ئەدەنەوە ڕوون و لە قاو دەدەن کە بە پێچەوانەی داخراوەیان ، یا بوختان و هەڵبەستن بۆ نووسەرەکانیان کە کەمترین ڕەنگی
لێ نەدرابێ . مەبەستم ئەوەیە کە هەوڵێکی ڕاستییانە قەتاغەی بێ بیرەوەرییەکان ، وریایی و هوشیاری ئێوە کە هەر لە زوودا
هەرچی لە زۆربەی ڕۆژانەدا - کە هەمووی وێنەی ڕاستی بوو - ڕووی داوە ، بۆ کات و جێ و بە بەڵگە و سەنەدەوە بنووسنەوە و
کۆی کەنەوە ، بۆ خۆی گرنگترین و بەنرخترین شتێک و پێدە . ئەمە بەلای خوێنەرانی بیرەوەرییەکانەوە ئەوەندە گرنگە
کە هەموو دانی هێندێکی خەڵک و بەرانی ئەو ئەوە و بوختانی جۆراوجۆر ، وشەی وا نووسراوە دەبێ لە نرخ و بایەخی
ئێوە شێوە بەرزترین کەم ناکاتەوە . بۆ بە جارێکی تر دەستت خۆشتان لێ بێ ، هیوادارم کە لەش ساغی و تەندروستی
هاوسەر و هاوڕێکانی هەمیشەییتان بێ ( با خودا هیچ خانمێک هەروەک پێیدا بکا ، چ دەبێ ؟! ) .

کاک حیسامی :


سەرکەوتن بەشەوە تەواوی داوای نامەکەی یادی قازی محەممەد و بیرەوەرییەکی خۆشی ئەدەم بۆ ناردن تا لە کاتی بڵاوکردنی
ناوی قازی لە بەرگی یادی بیرەوەرییەکانتانا . ئەگەر پێتان خۆش بوو کە لێیان لێ وەرگرن .

ئەوە هەر جۆرێکی سەربەخۆی لای ئێوە بەجێم ، بەڵام نازانم کە کەی دەگەرێ !

بەڕێزتان

بهروز کوردەحمەدی
15/1/92

www.Kerimhisami.com



لە هەولێر لە ماڵی کاک مومتاز حەیدەری



لەئەڵمان لەسێمیناریکدا




لەگەڵ غەنی بلوریان و شوان پەروەر



لە فینلاند لەگەڵ مامۆستا مەلا محەممەدی شەڵماشی و حوسێنی ڕەهبەر



لەستۆکهۆڵم لە ماڵی خۆمان



لە گەڵ کاک عەزیز محەممەد لە هەولێر




لەبارەگای یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسولەیمانی



لە هەولێر لە کۆڕێکدا لەگەڵ چەند ئەدیب و رۆشەنبیری کورد



لە شەقلاوە لە خزمەت مامۆستا سەعید ناکامدا



لەگەڵ برایانی پێشمەرگە لە ڕێگای شەقڵاوە

KERIM HUSSAMI

# LE BIREWERIYEKANIM

1995 - 1989

BERGI DEYEM

www.kerimhisami.com

STOCLHOLM 1995